حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان

بەشی کۆمەڵناسی

# ئاستەنگەکانی بەردەم ئەرکی پەرلەمان لەهەرێمی کوردستان- عێراق

## (توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەکۆمەڵناسی سیاسیدا)

نامەی خوێندکار

**عبدالکریم خدر رسول**

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە، وەک بەشێک لەپێداویستییەکان بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لەزانستی کۆمەڵناسی - کۆمەڵناسی سیاسیدا

بەسەرپەرشتی

**د.امیر خداکرم محمد علی**

٢٠٢٢زایینی ٢٧٢٢کوردی ١٤٤٤کۆچی

## ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیەی خوێندکار (**عبدالکریم خدر رسول**) بەناونیشانی (**ئاستەنگەکانی بەردەم ئەرکی پەرلەمان لەهەرێمی کوردستان- عێراق / توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەکۆمەڵناسی سیاسیدا**) بەچاودێری ئێمە لەکۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لەپێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لەزانستی کۆمەڵناسی- کۆمەڵناسی سیاسیدا، پێشنیاز دەکەین پێشکەش بەلیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:

سەرپەرشتیار: **د.امیر خداکرم محمد علی**

پلەی زانستی: مامۆستا

ڕێکەوت: ١٥ / ٩ / ٢٠٢٢

بەپێی ئەم پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بەلیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:

ناو: **د.امیر خداکرم محمد علی**

پلەی زانستی: مامۆستا

سەرۆکی بەشی (کۆمەڵناسی)

ڕێکەوت: ١٥ / ٩ /٢٠٢٢

## ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەک ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم نامەیەی خوێندکار**(عبدالكريم خدر رسول)** بەناونیشانی **(ئاستەنگەکانی بەردەم ئەرکی پەرلەمان لەهەرێمی کوردستان- عێراق/ توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەکۆمەڵناسی سیاسیدا)**خوێندەوەو گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کردووە، بڕیارماندا بەپلەی(                    ) بڕوانامەی ماستەری لە زانستی (              )دا پێ بدرێت.

واژۆ:

ناو: **د.حسين اسماعيل على**

پلەی زانستی: **پرۆفیسۆر**

سەرۆکی لیژنە

ڕێکەوت: ٨ / ١١ /٢٠٢٢

واژۆ:

ناو: **د.زانا احمد پيرداود**

پلەی زانستی: **پرۆفیسۆری یاریدەدەر**

ئەندام

ڕێکەوت: ٨ / ١١ /٢٠٢٢

واژۆ:

ناو: **د.توانا فريدون حسين**

پلەی زانستی: **پرۆفیسۆری یاریدەدەر**

ئەندام

ڕێکەوت: ٦ / ١٢ /٢٠٢٢

واژۆ:

ناو: **د.امير خداكرم محمد على**

پلەی زانستی: **مامۆستا**

ئەندام و سەرپەرشتیار

ڕێکەوت: ٨ / ١١ /٢٠٢٢

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی - پەسەندکرا.

واژۆ:

ناو: **پ. د. ابتسام اسماعيل قادر**

ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان

ڕێکەوت: ١٩ /١٢ /٢٠٢٢

# ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیەی خوێندکار **(عبدالكريم خدر رسول)** بەناونیشانی **(ئاستەنگەکانی بەردەم ئەرکی پەرلەمان لەهەرێمی کوردستان- عێراق / توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەکۆمەڵناسی سیاسیدا)** بەچاودێری ئێمە لەکۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لەپێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لەزانستی کۆمەڵناسی- کۆمەڵناسی سیاسیدا، پێشنیاز دەکەین پێشکەش بەلیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:

سەرپەرشتیار: **د.امير خداكرم محمد علی**

پلەی زانستی: مامۆستا

ڕێکەوت:        /        / ٢٠٢٢

بەپێی ئەم پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بەلیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:

ناو: **د.امير خداكرم محمد علی**

پلەی زانستی: مامۆستا

سەرۆکی بەشی (کۆمەڵناسی)

ڕێکەوت:        /        /٢٠٢٢

## ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەک ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم نامەیەی خوێندکار(**عبدالكريم خدر رسول**) بەناونیشانی **(ئاستەنگەکانی بەردەم ئەرکی پەرلەمان لەهەرێمی کوردستان- عێراق/ توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەکۆمەڵناسی سیاسیدا)**خوێندەوەو گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کردووە، بڕیارماندا بەپلەی(                    ) بڕوانامەی ماستەری لە زانستی (                    )دا پێ بدرێت.

واژۆ:

ناو: **د.حسين اسماعيل علی**

پلەی زانستی: **پرۆفیسۆر**

سەرۆکی لیژنە

ڕێکەوت:        /        /٢٠٢٢

واژۆ:

ناو: **د.زانا احمد پيرداود**

پلەی زانستی: **پرۆفیسۆری یاریدەدەر**

ئەندام

ڕێکەوت:        /        /٢٠٢٢

واژۆ:

ناو: **د.توانا فريدون حسين**

پلەی زانستی: **پرۆفیسۆری یاریدەدەر**

ئەندام

ڕێکەوت:        /        /٢٠٢٢

واژۆ:

ناو: **د.امير خداكرم محمد علی**

پلەی زانستی: **مامۆستا**

ئەندام و سەرپەرشتیار

ڕێکەوت:        /        /٢٠٢٢

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی - پەسەندکرا.

واژۆ:

ناو: **پ. د. ابتسام اسماعيل قادر**

ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان

ڕێکەوت:        /        /٢٠٢٢

## ئەم نامەیە پێشکەشە بە...

- بەباوکی ئازیزم کە بەپاڵپشتییەکانی خوێندنی پێتەواوکردم و منی گەیاندە ئەمڕۆ.

- بەو دایکە پەرۆشەم کە ١٦ساڵە بەتەنها ژیانمان بەیەک بەخشیوەو تائێستاش لەخەمی ماندوو بوونمدایە.

- بە هاوسەرەکەم (ڕەیان) کە بەهێندەی ماندووبوونەکانم بەپەرۆش بووە بۆ تەواوکردنی ماستەرنامەکەم.

- بەتایبەتی پێشکەشە بە دامەزراوەی پەرلەمانی کوردستان.

# سوپاس و پێزانین

سوپاس و پێزانینم بۆ...

- سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری تاک و تەنهاو پەرستراوی بەحەق کە توانای پێبەخشیم ئەم نامەیە بەسەرکەوتوویی تەواو بکەم.
- سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم(د.امیر خداکرم محمد علی) کە بەوپەڕی هەڵوێستەوەو زۆر بەدڵسۆزی و لێنەبڕاوانە سەرپەرشتی کردووم.
- سەرجەم مامۆستایانی بەشی کۆمەڵناسی، کە ڕێنمایی و بەرچاوڕوونیان پێبەخشیوم.
- دامەزراوەی پەرلەمانی کوردستان و سەنتەری توێژینەوەو کتێبخانەی پەرلەمانی کوردستان دەردەبڕم.
- بەڕێز (د. سەروەر عبدالرحمن) سەرۆکی ڕێکخراوی ئینستیتیوتی پەی بۆ پاڵپشتی و هاوکارییەکانی.
- بەڕێز (د. أيوب محمد طيب محمد صالح) بەڕێوەبەری تۆماری گشتی لەبەشی زانستە ڕامیارییەکان لەزانکۆی سلێمانی، کە بەتێبینییەکانی توێژینەوەکەمی دەوڵەمەندتر کردووەق بەردەوام هاوکارم بووە.
- بەڕێز (د. فؤاد ئەحمەد سلێمان) بەڕێوەبەری سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان، کە بەردەوام پاڵپشتی کردووم.
- بەڕێز (د. شیلان عومەر حسێن) مامۆستا لە کۆلێژی زمان لەزانکۆی سلێمانی کە هاوکاری زۆری کردووم.
- بەڕێز(م. عادل)خوێندکاری دکتۆرا لەبەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی کە ئەرکی ئاماری لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەمی گرتە ئەستۆ.
- بەڕێز(م.هونەر ناسیح محمدفرج) مامۆستای ئینگلیزی لەسەنتەری کلتوورو زمان لەزانکۆی سلێمانی.
- هاوڕێی بەڕێزم (جوتیار فەتاح قادر) بەڕێوەبەری کارگێڕی نوسینگەی پەرلەمانی کوردستان لەسلێمانی.
- هاوڕێی بەڕێزم (دانا محمد ظاهير)و باوکی بەڕێزی (م. محمد ظاهير محمدجلال) کە بەردەوام هاوکارم بوون لە وەرگێڕانی سەرچاوەکاندا.
- هاوڕێیانی خۆشەویستم(هێمن مستەفا ڕەشید) و (هێمن سالار) کەهاوکارم بووم.
- سەرجەم کتێبخانەکان کە هاوکارییان کردوم بەپێدانی ڕێنمایی و سەرچاوەکان.
- لەکۆتاییدا زۆر سوپاسی هەموو ئەو ئەزیزو بەڕێزانە دەکەم کە بە وشەیەکی سودبەخش و هەڵوێستێکی بەرز هاوکارم بوون لە بەپایان گەیاندنی توێژینەوەکەمدا.

# پێڕستی بابەتەکان


| ژمارە | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| | بڕیاری سەرپەرشتیار | أ |
| | بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ | ب |
| | پێشکەشکردن | ت |
| | سوپاس و پێزانین | ث |
| | پێڕستی بابەتەکان | ج- ح- خ |
| | پێڕستی خشتەکان | د- ذ |
| | پێڕستی پاشکۆکان | ر |
| | **پێشەکی** | ١- ٣ |
| | **دەروازەی یەکەم**<br>**لایەنی تیۆری** | ٤- ٩٩ |
| **بەشی یەکەم:** | **ڕەگەزەکانی توێژینەوە، پێناسەکردنی چەمکەکان، توێژینەوەکانی پێشوو** | ٥- ٢٤ |
| **باسی یەکەم:** | **چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە** | ٦- ٨ |
| یەکەم/ | کێشەی توێژینەوەکە | ٦ |
| دووەم/ | گرنگی توێژینەوەکە | ٦- ٧ |
| سێیەم/ | ئامانجی توێژینەوەکە | ٧- ٨ |
| چوارەم/ | هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە | ٨ |
| **باسی دووەم:** | **پێناسەی چەمکەکان** | ٩- ١٥ |
| یەکەم/ | ئاستەنگ | ٩- ١٠ |
| دووەم/ | ئەرک | ١٠- ١١ |
| سێیەم/ | پەرلەمانی کوردستان | ١٢- ١٣ |
| چوارەم/ | هەرێمی کوردستان | ١٤- ١٥ |
| **باسی سێیەم:** | **خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو** | ١٦- ٢٤ |
| یەکەم/ | توێژینەوە ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارەکان | ١٦- ١٨ |
| دووەم/ | توێژینەوە ناڕاستەوخۆ پەیوەندیدارەکان | ١٩- ٢٢ |
| سێیەم/ | گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو | ٢٢- ٢٤ |
| **بەشی دووەم:** | **مێژووی پەرلەمان و پڕۆسەی هەڵبژاردن، بونیادو ئەرکەکانی** | ٢٥- ٥٥ |
| **باسی یەکەم:** | **مێژووی پەرلەمان، پڕۆسەی هەڵبژاردن و پێکهێنانی بونیادی پەرلەمان لەهەرێمی کوردستان** | ٢٦- ٤٠ |
| تەوەری یەکەم/ | مێژووی دروسبوون و گەشەسەندنی پەرلەمانی کوردستان | ٢٦- ٢٩ |

| | | |
|---|---|---|
| تەوەری دووەم/ | پڕۆسەی هەڵبژاردن، یاسای هەڵبژاردن لەپەرلەمانی کوردستان | ٢٩- ٣٦ |
| یەکەم/ | پڕۆسەی هەڵبژاردن | ٢٩- ٣٠ |
| دووەم/ | سیستمەکانی هەڵبژاردن | ٣١- ٣٢ |
| سێیەم/ | یاسای هەڵبژاردن لەهەرێمی کوردستان | ٣٢- ٣٦ |
| تەوەری سێیەم/ | پێکهێنانی بونیادی پەرلەمانی کوردستان و لیژنەهەمیشەییەکانی | ٣٧- ٤٠ |
| یەکەم/ | پێکهێنانی بونیادی پەرلەمانی کوردستان | ٣٧- ٣٨ |
| دووەم/ | لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان | ٣٨- ٤٠ |
| **باسی دووەم:** | **ئەرکەکانی پەرلەمانی کوردستان** | ٤١- ٥٥ |
| تەوەری یەکەم/ | ئەرکی یاسادانان | ٤١- ٤٥ |
| تەوەری دووەم/ | ئەرکی چاودێریکردن | ٤٦- ٥١ |
| تەوەری سێیەم/ | ئەرکی دارایی(پەسەندکردنی بودجە) | ٥٢- ٥٥ |
| **بەشی سێیەم:** | **ئاستەنگە جۆراوجۆرەکانی بەردەم پەرلەمانی کوردستان** | ٥٦- ٩٩ |
| **باسی یەکەم:** | **ئاستەنگی یاسادانان و چاودێری، دارایی(پەسەندکردنی بودجە)** | ٥٧- ٧٠ |
| تەوەری یەکەم/ | ئاستەنگی یاسادانان | ٥٧- ٦٢ |
| تەوەری دووەم/ | ئاستەنگی چاودێریکردن | ٦٣- ٦٧ |
| تەوەری سێیەم/ | ئاستەنگی دارایی(پەسەندکردنی بودجە) | ٦٧- ٧٠ |
| **باسی دووەم:** | **ئاستەنگە سیاسی و یاساییەکان** | ٧١- ٨٦ |
| تەوەری یەکەم/ | بارودۆخی سیستمی سیاسی لەهەرێمی کوردستان | ٧١- ٧٥ |
| تەوەری دووەم/ | نەبوونی دەستوورێکی هەمیشەیی | ٧٥- ٨٢ |
| تەوەری سێیەم/ | سیستمی هەڵبژاردن و ئاستەنگی بەردەم پەرلەمان | ٨٢- ٨٦ |
| **باسی سێیەم:** | **ئاستەنگە کۆمەڵایەتی و کارگێڕییەکان** | ٨٧- ٩٩ |
| تەوەری یەکەم/ | ئاستەنگە کۆمەڵایەتییەکان | ٨٧- ٩٢ |
| یەکەم/ | یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی | ٨٧- ٩٠ |
| دووەم/ | ڕۆشنبیری و هۆشیاری کۆمەڵایەتی | ٩٠- ٩٢ |
| تەوەری دووەم/ | ئاستەنگە کارگێڕییەکان | ٩٣- ٩٩ |
| یەکەم/ | پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان | ٩٣- ٩٦ |
| دووەم/ | ئاستەنگی کارگێڕی پەرلەمان | ٩٦- ٩٩ |
| | **دەروازەی دووەم:**<br>**لایەنی مەیدانی** | ١٠٠- ١٥٩ |
| **بەشی چوارەم:** | **چوارچێوەی میتۆدی و ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە** | ١٠١- ١٥٩ |
| **باسی یەکەم:** | **چوارچێوە میتۆدییەکانی توێژینەوەکە** | ١٠٢- ١١١ |

| | | |
|---|---|---|
| یەکەم/ | جۆرو میتۆدی توێژینەوەکە | ١٠٢- ١٠٣ |
| ١/ | جۆری توێژینەوەکە | ١٠٢ |
| ٢/ | میتۆدی توێژینەوەکە | ١٠٣ |
| دووەم/ | کۆمەڵگەو نمونەی توێژینەوەکە | ١٠٣- ١٠٨ |
| ١/ | کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | ١٠٣ |
| ٢/ | نمونەی توێژینەوەکە | ١٠٤- ١٠٨ |
| سێیەم/ | بوارەکانی توێژینەوەکە(مرۆیی، شوێنی، کاتی) | ١٠٨ |
| چوارەم/ | ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیارییەکان | ١٠٨- ١٠٩ |
| پێنجەم/ | ڕاستیتی و جێگیری فۆرم | ١٠٩- ١١٠ |
| ١/ | ڕاستێتی فۆرم | ١٠٩ |
| ٢/ | جێگیری فۆرم | ١١٠ |
| شەشەم/ | ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان | ١١١ |
| **باسی دووەم:** | **خستنەڕووی داتاو زانیارییەکان و شیکردنەوەیان** | ١١٢- ١٥٢ |
| تەوەری یەکەم/ | خستنەڕووی زانیارییە گشتییەکان بەپێی ئامانجەکان و گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە | ١١٢- ١٢٦ |
| تەوەری دووەم/ | خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە | ١٢٦- ١٤٩ |
| **باسی سێیەم:** | **ئەنجام و دەرئەنجام، پێشنیازو ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە** | ١٥٠- ١٥٩ |
| تەوەری یەکەم/ | ئەنجام و دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | ١٥٠- ١٥٦ |
| یەکەم/ | ئەنجامەکانی توێژینەوەکە | ١٥٠- ١٥٤ |
| دووەم/ | دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | ١٥٥- ١٥٦ |
| تەوەری دووەم/ | پێشنیازو ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە | ١٥٧- ١٥٩ |
| یەکەم/ | پێشنیازەکانی توێژینەوەکە | ١٥٧- ١٥٨ |
| دووەم/ | ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە | ١٥٨- ١٥٩ |
| | **سەرچاوەکان** | |
| | **پاشکۆکان** | |
| | **پوختەی نامەکە بەزمانی عەرەبی** | |
| | **پوختەی نامەکە بەزمانی ئینگلیزی** | |

# پێڕستی خشتەکان


| ژمارەی لاپەڕە | ناونیشانی خشتە | ژمارەی خشتە |
|---|---|---|
| ١٠٤- ١٠٥ | ڕەگەزی نموونەی توێژینەوەکە | ١ |
| ١٠٥ | تەمەنی نموونەی توێژینەوەکە | ٢ |
| ١٠٦ | نەتەوەکانی نموونەی توێژینەوەکە | ٣ |
| ١٠٦ | ئایین و بیروباوەڕی نموونەی توێژینەوەکە | ٤ |
| ١٠٧- ١٠٨ | ئاستی خوێندنی نموونەی توێژینەوەکە | ٥ |

| ژمارەی لاپەڕە | ناونیشانی ئامانجەکان | خشتەکانی ئامانجەکان |
|---|---|---|
| ١١٢- ١١٦ | خستنەڕووی ئاستەنگە جۆراوجۆرەکانی بەردەم ئەرکەکانی پەرلەمانە کە لەمەیدانی کاری سیاسی هەرێمی کوردستاندا هەستی پێدەکرێت، کە بوونەتە هۆکاری لاوازکردنی ڕۆڵی دامەزراوەی پەرلەمانی کوردستان. | خشتەکانی ئامانجی یەکەم |
| ١١٦- ١١٩ | دەرخستنی ئاستی ئاگاداربوون و هۆشیاربوونی پەرلەمانتارانە بۆ هەبوونی ئاستەنگ لەبەردەم کارو ئەرکەکانی پەرلەمانی کوردستان. | خشتەکانی ئامانجی دووەم |
| ١١٩- ١٢٢ | خستنەڕووی ڕۆڵی پەرلەمانتارانە لەدەرکردنی یاساکان لەپێناو بەرژەوەندییەکانی هاولاَتیان. | خشتەکانی ئامانجی سێیەم |
| ١٢٢- ١٢٦ | دەرخستنی کاری پەرلەمانتارییە لەدەرەوەی خواست و ویستی پارتەکانیان. | خشتەکانی ئامانجی چوارەم |

| ژمارەی خشتە | ناونیشانی خشتە | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| ٢٣ | پەرلەمانی کوردستان وەک یەکێک لەبەرزترین دەسەڵاتەکان پیشاندەدات | ١٢٦ |
| ٢٤ | هۆکارەکانی دەرخستنی پەرلەمانی کوردستان وەک بەرزترین دەسەڵات دەردەخات | ١٢٦-١٢٧ |
| ٢٥ | ڕۆڵی پەرلەمانی کوردستان لەجێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا نیشاندەدات | ١٢٨ |
| ٢٦ | هۆکارەکانی توانای جێبەجێنەکردنی ئەرکەکانی پەرلەمانی کوردستان نیشاندەدات | ١٢٨-١٢٩ |
| ٢٧ | هەبوونی ئاستەنگ لەبەردەم ئەرکەکانی پەرلەمانی کوردستان دەخاتەڕوو | ١٣٠ |
| ٢٨ | هۆکارەکانی هەبوونی ئاستەنگ لەبەردەم ئەرکەکانی پەرلەمانی کوردستان دەردەخات | ١٣٠-١٣١ |
| ٢٩ | پەرلەمانی کوردستان توانیویەتی لەخولی پێنجەمدا ئەرکی یاسادانان جێبەجێ بکات | ١٣٢ |
| ٣٠ | هۆکارەکانی توانای جێبەجێکردنی ئەرکی یاسادانان نیشاندەدات | ١٣٢-١٣٣ |
| ٣١ | ئاستەنگ بوونی پارتە سیاسییەکان لەبەردەم ئەرکی پەرلەماندا دەردەخات | ١٣٣ |
| ٣٢ | هۆکارەکانی بوونی پارتە سیاسییەکان وەک ئاستەنگ لەبەردەم ئەرکی پەرلەمان دەخاتەڕوو | ١٣٣-١٣٤ |
| ٣٣ | بڕیاربەدەستانی پارتە سیاسییەکان و بوونە ئاستەنگی بەردەم ئەرکی پەرلەمانی کوردستان دەخاتەڕوو | ١٣٤ |
| ٣٤ | هۆکارەکانی بڕیاربەدەستانی پارتە سیاسییەکان وەک ئاستەنگی بەردەم پەرلەمان دەخاتەڕوو | ١٣٤-١٣٥ |
| ٣٥ | پەیڕەوی ناوخۆ ئامڕازێکە بۆ کارئاسانی کارو ئەرکەکانی پەرلەمان دەخاتەڕوو | ١٣٦ |
| ٣٦ | هۆکارەکانی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان وەک ئاستەنگ دەردەخات | ١٣٦-١٣٧ |
| ٣٧ | یاسا پەسەندکراوەکانی پەرلەمان لەلایەن حکومەت و هاوڵاتیانەوە جێبەجێدەکرێن | ١٣٧ |
| ٣٨ | هۆکارەکانی جێبەجێنەکردنی یاساکانی پەرلەمانی کوردستان دەخاتەڕوو | ١٣٧-١٣٨ |
| ٣٩ | توانای پەرلەمانی کوردستان بۆ فشار خستنەسەر حکومەتی هەرێمی | ١٣٩ |

| | | |
|---|---|---|
| | کوردستان دەردەخات | |
| ٤٠ | پەرلەمانی کوردستان توانیویەتی ئەرکی چاودێریکردن بەسەر حکومەتی هەرێم جێبەجێ بکات | ١٤٠ |
| ٤١ | هۆکاری توانای جێبەجێکردنی ئەرکی چاودێریکردن لەلایەن پەرلەمان دەردەخات | ١٤٠-١٤١ |
| ٤٢ | ئاستەنگەکانی بەردەم پەسەندنەکردنی بودجە لەخولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان ڕوودەکاتەوە | ١٤١-١٤٢ |
| ٤٣ | چاودێری جێبەجێکردنی یاسا پەسەندکراو و دەرکراوەکانی پەرلەمان ڕوووندەکاتەوە | ١٤٣ |
| ٤٤ | هۆکاری توانای چاودێریکردنی پەرلەمان بۆ یاساکانی دەردەخات | ١٤٣-١٤٤ |
| ٤٥ | توانای سەربەخۆیی پەرلەمانتاران لەکاری پەرلەمانتارییاندا ڕوووندەکاتەوە | ١٤٤ |
| ٤٦ | هەڵبژاردن و بوونە ئاستەنگی بەردەم ئەرکەکانی پەرلەمانی کوردستان دەخاتەڕوو | ١٤٥-١٤٦ |
| ٤٧ | پابەندی بنەماڵەیی لەسەر کاندیدکردن و هەڵبژاردنی ئەندام پەرلەمان دەخاتەڕوو | ١٤٧ |
| ٤٨ | هۆکارەکانی لایەنگیری بنەماڵەیی بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان ڕوووندەکاتەوە | ١٤٧-١٤٨ |
| ٤٩ | فاکتەرەکانی بەهێزبوونی ئەرکی پەرلەمانی کوردستان تاوەکو ئاستەنگی بۆ دروست نەبێت دەخاتەڕوو | ١٤٨-١٤٩ |


# پێڕستی پاشکۆکان


| ژمارە | ناونیشانی پاشکۆ |
|---|---|
| پاشکۆی(١) | هەڵسەنگاندنی پسپۆڕان بۆ فۆڕمی ڕاپرسی |
| پاشکۆی(٢) | ناوو پلەی زانستی و شوێنی کاری شارەزایان |
| پاشکۆی(٣) | هەڵسەنگاندنی ڕاستێتی فۆڕمی ڕاپرسی بەڕای شارەزایان |
| پاشکۆی(٤) | پێوانەی ئاستی جێگیری بەپێی هاوکۆلکەی ئەلفاکرونباخ |
| پاشکۆی(٥) | شێوەی کۆتایی فۆڕمی ڕاپرسی توێژینەوەکە |

# پێشەکی

ئەگەر پەرلەمان نەتوانێت وەک دامەزراوەیەکی خاوەن دەسەڵاتی سەربەخۆ ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات، ئەوا دیموکراسی لەهەر کۆمەڵگەیەکدا بێت لەکەدار دەبێت، چونکە پەرلەمان خاڵی هاوبەشە لەنێوان هەموو سیستەمە سیاسییەکان و لەئێستادا بەچەقە دامەزراوەیی دیموکراسی دادەنرێت، ئەمەش بەهۆی ئەو ڕۆڵە کاریگەرو بەرپرسیارێتییە گرنگەی لەسیاسەتی هەر کۆمەڵگەیەکدا لەئەستۆی دەگرێت، بووەتە سەکۆی گوزارشتکردنی واقیعی داواکارییەکانی هاوڵاتیان و بەمەیدانی یەکلاییکردنەوەی کێشەکان و چارەسەرییەکان دادەنرێت، هەر بۆیە بەر لەهەرشتێک و بەهەر شێوەیەک کە باس لە پەرلەمان دەکرێت، پێویست وایە باس لەسیستمی سیاسی بکرێت، لەبەرئەوەی هەرکاتێک سیستمی سیاسی خۆی لەهەرسێ دەسەڵاتە بنەڕەتییەکەی حوکمڕانیدا(پەرلەمان و حکومەت، دادوەری) نەبینییەوە، ئەوە بەردەوام دەسەڵاتی خۆی لەکەسێتی سەرۆک و نوخبەیەکدا دەبینێتەوە.

ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی پەرلەمان وەک دەسەڵاتی نوێنەرایەتی هاوڵاتیان، پەیوەستە بەشێوازو ڕادەی پێگەیشتنی سیستمی سیاسی لەوڵاتدا، کە بەکام شێوازو حوکم فەرمانڕەوایی دەکات؟ بەو مانایەی ئەگەر پەرلەمان دامەزراوەیەکی نوێنەرایەتی هاوڵاتیان بێت، دەبێت بەشداری هاوڵاتیان لەدروستکردنی بڕیاری سیاسیدا زامن و مسۆگەرکراو بێت، ئەمەش لەڕێگەی ئەو یاساو بڕیارانەی پەرلەمان دەریان دەکات و دەیخاتە بەردەستی حکومەت بۆ جێبەجێکردن.

بەهۆی ئەو نوێنەرایەتییەوەیە پەرلەمان چەند ئەرکێکی هەستیارو گرنگ لەئەستۆ دەگرێت کە دەنگدەران و هاوڵاتیان بەپەرۆشەوە لەچاوەڕوانی جێبەجێکردنیاندا دەبن. لەو ئەرکانەش یاسادانان لەڕیزی پێشەوەی ئەو ئەرکانەوە دێت، چونکە یاسا سەرچاوەی ڕێکخستن و پێشکەوتنی کۆمەڵگەیە، واتا یاساکان تاچەند بەدەم پێداویستییەکانی کۆمەڵگەو هاوڵاتیانەوە بن، ئەوەندە هاوکار دەبن لەهێمنی و بەرقەرارکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لەنێو کۆمەڵگەدا، چەند یاساش سەروەربێت بەپێوانەی ئەو سەروەرییە ئەوەندەش ئاسودەیی باڵ بەسەر وڵاتدا دەکێشێت، بەڵام سیستمی حوکمڕانی لەهەرێمی کوردستان لەماوەی دەسەڵاتیدا نەیتوانیوە پایەکانی حوکمڕانی بەشێوەیەکی ڕێکخراو دروست بکات و توانای گەشەکردنی هەبێت، ئەمەش بەڕوونی هەستی پێدەکرێت کە سەرجەم دامەزراوەکان دەسەڵاتی ڕاستەقینەو کارایان نەبووە، بەڵکو دەسەڵاتی حوکمڕانی تائەمڕۆش لەژێر هەژموونی دەسەڵاتی حیزب و نوخبەدایە.

لەو کۆمەڵگەیانەی دەسەڵات و دامەزراوە جۆراوجۆرەکان بەشێوازێکی ڕێکوپێک لەیەکتر جیانەکراونەتەوەو سەربەخۆنین، ئەوە گشت کایەکان دەبنە سێبەری کایەی سیاسی و لەگەڵیشیدا کایەی سیاسیش بەشێوازێکی گونجاو ڕێکناخرێت. لەئەنجامدا بەردەوام

ئاستەنگ بۆ ئەرکی هەریەکە لەدامەرزاوەکان دروستدەبێت، بەتایبەتی دامەزراوەیەکی گرنگ و کاریگەری وەک دامەزراوەی پەرلەمان کە ڕۆڵێکی یەکجار گرنگی لەکایەی سیاسیدا هەیەو بەسەکۆی کۆکەرەوەی سەرجەم لایەنەکان و دیدگا جیاوازەکان دادەنرێت، هەروەها بەپردی پەیوەندی نێوان نوێنەران و هاوڵاتیان دادەنرێت، بە لەئەستۆگرتنی ئەم بەرپرسیارێتییەش بووەتە جێگەی ئومێدی هاوڵاتیان لەهەر کۆمەڵگەیەکدا بێت.

کەواتە هەرشتێک هۆکارێکی هەیە بۆ ڕوودانی یان بۆ دروستبوونی، ئەمەش ئەو ئامانجەیە کە زانستی کۆمەڵناسی کاری لەسەردەکات و دەیەوێت لەڕێگەی هۆکاری شتەکانەوە بگاتە ڕاستێتی هۆی ڕوودانیان و دروستبوونیان، لەم توێژینەوەیەدا بەدوای هۆکارەکانی هەبوونی ئاستەنگەکاندا دەگەڕێین کە لەبەردەم دامەزراوەی پەرلەماندا بوونەتە ئاستەنگ و وایان لێکردووە تارادەیەکی بەرچاو درک بەلاوازی و ناچالاکبوونی ڕۆڵی لەکایەی سیاسی هەرێمی کوردستاندا بکەین، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بەپێی یاسا مەرجەعی یەکەمی دەسەڵاتە، بەڵام لەچارەسەرکردنی کێشەکان و پرسە چارەنووسسازو نیشتیمانییەکاندا ئەم دەسەڵاتەی لێسەندراوەتەوەو پارتە دەسەڵاتدارەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ناگەڕێنەوە بۆ دەسەڵاتی پەرلەمان.

پەرلەمان کۆمەڵێک ئەرکی سەرەکی و گرنگی هەیە تا لەڕێگەی ئەم ئەرکانەوە داخوازی و پێداویستییەکانی هاوڵاتیان بەدیبهێنێت و کێشەکانیان چارەسەر بکات، کەچی بەشێوەیەکی بەرچاو لەو ئەرکانەشی بەئاستێک لاوازکراوە کەبۆتە مایەی بێئومێدبوونی هاوڵاتیان، چونکە کاتێک دامەزراوەیەکی گرنگی وەک پەرلەمان نەتوانێت بەپێی پێویست هەڵبستێت بەئەنجامدانی ئەرکە سەرەکییەکانی، ئەوە دەبێت توێژەران بەدوای هۆکاری ئەم کێشەیەدا بگەڕێن تاوەکو بگەنە ئەو ئەنجامەی کە ڕووی شاراوەی جێبەجێنەبوونی ئەم ئەرک و بەرپرسیارێتییە لەچییەوە سەرچاوەی گرتووەو ئاستەنگی بۆ دروست بووە؟

لەم توێژینەوەیەدا لەچوارچێوەی کۆمەڵناسی سیاسیدا ئەرکە سەرەکییەکانی (یاسادانان، چاودێری، بودجە) دەخەینەڕوو، کەبەپێی پێویست جێبەجێ نەکردنی ئەم ئەرکانە پەرلەمان شکۆی خۆی لەدەستدەدات، چونکە وەک چۆن لەئێستادا پەرلەمان خاڵی هاوبەشی هەموو سیستمەکانە ئاواش ئەم ئەرکانە ئەرکی سەرەکی و بنەڕەتی پەرلەمانن، لەبەرئەوەیە لەتوێژینەوەکەدا تەنها گرنگی ئەم سێ ئەرکەو ئاستەنگەکانی بەردەمیان خراوەتەڕوو.

پرسی گرنگیدان بەئاستەنگەکانی بەردەم ئەرکی پەرلەمان جیاوازە، لەبەرئەوەی ئەم دامەزراوەیە جێگەی سەرنجی پسپۆڕان و توێژەرانی بواری کۆمەڵناسی سیاسییە کە وەک دامەزراوەیەکی سیاسی و یاسایی لێیدەکۆڵنەوە، لێرەوە کۆمەڵناسی سیاسی وەک بوارێکی زانستی کۆمەڵناسی گشتی جەخت لەکارو ئەرکی پەرلەمان دەکات و پەیوەندی ئەم دامەزراوەیەش بەهاوڵاتیانەوە ڕووندەکاتەوە، چونکە پەرلەمان پێش ئەوەی دامەزراوەیەکی سیاسی و یاسایی بێت دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە.

بابەتی درککردن بەهەبوونی ئاستەنگ  لەبەردەم ئەرکەکانی پەرلەماندا بووەتە جێگەی سەرنج و وروژاندنی چەند پرسیارێک لەلای توێژەر، لەکۆتاییدا ئەم پرسیارە وەڵامنەدراوانە بوونەتە کێشەی توێژینەوەکەو لە چوار بەشدا خراونەتەڕوو. ئەوانیش:

بەشی یەکەم: ڕەگەزەکانی توێژینەوەکەو پێناسەی چەمکەکان، خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو لەخۆدەگرێت و دابەشبووە بەسەر سێ باسدا. باسی یەکەم: لەچوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە(کێشە، گرنگی، ئامانج و هۆکاری هەڵبژاردنی) پێکهاتووە. باسی دووەم: پێناسەی چەمکەکانی(ئاستەنگ، ئەرک، پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان، هەرێم، هەرێمی کوردستان) لەخۆدەگرێت. باسی سێیەم: خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشووە.

بەشی دووەم: تایبەتە بەمێژووی پەرلەمان و پرۆسەی هەڵبژاردن، بونیادو ئەرکەکانی. ئەم بەشەش دابەشبووە بەسەر دوو باس و چەند تەوەرەیەکدا. باسی یەکەم: پرۆسەی هەڵبژاردن و مێژووی پەرلەمانی کوردستان، پێکهێنانی بونیادی پەرلەمان. باسی دووەم بریتییەلە ئەرکەکانی پەرلەمان کوردستان.

بەشی سێیەم: ناوەڕۆکی ئەنجامدانی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت و باس لەو ئاستەنگە جۆراوجۆرانە دەکات کە بوونەتە بەربەست لەبەردەم ئەرکەکانی پەرلەمانی کوردستان، ئەم بەشەش بەسەر سێ باسدا دابەشکراوەو هەرباسێکیش لەچەند تەوەرەیەکدا خراوەتەڕوو، لەباسی یەکەمدا باسی ئاستەنگی یاسادانان و چاودێری و بودجە دەکەین. بەڵام لەباسی دووەمدا بەسێ تەوەرە ئاستەنگە سیاسی و یاساییەکان دەخەینەڕوو، هەروەها باسی سێیەم تەرخانکراوە بۆ ئاستەنگە کۆمەڵایەتی و کارگێڕییەکان.

بەشی چوارەم: چوارچێوەی میتۆدی و ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت و دابەش بووە بەسەر سێ باسی سەرەکیدا، باسی یەکەم: جۆرو میتۆدی توێژینەوەکە، کۆمەڵگەو نموونەی توێژینەوەکە، پاشان بوارەکانی توێژینەوەکەو ئامڕازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان دەگرێتەوە. باسی دووەم: پێکهاتووە لەخستنەڕووی داتاو زانیارییەکان و شیکردنەوەیان. پاشان باسی سێیەم و کۆتایی هەریەکە لەئەنجام و دەرئەنجام، پێشنیارو ڕاسپاردە، سەرچاوەکان، پاشکۆکان و پوختەی توێژینەوەکە لەخۆیدەگرێت.

# دەروازەی یەکەم

# لایەنی تیۆری

# بەشی یەکەم

# ڕەگەزەکانی توێژینەوەکەو پێناسەکردنی چەمکەکان

**باسی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە:**

یەکەم/ کێشەی توێژینەوەکە

دووەم/ گرنگی توێژینەوەکە

سێیەم/ ئامانجی توێژینەوەکە

چوارەم/ هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە

**باسی دووەم: پێناسەی چەمکەکان:**

یەکەم/ ئاستەنگ

دووەم/ ئەرک

سێیەم/ پەرلەمانی کوردستان

چوارەم/ هەرێمی کوردستان

**باسی سێیەم: خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو:**

یەکەم/ توێژینەوە عێراقییەکان

دووەم/ توێژینەوە بیانییەکان

سێیەم/ گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو

# بەشی یەکەم

# ڕەگەزەکانی توێژینەوەکەو پێناسەکردنی چەمکەکان

## باسی یەکەم/ چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە:

### یەکەم/ کێشەی توێژینەوەکە:

دیاریکردنی کێشەی توێژینەوە یەکێکە لەئەرکە سەرەکییەکانی هەر توێژینەوەیەک، چونکە بەخاڵی دەستپێک دادەنرێت بۆ بەئەنجام گەیاندنی هەنگاوەکانیتری توێژینەوەکە. کەواتە توێژەر کاتێک چالاکی دەستپێدەکات ئەگەر کێشەیەک یان ئاستەنگێک لەیەکێک لەدامەزراوەکانی کۆمەڵگە لەئارادا هەبێت و خوازیاری دۆزینەوەیان بێت تاوەکو بیانخاتەڕوو کە ئامانجیەتی شیبکاتەوەو لایەنە شاراوەکانی دەربخات. کێشەی ئەم توێژینەوەیەش هەستکردنە بەبوونی ئاستەنگ لەبەردەم ئەرکەکانی پەرلەمان لەسیستمی سیاسی هەرێمی کوردستاندا، بەڵام ئایا ئاستەنگەکان چی هۆکارێک دروستیکردوون؟ ناوەڕۆکی کێشەی توێژینەوەکە گەڕانە بەدوای:

١. چی ئاستەنگێک هێندە کاریگەری هەیە کە پەرلەمان ناتوانێت بەپێی پێویست هەڵبستێت بەجێبەجێکردنی ئەرکەکانی و ئەو بەرپرسیارێتییە گرنگەی لەئەستۆیەتی؟

٢. ئایا هۆکاری هەبوونی ئاستەنگەکان لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا جۆراوجۆرن یاخود سیاسین یان یاسایین یاخود کۆمەڵایەتی یا کارگێڕین؟

### دووەم/ گرنگی توێژینەوەکە:

توێژینەوەی زانستی بەپێی بابەتی لێتوێژراو و ئەو زانیارییانەی دەیانخاتەڕوو گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، گرنگی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە لەسەر ئاستەنگەکانی بەردەم ئەرکی پەرلەمان بەو ئامانجەیە کە دامەزراوەی پەرلەمان یەکێکە لەبابەتە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسی سیاسی و بەیەکێک لەسەرچاوە گرنگەکانی دەسەڵات دادەنرێت کە ڕۆڵ و گرنگی کارای لەکۆمەڵگەدا هەیەو پەرلەمان یەکێکە لەو کایە گرنگانەی لەمڕۆدا زۆرێک لەوڵاتانی دونیا پەیڕەوی لێدەکەن، بەهەمان شێوەش هەرێمی کوردستان-عێراق پەیڕەوی لەبوونی پەرلەمان دەکات. گرنگییەکەشی لەمەدا بەدیاردەکەوێت پەرلەمان وەک دامەزراوەیەکی سیاسی و یاسایی و کۆمەڵایەتی پەیوەندی توندوتۆڵی بەژیانی هاوڵاتیانەوە هەیە، بەو مەبەستە بەچەندین شێوەی جۆراوجۆر ئەرک و بەرپرسیارێتی و ڕۆڵی خۆی لەکۆمەڵگەدا دەگێڕێت

لەپێناو بەرژەوەندی گشتی هاوڵاتیاندا. گرنگی سەرەکیش لەهەڵبژاردنی ئەم بابەتەدا لەدوو لایەنەوە دەخەینەڕوو، ئەوانیش:

– **لایەنی تیۆری**، دەرخستنی گرنگی پەرلەمانە لەسیستمی سیاسیدا کە بەنوێنەری سەرەکی و ڕاستەقینەی هاوڵاتیان دادەنرێت، چونکە لەپەیڕەوکردنی دەسەڵاتدا کۆمەڵگەیەکی فرە ڕای جیاوازی پێکهێناوە بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان. هەروەها دۆزینەوەی ئەو ئاستەنگە جۆراوجۆرانەی بەردەم دەسەڵاتەکانیەتی کەوەکو ئەرکێکی تایبەت بەخۆی بۆ هەڵگرتنی ئەو بەرپرسیارێتییە لەئەستۆیەتی. ئەم توێژینەوەیە دەبێتە هۆی زیادکردنێکی زانیاری زانستی لەبواری کۆمەڵناسی سیاسیدا، کە لقێکە لە زانستی کۆمەڵناسی گشتی، هەروەها گەیشتنە بەزانیاری گونجاوو پێشکەشکردنی دەرئەنجام و پێشنیاری شیاوی زانستی.

– **لەلایەنی مەیدانیدا**، ئەم توێژینەوەیە بەشێوازێکی زانستیانەو بەپێی میتۆدەکانی کۆمەڵناسی دەچێتە ناو واقیعی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، چونکە ئاستەنگەکانی بەردەم پەرلەمان کاریگەری خراپیان لەسەر ژیانی هاوڵاتیان دروستکردووە، هەروەها هەوڵێکی زانستییە بۆ شیکردنەوەی ئەو زانیارییانەی لەئەنجامدا توێژینەوەکە پێیاندەگات، کە لایەنە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بەبابەتی لێتوێژراو دەتوانن سود لەئەنجام و پێشنیازو ڕاسپاردەکان وەربگرن، ئەمەش لەپێناوی نەهێشتنی ئاستەنگەکان لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا، لەبەرئەوەی بەنوێنەری ڕاستەقینەی هاوڵاتیان دادەنرێت.

## سێیەم/ ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە جگە لەوەی ئەنجامدانی ئەرکێکی زانستییە، بەڵام لەهەمانکاتدا هیچ توێژینەوەیەکی زانستی بەبێ بوونی ئامانجێکی دیاریکراو ئەنجامنادرێت. ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، خستنەڕووی ئاستەنگەکان و هۆکارەکانی ئەم ئاستەنگانەی بەردەم ئەرکەکانی پەرلەمانی کوردستانە، کە بەهۆی هەبوونی ئەم ئاستەنگانەوە پەرلەمان نەیتوانیوە بەپێی پێویست هەڵبستێت بەجێبەجێکردنی ئەرکەکانی و ئەو بەرپرسیارێتییەی لەئەستۆیەتی، تاوەکو لەڕێگەی دەرکردنی بڕیارەکان و یاساکانییەوە، پێداویستییەکان و داواکارییەکانی هاوڵاتیان بەدیهێنێت و مافەکانیان بپارێزێت، لەلایەکی ترەوە هەڵسەنگاندنی دۆخی پەرلەمانە لەواقیعی سیاسی هەرێمی کوردستاندا. ئەم توێژینەوەیە بەپێی هەریەکە لەگۆڕاوەکانی(ڕەگەز، تەمەن، نەتەوە، ئایین، ئاستی خوێندن)هەوڵدەدات بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە، کە بریتین لە:

١. خستنەڕووی ئاستەنگە جۆراوجۆرەکانی بەردەم ئەرکەکانی پەرلەمانە کە لەمەیدانی کاری سیاسی هەرێمی کوردستاندا هەستی پێدەکرێت، کە بوونەتە هۆکاری لاوازکردنی ڕۆڵی دامەزراوەی پەرلەمانی کوردستان.

٢. دەرخستنی ئاستی ئاگاداربوون و هۆشیاربوونی پەرلەمانتارانە بۆ هەبوونی ئاستەنگ لەبەردەم کارو ئەرکەکانی پەرلەمانی کوردستان.

٣. خستنەڕووی ڕۆڵی پەرلەمانتارانە لەدەرکردنی یاساکان لەپێناو بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتیان.

٤. دەرخستنی کاری پەرلەمانتارییە لەدەرەوەی خواست و ویستی پارتەکانیان.

## چوارەم/ هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

واقیعی بارودۆخی کۆمەڵگەکەمان و ئەو شڵەژاوی و ناهاوسەنگییەی سیستمی سیاسی و سیاسییەکانی گرتوتەوە لەگەڵ درککردن بەلاوازبوونی ڕۆڵی پەرلەمانی کوردستان لەو بەرپرسیارێتییەی کە لەئەستۆیەتی زەمینە خۆشکەرو هۆکاربوون بۆ هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە. لەلایەکیتر بارودۆخی خراپی گوزەران و سەختی ژیانی هاوڵاتیان بەهۆی ئەو ئاستەنگانەوە هۆکارێکیترن، ئامانجیش لەدەرخستنی هۆکارەکاندا پاڵنەر بووە بۆئەوەی توێژینەوە لەو بوارەدا ئەنجامبدرێت.

لەم توێژینەوەیەدا بەشێوەیەکی زانستی دەگەڕێین لەوەی، چی هۆکارێک زیاتر کاریگەری دروستکردووە لەهەبوونی ئاستەنگ لەبەردەم ئەرک و کاری پەرلەمانی کوردستاندا، کە وایکردووە لەسایەی ئەم سیستمە سیاسییەدا ڕۆڵی لاواز بێت. ئایا هۆکارەکان سیاسی و یاسایین یاخود کۆمەڵایەتی و تاکەکەسیین یاخود کارگێڕین؟

## باسی دووەم: پێناسەی چەمکەکان:

پێناسەی چەمکەکان کارێکی پێویستییە لەتوێژینەوەی زانستیداو لەسەر توێژەر پێویستە لەکاتی دارشتنی کێشەکەیدا دیارییان بکات، یاخود بەواتای ئەو دەستەواژە سەرەکییانە دێت کە لەناونیشانی توێژینەوەکەدا بەکاردەهێنرێن، چەمکە پەیوەندیدارەکان بەتوێژینەوەکەوە بریتین لە:

## یەکەم/ ئاستەنگ:

هەر دامەزراوەیەک کاتێک هەڵدەستێت بەئەنجامدانی ئەو ئەرک و بەرپرسیارێتییەی لەئەستۆیەتی بەبێ گومان ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاستەنگ دەبێتەوە، هەربۆیە زانای کۆمەڵناسی"ڕۆبرت میرتۆن"(١٨٨٢– ١٩٢٧). ئاستەنگ پێناسە دەکات بەوەی "بریتییەلە کەموکورتی لەزۆرێک لەسیستمە کۆمەڵایەتییەکان لەکاتی ئەنجامدانی کارەکانیان لەپێناو تێرکردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانیان."(السید، ١٩٨٣، ل٥٣).

لەڕووی زمانەوانییەوە "بریتییە لەهەر ڕێگرییەک و بەربەست و کۆسپێک کە بۆ هەر ئەرک و کارێک دێتە پێشەوە، بەڵام لەڕووی زاراوەییەوە، هەموو ئەو پرۆسەو ئەنجامانەن کە دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم گونجاندنی هەر سیستمێک و دامەزراوەیەکی(کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، کارگێڕی) کە ئەم ئاستەنگەش دەبێتە هۆی پاڵەپەستۆ لەسەر ئاستی بونیادەکەی کە ناتوانێت هەڵبستێت بەئەنجامدانی ئەرکەکەی."(سفران، ٢٠٠٢، ل١١).

ئاستەنگ "بریتییەلە هەموو ئەو ئاستەنگە سیاسی، دارایی، کارگێڕی، هونەری، کۆمەڵایەتی و کەسێتییانەی کە دەبێتە ڕێگر لەبەدیهێنانی ئامانجێکی بەرنامە بۆ دارێژراو تا یارمەتیدەر بێت بۆ باشترکردنی کایەکانی ژیان."(عبدالله، ٢٠٠٤، ل١٨٧).

لەڕووی کۆمەڵناسییەوە، "بریتییە لەو توخمە کلتووری و کۆمەڵایەتییانەی کە لەکۆمەڵگەدا دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم ئەنجامدانی کارێک یان پرۆسەی بونیادنان و گەشەپێدان لەهەر بوارێک لەبوارەکانی ژیاندا، هەروەها لەهۆکارو کاریگەرییەکانی دابونەریت کە ئەندامانی کۆمەڵگە پێیان کاریگەرن و پەیوەست بوون پێیانەوە."(إبراهیم، ٢٠١٧، ل٦).

کەواتە"ئاستەنگ و گیروگرفت لەگەڵ هۆکاردا دوو ڕواڵەتن لەیەکتری جیانابنەوە، لەبەرئەوەی هەرکاتێک ئاستەنگێک لەبەرامبەر ئەرک و ڕۆڵێکدا دروست بێت، ئەوە دەبێت هۆیەکیش بووبێتە هۆی دروستبوونی ئەو ئاستەنگە."(دۆستان،٢٠٢٠، ل٣١).

زانکۆی کامبریجی بەریتانی بەم شێوەیە پێناسەی ئاستەنگی خستۆتەڕوو، "درک پێکردنی ئەو ڕاستییەیە کە نەتوانی ئەرک و کارێک یاخود بەرپرسیارێتییەک بەئاسانی ئەنجامبدەیت یان لێیتێبگەیت."(Dictionary Cambridge,2021).

ئاستەنگ "واتا هەبوونی ڕێگرییەکی قورس بۆ ئەرکێک کە ئاسان نییە بۆ ئەنجامدانی، چونکە ئەم ڕێگرییە بارودۆخێک دەهێنێتە پێشەوە ئاسان نییە بەرپرسیارێتییەکان وەک خۆی ئەنجام بدرێت، پێویستیشی بەتواناو دەسەڵاتی باش هەیە بۆ چارەسەرکردن و ئەنجامدان و بەدەستهێنانیان."(Mariem Webster Dictionary, 2021).

**پێناسەی ڕێکاری بۆ چەمکی ئاستەنگ،** بریتییە لەو هەوڵانەی کە پەرلەمانی کوردستان ناتوانێت بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراوو ڕێکخراوو ویستراو ئەرکەکانی جێبەجێ بکات، بەڵکو ئاستەنگێک یان زیاتر لەبەردەم ئەرکەکانیدا دێتەپێشەوە کەوای لێدەکات نەتوانێت بەپێی پێویست هەڵبستێت بەئەنجامدانی ئەو ئەرک و بەرپرسیارێتییەی کە لەئەستۆیدایە.

## دووەم/ ئەرک:

بەچەندین ڕوانگەی جیاواز پێناسەکردن لەسەر چەمکی ئەرک خراوەتەڕوو، هەندێک لەو پێناسانە جیاوازییەکی کەمیان لەگەڵ یەکتردا هەیە. ئەرک"بریتییەلە چالاکی و جموجۆڵی کۆمەڵایەتی، کە سیستمێک یا یەکێک لەلقەکانی سیستمەکە بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانی خۆی و پێداویستییەکانی سیستمە گشتییەکە پێیهەڵدەستێت کە پەیوەندە بەکۆمەڵگەی گشتییەوە، ئەمەش بەهۆی پەیوەندی و تەواوکاری دروستدەبێت."(عمر، ١٩٨٢، ل١٥٤).

لەڕووی کارگێڕییەوە "ئەرکەکان بریتین لە ئامێری بەڕێوەبردن لەناو دامەزراوەکاندا کە وەک یەک یەکەی تەواوکاری یەکتری و پشتبەستوو بەیەکتری کاردەکەن، دابەشکردنی ئەرکەکانیش بەپێی ئەو بەرپرسیارێتییە دەبێت تابتوانرێت دەستکەوتەکانی دارایی و مرۆیی و سروشتی بەردەست بەکاربهێنێت بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی دامەزراوەکە."(شهاب، ١٩٨٢، ل٦٠٨). یاخود بریتییەلە "چالاکییەکی دوبارە لەژیانی کۆمەڵایەتیداو بەشداری دەکات لە بونیادنانی سیستمەکان و دامەزراوەکان، چونکە ئەرک لەسیستمێک پێکهاتووەو چەند پێکهاتەیەکی ڕێکخراون کە پاڵپشتی یەکتری دەکەن و کارلێکیش دەکەن لەگەڵ یەکتردا." (الأسود، ١٩٩٠، ل١٠٤). "ئەرکەکان بریتین لەپەیوەستێک لەنێوان واقیعی کۆمەڵایەتی و دامودەزگاکانی کۆمەڵگە، ئەمەش دوای پێدانی ئەرک و بەرپرسیارێتی بەشێوەیەکی تایبەتمەند."(السيد، ١٩٩٧، ل٦٥).

کەواتە کۆمەڵگە لەچەندان سیستم و دامەزراوەو پرۆسەو دیاردەی کۆمەڵایەتی پێکدێت، هەموو ئەمانە چەند ئەرکێکی گرنگیان هەیەو یارمەتی تێرکردنی پێداویستییەکانی تاکەکان و گروپەکان و هێنانەدی مەبەست و ئامانجەکانی کۆمەڵگەی گەورە دەدەنەوە.(الحسن، ١٩٩٩، ل٥٦٨). "واتا یەکە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگە تەواوکەری یەکترن، هەر ئەندامێک بەڕۆڵێکی گرنگ هەڵدەستێت لەژیانی سیستمەکەدا وەک هەموویەک، هەروەک

چۆنیش دامودەزگاکانی کۆمەڵایەتیش ئەرکەکان پێشکەشی کۆمەڵگە دەکەن، بەگشتی هەموو ئەو ئەرکانە وەکو یەک یەکەی ئەندامی پەیوەست لەگەڵ یەکتردان."(عمر، ٢٠٠٦، ل٢٣٧).

"نیقۆلا تیماشیف" دەڵێت، "ئەو ئەرکەیە کەکەوتۆتە ئەستۆ، واتا ئەو بەشدارییانەیە کە تاک پێشکەش بەکۆمەڵگەو کۆمەڵگەش لەلای خۆیەوە پێشکەش بەو دەستەو گروپەو دامەزراوە بچوکانەی دەکات کە تیایدان و لێیان پێکهاتووە، لێرەوە جۆرە پەیوەندییەکی دوولایەنە لەنێوان هەردوولادا دادەنێت و هیچیان بەبێ ئەویتریان نابێ و ناشکرێت دەستبەرداری یەکتری ببن، چونکە سیستمی کۆمەڵایەتی بەهەموو پێکهاتەکانییەوە لەچەندین لایەن و بەش پێکهاتووە، هەر لایەن و بەشێکیش ئەرک و فەرمانی سەرەکی لەسەر شانە، بەم ڕاپەڕاندنی ئەرک و فەرمانەش جۆرێک لەسەقامگیری و ئارامی دەستەبەر دەبێت." (عەزیز، ٢٠٠٩، ل٢٨٨). لەهەمانکاتدا ئەرک بریتییەلە "پەیوەندی و ڕۆڵی بەکۆمەڵگەوە بۆ بەرەوپێشبردن و پەرەپێدان و بنچینەی سەرەکی دابەشکردنی هەموو چالاکی و ئەرکەکانی دامەزراوەکانە."(مصطفی، ٢٠١٠، ل٢٠).

ئەرک بریتییەلە "بایەخدان بەشیکارکردنی ئەو پەیوەندییەی هەیە لەنێوان سیستم وەک هەموویەک و ئەو یەکانەی ئەم سیستمەیان پێکهێناوە، لەسەر بنچینەی ئەو کارەی بەشێک لەهەموویەک پێیهەڵدەستێت."(شاسواری، ٢٠١٣، ل١٩).

لەزانستی کۆمەڵناسیدا، ئەرک"ڕوانگەیەکە پێیوایە کۆمەڵگە لەچەندین بەش پێکهاتووەو هەموویان پێکەوە بۆ پاراستنی کۆمەڵگە وەک یەک قەوارەی گشتگیرو تەواو کاردەکەن، کۆمەڵگەش لەبنچینەدا بەسەقامگیرو کۆک لەقەڵەم دەدرێت، بەهۆی ئەو بەها هاوبەشانەی دامەزراون لەڕێگەی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیکردنەوە، هەروەها هەریەکە لەو دامەزراوانە ئەرکی خۆی ڕادەپەڕێنێت."(هەمەوەند، ٢٠١٩، ل٨٧).

**پێناسەی ڕێکاری بۆ چەمکی ئەرک**، بریتییەلە ئاسەوارێک کە هەر بەشێک بەسەر بەشەکانیتر یاخود سەرجەمی سیستمدا بەجێیدەهێڵێت، بۆیە ئەرکی پەرلەمانی کوردستان بریتییە لەو ئەرک و بەرپرسیارێتییەی بۆ پاراستنی مافەکانی هاوڵاتیان و جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان لەئەستۆی گرتووە، کە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی دەبێتە مایەی سەقامگیری بۆ هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان و سیستمەکان و دامەزراوەکان و کۆمەڵگە بەگشتی.

## سێیەم/ پەرلەمانی کوردستان:

پەرلەمان چەمکێکە پێناسەی جیاوازی بۆ دەکرێت، ئەوەش بەپێی ئەو ڕوانگەیەی بابەتەکەی لێوە دەخرێتەڕوو، بەڵام ئەو پێناسانە لەسەر ئاستی بنەماکانی پێناسەکەو توخمە بنچینەییەکانی هاوبەشن.

پەرلەمان بریتییەلە "بڕیاردەری یاساکان و چاودێریکردنێکی چالاکی سەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن بۆ متمانە پێدانی و متمانە لێهەڵگرتنیشی."(الکیالی، ١٩٩٠، ل٥١٩). بەم شێوەیەش پێناسەی بۆ دەکرێت، "بریتییە لەو دامەزراوەیەی کە ئەرکی سەرەکی یاسادانانیان لەئەستۆدایەو چاودێری هەموو کاروبارێکی حکومەت دەکات و بەگەورەترین و باڵاترین سەرچاوەی دەسەڵاتی دەوڵەت دەژمێردرێت."(ئاشوری و پازارگارد، ٢٠٠٣، ل١٦).

بریتییەلە ئەنجومەنی نوێنەرانی هاوڵاتیان لەکۆمەڵگەداو ئەنجومەنی شوڕای نێونەتەوەیی، کاری سەرەکیشی دەرکردنی یاسایە بەڕەچاوکردنی دەستووری وڵات، لەگەڵ ئەوەشدا چاودێری کاروبارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەکات، لەڕێگەی لیژنە جۆراوجۆرەکانی ناو پەرلەمانەوە.(ساڵح، ٢٠٠٧، ل٢٩).

"ماکس ڤێبەر" دەڵێت پەرلەمان دامەزراوەیەکە زەمینە بۆ سەرهەڵدان و دروستبوونی ڕابەرانی سیاسی کاراو لێوەشاوە خۆشدەکات، کە دەتوانێت ڕووبەڕووی لایەنگرانی بیرۆکراسی ببێتەوەو پشتیوانی تاکەکانی کۆمەڵگە بەدەستبهێنێت.(گیدنز، ٢٠٠٩، ل٣٣٦).

گوزارشتە لەبوونی دامەزراوەیەک لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە نوێنەرەکانی لەلایەن هاوڵاتیانی کۆمەڵگەوە هەڵبژێردراون و ئەرکی ئەوان نوێنەرایەتیکردنی هاوڵاتیانە بۆ دابینکردنی خواستەکانیان و داواکارییەکانیان.(علی، ٢٠١٠، ل٦).

ئەو ناوەندە فەرمی و یاساییەیە کە دەسەڵاتی دەرکردنی بڕیاری هەیەو ئەرکی سەرەکیشی تاوتوێکردن و پەسەندکردنی یاساو بودجەیە، بەبوونی پەرلەمان دەسەڵاتی هاوڵاتیان و بنەمای دامەزراندنی حاکمیەتی هاوڵاتی و ئیرادەی گشتی بونیاد دەنرێت، کە لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکانی هاوڵاتیان و زیاترکردنی باری خۆشگوزەرانی و بەدیهێنانی یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی لێپێچینەوە لەگەڵ بەرپرسەکان دەکات، پاشان پێدان و سەندنەوەی متمانە لەبەرپرسان ئەنجامدەدات.(چاربوتی، ٢٠١٥، ل١١).

بریتییە "لەو شوێنەی کە بیروڕای تێدا دەگۆڕدرێتەوەو گفتوگۆی تێدادەکرێت، بیروڕای جیاوازی تێدا دەخرێتەڕوو، مەسەلەکانی تێدا تاوتوێدەکرێت و لایەنی باش و خراپی بابەتەکانی تێدا دەخرێتە بەرچاو، دواتر پیادەکردنی پرۆسەی گۆڕینەوەی بیروبۆچوون لەناویداو دیاریکردنی جێگیرەوەکان و دروستکردنی سازان لەنێوان بیروڕا جیاوازەکان

دەگرێتەوە، هەربۆیە شوێنی کارکردنە بۆ گەیشتن بەچارەسەری گونجاو و بنچینەیی." (عەبدوڵلا، ٢٠١٥، ل١٤٠).

"ئەو دامەزراوەیەیە کە حکومەت لەکردارو هەڵسوکەوتیدا لەبەرامبەر پەرلەمان بەرپرسیارو وەڵامدەرە، لەبەرئەوەی سەرۆک وەزیران و وەزیرەکان بەدەنگی متمانەی پەرلەمان دەستبەکاردەبن."(محەمەدی،و حاجی زادە، ٢٠١٨، ل١٠٤).

پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان-عێراق لەماددەی(٤٠) بەم شێوەیە پێناسەی پەرلەمانی کوردستان کردووە، پەرلەمان بریتییەلە دەسەڵاتی یاسادانان و سەرچاوەی بڕیاردانە لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان، ئەندامەکانیشی لەدەنگدانێکی گشتی و ئازادو ڕاستەوخۆی نهێنیدا هەڵدەبژێردرێن، شێوەی هەڵبژاردن و چۆنێتی کاتی ئەنجامدانی و ڕێژەی نوێنەرایەتی تیایدا بەپێی یاسا دیاریدەکرێن."(پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان-عێراق، ٢٠٠٩، ل٢٧).

هەروەها لەبڕگەی یەکەم لەماددەی(٢)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانیشدا بەم شێوەیە پێناسەی کراوە، "ئەو دامەزراوەیەیە کە تاکە مەرجەعی سیاسی و یاساییە بۆ بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی هاوڵاتیان و باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانان و چاودێریکردنە، ئەو دەسەڵاتانەش پیادە دەکات کە لەم پەیڕەوەو لەیاسا کارپێکراوە پەیوەندیدارەکاندا ئاماژەیان پێدراوە."(پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ٢٠٢٠، ل١٠).

**پێناسەی ڕێکاری بۆ چەمکی پەرلەمانی کوردستان،** بریتییە لەو دامەزراوەیەی کە سەکۆی کۆکەرەوەی هەموو بیروڕاو بۆچوونە جیاوازەکانەو بەنوێنەری ڕاستەقینەی هاوڵاتیان دادەنرێت و لوتکەی دەسەڵاتە لەسیستمی سیاسی هەرێمی کوردستاندا، کە ڕاستەوخۆ لەڕێگەی نوێنەرەکانیەوە گوزارشت لەداواکارییەکانی هاوڵاتیان دەکات.

## چوارەم/ هەرێمی کوردستان:

چەمکی هەرێم لەفەرهەنگەکانی جوگرافیادا زیاتر باسی لێوەکراوەو خراوەتەڕوو، بەڵام هەریەکە لەزانستە جیاوازەکان لەڕوانگەی خۆیانەوە پێناسەی چەمکی هەرێم دەکەن و هەمووشیان کار لەواتاو مانای چەمکی هەرێم و هەرێمایەتی دەکەن.

لەڕووی سروشتییەوە "هێربرستۆن" دەڵێت، هەرێم بریتییەلە تێکەڵەی چەند توخمێک وەک(زەمین و خاک، ئاووهەوا، ڕووەک و مرۆڤ) سەرجەمی هەموو ئەمانەو پەیوەندی هەر توخمێک بەتوخمەکانیترەوە بەشێکی دیاریکراوی ڕووی زەوی هەرێمەکە پێکدێنێت کە خاسیەت و تایبەتمەندی خۆی هەیەو پشتدەبەستێت بەماددەیەک یان توخمێکی دیاریکراو لەماددەکانی سروشت، کەکەسایەتی ئەو هەرێمە جیابکاتەوە لەشوێنەکانی دیکە.

لەڕووی مرۆییەوە "ر.سپلات" دەڵێت: هەرێم، ڕووبەرێکی زەوییە مەوداکەی لەسەر بناغەی هەماهەنگی نێوان سروشتی زەوی و چالاکی دانیشتوان دەردەکەوێت، وەک دابەشبوونی دانیشتوانەکەی بەگوێرەی کلتوری تایبەت بەخۆیان یاخود بەگوێرەی چڕی دانیشتوان و پیشەگەرییەکانیان، بەو جۆرە هەر هەرێمێک تایبەتمەندییەکی مرۆیی جیای دەکاتەوە لەهەرێمەکانی دیکە."(تاڵب، ٢٠٠٠، ل١٣).

لەڕووی کارگێڕییەوە بەم جۆرە پێناسەی دەکرێت "هەرێم دابەشکراوێکی کارگێڕییە، خاوەن کەسێتییەکی مەعنەوی و ئیدارییەو سنورێکی جێگیرە لەچوارچێوەی هەرێمی دەوڵەتێکدا."(زیاد و سلیمان، ٢٠٠٢، ل١٠٧).

هەرێم"ناوچەیەکە لەسەر ڕووی زەوی و جیاوازە لەدەوروبەری لەگەڵ ناوچەکانیتر، ئەم جیاوازییەش بەدیاردەیەک یا کۆمەڵێک دیاردە جیادەکرێتەوە یان هەندێک تایبەتمەندی تێدایە جیایدەکاتەوە لەگەڵ ناوچەکانی دیکەدا."(العانی، ٢٠٠٦، ل٣١).

هەرێم قەوارەیەکی یاسایی هەیەو ماف و دەسەڵاتی تایبەتی هەرێمایەتی هەیە وەک ئەوەی هەرێمی کوردستان لەناو دەوڵەتی عێراقدا پێیدراوە، بۆیە لەڕووی یاساییەوە، "بریتییە لە ناوچەیەک یا هەرێمێکی دیاریکراو لەنێو قەوارەیەکی ڕامیاری، کە بەهۆی جۆرە تایبەتمەندییەکی جوگرافی یا ئابووری یان ئەتنی یاخود سروشتی لەلایەن ناوەندەوە هەندێ دەسەڵاتی ناوخۆیی پێدەدرێت بۆ بەڕێوەبردن، بەو هەرێمەش دەگوترێت هەرێمی یاسایی، چونکە بەیاسای دەستووری جۆری پەیوەندی ئەو هەرێمە لەگەڵ ناوەند ڕێکدەخرێت. هەرێمی یاسایی زادەی بیری دیموکراسیەتەو لەفیدراڵیەتدا بەرجەستەبووە، وەکو دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ، کە لەناوخۆی وڵاتەکەیدا هەرێمی کوردستانی هەیەو خاوەنی کیانێکی سیاسی و یاساییە."(خدر، ٢٠٠٤، ل٧٣).

هەرێم لەڕوانگەی سیاسییەوە "بەواتای کەمینەیەک دێت لەسنوری هەر دەوڵەتێکدا." (میرحیدری، ٢٠١٠، ل١٥٢). "بەیەکێک لەڕایەڵە سەرەکییەکان و کۆڵەکەی دووەمی لوتکەی دەوڵەتیش دادەنرێت، بەڵام دەبێت پارچەیەکی دیاریکراو لەزەوی هەبێت خەڵکەکەی لەسەری جێگیربن و چالاکییەکانیان بۆ هەمیشەیی تێدا ئەنجامبدەن."(بشار، ٢٠١٢، ل٤٠).

لەڕوانگەی کۆمەڵناسییەوەو بەتایبەت(کۆمەڵناسی شار)ەوە هەرێم "بریتییە لەو کۆمەڵگەیەی کە کاتێک کەسانێکی جۆراوجۆر لەسنوورێکی جوگرافی جێگیردەکات و فێری بزاوتن و سەربەخۆییان دەکات."(ڕەبانی، ٢٠١٣، ل٦٨-٦٩).

هەرێمی کوردستان "بریتییەلە هەرێمێکی نەتەوەیی و ئابووری ئۆتۆنۆمی لە ناو عێراقدا، کە بەهۆی تایبەتمەندییە مرۆیی و سروشتییەکانیەوە هەرێمێکی جوگرافی جودا لەهەرێمەکانی دیکەی عێراق پێکدەهێنێت و بریتییە لەو بەشەی نیشتمانی کوردان کە دوا بەدوای شەڕی یەکەمی جیهانییەوە بەدەوڵەتی عێراقەوە لکێنراوە."(نەقشبەندی و ئەوانیتر، ١٩٩٨، ل١٠-١١).

هەرێمی کوردستان بریتییە لەو بەشەی کوردستان کە لەساڵی ١٩٢٣زاینییەوە بووە بەبەشێک لەدەوڵەتی عێراق.(محەمەد، ٢٠٠٥، ل٨٦). بریتییە لەو هەرێمەی کە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی دانیشتوانی باشووری کوردستان لەبەهاری ساڵی١٩٩١ی زاینیدا دروستبووە، سنوورەکەی لە باکوورو ڕۆژهەڵاتییەوە هێڵی سنووری نێوان تورکیا و ئێرانە، لەڕۆژئاواو باشورییەوە عێراق و سوریایە.(غەفور، ٢٠٠٦، ل٢٢).

بریتییەلە هەرێمێکی فیدڕاڵی لەناو دەوڵەتی عێراقی فیدڕاڵدا، سیستمە سیاسییەکەی پەرلەمانی و دیموکراسییە، پشت بەبنەمای فرەلایەنی سیاسی و ئاڵوگۆڕکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات و بنەمای لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەبەستێت.(پڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٧، ل٤٤)

**پێناسەی ڕێکاری بۆ هەرێمی کوردستان،** بریتییە لەو هەرێمەی بەتەواوی لەڕووی سروشتی و مرۆییەوە جیاوازە لەناوچەکانی تری دەوڵەتی عێراقی فیدڕاڵ، بەڵام ئەم هەرێمە وەک کیانێکی ئۆتۆنۆمی چەمکێکی جوگرافی و سیاسی و یاسایی هەیە کە لەدوای ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی١٩٩١ز دروستبووەو پایتەختێکی هەرێمی تایبەت بەخۆی هەیە، کە وەکو ناوەندێک داواکاری و پێداویستییەکانی دانیشتوانەکەی لەڕێگەی سیستمە سیاسییەکەی دابیندەکات و پەرلەمانی کوردستانیش لوتکەی دەسەڵاتە لەم هەرێمەدا.

## باسی سێیەم: خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو:

پاش گەڕان و بەدواداچوون بۆ دۆزینەوەی توێژینەوەکانی پێشوو لەسەر بابەتی توێژینەوەکە، بەڵام هیچ توێژینەوەیەک دەستنەکەوت کە بەدیاریکراوی لەسەر بابەتی توێژینەوەکە ئەنجام درابێت، بۆیە لەم باسەدا ئاماژە بەهەندێک لەو توێژینەوانە دەکەین کە ئەنجامدراون و پەیوەندییان بەتوێژینەوەکەوە هەیە، بۆ ئەو مەبەستەش ئەم باسە دابەشی سێ تەوەری سەرەکی کراوە، کە بریتین لە:

**تەوەری یەکەم/ توێژینەوە ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارەکان/** مەبەست لەو توێژینەوە ئەنجامدراوانەیە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارن بەم توێژینەوەیە، ئەوانیش:

**١/** توێژینەوەی **(ئەسکەندەر غریب سلێمان چاربوتی، ٢٠١٥)** نامەیەکی ماستەرە بەناونیشانی **(ڕۆڵی پەرلەمان لەچارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگەی کوردی- توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتی مەیدانییە)**

کێشەی توێژینەوەکە: ئایا تا چ ڕادەیەک پەرلەمان توانیویەتی بەشداری بکات لەچارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان؟ هەروەها دەرخستنی هۆکارەکانی سەرکەوتن و شکستی پەرلەمان لەچارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان چۆن بووە؟

جۆری توێژینەوەکەی، توێژینەوەیەکی وەسفی- شیکارییە، توێژەر میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی، بەراوردکاری و مێژوویی بەکارهێناوە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، بریتیی بووە لە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان و جۆری نموونەی توێژینەوەکە، نموونەی هەڕەمەکی بووە، هەروەها ئامڕازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لەم توێژینەوەیەدا بریتی بووە لە فۆڕمی ڕاپرسی، چاوپێکەوتن، تێبینی.

گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

- دیاریکردنی ئەرک و بونیاد و دەسەڵاتەکانی پەرلەمان و ئامانج لەدروستکردنی لیژنەو گرنگی پەرلەمان لەکۆمەڵگەی مەدەنی و پەیوەندی لەگەڵ هاوڵاتیان لەدروستکردنی ئازادی و سەروەری یاسا.

- ڕۆڵ و توانای پەرلەمان لەچارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی هاوڵاتی و بردنی بۆ ناو گۆڕەپانی پەرلەمان بەئاماژەپێدان بەو یاساو بڕیارانەی کە لەم چوار خولەی کارکردنی توانیویەتی پەسەندیان بکات بۆ چارەسەرکردن و کەمکردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان.

پاشان توێژینەوەکە گەیشتووەتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١. هۆکاری سەرەکی لاوازبوونی پەرلەمان لەچارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی سەروەری یاسا، هەتاوەکو یاسا سەروەر نەبێت، دامودەزگای یاسادانانیش سەروەر نابێت.

٢. ئەوەی ڕۆڵی ئەندام پەرلەمانەکانی لاوازکردووە بریتی بووە لەدەستێوەردانی حیزبی و بوون بەژێردەستەی حیزب، بۆیە چالاک نەبوونی پەرلەمانتاران دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی کاریگەری حیزبی بەسەریاندا.

٣. یاساکانی پەرلەمان لەبەر نەگونجان لەگەڵ بارودۆخ و نەبوونی پسپۆڕی، یان جێبەجێ ناکرێن یان ناکاران لەچارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە وەک پێویستییەک بۆ گونجان لەگەڵ ژیان و بارودۆخی هاوڵاتیانی هەرێم دانەنراون و زیاتر پشت بەیاساکانی عەرەبی و بیانی بەستراوە.

٢/ توێژینەوەی **(ایوب محمد طیب محمد صالح، ٢٠١٩)** تێزی دکتۆرایەکە بەناونیشانی **(تقویم أداء برلمان کوردستان- العراق)(٢٠٠٥-٢٠١٣)**.

ئەم تێزە لەساڵی(٢٠١٩) ئەنجامدراوەو هەوڵیداوە لەتوێژینەوەکەیدا شرۆڤەی کاری پەرلەمانی کوردستان لەخولی دووەم و سێیەمدا بکات و بەوردی تیشکی خستۆتەسەر ئاستی کاری پەرلەمانی کوردستان و ئەرکەکانی لەڕووی یاسادانان و ئەرکی چاودێریکردن و داڕشتنی حساباتی گشتی بودجەو ڕۆڵی پەرلەمانی کوردستان لەپەیوەندییە دەرەکییەکاندا.

کێشەی توێژینەوەکە: پەرلەمانی کوردستان تاکە دامەزراوەی نوێنەرایەتی یاساییە کە هەڵدەستێت بەیاساییکردنی یاساکان. ئایا پەرلەمانی کوردستان لەڕووی سیاسی و ئابوورییەوە لەخولی دووەم و سێیەم دەستکەوتەکانی چیبووە؟ هەروەها گرنگترین شکستەکانی چیبوون؟ لەچەند پرسیارێکدا دەیخەینەڕوو، لەوانە:

- ئەو ئاستەنگانە چیبوون کە ڕووبەڕووی کاری پەرلەمانی بوویەوە لەماوەی ئەو دوو خولەدا؟

- ئایا پەرلەمان توانی لەو دوو خولەدا سەربکەوێت بەسەر ئاستەنگەکانی خولی یەکەمیداو چارەسەر بدۆزێتەوە کە ئاستەنگ نەمێنێت بەرامبەر جێبەجێکردنی ئەرکەکانی پەرلەمان لەخولەکانی داهاتوویدا؟

میتۆدی توێژینەوەکە: توێژەر پشتی بەمیتۆدی بەراوردکاری بەستووە، هەوڵیداوە گرنگترین لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەریەک لەو دوو خولەی پەرلەمان باس بکات و بیانخاتەڕوو، پاشان بەراوردی کردوون و ئاستی ئەدای هەردوو خولەکەی لەڕووی

چەندێتی و چۆنایەتییەوە شرۆڤەکردووە بەبەکارهێنانی چەندین خشتەو داتاو زانیاری جیاواز. هەر لەو توێژینەوەیەدا ئاماژە کراوە بەئاستەنگەکانی کاری پەرلەمانی کوردستان لەو دوو خولەداو بەتایبەتی پشتی بەستووە بەلایەنی ڕاپرسی کە ڕای کۆی سەرۆک فراکسیۆنەکانی هەردوو خولەکەی وەرگرتووە.

گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

١. زانینی سروشتی کاری پەرلەمان بەگشتی بەپێی جۆری چەندایەتی و چۆنایەتی، هەروەها زانینی ڕێژەی سەرکەوتنی یان هۆیەکانی سەرنەکەوتنی و لاوازی شێوەی پێشکەشکردنی ئەدای کارەکەی و ئەرکەکانی، لەژێر سێبەری ئەو ژیانە پەرلەمانییەی کە لەدوای ساڵی (٢٠٠٣)ەوە لەهەرێم بەدیهاتووە.

٢. زانینی گرنگترین ئاستەنگەکانە کە ڕووبەڕووی ئەرک و کارەکانی پەرلەمان لەهەرێمی کوردستان بووەتەوەو پاشان چۆنێتی بەرەنگاربوونەوەیان لەڕێگەی دەرخستنی گرنگترین ڕێگەکان کە بەهێزبوون بۆ پەرلەمان مسۆگەر بکات تاوەکو لەخولەکانی داهاتوودا ئەو ئاستەنگانە نەمێنێت.

گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

١. پەرلەمان لەدوو خولی پێشویداو تا هەنوکەش بەرەو ڕووی زۆر ئاستەنگ و بەربەست بووەتەوە لەزۆر بواری(سیاسی، یاسایی، ڕۆشنبیری، دامەزراوەیی، هونەری، بابەتی، خۆیەتی) کە کاری کردووەتەسەر شێوەی کاری پەرلەمانی و وایلێکردووە لە ڕاستەڕێی کارکردنی لابدات و بکەوێتە هەڵەوە، کە ئەمەش مەترسی ڕاستەقینەی لەسەر مان و نەمانی پەرلەمانی لێکەوتۆتەوە، لەکاتێکدا پەرلەمان لەگرنگترین دامەزراوە حکومییەکانی هەرێمی کوردستانە، ئەنجامی ئەمانەش پەرلەمانێکی لاواز لەتوانای کار بەڕێوەبردنیدا لەگشت لایەنی یاسادانان و چاودێری و پەسەندکردنی بودجە لێکەوتۆتەوە.

٢. ناهاوسەنگی لەگەڵ دەسەڵاتی جێبەجێکردندا وایلێکردووە کە حکومەت زاڵ بێت بەسەر کارەکانی پەرلەمانداو نەتوانێت ڕۆڵی پێویستی خۆی ببینێت لەبواری سیاسی هەرێمدا.

٣. لاوازی ئەرکی چاودێریکردنی پەرلەمان لەلێپرسینەوە لەحکومەت لەلایەنی چەندێتی و چۆنێتی بەتایبەتی لەکەمی ئاڕاستەکردنی پرسیارەکان لە حکومەت، هەروەها پرسیارەکان کە ئاڕاستەی حکومەت دەکرا لەلایەن پەرلەمانەوە لەدوو خولی پێشوودا وەڵام نەدەدرانەوە، کەچی توانای پەرلەمان زۆر لاواز بووە لەلێپرسینەوە لەحکومەت، چونکە نەیتوانیوە هەڵبستێت بەجێبەجێکردنی ئیجرائاتی یاسایی بەرامبەری، بەهۆی وەڵامنەدانەوەی پرسیارەکان کە ئاڕاستەی کراوە، ئەمە دەریدەخات پەرلەمان شکستی هێناوە لەم ئەرکەیدا.

**تەوەری دووەم/ توێژینەوە ناڕاستەوخۆ پەیوەندیدارەکان/** ئەوانیش ئەو توێژینەوە ئەنجامدراوانەن کە تاڕادەیەک نزیکن لەتوێژینەوەکە، ئەوانیش:

١/ توێژینەوەی **(أمین فرج شریف، ٢٠١٣)** تێزی دکتۆرایە بەناونیشانی **(الحکم الصالح في إقليم کوردستان- العراق/ دراسة في المقومات والمعوقات).**

ئەم تێزە باس لەگرنگترین پێکهاتەکان دەکات کە لەهەرێمی کوردستاندا هەن و دەتوانرێت بەدروستی بەکاربهێنرێن بۆ مەبەستی بەدامەزراوەییکردنی حوکمڕانی لەهەرێمدا، بەتایبەتی بوونی ئەم پێکهاتانە لەدامەزراوەی پەرلەمانی کوردستاندا، کە دەبێت ڕۆڵێکی عەقڵانی لەپەرەپێدانی کاری پەرلەمانی لەهەرێمدا بگێڕن، ئەمە جگە لەچارەسەرکردنی ئەو ئاستەنگانەی کە ڕێگربوون لە حوکمڕانیتی باش لەهەرێم و نەیانهێشتووە بگاتە ئاستی سیستمە سیاسییەکان بۆ حوکمڕانیتی باش لەجیهاندا.

کێشەی توێژینەوەکە لە پرسیارێکی سەرەکیدا بەرجەستە دەبێت: ئایا پایەو ئاستەنگەکانی حوکمڕانیتی باش لەهەرێمی کوردستاندا چین؟

میتۆدی توێژینەوەکە: (میتۆدی مێژوویی، میتۆدی وەصفی، میتۆدی شیکردنەوەی سیستەمی، میتۆدی لێکۆڵینەوەی دۆخ"دراسە حالە") بەکارهێنراوە.

گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

١- ئامادەکردنی توێژینەوەیەکی میتۆدی لەڕێگەی دۆزینەوەو ڕوونکردنەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی بابەتی حوکمڕانیتی باشەوە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو پێنوێنانەی تایبەتن بەپێوانەکردنی ئەو چەمکەوە.

٢- تاوتوێکردنێکی ڕەخنەگرانەی ئەو پێدراو و هۆکارانەی کە ئەزموونی سیاسی هەرێمی کوردستان لەساڵی١٩٩١ز سەپاندویەتی، لەڕێگەی تیشکخستنەسەر چۆنێتی پیادەکردنی زۆربەی پرۆسەو ئەزمونە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان کە لەهەرێمدا ڕوویانداوە.

گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

١- لەڕووی بوونی دەسەڵاتە گشتییەکانی(یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری) زەمینەیەکی دامەزراوەیی گونجاو لەهەرێمدا بوونی هەیە، بەڵام ئەوەی هەرێم لەم بوارەدا بەدەستییەوە دەناڵێنێت بوونی کەموکورتییە لەچوارچێوەی دەستووری سیستمی حوکمڕانێتیدا بەهۆی نەبوونی دەستوورێک لە هەرێمی کوردستان و لاوازی و ناهاوسەنگی لەبنیادو پێهەستانی نێوان دەسەڵاتەکانی هەرێمدایە، ئاستەنگی بەربڵاویش لەم سیستمەدا باڵادەستی کەرتی گشتییە بەسەر کەرتەکانی دیکەدا(کەرتی تایبەت، کۆمەڵگەی مەدەنی)و جڵەوگیرکردنیان و دەستێوەردانی بەردەوامیش لەکاروباریاندا، لەناو کەرتی گشتیشدا باڵادەستی تەواوی

دەسەڵاتی جێبەجێکردنە بەسەر هەردوو دەسەڵاتەکەیتردا، بەتایبەتیش بەسەر دەسەڵاتی یاسادانان"پەرلەمان" لەلایەک و لاوازی ئاستی کارکردنیشی لەلایەکیترەوە.

٢- لەهەرێمدا فرەیی پارتە سیاسییەکان و ئۆپۆزسیۆنێکی پەرلەمانی و پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای هەڵبژێردراو هەن، بەڵام کونوکەلەبەری زۆرو گرفت و ئاستەنگی هەمەجۆر لەو ژینگەیەدا بوونیان هەیە کە فرەیی حیزبی و ئۆپۆزسیۆنی و پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکان و ئاستی کارکردنی ئەنجومەنەکانی تیادا بەڕێوەدەچێت، ئەمەش لەبەهای هەریەک لەمانە کەمدەکاتەوە کە بەپێکهێنەرێکی ئەندامی بنیادنانی سیستمی حوکمڕانێتی باش هەژمار دەکرێن.

**٢/** تێزی دکتۆرای**(ئەحمەد ڕەفیق کەریم، ٢٠١٩)** بەناونیشانی**(جوگرافیای هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان)** ئەنجامدراوە:

کێشەی توێژینەوەکە:

- ئایا فاکتەرە جوگرافییەکان ڕۆڵیان لەسەر دابەشبوونی ژمارەو ڕێژەی دانیشتوان، بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم، نرخی کورسی، ڕادەی بەدەستهێنانی دەنگ و سەرکەوتنی لیستە بەشدارەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی هەرێم هەبووە؟

- ئایا ڕۆشنبیری هاوڵاتیان لەهەڵبژاردنی نوێنەراندا لە چ ئاستێکدایە؟

- ئایا شوێنی جوگرافیای هەرێمی کوردستان تاچەند هۆکاربووە لەدەستێوەردانی وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا؟

- ئایا هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان بەپێی یاسا هەر چوار ساڵ جارێک ئەنجام دەدرێت؟

میتۆدی توێژینەوەکە: میتۆدی ڕووپێوی کە دابەشکراوە بەسەر ئەم جۆرانەدا: (میتۆدی پێکهاتەی ڕووپێوی، میتۆدی ئایکۆلۆجی ڕووپێوی، میتۆدی شوێنی- ڕەفتاری)

گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

١- زانینی ڕادەی هۆکارە کارتێکەرە جوگرافییەکان لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن بەگشتی و هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی هەرێم بەتایبەتی بۆ هەر چوار خولەکەی پەرلەمانی کوردستان.

٢-خستنەڕووی دۆخی هەڵبژاردن لەهەرێمی کوردستان، دەستنیشانکردنی کەموکورتییەکانی بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان لەهەرێمی کوردستان، شیکردنەوەی ئەنجامەکان، پێشنیارکردن بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

١- لەبەرئەوەی هەڵبژاردن لەدوای هەڵبژاردن نەوەی نوێ و دەنگدەری نوێ بەشداری پرۆسەکانی هەڵبژاردن دەکەن، ئەوە یان دەبێت پارت و لیستی نوێ بەبەرنامەی نوێ و سەردەمیانەی هەڵبژاردن دروست ببێت، یان دەبێت پارت و لیستە کوردستانییەکان خۆیان نوێ بکەنەوە بەجۆرێک بتوانن وەڵامدانەوەیان بۆ خواست و داواکارییەکانی هاوڵاتیان هەبێت، ئەگینا بەپێچەوانەوە لەهەڵبژاردنە خاوێنەکاندا لەپاشەکشەی بەردەمدا دەبن.

٢- درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانی کوردستان بووە بەکەلتوور، بەجۆرێک تەنها لەسێ خولی تەمەنی پەرلەماندا (٦)جار تەمەنی پەرلەمان درێژکراوەتەوە، ئەمە جگەلەوەی لەخولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستانیش جارێکیتر تەمەنی درێژکرایەوە، بەم خولی پێنجەمەوە دەبوو تاوەکو ئێستا بەلای کەمەوە شەش خولی پەرلەمانی ئەنجامبدرابوایە، ئەمەش ناپێویستی ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان پێشاندەدات.

٣- ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان تەنها بۆ ڕووکەش و نمایشە، ئەگینا تائێستا پەرلەمان نەیتوانیوە حکومەتێک لەکاربخات لەکاتێکدا گەندەڵی لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بووە بەدیاردە، هەروەها نەیتوانیوە تەنانەت وەزیرێکیش لەپۆستەکەی دووربخاتەوە، تەنانەت نەیتوانیوە نەک پارێزگار بەڵکو بەڕێوەبەری ناحییەکیش لەپۆستەکەی لاببات، بۆیە داخستنی پەرلەمان ئەگەرێکی زۆر کراوەیە، ئەگەر پێچەوانەی خواستی دەسەڵات کار بکات یان یاسا دەربکات، بۆیە لە ئایندەدا دەکرێت چەندەها جاریتر ئەمە ڕووبداتەوە، ئەگەر بێتوو پەرلەمان ئەم ئاستەنگانەی بەردەم کارکردنی بوونیان هەبێت.

**٣/** توێژینەوەی**(د.كريم السيد أحمد عبدالرزاق، ٢٠٢٠)** بەناوی **(دور البرلمانات في دعم التطوير الديمقراطي في الديمقراطيات الناشئة)** ئەنجامدراوە وەک بەشێک لەپێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی زانستی پێشکەش بەبەشی ڕامیاری سیاسی- زانکۆی ئەسکەندرییە کراوە.

کێشەی توێژینەوەکە:ئایا تا چ ئاستێک پەرلەمان یاریدەدەرە لەپرۆسەی پاڵپشتیکردنی وەرچەرخان و پێشکەوتنی دیموکراسی لەوڵاتانی دیموکراسییە گەشەسەندووەکاندا؟ بۆیە لەڕوانگەی توێژینەوەکەوە هەوڵدراوە وەڵامی چەند پرسیارێک بدرێتەوە، لەوانە:

- ڕۆڵی پەرلەمان لەپرۆسەی دیموکراسی هاوچەرخدا چییە؟

- ئەم ئاستەنگانە چین کە ڕووبەڕووی کاری پەرلەمانی دەبێتەوە لەپرۆسەی وەرچەرخانی دیموکراسیدا؟

گرنگترین ئامانجی توێژینەوەکە:

١. زانینی ڕۆڵی پەرلەمان لەپرۆسەی وەرچەرخانی دیموکراسی و سوودوەرگرتن لەئەزموونی نێودەوڵەتی.

٢. خستنەڕووی بنەماکانی پەرلەمانی دیموکراسی لەمیانەی ئەزموونی هاوچەرخدا.

میتۆدی توێژینەوەکە: (میتۆدی وەسفی و میتۆدی بەراوردکاری)، هەروەها بۆ کۆکردنەوەی زانیاری توێژەر پشتی بەستووە بەئامڕازی تێبینیکردن و چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ.

گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

١. وەرچەرخان بەرەو دیموکراسییەت دەکرێ بەشێوەیەکی خێرا بەڕێوەبچێت ئەگەر هاتوو کاری تایبەتمەندی بۆ بکرێت، لەوانە سەروەری یاسا.

٢. ئەو هێزانەی لەدەرەوەی پەرلەمان کاردەکەن دەتوانن ڕۆڵی سەرەکی ببینن لەگۆڕانکارییەکان بەرەو دیموکراسی ئەوەش بەدەستنیشانکردنی خاڵە ئەرێنی و نەرێنییەکان، لەوانە کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕاگەیاندن.

## تەوەری سێیەم/ گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو/

کۆمەڵێک توێژینەوە خرانەڕوو کە پەیوەندیدارن بەبابەتی توێژینەوەکەوە، لەم تەوەرەدا گفتوگۆیان لەسەر دەکەین، خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو بەمەبەستی ئاگاداربوون بووە لەو توێژینەوانەی کە پێش ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە ئەنجامدراون، ئەمەش بەمەبەست و ئامانجی بەرفراوانکردنی توێژینەوەکە بووە، بەڵام لەدوای خستنەڕووی توێژینەوەکان ئەوە ڕوونبوویەوە کە هیچ یەکێک لەم توێژنیەوە بەکارهێنراوانە ڕاستەوخۆ نەچوونەتە سەر هەبوونی ئاستەنگ لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا، بەڵکو هەریەکەیان لەڕەهەندێکەوە ئاماژەیان بەپەرلەمان و ئاستەنگی بەردەم کارکردنیان داوە. لەبەرئەوە ئەم توێژینەوەیە بەبەراورد بەهەموو توێژینەوەکانیتر لەڕووی پسپۆڕێ و جۆرایەتییەوە جیاوازە، چونکە ئەم توێژینەوەیە لەبواری زانستی کۆمەڵناسیدا ئەنجامدراوە، کە ئەم جیاوازی پسپۆڕییە جیای کردۆتەوە لەو توێژینەوانەی کە پێشتر ئەنجامدراون.

لەلایەکیترەوە ئەوەی ئەو توێژینەوەیە لەو توێژینەوانەی پێشووتر جیادەکاتەوە ئەوەیە کە توێژینەوەکە بەدیاریکراوی باس لە ئاستەنگەکانی بەردەم ئەرکی پەرلەمانی کوردستان لەخولی پێنجەمدا دەکات، بەڵام هەریەکە لەو توێژینەوە ئەنجامدراوانە لە

ڕەهەندێکی جیاوازەوە شرۆڤەی ئەو دامەزراوەیەو کارو ئەرکەکان و ڕۆڵ و گرنگییەکەیانی کردووە کە لەبەر فراوانکردنی توێژینەوەکەدا سودمان لێوەرگرتوون.

لەڕوویەکیترەوە ئەوەی توێژینەوەکەی لەهەموو ئەو توێژینەوانەی پێشوو جیاکردۆتەوە ئەوەیە کە هەموو توێژینەوەکانی پێشوو باسی خولەکانی پێشووی پەرلەمانی کوردستانیان کردووە، بەڵام جیاواز لەهەموویان ئەم توێژینەوەیە باسی ئەم خولی پێنجەمەی پەرلەمانی کوردستانی کردووە کە ئێستا لەتەمەنی یاسایی خۆیدایەو ئەو ئاستەنگانەمان خستۆتەڕوو کە بوونەتە بەربەست لەبەردەم ئەرک و دەسەڵاتەکانی پەرلەمانی کوردستان.

پاشان لەڕووی بەکارهێنانی میتۆدەوە ئەم توێژینەوەیە جیاوازە لەسەرجەم توێژینەوە ئەنجامدراوەکانی پێشوو، بەتایبەتی لەڕووی کات و میتۆد و سروشتی نوسینی و شیکارکردن و ڕەهەندی زانستییەوە، میتۆدی بەکارهێنراوی ئەم توێژینەوەیەش بریتی بووە لە میتۆدی وەسفی و ڕووپێوی کۆمەڵایەتی گشتگیر، پاشان بەدیارکراوی ئەو توێژینەوانە دەخەینەڕوو کە جیاوازن لەم توێژینەوەیە.

- توێژینەوەی (چاربوتی، ٢٠١٥) دەربارەی ڕۆڵی پەرلەمانی کوردستانە لەچارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی، ئەوەی ئەو نامەیە لەم توێژینەوەیە جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە بەدیاریکراوی باس لەئاستەنگەکانی بەردەم ئەرکی پەرلەمانی کوردستان، لەخولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان دەکەین. لەڕووی میتۆدەوە ئەم نامەیە میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی و بەراوردکاری و مێژوویی بەکارهێناوە، بەڵام ئێمە میتۆدی وەصفی و ڕووپێوی کۆمەڵایەتی گشتگیرمان بەکارهێناوە. کەواتە توێژینەوەکە جیاوازە لەنامەی ناوبراو بەتایبەتی لەڕووی کات و میتۆدو سروشتی نوسینی، هەروەها ئەو نامەیە لەهەمان بواری زانستی کۆمەڵناسیدا ئەنجامدراوە، کەواتە ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارە بەتوێژینەوەکەمانەوە.

- توێژینەوەی (صالح، ٢٠١٩) ئەوەی ئەو تێزە جیادەکاتەوە لەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە ئێمە بەدیاریکراوی باس لەئاستەنگەکانی بەردەم ئەرکی پەرلەمانی کوردستان، لەخولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان دەکەین، بەڵام ئەم تێزە دەربارەی هەڵسەنگاندنی ئەدای کاری پەرلەمانە لەخولی دووەم و سێیەمی پەرلەمانی کوردستان. لەڕووی میتۆدەوە تێزەکە میتۆدی بەراوردکاری بەکارهێناوە، بەڵام ئێمە میتۆدی وەصفی و ڕووپێوی کۆمەڵایەتیمان بەکارهێناوە. کەواتە توێژینەوەکەمان جیاوازە لەتێزی ناوبراو بەتایبەتی لەڕووی کات و میتۆدو سروشتی نوسینی و شیکارکردن و ڕەهەندی زانستییەوە، چونکە ئەو تێزە لەبواری زانستە ڕامیارییەکاندا نوسراوە، بەڵام توێژینەوەکەی ئێمە لەبواری زانستی کۆمەڵناسیدا نوسراوە.

- توێژینەوەی (کەریم، ٢٠١٩) دەربارەی جوگرافیای هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو چوار خولەی پێشووی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدراوە، بەڵام ناوەڕۆکی توێژینەوەکە لەسەر ئاستەنگی بەردەم ئەرکی پەرلەمانە لەڕووی هەڵبژاردنەوە، لەڕووی میتۆدەوە تێزەکە میتۆدی پێکهاتەی ڕووپێوی، میتۆدی ئایکۆلۆجی ڕووپێوی، میتۆدی شوێنی–ڕەفتاری بەکارهێناوە، بەڵام لە توێژینەوەکەدا ئێمە میتۆدی وەصفی و ڕووپێوی کۆمەڵایەتیمان بەکارهێناوە. کەواتە توێژینەوەکە جیاوازە لەتێزی ناوبراو بەتایبەتی لەڕووی کات و میتۆدو سروشتی نوسینی و ڕەهەندی زانستییەوە، چونکە ئەو تێزە لەبواری زانستی جوگرافیادا نوسراوە، بەڵام توێژینەوەکەی ئێمە لەبواری زانستی کۆمەڵناسیدا ئەنجامدراوە.

- توێژینەوەی(عبدالرزاق، ٢٠٢٠) باسی ڕۆڵی پەرلەمان دەکات لەپرۆسەی وەرچەخانی دیموکراسی و ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی کاری پەرلەمانی دەبێتەوە لەپرۆسەی وەرچەخانی دیموکراسیدا، توێژینەوەی ناوبراو لەڕووی میتۆدو کۆکردنەوەی زانیاریدا جیاوازە لەتوێژینەوەکە، چونکە توێژەر پشتی بەستووە بەئامرازی تێبینیکردن و چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ، بەڵام لەم توێژینەوە ئەنجامدراوەدا لەکۆکردنەوەی زانیاریدا پشت بەفۆڕمی ڕاپرسی بەستراوە بۆ خستنەڕووی ئاستەنگەکان لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا.

لەکۆتاییدا ئەوانە ئەو توێژینەوە ئەنجامدراوانەن کە تاڕادەیەک نزیکن لەتوێژینەوەکە، بەو پێیەی پەرلەمانی کوردستان یەکێکە لەدامەزراوە فەرمی و سەرەکییەکان لەهەرێمی کوردستان و مەرجەعی یەکەمی دەسەڵاتە لەهەرێمی کوردستانداو ڕۆڵ و کاریگەری خۆی هەیە کەکۆی بوارە جیاوازەکانی(سیاسی، یاسایی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کارگێڕییەکان) لەخۆدەگرێت، هەربۆیە پێش ئەنجامدانی توێژینەوەکە چەندین توێژینەوەیتر لەسەر پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدراون و هەریەکەیان لەڕەهەندێکەوە شرۆڤەی ئەو دامەزراوەو کارەکانی و ڕۆڵ و گرنگییەکەی کردووەو کە لەم توێژینەوەدا سودیان لێوەرگیراوە.

# بەشی دووەم

# مێژووی پەرلەمان و پرۆسەی هەڵبژاردن، بونیاد و ئەرکەکانی

**باسی یەکەم: مێژووی پەرلەمان و پرۆسەی هەڵبژاردن و بونیادی پەرلەمانی کوردستان:**

**تەوەری یەکەم:** مێژووی دروسبوون و گەشەسەندنی پەرلەمانی کوردستان

**تەوەری دووەم:** پرۆسەی هەڵبژاردن و یاسای هەڵبژاردن لەهەرێمی کوردستان

یەکەم/ پرۆسەی هەڵبژاردن

دووەم/ سیستمی هەڵبژاردن

سێیەم/ یاسای هەڵبژاردن

**تەوەری سێیەم:** پێکهێنانی بونیادی پەرلەمان و لیژنەکانی

یەکەم: پێکهێنانی بونیادی پەرلەمانی کوردستان

دووەم: لیژنەکانی پەرلەمان

**باسی دووەم: ئەرکە سەرەکییەکانی پەرلەمانی کوردستان**

**تەوەری یەکەم:** ئەرکی یاسادانان

**تەوەری دووەم:** ئەرکی چاودێری

**تەوەری سێیەم:** ئەرکی دارایی(پەسەندکردنی بودجە)

# بەشی دووەم

# مێژووی پەرلەمان و پرۆسەی هەڵبژاردن، بونیادو ئەرکەکانی

**دەستپێک:**

زۆربەی سیستمە سیاسییەکان لەسەربنەمای فەلسەفەیەکی مێژوویی بنیاتنراون، ئەگەر ئاشکراو ڕاستەوخۆ دەربڕی ئەم ڕاستییەش نەبن، ئەوا ناڕاستەوخۆ هەڵگری ئەو ڕاستییەن. مێژووی سیستمە سیاسییە جۆراوجۆرەکان بریتییە لەوەی بۆ هەر ڕووداوێک پاساوێک هەبێت بۆ دەرکەوتنی، ئەمەش بۆئەوەی وەکو زنجیرەیەکی لێکنەپچڕاو تەواوکەری یەکتربن، هەر سیستمێکی سیاسیش کاتێکی مێژوویی پێویستبووە تاوەکو ڕەگ و ڕیشەی لەکۆمەڵگەدا جێگیربێت.

لەم بەشەدا مێژوو و بونیادو ئەرکەکانی پەرلەمانی کوردستان، هاوشان لەگەڵیدا باسی پرۆسەی هەڵبژاردن لەم هەرێمەدا دەخەینەڕوو، کە هەموو ئەمانەش خۆی لەسیستمی دیموکراسیدا دەبینێتەوە، ئەم سیستمە دیموکراسییەش بریتییە لەوەی هەموو دەسەڵاتەکان لەهاوڵاتیانەوە سەرچاوەدەگرن، پەرلەمانیش لەپرۆسەیەکی دیموکراسی گشتییدا دێتەکایەوەو ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، چونکە یاسا دەردەکات و چاودێری و لێپرسینەوە دەکات بەمەبەستی چاکسازی و ڕێکخستنی ژیانی هاوڵاتیان و کۆمەڵگە، بۆیە لەهەڵسەنگاندن و خستنەڕووی ئەرکەکانی پەرلەمانی کورستاندا سەرەتا دەبێت ڕەچاوی مێژووی ئەم دامەزراوەیەو دەرکەوتنەکەی بکەین و ئەو ئەزمونەش کە لەماوەی دەرکەوتنەکەیدا بینیویەتی و ئەو ئاستەنگانەش کە هاتوونە بەردەم کارکردنی.

## باسی یەکەم: مێژووی پەرلەمان، پرۆسەی هەڵبژاردن و پێکهێنانی بونیادی پەرلەمان لەهەرێمی کوردستان:

### تەوەری یەکەم/ مێژووی دروستبوون و گەشەسەندنی پەرلەمانی کوردستان:

مرۆڤ بۆ گوزارشتکردن لەبیروڕاکانی خۆی و هەڵبژاردنی ئەوانەی لەبەڕێوەبردنی حوکمدا نوێنەرایەتی دەکەن بڕوای بەدیموکراسی هەبووە، کەواتە دامەزراوەی پەرلەمان دەرئەنجامی ئەزموون و مێژوویەکی دوورو درێژی ڕەوڕەوەی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە.(سەحافیان، ٢٠٠٥، ل١٧).

بەنزیکەییش(٢٥٠٠)ساڵ بەر لەئێستا لە ئەسینای ناوەندی وڵاتی یۆنان ئەمجۆرە لە سیاسەتکردنی دیموکراتی ڕاستەوخۆ سەریهەڵداوەو هاوڵاتیان توانیویانە پەرلەمانێکی ئازاد

هەڵبژێرن، پرۆسەی هەڵبژاردنیش لەنێوان هاوڵاتیاندا بەشێوەی دیموکراسی ڕاستەوخۆ ئەنجام دەدراو تیایدا پاڵێوراو لە ئاگۆرای گۆرەپانی کۆبوونەوەکاندا ڕاستەوخۆ خۆی دەپاڵاوت و هاوڵاتیانیش ڕاستەوخۆ هەڵدەستان بەهەڵبژاردنی ئەو کەسەی بەلایانەوە پەسەندبوو."(سعد، ٢٠٠٠، ل٣٥). ئەو شوێنەشی مشتومڕو سیاسەتکردن و بەڕێوەبردنی تێدا ئەنجامدراوە بەمانای ئەمڕۆ پەرلەمان دەگەیەنێت، لەبەرئەوەی هەر لەو شوێنەدا هاوڵاتیان و نوێنەران بڕیارەکانی تایبەت بەخۆیان و تایبەت بەدەوڵەتەکەیان دەرکردووە."(مەسیرە، ٢٠٠٨، ل١٩). لەمەوە ڕووندەبێتەوە دروستبوونی پەرلەمان بەرهەمی خواستی ئازادی و گەڕانەوەی دەسەڵاتە بۆ هاوڵاتیان.

سیستمە سیاسییەکانی شاری ئەسینا لەو ڕۆژگارەدا باشترین سیستمی دیموکراسی بووە، بەڵام "جێگیرترین نەریتی پەرلەمانی هی بەریتانیایە بەناوی فەرمانی(ماگناکارتا) لەساڵی١٢١٥ز، کە بەمەبەستی دەسەڵاتی یاسا لەبەرامبەر دەسەڵاتی پاشا دانراوە، ئەم فەرمانە پاشایەتییەکی بەرفراوان و بێمەرجی کردووە بەپاشایەتیەکی سنورداراو یاسایی و مەرجدار، لەبەرئەوە بەریتانیا لەڕووی یاسایەوە بەکۆنترین وڵات دادەنرێت کە لەگەڵ دیموکراسی و دامەزراوەکانی و هەڵبژاردن و پەرلەمان ئاشنابووە."(زادە، ٢٠٠٧، ل٩٦-٩٧)

لەدوای ساڵی١٩٢١زایینی پاش کۆنگرەی قاهیرە بڕیار لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی درا، لەئەنجامی دروستبوونی ئەم دەوڵەتەوە بەغداد توانی ئەنجومەنێکی دامەزراوەیی بەسەرۆکایەتی ئەشرافی بەغدا پێکبهێنێت، ئەرکەکانیشی لەو کاتەدا بریتیبوون لەدانانی پادشایەک بۆ عێراق و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران.(صالح، ٢٠١٠، ل٤). بەڵام بەهۆی ڕووداوە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق هەر لەجەنگی هەرێمەکانەوە تاوەکو جەنگە ناوخۆییەکانی و تائەمڕۆش نەتوانرا پەرلەمانێکی کاراو بەهێز ڕەگی لەسیستمی سیاسی عێراقدا دابکوتێت، بەڵام دوای پرۆسەی ئازادی و ڕووخانی ڕژێمی دکتاتۆری بەعس لەبەرواری٢٠٠٣/٤/٩ توانرا سیستمێکی سیاسی بەگوێرەی دەستووری عێراقی ساڵی٢٠٠٥ دابڕێژرێتەوەو بەرگێکی نوێ وەبەر سیستمی سیاسیدا بکرێت. کە بەپێی دەستوور زۆربەی وڵاتان لەبنەما سەرەکییەکان و بەتایبەت ماددەی یەکەمدا پێناسەی دەوڵەت و شێوازی حوکمڕانی و سیستمی سیاسی دەکەن. "دەستووری عێراقیش لەبەندی یەکەم، بنەما گشتییەکان، لەماددەی(١) سیستمی سیاسی وڵاتەکەی خستۆتەڕوو کە لەدەقی ماددەکەدا هاتووە، کۆماری عێراق دەوڵەتێکی فیدڕاڵی یەکگرتووی سەربەخۆی خاوەن سەروەرییە، ڕژێمی حوکمڕانی تیایدا کۆماری نوێنەرایەتی (پەرلەمانی) دیموکراسییە، ئەم دەستوورەش یەک پارچەیی عێراق دەپارێزێت."(دەستووری کۆماری عێراق، ٢٠٠٥، ل٤).

پاشان هەرێمی کوردستان بەتایبەت لەدوای ڕاپەڕین و کۆڕەوە مەزنەکەی ئازاری ١٩٩١زایینی و لەدوای بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش وەک زاراوەیەکی(سیاسی- یاسایی) زیاتر بەرجەستەبوو، کەتیایدا وەرچەرخان و هەنگاوێکی پڕبایەخ و کاریگەر بوو سەبارەت

بەبەرەوپێشچوونی دۆزی گەلی کورد.(تۆفیق،٢٠١٠، ل١٤). دوای نەمانی دەسەڵاتی بەعس دامودەزگا کارگێڕییەکان و دامەزراوەکان بۆشایی ئیدارییان تێدا دروستبوو، بۆ ئەو مەبەستە دەسەڵاتی سیاسی بەرەی کوردستانی هەڵسان بەپێکهێنان و دروستکردنی دامەزراوەی پەرلەمان تاوەکو لەڕێگەیەوە حکومەتێک بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئیدارییە بێتەکایەوەو پڕیبکاتەوە.(جامبازو پیرداود، ٢٠٠٨، ل١٧٢-١٧٣). هەموو ئەوانەش بیری هەڵبژاردنی پەرلەمانی هێنایەکایەوە، چونکە بۆشایی یاسایی و کارگێڕی دروستببوو، ئەوەبوو هاوڵاتیان لەڕێکەوتی١٩٩٢/٥/١٩ لەناوچە ئازادکراوەکانی کوردستاندا بوارییان پێدرا لەپرۆسەی هەڵبژاردندا بەشداری بکەن، لەئەنجامدا توانرا پەرلەمان پێکبهێنن.(عبدالخالق، ٢٠٠٨، ل٢٤٠). ئەم ئەزمونەش وەکو یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی نرخی مێژوویی خۆی هەیە، چونکە هاتنەکایەی وەچەرخانێکی دیموکراسی بوو لەهەرێمی کوردستان.(ئەحمەد، ٢٠٠٩، ل١٣٧).

لەمێژووی دروستبوونی پەرلەمانی کوردستان و پێکهێنانی حکومەتێک بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تاوەکو ئەمرۆ هەرێمی کوردستان پێنج خولی پەرلەمانی لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە ئەنجامداوە، کە یەکەمین ئەزمونی هەڵبژاردن لەباشووری کوردستان لەبەرواری١٩٩٢/٥/١٩ بەڕێوەچووە، ئەمەش بەیەکەمین خولی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ناسێنراوە.(سایتی فەرمی پەرلەمانی کوردستان)

پاشان "لەبەرواری٣٠ کانوونی دووەمی ساڵی٢٠٠٥ خولی دووەمی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدرا، کە هاوکات بوو لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، ئەمەش یەکەمین هەڵبژاردنی گشتی بوو دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس ئەنجامدرا. هەروەها لەبەرواری٢٠٠٩/٧/٢٥ خولی سێهەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەچوو. پاشان لەبەرواری٢٠١٣/٩/٢١ هەڵبژاردن بۆ خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدرا. دواجار بۆ دیاریکردنی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمان بەپێی ماددەی یەکەم بڕگەی یەکەم لەیاسای ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠١٧ی یاسایی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان بەمەرسوومی ژمارە(١)ی ساڵی٢٠١٨ ڕۆژی٢٠١٨/٩/٣٠ دیاریکرد، وەک دوا وادە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان."(حەمە عەلی، ٢٠٢٠، ل٤٤-٤٥).

بۆ ئەو مەبەستەش ئەنجامدانی هەر خولێکی پەرلەمانیش ماناو مەبەستێکیان پێداوین، "خولی یەکەم بەخولی دامەزراندنی دامەزراوە شەرعییەکانی کوردستان دادەنرێت، جگە لەمەش ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لەسەر پێکهێنان و بونیادی پەرلەمان، ئەمەش ئەنجام و دەستکەوتێکی گرنگی ئەم خولە بووە. ئینجا خولی دووەم خولی گواستنەوە بوو بەرەو سیستمی پەرلەمانی و ئاوێتەبوون لەگەڵ خواستی سەردەم، ئەم خولە بەگفتوگۆو یاساکان دەوڵەمەندکراو چەندین یاسای گرنگ دەرچوون. پاشان خولی سێیەم بووە هۆی

دروستبوونی فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن لەڕووی ڕوخسارو ڕای جیاواز، ئەم خولە بەرەو کارابوونی پەرلەمان دەژمێردرێت."(عبداللە، ٢٠١٤، ل٤-٥).

لەگەڵ ئەوەشدا خولی چوارەمی پەرلەمان بەهۆی ناکۆکییە سیاسییەکانی نێوان حیزبەکان توشی وەلانانێکی یەکجار دژوارهات ئەویش بەداخستنی دەرگای پەرلەمان بەڕووی سەرۆکی پەرلەمان و هەندێک لەپەرلەمانتاران، بەهۆکاری دووبارە هەموارکردنەوەی یاسایی سەرۆکایەتی هەرێم، بەڵام پەرلەمان لەخولی پێنجەم تاڕادەیەکی بەرچاو نەیتوانیوە ئەرکەکانی وەکو پێویست جێبەجێبکات، چونکە کەمترین یاسای دەرکردووەو ئەرکی چاودێریکردنی نەبووەتە هۆی لێسەندنەوەی متمانە لەهیچ وەزیرێک، هەروەها لەتەواوی ئەم خولەدا ئەرکی پەسەندکردنی بودجەی جێبەجێ نەکردووە، هەموو ئەمانەش دەگەڕێنەوە بۆ هەبوونی ئاستەنگی لەبەردەم کارکردنیدا.

## تەوەری دووەم/ پرۆسەی هەڵبژاردن و یاسای هەڵبژاردن لەپەرلەمانی کوردستاندا:

**یەکەم/ پرۆسەی هەڵبژاردن/** هەڵبژاردن کرۆکی سەرەکی سیستمی حوکمڕانی دیموکراسیەتەو ئامڕازێکیشە بۆ پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەت، بەڵام هەرێمی کوردستان ئەزمونێکی دوورو درێژی لەپیادەکردنی ئەم پرۆسەیەدا نییە، تاوەکو خولی هەڵبژاردنەکانی پاکو بێگەردو بێکەموکوڕی و پێشکەوتووبن. لەم بناغەیەوە بەپرسیارێک دەچینە ناو تەوەرەکەمانەوە، بەوەی چۆن هاوڵاتی حوکمی خۆی بکات؟ وەڵامەکەشی ئەوەیە لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە ئەم دەسەڵاتە دێتەکایەوەو پەرلەمان بونیاد دەنرێت، هەڵبژاردنیش بەدیهێنەری ڕێگەیەکی ئاشتیانەو دیموکراسیانەیە بۆ ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگە بەرەو ململانێ و ڕکابەری لەسەر دەسەڵاتی سیاسی و بڕیاردانی بەکۆمەڵ.

"مۆریس دوڤۆرجیە" لەوبارەیەوە دەڵێت، "لەبەرئەو هۆکارەیە دیموکراسی بێ هەڵبژاردن بوونێکی مەحاڵەو دروست نابێت، چونکە هەڵبژاردن یەکێکە لەبنەماو بنەچە سەرەکییەکانی سیستمی دیموکراسی، لەبەرئەوەی لەهەر شوێنێک هەڵبژاردن هەبێت، دیموکراسی بەجۆرێک لەجۆرەکان بوونی هەیە، چونکە گرنگی هەڵبژاردن وەک ئالەتێک وایە بۆ گۆڕینی سیستمی حوکم بەشێوەی ئاشتییانە، بەمەرجی ئەوەی بەشێوەیەکی زانستی و یاسایی و سیاسەتێکی دروست ئەنجامبدرێت."(دیفرجیە، ١٩٩٢، ل٥٢).

ئەم پرۆسەی هەڵبژاردنە لوتکەی دیموکراسییەتە لەژیانی کۆمەڵگەو شێوازێکی ئاشتیخوازانەی چارەسەرکردنی جیاوازییەکانەو واقیعەتێکی کۆمەڵی پێشکەوتووی ئەمڕۆیە، کە هاوڵاتیان لەڕێگای هەڵبژاردنە یەک لەدوای یەکەکان لەسیستمی دەنگداندا ڕاستەوخۆ لەڕێگەی هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیەوەو ناڕاستەوخۆش لەڕێگەی نوێنەرەکانی خۆی لەپەرلەمان و حکومەت تا شۆڕ دەبێتەوە بەناو هەموو جومگەکانی حوکمڕانیدا

بەشداریدەکەن.(عبدالله، ٢٠١٣، ل٣٠)، پاشان بەربژێریک یان زیاتر بۆ دامەزراوەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری و ئەنجومەنی پارێزگاکان هەڵدەبژێرن، ئەمەش بەپێی دەستوورو یاسا کارپێکراوەکانی یەکە ڕامیارییەکان و سیستمی سیاسی ئەو کۆمەڵگەیە دیاریدەکرێت.

"هەڵبژاردنەکان لەکاتی ئاشتیدا ڕووداوگەلی گرنگن و ژمارەیەکی زۆر بەرپرسی باڵادەست بەشداری تێدادەکەن بۆ بەدواداچوون و چاودێریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەو دەنگدەرەکان. واتە خودی هەڵبژاردن پرۆسەیەو دەنگدانیش کردەی ئەو پرۆسەیەیە، کە دەنگدەران لەڕۆژی دەنگداندا بەهاوکاری و پشتیوانی کەسانی خۆبەخش، کارمەندی کۆمسیۆن، کەسانی حیزبی ئەنجامی دەدەن، لەئەنجامی ئەو دەرهاویشتانەدا پێویستە هەڵبژاردنەکان بەپێی هەندێک یاساو ڕێسا ئەنجامبدرێن، بۆ ئەوەی تاڕادەیەکی باش لەهەڵەو کەموکورِی و ساختەکاری بەدووربن، لەو پێناوەدا دەبێت دەستوورو یاساکانی وڵات پشتیوانییەکی باشی پرۆسەکەبن و لەڕووی یاساییەوە بەهێزی بکەن."(هاوەرد، ٢٠٠٩، ل٢٧).

تاوەکو لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە بتوانرێت داخوازییەکانی دەنگدەران وەربگێردرێتە سەر کورسی دەسەڵات و متمانە بدرێتە چەند نوێنەرێکی هەڵبژێردراو، کە نوێنەرایەتی گشت چین و توێژو لایەنە سیاسییە سەرەکییەکانی وڵات بکەن.(حسین، ٢٠٠٨، ل١١-١٢). کەواتە هەڵبژاردن لەبەر ئەو گرنگیەیەتی کە بەتاکە ئامڕاز دادەنرێت وڵاتان لەسەری ڕێکەوتوون بۆ گۆڕانکاری لەدەسەڵاتدا، چونکە وادەکات دامەزراوە هەڵبژێردراوەکان گوزارشت لەڕای زۆرینەی هاوڵاتیان بکەن، لەناو ئامڕازو ڕێبازەکانی دیکەی دەسەڵات گرتنەدەست و دەستاودەستکردنی دەسەڵاتیشدا باشترین و بەربڵاوترین و شیاوترین ئامڕازە، لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی تاوەکو ئێستا لەم ئامڕازو ڕێگایە چاکتری نەدۆزیوەتەوە بۆ گۆڕانکاری لەدەسەڵاتدا بەشێوەیەکی ئاشتییانە.(ڕەمەزان، ٢٠٠٩، ل٥).

هەربۆیە هەڵبژاردنەکان "بڕیاردانی سەختن بۆ داهاتوو، ئەگەر بەشێوەیەکی چاک ئەنجامدران دەبێتە ئامڕازێک بۆ هێنانەدی دیموکراسی، بەڵام ئەگەر لەسەر بنەمایەکی ڕاست و دروست و یاسایی ئەنجام نەدرێت بەمانای دیموکراسی نایەت و بەڵکو وڵات ڕاپێچی قەیران دەکات."(سەعید، ٢٠١٨، ل٣٦). بەڵام دەبێت بۆ هەڵبژاردن یاسایەک هەبێت کە پێیدەوترێت یاسای هەڵبژاردن، "لەو یاسایەدا هەموو ڕێوشوێنەکانی هەڵبژاردن و پێکهێنانی پەرلەمان دیاریدەکرێت، ئەمەش بەر لەدەستپێکردنەوەی هەر خولێکی تازەی پەرلەمان یاساکە هەمواردەکرێتەوە بۆ نەهێشتنی ئاستەنگەکان."(ڕۆستایی، ٢٠١٧، ل١٢-١٣).

**دووەم/ سیستمەکانی هەڵبژاردن/** "سیستمەکانی هەڵبژاردن کۆمەڵە ڕێسایەکن لایەنی براوەی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان دیاریدەکەن لەو ڕێگەیەی کە ژمارەی دەنگەکانی پێدەگۆڕێت بۆ کورسی. لەمەوە نەخشەی سیاسی و کاریگەرییەکانی لەسەر پارتەکان و دەنگدەران و هاوپەیمانییەتەکان و شێوازی پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەت بەئەنجام دەگەیەنێت، ئەگەرچی سیستمەکانی هەڵبژاردن چەند جۆرێکن و زۆر لەیەکتر جیاوازن، بەڵام هەر هەموویان یەک ئامانجیان هەیە، ئەویش گۆڕینی دەنگەکانە بۆ کورسی پەرلەمان و دیاریکردنی براوەیە بەمەبەستی گرتنەدەستی دەسەڵات."(حەسەن، ٢٠١٤، ل٢٤-٢٥). **بەشێوەیەکی گشتی سیستمەکانی هەڵبژاردن، بریتین لە:**

**١/ سیستمی زۆرینە/ فرەیی:** "مەبەست لەم سیستمە سەرکەوتنی پاڵێوراوێک یا چەند پاڵێوراوێکە کە زۆرینەی دەنگەکانی بازنەی هەڵبژاردنیان بەدەستهێناوە، ئەوانەشی دوای ئەو سەرکەوتووانە دێن بەسەرنەکەوتوو دادەنرێن."(حاجی، ٢٠١٤، ل٣٧). کەواتە لەم سیستمەدا ئەو پاڵێوراوەی زۆرترین دەنگی بازنەی هەڵبژاردنەکەی بەدەستبهێنێت کورسییەکە دەباتەوە. هەروەها "لەم سیستمەدا پارتی سیاسی لەڕێگەی پاڵێوراوەوە بەشداری لەهەڵبژاردنەکاندا دەکات نەک ئەوەی بەلیست ڕاستەوخۆ بەشدار بێت، چونکە وڵات بەسەر چەند بازنەیەکی بچوکدا دابەشدەکرێت و هەر لەخولی یەکەمدا ڕووندەبێتەوەو لەناو کاندیدەکاندا هەرکەس زۆرترین دەنگ بەدەست بهێنێت هەڵدەبژێردرێت."(ئەیوبی و ئەوانیتر، ٢٠٠٣، ل٤٢).

**٢/ سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی:** بیرۆکەی بنەڕەتی ئەم سیستمە لەو پرسیارەوە سەرچاوەی گرتووە کە دەڵێت: "پەیڕەوکردنی سیستمی زۆرینە نابێتەهۆی نوێنەرایەتی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن و حیزبە کەمینەکان لەپەرلەماندا، چونکە کورسی نوێنەرایەتی تەنها بۆ ئەو لایەنەیە زۆرینەی دەنگەکان بەدەستدەهێنێت، بەڵام سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی لەسەرئەو بنەمایە دروست بووە، کە دەڵێت: جیاوازی لەنێوان پشکی حیزب لەکۆی دەنگەکانی لەسەر ئاستی نیشتمانی و پشکی لەکورسییەکانی پەرلەماندا کەمبکرێتەوە." (عبدالله، ٢٠١٦، ل١٩٥-١٩٦).

واتە نوێنەرایەتیبوون ڕێژەییەو نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی تێدا بەشداردەبێت، "بەو مانایەی ڕێژەی نوێنەرایەتی لەپەرلەماندا پەیوەستە بەڕێژەی بەدەستهاتوو لەلایەن حیزب یان قەوارە سیاسییەکان لەهەڵبژاردنەکاندا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت هەر قەوارەیەکی سیاسی بەپێی ئەو دەنگانەی لەبازنەیەکی هەڵبژاردندا بەدەستیدەهێنێت، ڕێژەیەک لەکورسییەکانی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانی بەردەکەوێت، تەنها ئەوانەیان نەبێت کە ژمارەی دەنگەکانیان ئەوەندە نابێت بگاتە ئاستی بردنەوەی کورسییەک، لەم سیستمەدا هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دەتوانن نوێنەرییان لەپەرلەماندا هەبێت، هەرێمی کوردستانیش ئەم سیستمە پەیڕەودەکات."(ابوبکر، ٢٠١٩، ل٢٩). کەواتە گواستنەوە لەسیستمی زۆرینەوە بۆ سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی، گواستنەوەیە لەسەنتەربوونی

پاڵێوراوە بۆ سەنتەربوونی لیست لەپرۆسەی هەڵبژاردندا، ئەم سیستەمە دادپەروەری زۆری تێدایە بەهۆی ئەوەی هیچ دەنگێک لەدەنگەکانی دەنگدەران بەفیڕۆ ناچێت، کەواتە ئەم شێوازە سیستمێکی پێشکەوتووەو بەردەوام بەرەوپێش دەچێت، چونکە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئەمرۆدا دەگونجێت.

**٣/ سیستمی هەڵبژاردنی تێکەڵاو:** لەتێکەڵاوکردن و کۆکردنەوەی لایەنە باشەکانی هەردوو سیستمی زۆرینەی فرەیی و سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی دروستبووە، "هۆکاری ئەم تێکەڵاوکردنەش دەگەڕێتەوە بۆ دەربازبوون لەکەموکوڕییەکانی هەردوو سیستمەکەی پێشوو، بەلەبەر چاوگرتنی مافی حزب و گروپەکان لەلایەک، ڕەخساندنی هەلی دروستکردنی زۆرینەیەکی پەرلەمانی بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی بەهێز لەلایەکیتر، ئەمەش بەمەبەستی هەڵبژاردنی لیست و پاڵێوراوانی تاکەکەسی بۆ ناو پەرلەمان، لەم سیستمەدا هەر هاوڵاتییەک یەک کارتی دەنگدان و دوو دەنگی هەیە، کە دەنگی یەکەمیان دەنگ بەپاڵێوراوێکی دیاریکراو دەدات، دەنگی دووەمیان دەنگ پارتێکی سیاسی دەدات."(فتح الله، ٢٠١٧، ل٦٦-٦٧).

لەکۆتاییدا سیستمی هەڵبژاردن ئەو ڕێگایەیە کە دەنگەکان دەگۆڕێت بۆ کورسی بۆ ئەو کەسانەی کە هەڵدەبژێردرێن، لەبەرامبەردا کارو پۆستی بەڕێوەبردنی دیاریکراویان پێدەسپێردرێت. کەواتە دەتوانین بڵێین سیستمی هەڵبژاردن شێوەو سروشتی هەیکەلی حکومەتی داهاتوو دیاری دەکات، هەروەها سروشتی پەرلەمان و قەبارەی پارتە سیاسییەکان کە کورسیەکانی پەرلەمان دەبەنەوە ڕووندەکاتەوە.

**سێیەم/ یاسای هەڵبژاردن لەهەرێمی کوردستان/** یاسای هەڵبژاردن لەدوای دەستوور بەگرنگترین یاسا هەژماردەکرێت، "چونکە ئەو دەقە دەستووری و یاساییانەیە کە سەرجەم لایەنەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن دەخاتەژێر حوکمی یاساوە، بۆیە ئەگەر دەستوور بەڵگەنامەی ڕێکخستن و دیاریکردنی دەسەڵاتی دامەزراوەکانی دەوڵەت و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و پارێزەری سیستمی سیاسی و ماف و ئازادییەکان بێت، ئەوا یاسای هەڵبژاردن بەڵگەنامەی جێبەجێکردنی بنەماکانی دەستوورە سەبارەت بەهەڵبژاردنی دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری، دەسەڵاتە خۆجێییەکان. دەستوور وردەکارییەکی زۆر سەبارەت بەیاسای هەڵبژاردن باسدەکات، یاسای هەڵبژاردنیش جۆری سیستمی هەڵبژاردن دیاریدەکرێت، سیستمی هەڵبژاردنیش جۆری حکومەتەکەمان بۆ دیاری دەکات. کەواتە لەهەناوی یاسای هەڵبژاردندا هەموو ڕەگەزەکانی هەڵبژاردن ئەنجامدەدرێن، لەگەڵیشیدا ئەو لایەنە پەیوەندیدارانە دیاریدەکات کە سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان دەکەن و دەسەڵاتی ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانیشیان هەیە."(حەسەن، ٢٠١٤، ل١٤-١٥).

لەدوای یاسای هەڵبژاردن دیاریکردنی بازنەی هەڵبژاردن لەپێشترینی ڕەگەزەکانە، کە "یەکەیەکی هەڵبژاردنی سەربەخۆیە، دەنگدەرەکانی واتە ئەوانەی ناویان تۆمارکراوە تێیدا نوێنەرێک یا زیاتر بۆ ئەنجومەنی نوێنەرایەتی هەڵدەبژێرن، لەبەر ئەمە ڕێسا یاساییەکانی

پەیوەندیدار بەهەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانیش بەهەمان جۆر ڕێکخستنێکی یاسایی لەبەرچاوگرتووە سەبارەت بەدیاریکردنی بازنەی هەڵبژاردن و بەدیاریکراویش سیستمی یەک بازنەیی لەسەرجەم خولەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا جێبەجێکراوە." (نەجمەدین، ٢٠١٨، ل٢٢). ئەمەش لەهەناوی بەرەنجامی کەڵەکەبوونی یەک لەدوای یەکی قەیرانە دارایی و سیاسییەکانی هەرێمی کوردستاندا بووە کە تائێستا نەتوانراوە گۆڕانکاری لەو یەک بازنەییە بکات و بیکاتە فرە بازنەیی بۆ ئەوەی نوێنەرێک هەڵبژێردرێت کە خۆی بەنوێنەری ڕاستەقینەی هاوڵاتیان بزانێت و کاریگەرو چالاک بێت لەگەیاندنی داواکاری و پێداویستییەکانی هاوڵاتیان لەناو پەرلەماندا.(مستەفا، ٢٠١٩، ل٦٧).

لەئەنجامی ئەو ڕوونکردنەوەی سەرەوەدا دێینەسەر یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و جۆری لیست و سیستمەکەی، "کە لەڕۆژی(١٩٩٢/٤/٨) سەرۆکایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی لەپێناو بەرژەوەندی گشتی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان، یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراقی دەرچواندو بەپێی یاساکە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیش لەڕۆژی(١٩٩٢/٥/١٩) ئەنجامدرا، بەوەش یەکەم دەسەڵاتی یاسادانانی کوردستانی عێراق دانراو ژمارەیەکی زۆر لەیاساو بڕیاری دەرکرد، لەوانەش یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمان و دواتریش پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی دەرچواند."(بەزاز، ٢٠١٦، ل٤). ئەوەی جێی ئاماژەپێکردنیشە تا ئەم ساتەی ئێستا حەوت جار ئەم یاسایە هەموار کراوەتەوەو لەسایەیدا پێنج خولی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدراوە، بەڵام هەتاوەکو ئێستا سیستمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەلیستی نوێنەرایەتی ڕێژەیی ماوەتەوە. **ئەم خشتەیەی خوارەوەش گۆڕانکارییەکان دەخاتەڕوو کەلەناو ڕەگەزەکانی لیستی نوێنەرایەتی ڕێژەیی ڕوویانداوە:**

**خشتەی (١)**

**"گۆڕانکارییەکان لەپێکهاتەو ڕەگەزەکانی سیستمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا**

| ڕەگەزەکان | هەڵبژاردنی١٩٩٢ | هەڵبژاردنی٢٠٠٥ | هەڵبژاردنی٢٠٠٩ | هەڵبژاردنی٢٠١٣ | هەڵبژاردن٢٠١٨ |
|---|---|---|---|---|---|
| جۆری لیست/ بونیادی کارتی دەنگدان | لیستی داخراو | لیستی داخراو | لیستی داخراو | لیستی نیمچەکراوە | لیستی نیمچەکراوە |
| ژمارەی بازنەی هەڵبژاردن | یەک بازنە | یەک بازنە | یەک بازنە | یەک بازنە | یەک بازنە |
| قەبارەی بازنەی هەڵبژاردن | ١٠٥ | ١١١ | ١١١ | ١١١ | ١١١ |
| میکانیزمی گۆڕینی دەنگ بۆ کورسی | دابەشکاری هەڵبژاردن/ ڕێژەیی ٧٪ | دابەشکاری هەڵبژاردن/ گەورەترین ماوە | دابەشکاری هەڵبژاردن/ گەورەترین ماوە | دابەشکاری هەڵبژاردن/ گەورەترین ماوە | دابەشکاری هەڵبژاردن/ گەورەترین ماوە |

بەسەرنجدان لەخشتەکە دەتوانین ئەو گۆڕانکارییانە دیاریبکەین کەلەناو سیستمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا ئەنجامدراون، ڕەگەزەکانیش پێکهاتوون لە:

**١/ قەبارەی بازنەکانی هەڵبژاردن/** مەبەست لەژمارەی ئەو کورسیانەیە کە بەپێی شوێنی جوگرافی یان ژمارەی دانیشتوان بۆ نوێنەران لەبازنەیەکی هەڵبژاردن دیاریدەکرێت، قەبارەی بازنەی هەڵبژاردنیش یان ئەوەتا یەک کورسییە یاخود فرە کورسییە، کە تیایدا مەبەست لە ژمارەی ئەو کورسی نوێنەرایەتیەیە هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن لەخۆی دەگرێت."(جەمال، ٢٠٢١، ل١٦٦-١٦٧).

وەک لەخشتەی(١)دا دیارە قەبارەی بازنەی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان لەهەڵبژاردنی یەکەم خولدا لە(١٠٥)کورسی نوێنەرایەتی پێکهاتووەو دواتر لە سەرجەم هەڵبژاردنەکانیترداو بەخولی پێنجەمیشەوە بەیاسا زیادکراوە بۆ (١١١)کورسی نوێنەرایەتی. هەروەها "لە(ماددەی یەکەم)ی یاسای هەڵبژاردندا هاتووە، پەرلەمانی کوردستان-عێراق لە (١١١)سەدویازدە ئەندام پێکدێت."(لیژنەی کاروباری یاسایی لەپەرلەمانی کوردستان، ٢٠٠٩، ل١٢). هۆکاری سەرەکی لەزیادبوونی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستانیش بۆ کەمە نەتەوایەتیینەکان دەگەڕێتەوە کە لەناو هەرێمی کوردستاندا دەژین و بەشدارن لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکانداو نوێنەرییان لە پەرلەمانی کوردستاندا هەیە، کە بەدیاریکراوی (١١)کورسی کۆتایان بۆ تەرخانکراوە.

**٢/ ژمارەی بازنەکانی هەڵبژاردن/** "ئەو شوێنەی هەڵبژاردنیشی تێدا ئەنجامدەدرێت بەسەر چەند بازنەی هەڵبژاردندا دابەشدەکرێت، یان ئەوەتا هەموو جوگرافیای هەڵبژاردن یەک بازنەیە یاخود فرە بازنەیە، بۆیە ئەگەر یەک نوێنەریان هەبێت پێیدەوترێت بازنەی یەک کورسی، ئەگەریش دوو نوێنەر یان زیاتریان هەبێت پێیدەوترێت بازنەی فرە کورسی، کەواتە ئەوە یاسای هەڵبژاردنە سروشتی کورسییەکان دیاریدەکات."(حیجاب، ٢٠١١، ل١٢٤). "لەیاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەبەشی دووەمی (ماددەی نۆیەم)دا هاتووە دەڵێت، هەرێمی کوردستان-عێراق بەیەک بازنەی دەنگدان دادەنرێت و دابەش دەکرێت بەسەر چەند مەرکەزێکی دەنگداندا."(بەزاز، ٢٠١٦، ل١٢). بۆیە لەوەتەی ئەم یاسایە دەرچووە هەرێمی کوردستان یەک بازنەی هەڵبژاردنەو دابەشدەکرێت بەسەر چەند مەرکەزێکدا.

**٣/ سیستمی دەنگدان و کارتی دەنگدان/** "هەر سیستمێکی هەڵبژاردن خاوەنی سیستمێکی دەنگدانی تایبەت بەخۆیەتی کە لەکاتی دەنگداندا شێوازێک لەکارتی دەنگدان دەخاتە بەردەم دەنگدەر، هەموو شێوازەکانیش بەشێوەیەکی گشتی لەدوو جۆر دەنگدانی سەرەکییەوە سەرچاوەیان گرتووە، ئەوانیش بریتین لە(دەنگدان بەپاڵێوراو، دەنگدان بەلیست). وەک لەخشتەی ژمارە(١)دا دەبینرێت، جۆری لیستەکە لەهەرێمی کوردستان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو لەدوای سێ خولی هەڵبژاردن، کەبە(لیستی داخراو) ئەنجامدراوە، جۆری لیستەکە گۆڕاوە بۆ (لیستی نیمچە کراوە). واتە ئەگەر لەلیستی داخراودا دەنگدەر تەنها یەک کارتی

دەنگدان و بژاردەی یەک دەنگی لەبەردەمدا بوو بێت، بۆ ئەوەی دەنگ بەیەکێک لەلیستە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنەکە بدات، ئەوا لەلیستی نیمچەکراوەدا، دەنگدەر یەک کارتی دەنگدان و دوو بژاردەی دەنگدانی لەبەردەمدایە، کە یەکێکیان بۆ لیستەو ئەویتریان بۆ پاڵێوراوێکی ناو هەمان ئەو لیستەیە کە دەنگدەر دەنگی پێدەدات.

**٤/ شێوازی گۆڕینی دەنگی دروست بۆ کورسی/** مەبەست لەو شێوازە ژمێرەیی و حسابییەیە کە دەنگە دروستەکانی سەر ئاستی بازنەیەکی هەڵبژاردن دەگۆڕێت بۆ کورسی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان، لەبەرئەوە لیستی نوێنەرایەتی ڕێژەیی، لەڕووی گۆڕینی دەنگی دروست بۆ کورسی نوێنەرایەتی، لەهەموو سیستمەکانیتری هەڵبژاردن باشترە، چونکە خاوەنی چەند داڕشتەیەکی ژمێرەیی و حسابییە. لەم ڕەگەزەدا هەرێمی کوردستان جگە لەخولی یەکەم کە ڕێژەیی بووە، هەر چوار خولەکەی تری هەڵبژاردنی ڕابردووی پەرلەمانی کوردستان داڕشتەی حسابی لەگۆڕینی دەنگی دروست بۆ کورسی نوێنەرایەتی، بریتییەلە (دابەشکاری هەڵبژاردن/ مانەوەی زۆرترین دەنگ)."(جەمال، ٢٠٢١، ل١٦٨- ل١٧٣). کە ئەم داڕشتنەش بەوە دەناسرێتەوە لەخزمەت ئەو حیزبانەدایە کە ژمارەی دەنگەکانیان کەمەو لەدەوری بردنەوەی یەک کورسی پەرلەماندا دەسوڕێنەوە، ئەمەش دواجار بەوە کۆتایی دێت، کە هەمەڕەنگییەکی زۆر بەبەراورد بەهەندێک داڕشتەی دیکەی سەر بەلیستی نوێنەرایەتی ڕێژەیی لەناو پەرلەماندا دروست دەکات.

**لەدوای ڕوونکردنەوەو خستنەڕووی خشتەکەو ڕەگەزەکانی، لەم توێژینەوەیەدا ئەنجامی پڕۆسەی هەڵبژاردن بۆ پێکهێنانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان دەخەینەڕوو، کە ئێستا لەتەمەنی یاسایی ئەو خولەیدایە:**

بەپێی ماددەی(٥١) لەیاسای ژمارە(١)ی ساڵی١٩٩٢ی یاسای هەموارکراوی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، دەبێت هەر(٤)ساڵ جارێک هەڵبژاردن بۆ پەرلەمان بکرێت.(عبدالرحمن، ٢٠١٨، ل٦). پاشان "بەپێی ماددەی یەکەم، برگەی یەکەم، لەیاسای ژمارە(٢)ی یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم، سەرۆکی حکومەت بەپێی ئەو دەسەڵاتەی بۆی دیاریکراوە ڕۆژی(٢٠١٨/٩/٣٠)ی بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان دیاریکرد."(یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم، ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠١٧).

"بەپێی ڕاگەیەندراوی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی، لەهەرێمی کوردستاندا (٣,٠٨٥,٤٦١)هاوڵاتی مافی دەنگدانیان هەبوو، لەو ژمارەیە (١٨٤٥٩٧٩)هاوڵاتی بەشداری پڕۆسەی دەنگدانیان کردووە کەدەکاتە ڕێژەی(٥٩٪) بەشداری هاوڵاتیان لە هەڵبژاردندا، بەڵام لەکۆی (٢٩)لیست کە بەشداری هەڵبژاردنیان کردووە، لەئەنجامدا (١٦)لیست توانیویانە کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنن."(حمەعلی، ٢٠٢٠، ل٤٤-٤٥).

پاشان لەوادەی یاسایی ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان بۆ دروستبوون و پێکهێنانی پەرلەمان، بەپێی برگەی(١) لەبەشی(١٢)ی پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە(٩)ی ساڵی٢٠١٨ی دەنگدان و لەیەکجیاکردنەوەو ژماردنی دەنگەکانی کۆمسیۆندا هاتووە، کۆمسیۆن لەماوەی(٧٢)کاتژمێردا ئەنجامی بەرایی ڕادەگەیەنێت.(پڕۆژەی چاودێری و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی یەکەم لەخولی پێنجەم، ٢٠١٩، ل٨). **لەئەنجامی ئەو داتاو ژمارانەی سەرەوەدا ناوو ژمارەی لیستەکان و کورسییەکانیان بۆ هەڵبژاردنی(١١١) کورسی بۆ پێکهێنانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان کە بەپێی داتا ڕەسمییەکان دەستکەوتوون دەخەینەڕوو، کەبریتییە لەم خشتەیەی خوارەوە:**

**خشتەی (٢)**

**کۆی لیست و قەوارە سیاسییەکان و دەنگەکانیان و کورسییەکانیان بۆ هەڵبژاردنی(١١١)کورسی پەرلەمان**

| ژ | ناوی قەوارەو لیستەکان | کۆی دەنگەکانی | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|
| ١ | لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان | ٦٦٨،٠٧٠ | ٤٥ |
| ٢ | لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ٣١٩،٩١٢ | ٢١ |
| ٣ | لیستی گۆڕان | ١٨٦،٩٠٣ | ١٢ |
| ٤ | لیستی نەوەی نوێ | ١٢٧،١١٥ | ٨ |
| ٥ | لیستی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ١٠٩،٤٩٤ | ٧ |
| ٦ | لیستی هاوپەیمانی بەرەو ئصلاح | ٧٩،٤٩٤ | ٥ |
| ٧ | لیستی سەردەم | ١٥٥،٨١ | ١ |
| ٨ | لیستی ئازادی | ٨،٠٦٣ | ١ |
| ٩ | لیستی پارتی گەشەپێدانی دیموکراسی | ٣،٣١٨ | ٢ |
| ١٠ | لیستی چاکسازی تورکمانی | ٣،١٢٥ | ١ |
| ١١ | لیستی بەرەی تورکمانی | ١،٥٤٥ | ١ |
| ١٢ | لیستی میللەت | ٨٨٥ | ١ |
| ١٣ | لیستی هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەی | ٨،٠٨٨ | ٣ |
| ١٤ | لیستی ئەنجومەنی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری | ٢،٩٦٣ | ١ |
| ١٥ | لیستی ڕافیدەین | ٢،٦٢٦ | ١ |
| ١٦ | لیستی ئەرمەن | ٦١٥ | ١ |
|  | سەرجەم | ١،٥٧٧،٧٩٧ | ١١١ |

(پڕۆژەی چاودێری و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ٢٠١٨، ل١١)

لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین، لەژێرسایەی یاسایەکی سەردەمیانەی هەڵبژاردندا پایەکانی دیموکراسی دادەمەزرێت و کرۆکی دادپەروەری و یەکسانی و پێگەیاندن ڕەگەزی جێبەجێکردنی دەبێت، چونکە ئامانج لەیاسای هەڵبژاردن لەبنەڕەتدا بۆ سەلماندنی لێهاتوویی و شایستەبوونی نوێنەرانە لەبوارە جیاوازەکاندا لە کاری پەرلەمانتارییاندا کە ئەمە لەڕێگەی لیژنەکانەوە بەدیدێت.(نورالدین، ٢٠٠٩، ل١٤٩).

## تەوەری سێیەم/ پێکهێنانی پەرلەمانی کوردستان و لیژنە هەمیشەییەکانی:

### یەکەم/ پێکهێنانی بونیادی پەرلەمانی کوردستان/

لەدوای هەڵبژاردن کە پەرلەمان پێکهێنرا، ئینجا بونیادی بەڕێوەبردنیشی دادەڕێژرێت، ئەم هەنگاوانەش لەیاسای هەڵبژاردندا هەموو ڕێوشوێنەکانی پێکهێنانی دیاریدەکرێت، ئەمەش بەر لەدەستپێکردنەوەی هەر خولێکی تازەی پەرلەمان یاساکە هەمواردەکرێتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەو ئاستەنگەکان و بەرەوپێشبردنی ئەزمونی پەرلەمانی.

"لەپێکهێنانی پەرلەماندا، دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن بەهاوکاری دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بانگەواز بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمان بڵاودەکاتەوە، چ لەکاتی تەواوبوونی خولی ئەندامانی پەرلەمان بێت، چ پاش هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەران بێت. لەم ڕووەوە دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن هەندێ ڕێکاری یاسایی و هەندێ کار ئەنجامدەدات، وەک ئامادەکردنی لیستی ناوی دەنگدەران و سازکردنی هەلومەرجی پێویست بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەکاتی دیاریکراوی خۆی بۆ پێکهێنانی پەرلەمان."(لیله، ١٩٥٩، ل٦٩٣).

لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان لەژێر کاریگەری سیستمە سیاسییەکانی ڕۆژئاوادایە، بۆیە چەندین حیزبی جۆراوجۆر بەشداری دەکەن و هەریەکەیان بیروڕای جیاوازی هەیە، کەواتە هەڵبژاردنەکان لە هەرێمدا هەڵبژاردنی حیزبییە نەک تاکەکەسی، واتە هەموو حیزبێک لەسەر بنەمای ئەو دەنگانەی بەدەستیهێناوە لەپەرلەماندا کورسی پێدەبەخشرێت.(سەعید، ٢٠٠٢، ل٢٤-٢٥).

لەڕووی بونیادەوە لەزۆربەی وڵاتاندا بونیادی پەرلەمان لە(دوو ئەنجومەن یان یەک ئەنجوومەن) پێکهاتووەو ئەم پێکهێنانەی پەرلەمانیش چەند فاکتەرێکی لەپشتەوە بووە، لەوانە فاکتەری سیاسی وەکو سروشتی سیستەمی حوکمڕانی، هەروەها فاکتەری کۆمەڵایەتیش وەکو ژمارەی دانیشتوان و بوونی هەرێمی جیاجیاو جیاوازی ئاستی ئابووری، کلتووری و سیاسی نێوان هەرێمەکان، بەڵام لەڕووی بونیادەوە پەرلەمانی کوردستان لەیەک ئەنجوومەن پێکهاتووە. پێکهێنانی بونیادی پەرلەمانی کوردستانیش لەسەر بنچینەیی ئەم خاڵانەی خوارەوە دروست دەبێت، کە بریتین لە:

١. "سەرۆکایەتی پەرلەمان لەسەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆک و سکرتێری پەرلەمان پێک دێت.
٢. ئەنجوومەنی نوێنەران لە(١١١)ئەندام پێکدێت.
٣. لیژنە هەمیشەییەکان: لە(١٩)لیژنە پێکهاتووە.
٤. فراکسیۆنەکانی پەرلەمان: خولی پێنجەم لە(١٦)فراکسیۆن پێکهاتووە.
٥. دەبێت لە(٣٠٪)ی ئەندامانی پەرلەمان لە ڕەگەزی مێینە کەمتر نەبێت.

٦. پەرلەمانی کوردستان لەماوەی هەر ساڵێکدا دوو خولی بەستنی هەیە، بەم شێوەیە:

خولی گرێدانی یەکەم: لەمانگی ئادارەوە دەستپێدەکات و لەکۆتایی حوزەیراندا تەواو دەبێت.

خولی گرێدانی دووەم: لەمانگی ئەیلولەوە دەستپێدەکات و لەکۆتایی کانونی یەکەمدا تەواو دەبێت."(پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ٢٠٢٠، ل١٢).

## دووەم/ لیژنە هەمیشەییەکان و لیژنە کاتییەکان/

پەرلەمان ئەرک و بەرپرسیارێتییەکی زۆرقورسی لەڕووی یاسادانانەوە لەئەستۆدایە، هەر لەو پێناوەشدا بەردەوام بەسەر چەند لیژنەیەکدا دابەش دەکرێت، کە هەریەکێک لەو لیژنانە ڕۆڵی وەزارەتێک دەبینێت، دەبێت لەهەر لیژنەیەکیشدا نوێنەرێکی ناوچەیی و نوێنەرێکی سیاسی هەبێت.(جلال، ١٩٩٩، ل١٠). چونکە لیژنەکان کارو ئەرکەکەیان ئەوەیە لەڕێگەی ئەوانەوە پەرلەمان یاسا دابنێت و یاسای نوێش دەربکات، پاشان بیخاتە ئەستۆی حکومەت بۆ جێبەجێکردنی، بەئامانجی ڕێکخستنی کاروباری کۆمەڵگەو پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتیان.(مرحبا، ٢٠٠٧، ل٢٠٩).

هەرلەبەر ئەو گرنگیەیانە پەرلەمان زۆربەی هەرە زۆری کارو ئەرکەکانی لەڕێی لیژنەکانەوە بەڕێوەدەبات و تیایدا بۆ هەر وەزارەتێک و دەستەیەکی سەربەخۆ لیژنەیەک هەیە بەرپرسە لەچاودێریکردن، هەندێ لیژنەش لەیەککاتدا چاودێری چەند وەزارەتێک دەکات، هەر لیژنەیەکیش سەرۆک و جێگرو بڕیاردەری هەیە. لەلایەکیترەوە هەندێک لیژنەی پەرلەمان کاتین کە پێشیان دەوترێت لیژنەی لێکۆڵینەوە، ئەمەش بۆ جێبەجێکردنی ئەرکێکی کاتی کە بەپێی بارودۆخ دروستبووە یان ئەو لیژنانەن کە بەهۆی ڕوداوێکی تایبەتەوە دروستدەکرێن بۆ لێکۆڵینەوە لێی و پێشکەشکردنی ڕاپۆرتێک بۆ پەرلەمان.(ڕۆستایی، ٢٠٠٩، ل٢٢-٢٣).

کەواتە لیژنەکان بەکۆڵەکەی دەسەڵاتی پەرلەمان دادەنرێن و کارایی لیژنەکان مەرجی کارایی هەر پەرلەمانێکە، لەبەرئەم گرنگیەیانە پەرلەمانی کوردستان لیژنەکانی دابەش کردووەو ژمارەی لیژنە هەمیشەییەکان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ دیاریکراون پێکهاتوون لە (١٩)لیژنەی جیاجیا. بەڵام لەناو هەموو لیژنەکاندا، لیژنەی کاروباری یاسایی لەپەرلەمانی کوردستاندا لەهەموویان گرنگترو هەستیارترە، چونکە چۆنێتی پێکهاتنی و کارو ئەرکەکەی جیاوازە لەهەموو لیژنەکانیترو لیژنەیەکی هەمیشەیی پەرلەمانەو تەنانەت لەیەکەم دەورەی بەستن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی پێکدەهێنرێت، بۆیە لەسەرووی هەموو لیژنەکاندایە، چونکە تەنها ئەم لیژنەیە سەیری ئەو مەسەلەو بابەتانە دەکات کە شێوەیەکی یاساییان هەیەو بۆی هەیە هەڵیبسەنگێنێت پێش ئەوەی ببێت بەیاسا، هەروەها ئەم لیژنە یاساییە

تایبەتمەندیشە بەدارشتنەوەی یاساکان و دروستییان لەرووی یاسایی و زمانەوانی، پاشان دەیخاتە بەردەم پەرلەمان بۆ وتوویژکردن لەسەری، مەرجیشە زۆربەی ئەندامانی ئەم لیژنەیە لەو کەسانەبن کە خاوەنی بروانامەی (یاسا)ن، چونکە ئەرکەکەیان بریتییە لەو یاسایانەی کە پەرلەمان دەریان دەکات.

لەئەنجامی هەموو ئەو ئەرک و کارانەی دەکەویتە ئەستۆیان، کە هەموو پرۆژەیاساو پیشنیارەکان دەنیردریٚن بۆ ئەم لیژنەی یاساییە، بەلام لەگەل ئەوەشدا کارەکەیان راویژکارییەو لەکۆتاییدا بریاری کۆتایی تەنیا پەیوەستە بەرەزامەندی پەرلەمانەوە، بەلام ئەم لیژنەیە رەشنووسی یاساکان چارەسەر دەکات، ئەمەش زۆرترین کاری پەرلەمانە کە ئەم لیژنەیە دەیکات.(بەزاز، ٢٠٠٨، ل٢٣-٢٦).

لیژنەی یاسایی بۆیە هەموو ئەو کارانە دەکات لەبەر ئەوەی هەموو کارو پرۆژەکان ناچنە ناو تایبەتمەندی دەسەلاتەکانی لیژنە تایبەتمەندەکان، بەلام هەموو لیژنەکان کاتیک پرۆژەیاسا پیشکەشدەکەن، ئەوا پیش ئەوەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بریاری دەرچواندنی بەیاسابوونی بدات، ئەوا دەبیت ئەم لیژنەیە خوێندنەوەو هەلسەنگاندنی بۆ بکات تاوەکو لەگەل دەستوورو پەیرەوی ناوخۆدا یەکانگیر بیت، پاشان دەنیردریتە بەردەم سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئینجا پەرلەمان لە دانیشتنەکانیدا خوێندنەوە بۆ پرۆژەیاساکان دەکات، بۆ بوون بەیاسایەکی فەرمی یاخود رەتکردنەوەی.

"بەگوێرەی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، لەبەشی پێنجەم، ماددەی(٢٧)دا لەبرگەی یەکەم تا پێنجەمی ئەم ماددەیەدا باسی دروستبوون و پیکهینانی لیژنەکان دەکات و پەرلەمانتار بەپیی ئارەزووی خۆی و پسپۆرییەکەی بەشداری ئەم لیژنانە دەکات.

برگەی یەکەم: مەرجە لیژنە هەمیشەییەکان لەماوەی(٢٥)رۆژدا، لەریکەوتی کۆتایی هاتنی یەکەم دانیشتنی پەرلەمان، بەدەنگی زۆرینەی ئامادەبووانی پەرلەمان هەلبژیردرێن.

برگەی دووەم: لیژنەکان لە ژمارەیەک ئەندام پیکدین کە نابیت لە(٥) ئەندام کەمترو لە(١١) ئەندام زیاتربن."(پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان- عیراق، ٢٠٢٠، ل٣٤).

کاری ئەم لیژنانەش بەدواداچوونە بۆ پرۆژەو کارەکانی حکومەت و چوونە ناو هاولاتیان بەمەبەستی ئاگاداربوون لەکیشەکانیان، هەر لیژنەیەکیش لەچوارچیوەی پسپۆرییەکەیدا لیکۆلینەوەو سەردانی مەیدانی ئەنجامدەدات، لەسەر ئاستی جیبەجیکردنی ئەو یاسا گشتییانەی بەبەرژەوەندییە بنەرەتییەکانی هاولاتیانی هەریم پەوەندیدارن.

بۆ ئەو مەبەستەش پەرلەمانی کوردستان کە لە(١٠٨)ئەندامی پەرلەمان پیکهاتووە، هەر ئەندامیک بەپیی پسپۆرییەکەی ئەندامی لیژنە هەمیشەییەکانە، لەوانە(٥٧)پەرلەمانتار لە دوو لیژنە ئەندامن و (٥١)پەرلەمانتاریش تەنها لەیەک لیژنە ئەندامن. **کە بەپیی ئەم خشتەیەی**

**خوارەوە، ناوی لیژنە هەمیشەییەکان و دابەشبوونی بڕوانامەکانیان بەپێی پسپۆڕییەکانیان لەلیژنەکاندا، دەخەینەڕوو:**

## خشتەی(٣)

ناوی لیژنە هەمیشەییەکان و دابەشبوونی ژمارەی ئەندامان لەلیژنەکاندا بەپێی بڕوانامەکانیان

| ژ | ناوی لیژنەکان | دکتۆرا | ماستەر | دبلۆمی باڵا | بەکالۆریۆس | خوار زانکۆیی | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کاروباری یاسایی | ٠ | ٣ | ٠ | ٨ | ٠ | ١١ |
| ٢ | دارایی و کاروباری ئابووری | ١ | ١ | ١ | ٧ | ١ | ١١ |
| ٣ | کاروباری پێشمەرگە | ٠ | ٠ | ١ | ٦ | ٤ | ١١ |
| ٤ | ناوخۆو ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان | ٠ | ٢ | ٠ | ٥ | ٤ | ١١ |
| ٥ | کشتوکاڵ و ئاودێری | ٤ | ٠ | ٠ | ٣ | ٣ | ١٠ |
| ٦ | پەروەردەو خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی | ٢ | ٢ | ٠ | ٦ | ١ | ١١ |
| ٧ | کاروباری تەندروستی و ژینگەو مافی بەکاربەر | ٢ | ١ | ١ | ٧ | ٠ | ١١ |
| ٨ | کاروباری شەهیدان و جینۆسایدو زیندانیانی سیاسی | ١ | ١ | ٠ | ٤ | ٥ | ١١ |
| ٩ | پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی | ٠ | ٢ | ٠ | ٥ | ٠ | ٧ |
| ١٠ | ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم | ١ | ٠ | ٠ | ٣ | ٧ | ١١ |
| ١١ | وزەو سامانە سروشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی | ١ | ٤ | ٠ | ٥ | ٠ | ١٠ |
| ١٢ | شارەوانی و گواستنەوەو گەیاندن و گەشتوگوزار | ٠ | ٠ | ١ | ٧ | ٣ | ١١ |
| ١٣ | لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو وەبەرهێنان | ١ | ٠ | ١ | ٧ | ١ | ١٠ |
| ١٤ | ڕۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان | ٠ | ١ | ١ | ٧ | ١ | ١٠ |
| ١٥ | دەستپاکی | ٠ | ٠ | ٠ | ٧ | ٣ | ١٠ |
| ١٦ | کاروباری پەرلەمان و سکاڵا | ١ | ٣ | ١ | ٥ | ١ | ١١ |
| ١٧ | ئەوقاف و کاروباری ئایینی | ٢ | ١ | ٠ | ٦ | ٢ | ١١ |
| ١٨ | کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکیکردن لەمافی مرۆڤ | ٠ | ٠ | ١ | ٧ | ٣ | ١١ |
| ١٩ | داکۆکیکردن لەمافی ئافرەت | ٠ | ١ | ١ | ٤ | ١ | ٧ |
| | کۆی گشتی | ١٦ | ٢٥ | ٧ | ١٠٨ | ٤٥ | ١٩٧ |

(ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان، ٢٠٢١، ل٦٧-٨٥).

## باسی دووەم: ئەرکەکانی پەرلەمانی کوردستان:

پەرلەمان بۆ دابینکردن و جێگیرکردنی سیستم و دامەزراوەکان و خزمەتگوزاری گشتی ئەرکگەلێکی هەمەچەشن و جیاوازی هەیە، لەبەرامبەر ئەو بەرپرسیارێتی و ئەرکە قورسانەشی دەکەوێتە ئەستۆی، پێویستی بەدانانی سیاسەتێکی گشتی لەبواری(یاسایی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، کارگێڕی)یە، کەواتە پێویستە پەرلەمان لەهەر سیستمێکی سیاسیدا بەهێزبێت، ئەگەر ئەو بەهێزیەی لەڕێگەی سیستمە سیاسییەکەیەوە دەستنەکەوێت، ئەوا لەبەرامبەردا بێدەسەڵات و ناچالاک دەبێت، پاشان گەندەڵی و داخورانی کارگێڕیشی تێدا بڵاودەبێتەوە.

بۆیە ئەرکی بنچینەیی هەر دەوڵەتێک کارکردنە بۆ جێبەجێکردنی یاسا لەچوارچێوەی سیستمێکی دیاریکراوی سیاسیدا، "واتە دەوڵەت دەبێت پابەندی جێبەجێکردنی سێ ئەرکی یاسایی گشتی بێت کە بریتین لە ئەرکەکانی هەریەکە لەدامەزراوەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری."(المتیت، ١٩٨٢، ل٣٩). لەدوای بەیاساییکردنی ئەم دامەزراوانە لەڕێگەی سیستمە سیاسییەکەوە، ئینجا ئەرکی هەریەکێکیان دیاریدەکرێت، ئامانج لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لەخستنەڕووی ئەرکە سەرەکییەکانی پەرلەمان پاشان ئاستەنگەکانی بەردەم ئەو ئەرکانە لەبەشی سێیەمدا دەخرێتەڕوو. ئەرکەکانیش بریتین لە:

### تەوەری یەکەم/ ئەرکی یاسادانان/

ئەرکی یاسادانان لەڕیزی پێشەوەی ئەو ئەرکانەوە دێت کە پەرلەمان لەئەستۆیدایەو هاوڵاتیان بەپەرۆشەوە لەچاوەڕوانی جێبەجێکردنیاندان، تەنانەت بەگرنگترین کاری پەرلەمان لەقەڵەمدەدرێت، چونکە خۆی دەبینێتەوە لەداڕشتنی یاساکان و پێشنیارکردنیان و بڕیارلێدان و پەسەندکردنیان.

یاسا بنەمای ڕێکخستن و پێشکەوتنی کۆمەڵگەیەو تەنانەت کۆمەڵگەی پێشکەوتوو لەپێشکەوتوویی یاساکانییەوە دەناسرێتەوە، واتە یاساکان چەند بەدەم پێداویستییەکان و داواکارییەکانی هاوڵاتیانەوە بن، ئەوەندە هاوکار دەبن لەهێمنی و بەرقەرارکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لەنێو کۆمەڵگەدا، هەروەها چەند یاساش لەوڵاتدا سەروەر بێت، ئەوەندە ئاسوودەیی باڵی بەسەر وڵات و هاوڵاتیاندا دەکێشێت.(هەمەوەند، ٢٠١١، ل٥)، بۆیە هەر یاسایەک لەقۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا گرنگی و بایەخی خۆی هەیە کە لەهەوڵی بەرجەستەکردنی هاوسەنگی نێوان بەرژەوەندی و مافەکانی هاوڵاتیاندایە.(پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن، ٢٠١١، ل٥).

کەواتە ئەرکی بنچینەیی پەرلەمان بۆ بەڕێوەبردنی یاساو دەرکردنی یاسایەو ئەرکی هیچ دامەزراوەیەکیتر نییە ئەو دەسەڵاتەی هەبێت، لەهەر وڵاتێکیشدا هەمیشە هەموو کارەکانی دەرکردنی یاساکانی لەژێر ڕکێفیدایە، چونکە گەورەترین و باڵاترین سەرچاوەی دەسەڵاتە.(فاتیح، ٢٠٠٤، ل٢١).

هەموو پرۆسەیەکی یاساکاری لەپەرلەمانی کوردستان کە لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە ئەنجامدەدرێت بەچەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت، "ئینجا دوای ئەم قۆناغانە هێشتا یاساکە بەیاسایەکی بەرکار دانانرێت تا ئەو کاتەی لە ڕۆژنامەی وەقائیعی ڕەسمی کوردستاندا بڵاودەکرێتەوە، ئەمە قۆناغێکی زۆرگرنگە، چونکە کاتێک یاساکە لەم ڕۆژنامەیە بڵاوکرایەوە ئینجا هێزی پابەندکاریی دەستپێدەکات بەگوێرەی ئەو ڕێکەوتەی یاساکە دەقی لەسەر دەهێنێت، ئەمەش بەڕێکەوتی بەرکاربوونی یاساکە دادەنرێت، کەواتە پەرلەمان بەرپرسە لەدەرکردنی یاساکان بۆ دامەزراوەکانیترو بەشێوەیەکی سەرەکی ڕۆڵ لەدەرکردنی یاساکان دەبینێت و وا لەحکومەتیش دەکات ئەو یاسایانە لەپێناو بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتیان و کۆمەڵگە جێبەجێ بکات."(عەبدول، ٢٠٢٠، ل١٧٣).

پێویستە لەکاتی پێشکەشکردن و پەسەندکردنی هەر یاساو بڕیارێک یان هەموارکردنەوەی هەندێک لەیاساکان بەرژەوەندی گشتی و پێداویستییەکانی هاوڵاتیان لەبەرچاو بگیرێت، چونکە لە ئەرکی یاسادانانداا ئەوەندەی بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگەو خزمەتکردنی هاوڵاتیان گرنگە، ئەوەندە زۆری و بۆری لەدەرکردنی یاساکان گرنگ نییە، هەروەها ئەوە پەرلەمانە وەک باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانان کاردەکات بۆ دەستەبەرکردنی مافی هاوڵاتیان و پاراستنی موڵک و ماڵی تایبەتی و گشتی، پاشان پارێزگاریکردن لەسەلامەتی و سەقامگیری کۆمەڵگەو بەرژەوەندی گشتی وڵات و سیستمی سیاسی، ئەمەش بەندە بەیاسادانانێکی دروست و جێگیرو سەقامگیری یاسایی لە پەرلەمان، چونکە ئەوە یاساکانن پابەندی دروست دەکەن لەسەر هەموو لایەک.(وەرتی، ٢٠١٤، ل٢٦).

لە یاسادانانداا دەبێت باری کۆمەڵگە لەڕووی کۆمەلایەتی و کلتووری و ئابوورییەوە لەبەرچاو بگیرێت و یاساکان گشتگیربن تاوەکو ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان ڕێکبخات و جیاکارییان تێدا نەبێت بۆ سەرجەم تاکەکان لەکۆمەڵگەدا. "بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاساو ڕێنماییانەش پێویستە پەرلەمان لەڕەهەندێکی دوور مەودادا گەلاڵەی ئەو یاسایانە بکات کە دەریان دەکات، واتە پێویستە چاودێری جێبەجێکردنی یاساکانی بکات تاوەکو بەرژەوەندی گشتی نەفەوتێت، چونکە تەنها لەڕێگەی پەرلەمانەوەیە دەتوانرێت زامنی بەرژەوەندی گشتی بکرێت."(حیاوی، ٢٠٠٤، ل١٥).

پەرلەمان لەئەمڕۆدا بووەتە لوتکەی خاوەن دەسەلات بۆ چەسپاندنی هەر پرۆژەیەکی یاسایی پێشنیارکراو یان ڕاستکردنەوەی دەقەکان تا پوچەڵکردنەوەی هەندێ یاسای تایبەت بەدەسەڵاتیش، کە خۆی لەدانانی یاسای نوێ و گۆڕینی یاسا کۆنەکان یان باشترکردنیان و

بەرکارکردنی یاساکاندا دەبینێتەوە، کەواتە پەرلەمانەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لەدامەزراندنی ئەو سیستمە یاساییەی ژیانی کۆمەڵگە ڕێکدەخات.

بۆ ئەو مەبەستە "پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، لەبەشی هەشتەم، ماددەی(٧٧) تا (٩٧) پرۆسەی یاسادانان لەپەرلەمانی کوردستان ڕێکخراوەو باسی ئەو لایەنانە دەکات کەمافی ئەوەیان هەیە پرۆژەو پرۆژەیاسا پێشکەش بکەن، ئەو مافەشی بەهاوبەشی بەخشیوەتە هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن. لەهەمان کاتدا ئەو مافەشی بەخشیوەتە دەسەڵاتی دادوەری و هەندێک لەدەستە سەربەخۆکان وەک دەستەی دەستپاکی و کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، ئەو مافەشی کە بەخشیوە بەهەموو ئەمانە، بەو مەرجەیە کە پرۆژە یاساکەیان تەنها پەیوەندیدار بێت بەکاروبارەکانی خۆیان و تایبەت بەو دەسەڵاتەی پێیاندراوە."(حامد، ٢٠٢١، ل٥٦-٥٧).

یاسادانان بەچەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت، لەوانە: (پێشنیارکردنی یاساو گفتوگۆکردنی و پەسەندکردنی پاشان بڕیارلێدانی) لەئەنجامی ئەمشێوازە کارکردنە، پەیڕەوی ناوخۆیی پەرلەمانی کوردستان، ئەرک و دەسەڵاتەکانی پەرلەمانی لەڕووی یاسادانانەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دارِشتووە:

**"یەکەم: یاسادانان:** مەبەست لەیاسادانان، لەبەشی هەشتەم ماددەی(٧٧)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان - عێراقدا هاتووە، بەمشێوەیەی خوارەوە مەبەستی یاسادانان دیاریکراوە:

١. دەرکردنی یاسا و بڕیار.
٢. هەموارکردنی یاسا و بڕیارە کارپێکراوەکان.
٣. بەرکارکردن یان هەموارکردنی کارپێکردنی یاسا فیدراڵییەکان.

**دووەم: پرۆسەی یاسادانان:** مەبەست لەم پرۆسەیە بریتییەلە گفتوگۆو پەسەندکردنی، کە لەبەشی هەشتەم و لەماددەی(٧٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا هاتووە، بەم شێوەی خوارەوە دیاریکراوە:

١. ئەو پرۆژەیاساو بڕیارانەی تایبەتن بەسەرۆکایەتی هەرێم و لەبواری تایبەتمەندی خۆیانن پێشکەشدەکرێن.
٢. ئەو پرۆژە یاسایانەی کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەشدەکرێن.
٣. ئەو پرۆژە یاسایانەی لەلایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە لەوبابەتانەی پەیوەندیدارن بەخۆیان پێشکەشدەکرێن.
٤. ئەو پرۆژە یاساوبڕیارانەی لەلایەن دەستە سەربەخۆکان و هەر دامەزراوەیەک کە بەپێی یاسا کارپێکراوەکان مافیان پێدراوە پێشکەشدەکرێن.

٥. ئەو پێشنیازی یاساو بڕیارانەی، کە لانیکەم لەلایەن (١٠)دە پەرلەمانتارەوە پێشکەشدەکرێن.

**سێیەم: پێشنیازی یاساو بڕیار:** هەر لەبەشی هەشتەم سەبارەت بەئەرکی یاسادانان لەماددەی(٧٩)ی پەیڕەوی ناوخۆ دوای هەموارکردنەوەی بەمشێوەیە خراوەتەڕوو:

پێشنیازی یاساو بڕیارەکان، کەلەلایەن ژمارەی پێویست لەئەندامانەوە، پێشکەش دەکرێن، پێویستە شێوازی یاسادانان لەخۆبگرن و لەماوەی(١٤)ڕۆژداو لەڕێکەوتی پێشکەشکردنیانەوە لەلایەن لیژنەی یاساییەوە بەهەماهەنگی لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی بڕیاریان لەسەر دەدرێت، لەسەربنەمای گونجاندنیان لەگەڵ یەکێک لەم پێوەرانە:

١. هەبوونی بابەتێکی گشتی، یان بۆشاییەکی یاسایی، یان کەموکوڕی لەدەقەکانی یاسایەک یان بڕیارێک، کە پێویست بێت یاسایەک یان بڕیارێکی بۆ دەربچێت.
٢. ئەگەر بووە مایەی لێکەوتەی بارگرانی دارایی لەسەر حکومەت، پێش خوێندنەوەی یەکەم، ئاڕاستەیان دەکرێت بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی سەبارەت بەو لێکەوتە داراییەی کە لەئەنجامی دەرچوواندنی یاساکە دەکەوێتە ئەستۆیان."(پەیڕەوی ناوخۆیی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، ٢٠٢٠، ل٦٧-٦٩).

"یاساو بڕیارەکان لەلایەن پەرلەمانی کوردستان بەزۆرینەی ژمارەی ئەندامە ئامادەبووەکان دەردەکرێن، جگە لەو حاڵەتانەی زۆرینەی تایبەتیان تێدا مەرجدارکراوە، هەروەها هەر (١٠)دە ئەندامی پەرلەمان دەتوانن پێشنیازی هەموارکردنی حوکمەکانی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بکەن، ئەمەش بەڕەزامەندی زۆرینەی ئامادەبووانی ئەندامان هەمواردەکرێن، هەروەها لە (١٠)دە ئەندامی پەرلەمان کەمتر نەبێت بۆیان هەیە پڕۆژەی یاساو بڕیار پێشنیاز بکەن."(سۆفی، ٢٠١٤، ل٦-٧).

"لەکۆتاییدا بایەخدان بەداڕشتنی یاساو دەرکردنی یاسا مەبەست لێی تەنهاو تەنها لایەنی شێوەکاری یاسا نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە یارمەتیدەر بێت لەگەیشتن بەحاڵەتی شەرعیبوونی یاسایی یاسا داڕێژاوەکە، ئەوەش لەڕێگەی دەرکردن و دانانی یاسای باش و پێشکەوتوو بەوپەڕی وردی و ڕوونی، لەهەمانکاتدا گونجاو بێت لەگەڵ دەستوورو تێک نەگیرێت لەگەڵ یاساکانیترو هاوڵاتیانیش لێیتێبگەن و لەگەڵ خواست و داواکارییەکانیاندا بێت، تاوەکو پیادەکردنی لەواقیعدا ئاسان بێت."(ڕۆستایی، ٢٠١٣، ل٤٨- ٤٩).

دانان و داڕشتنی یاساکان بناغەیەکی سەرەکین بۆ سەرکەوتن و کارئاسانی ئەوانەی جێبەجێیدەکەن و بۆ بەرچاوڕوونی ئەوانەی یاساکەیان بەسەردا پیادە دەکرێت. "لەبەرئەوە دەبێت یاسادانەر زۆر وریابێت لەکاتی داڕشتنیداو هەوڵبدات یاساکە ڕەوان و بێخەوش و بێکەموزیاد بێت، هەروەها گشت ڕەهەندەکان بخاتە بەرچاو، ئایا ئەو یاسایەی دایدەنێت یان هەمواری دەکات، ماددەکانی ناکۆک نابن لەگەڵ یاسایەکی بەرکاری دیکە؟ یان لەگەڵ

ماددەکانی پێشووی یان لەگەڵ ماددەکانی دواتری یاساکە ناکۆک نابێت؟ ئەگەر بەم وردییە نەبێت ئەوا پشێوییەک بۆ هەموو ئەو لایەنانەی پەیوەستن پێیەوە پەیدا دەکات، لەبەرئەوەی دادوەرو داواکاری گشتی و لێکۆڵەری دادی و یاریدەدەری دادوەری و لێکۆڵەری پۆلیس تا دەگاتە پارێزەرانیش، ڕەچاوی هەر ڕستەو پەرەگرافێک دەکەن کە لەیاساکەدا هاتووەو لەهەر خاڵێکیدا بەدوای ماناو مەبەستی یاسادانەردا دەگەڕێن بۆئەوەی پیادەی بکەن و ئەو ئامانجە بهێننەدی کە یاساکە مەبەستیەتی و بۆی دانراوە."(هەمەوەند، ٢٠٠٩، ل٧٧).

سەباری هەموو ئەم کلێشە یاساییانەی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دانراون و هەموو ئەو یاسایانەشی دەرکراون، حکومەتی هەرێم و دامەزراوەکان و هاوڵاتیان بەتەواوی پابەندی جێبەجێکردنیان نەبوون، چونکە لەواقیعدا ئەوەی هەستی پێدەکرێت ئەوەیە کە تاڕادەیەکی زۆر حکومەت و هاوڵاتیانیش پابەندی جێبەجێکردنی یاسا بەرکارەکان نابن، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو یاسایەنەی پەرلەمانی کوردستان دەریان دەکات کەموکوڕییەکی زۆر لە یاساکانیدا هەیەو تەنانەت هەندێ لە یاساکان چەند جارێک هەمواردەکرێنەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی بەپێی پێویستی و داخوازی و داواکارییەکانی هاوڵاتیان دەرناکرێن، هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی ڕووکەشیانە پابەندە بەو یاسایانەی پەرلەمانی کوردستان دەریان دەکات، بەڵکو تەنها ئەو یاسایانە جێبەجێ دەکات کە لەلایەن خۆیەوە بوون بە پرۆژەیاساو یاسایان لەپێناودا دەرکراوە.

## تەوەری دووەم/ ئەرکی چاودێریکردن/

چاودێریکردن لەسەر حکومەت ڕەنگە گرنگترین ئەرکی دەسەڵاتی یاسادانان بێت، ئەمەش بەو کاریگەرییە زۆرەی لەسەر ئەندامانی حکومەت بەجێیدەهێڵێت، چونکە یاساکان وا لەحکومەت دەکات لەبودجەی گشتی و سیاسەتی خۆیدا سەرڕاستانە بێت و بەباشی هەڵسوکەوت بکات و یاساکان جێبەجێبکات، کەواتە ئەم ئەرکە بۆ دڵنیابوونە لەوەی دەسەڵات لەژێر چاودێری بەردەوامدایەو ڕێگری لەخراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی حکومەت دەکات، ئەمەش لەڕێگەی کاری لیژنە هەمیشەییەکانییەوە ئەنجام دەدرێت.(طه، ٢٠١٦، ل١٧١).

پەرلەمان بەر لەهەرشتێک بەکۆمەڵەیەک دادەنرێت بۆ چاودێریکردنی کارەکانی حکومەت، چونکە چاودێریکردن گرنگترە لەدەنگدان لەسەر یاساکان، تەنانەت تایبەتمەندی یاسادانان بەهیچ جۆرێک پێش تایبەتمەندی چاودێریکردن ناکەوێت، کەواتە ئەم ئەرکە پێوەری کاریگەری پەرلەمانەو دەبێتەهۆی دروستکردنی هاوسەنگی لەنێوان پەرلەمان و حکومەت لەلایەک، لەنێوان حیزبەکانیش بەهەردوو بەرەیەوە(ئەوانەی حکومەتیان پێکهێناوەو ئەوانەش کە ئۆپۆزسیۆنن) لەلایەکی ترەوە.(حسن، ٢٠٠٩، ل٦٥).

چاودێریکردن دەرخەری هێزی دەسەڵاتی پەرلەمانە لەبەرامبەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن، ئەوەش لەڕێگەی چەند ئامرازێکەوە بۆ کارتێکردنی دەسەڵاتی یاسادانان بەسەر دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنەوە دێتەئاراوە، چونکە حکومەت دەزگایەکە لەچەند وەزارەتێک پێکهاتووە، ئەم وەزارەتانەش داڕشتنی سیاسەت و پلانی ستراتیژی گشتی و ئەرکی جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی دەکەوێتە ئەستۆ کە لەلایەن پەرلەمانەوە دەردەچن بۆ ڕێکخستنی کاروباری گشتی کۆمەڵگە، پەرلەمانیش لەڕێگەی ئەم ئەرکەوە بەردەوام چاودێرێکی چالاکدەبێت بەسەر حکومەتەوە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانەی لەڕێی یاساکانیەوە ئاڕاستەی دەکات لەپێناو بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەو پێداویستییەکانی هاوڵاتیان. سێ ئامانجی سەرەکیش لەپشتی بەجێگەیاندنی ئەرکی چاودێریکردنەوەن، ئەوانیش:

"١/ گەرەنتی یان زامنکردنی شەفافییەت و کرانەوەی ڕێکارەکان، واتە بڕیارەکانی دەسەڵاتە جێبەجێکارەکان ڕوون و ئاشکراو دیار دەبن لەپەیڕەوکردنی دەسەڵاتەکانیاندا.

٢/ لێپرسینەوە لەبەڕێوەبەری جێبەجێکار، کە لێپرسینەوەی دارایی و لێپرسینەوەی بەگەڕخستن دەگرێتەوە، ئەمەش بەو ئامانجەیە کە لەڕێگەی چاودێریکردنەوە بەفیڕۆدانەکان لەسامانی گشتیدا دروست نابێت.

٣/ پارێزگاریکردن لەسەروەری یاسا، واتا پەرلەمان لە دەستێوەردانی دەسەڵاتی حکومەت پارێزراو بێت."(سلێمان، ٢٠١٩، ل١٧).

لەڕوونکردنەوەو دەرخستنی ئەم ئەرکە گرنگەوە دەگەینە ئەوەی بزانین پەرلەمانی کوردستان بە چ پێوەرێک و ئامرازێکی گرنگ پرۆسەی چاودێریکردن پەیڕەو دەکات و دەسەڵاتەکانی چاودێریکردن بۆ لێپرسینەوە لەچیدا بەدەردەکەون و چۆن جێبەجێیان دەکات؟ چونکە ئەوە پەرلەمانە چاودێری کارەکانی حکومەت دەکات و هەڵیاندەسەنگێنێت و بۆی هەیە گفتوگۆی سیاسەتە گشتییەکانیشی بکات، هەرخۆیشی بڕیار دەدات کام ئامراز لەپرۆسەی چاودێریدا بەکاربهێنێت، کە لەبەشی حەوتەم، ماددەی(٥٨) تا ماددەی(٧٦) لەپەیڕەوی ناوخۆ بەوردی خراوەتەڕوو. ئامرازەکانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

**یەکەم: پرسیارکردن:** مەبەست لەپرسیارکردن ئاگادارکردنەوەو ڕوونکردنەوەی کارێکە لەکارەکانی حکومەت، ئەندام پەرلەمانیش کاتێک پرسیار ئاڕاستەی وەزیرێک یا سەرۆک وەزیران دەکات، ئامانجی ئەوەیە ڕاستی ڕەفتارێک لەڕەفتارەکانی ئەو وەزیرە بزانێت. کەواتە پرسیارکردن بریتییەلە داواکردنی ڕوونکردنەوە لەلایەن پەرلەمانتارێکەوە دەربارەی مەسەلەیەکی دیاریکراو لەوەزیری پەیوەندیدار، پەیوەندییەکە پەیوەستە لەنێوان دووکەس ئەوانیش ئەو لایەنەی پرسیار دەکات (ئەندام پەرلەمان) وە ئەو لایەنەی پرسیاری ئاڕاستەکراوەو وەڵامدەداتەوە (وەزیری بەرپرس).(عبدالله، ٢٠٠٩، ل١٧٠).

مەبەست لەپرسیارکردن، توانای هەر ئەندامێکی پەرلەمانە پرسیار ئاڕاستەی وەزیرەکان بکات کە پەیوەندی بەکارەکانی وەزارەتەکانیانەوە هەیە، بەڵام بۆی نییە لەسەر یەک بابەت پرسیار ئاڕاستەی چەند وەزیرێک بکات، بۆیە دەبێت ئەو وەزیرە دەستنیشان بکات کە پەیوەندیدارو پەیوەستە بەبابەتی پرسیارەکەیەوە.(خالد، ٢٠١٩، ل٨٣).

ئەم کارەش هەمووی بەپێی ئەو ڕێکارە یاساییانە دەبێت کە لەدەستووردا بنەماکانی داڕێژراوەو ڕێکخستنیان جێهێشتووە بۆ پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، بەڵام ئەگەر ئەندام بەوەڵامی وەزیرەکە ڕازی نەبوو، دەگونجێت بابەتەکە لەپرسیارکردنەوە بگۆڕێت بۆ لێپرسینەوە، هەر لەبەر ئەو گرنگیەیەتی تێبینی ئەوەدەکرێت پەرلەمان مافی پرسیارکردن لە ئامرازەکانی تری چاودێریکردن زیاتر بەکاربهێنێت، لەبەرئەوەی کۆمەڵێک دەرئەنجامی لێدەکەوێتەوە، بۆیە تەنها بۆ پرسیارکەرەکە تایبەتمەند کراوە سەرنج و تێبینی لەسەر وەڵامی وەزیرەکە بدات، چونکە لەپشتی پرسیارکەرەکەوە ئیرادەی دەنگدەر بەرجەستە دەبێت، کەواتە هەرکاتێک ئەندام هەستیکرد نەیتوانیوە لەڕێگەی ئەو پرسیارەی ئاڕاستەی وەزیر یان وەزارەتی پەیوەندیداری کردووە خواستی هاوڵاتیان بەدیبهێنێت یان نەیتوانیوە داواکاری و داخوازییەکان لەڕێگەی پرسیارەکانییەوە بگەیەنێت، دەتوانێت پرسیارەکەی بکشێنێتەوە.

هەربۆیە "بەپێی ماددەی(٥٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ئەندام دەتوانێت، پرسیاری نوسراو، یان زارەکی لەڕێی دەستەی سەرۆکایەتییەوە، بۆ سەرۆک وەزیران یان ئەندامی ئەنجومەنی وەزیران بنێرێت بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتێک کە دەکەوێتە چوارچێوەی پسپۆڕییەکەیان یان بابەتێک کە ئەندام زانیاریی لەبارەیەوە نییە، یان دەیەوێت

بەدواداچوونی لەبارەوە بکات، یان دەیەوێت ڕای حکومەت لەبارەی بابەتێکەوە بزانێت. سەبارەت بەئامڕازی پرسیارکردن پەرلەمانی کوردستان لەماددەی(٥٩) کۆمەڵێک مەرجی دیاریکردووە کە ئەندام دەتوانێت لەڕێگەیانەوە پرسیار بکات. ئەوانیش:

یەکەم: دەبێت پرسیار لەلایەن یەک ئەندام یان زیاتر پێشکەش کرابێت و ڕێکەوت و واژۆی لەسەربێت و لەڕێی سەرۆکەوە ئاڕاستە کرا بێت.

دووەم: دەبێت پرسیار ڕوون و پوخت بێت و مەبەستەکەی دیاریکراو بێت، توانج و ڕای تێدا نەبێت و لەکەداری کەسێتییەکان و دەستەو دامەزراوەکانی هەرێم نەکات.

سێیەم: دەبێت پرسیارەکە لەتایبەتمەندی ئەو وەزارەتە بێت کە پرسیارەکەی ئاڕاستە کراوە.

چوارەم: نابێت پرسیارەکە پێچەوانەی دەستوورو یاساو بەرژەوەندی گشتی بێت و نابێت پێشتریش وەڵامدرابێتەوە.

پێنجەم: ئەو پرسیارانەی بۆ سەرۆک وەزیران و جێگرەکەی دەنێردرێن دەبێت بەکارنامەو سیاسەتی گشتی حکومەت و جێبەجێکردنی یاسای بەرکار پەیوەستبن."(پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، ٢٠٢٠، ل٥٦-٥٧).

دەستەی سەرۆکایەتی دەتوانێت ئەو پرسیارانە ڕەتبکاتەوە، ئەگەر یەکێک لەو مەرجانەی سەرەوەی تێدا نەبێت، دانانی ئەم ڕێساو مەرجانەش وا دەکات کاری پەرلەمانتاری بۆ ئەرکی چاودێریکردن چالاک نەبێت، چونکە دانانی مەرجێکی توند لەبەرامبەر پرسیارکردنەکەدا وا دەکات پەرلەمانتار نەتوانێت دەستکراوە بێت لە ئەرک و ئەو بەرپرسیارێتییانەی کە لەسەر شانیەتی.

**دووەم: خستنەڕووی بابەتێکی گشتی بۆ گفتوگۆ:** گفتوگۆ ئامڕازێکی چاودێریکردنی پەرلەمانە، لەوانەیە لەلایەن پەرلەمانەوە بەتەواوی ئەندامەکانیەوە ئەنجام بدرێت یاخود لەوانەیە لیژنەیەک لەلیژنەکان ئەو کارە ئەنجام بدات بۆ لێکۆڵینەوە لە مەسەلەیەکی تایبەت بەکاری دەستەی جێبەجێکردنەوە.(خلف، ٢٠١٦، ل١٠٤).

بۆ ئەو مەبەستەش پەرلەمانی کوردستان ئەم ئامڕازەی لە ماددەی(٦٦ و ٦٧)ی پەیڕەوی ناوخۆدا خستووەتەڕوو، "لەبڕگەی یەکەمدا، دەڵێت (١٠)ئەندام دەتوانن داوایەک پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی بکەن، بۆ ئەوەی بابەتێکی گشتی بخرێتەڕوو بۆ گفتوگۆ لەنێوان پەرلەمان و حکومەتدا بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی.

لەبڕگەی دووەمدا، سەرۆک وەزیران دەتوانێت داوا لە پەرلەمان بکات بۆ ئەوەی بابەتێک بۆ گفتوگۆکردن بەئامادەبوونی خۆی یان یەکێک لەئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بخرێتەڕوو، لەبەرامبەردا دەستەی سەرۆکایەتی دەبێت لەماوەیەکدا کە لە(١٤)ڕۆژ تێپەڕ

نەکات وادەی ئەو دانیشتنە دیاریبکات و لەو دانیشتنەشدا کە بۆ گفتوگۆ دەخرێتەڕوو پرساندن و لێسەندنەوەی متمانەی تێدا ناکرێت."(پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ٢٠٢٠، ل٦٠).

هەموو کات پەرلەمان بۆی هەیە لێکۆڵینەوە لەکارەکانی وەزارەتێک بکات ئەگەر بۆی دەرکەوت کەمتەرخەمە لەکارەکانی و بەباشی بەڕێوەیان نابات و گەندەڵی ئیداری و کارگێڕی تێدایە، بۆ ئەو مەبەستە پەرلەمان لەڕێگەی لیژنەکانییەوە چەند ئەندام پەرلەمانێک ڕادەسپێرێت بۆ لێکۆڵینەوە، ئەگەر لەئەنجامی لێکۆڵینەوەدا سەلمێنرا وەزارەتەکە بەباشی کارەکانی بەڕێوەنابات و گەندەڵی و ڕۆتینیاتی تێدایە، ئەوکات وەزیرەکە بانگهێشتی پەرلەمان دەکرێت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بابەتەکە.(مستەفا، ٢٠١٧، ل١٩٩). لەوەوە دەردەکەوێت ئەگەر ئەم پەرلەمانی کوردستان بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێیدراوە ئەم ڕێکارانە وەکو خۆی بەپێی یاسا جێبەجێ بکات، ئەوا گفتوگۆ بەردەوامەکان دەبێتە هۆی زیادکردن و چالاککردنی توانای پەرلەمان لەچاودێریکردن بەسەر کارەکانی حکومەتەوە، ئەنجامی ئەوەش دەبێتە مایەی ئەوەی کە حکومەت کەمترین کەمتەرخەمی لە کارەکانیدا هەبێت.

**سێیەم: پرساندن(لێپرسینەوە):** ئەگەر ئامڕازەکانی چاودێریکردن پلەبەندی کرابن لەپرسیارکردن و خستنەڕووی گفتوگۆی گشتی، ئەوا لێپرسینەوە یەکێکە لەئامڕازە چاودێرییەکانی پەرلەمان کە لەڕووی ناوەڕۆکەوە مەترسیدارترو کاریگەرترە.

لێپرسینەوە لێپێچینەوەی کەسە بەرپرسەکانە لەدامەزراوەو دەزگاکانی حکومەت، لەسەر ئەو ئەنجام و دەرەنجامانەی لەکارو ئەرکەکانیاندا چاوەڕوانیان لێدەکرێت. "ئامانج لەلێپرسینەوە دڵنیابوونە لەوەی کە کارو ئەرکەکانی بەرپرسان و کارمەندان لەوەزیفەی گشتیدا لەگەڵ ئەو بەهایانەی لەسەر دادپەروەری و یەکسانی و ئەمانەت دامەزراون لەگەڵ ئەو ڕێوشوێنەی یاسا بۆ ئەرکەکانیانی دەستنیشانکردووە ڕێکدەکەوێت، گەرەنتی دەستەبەر بوونی ئەم پڕۆسەیەش پەیوەستە بەباڵادەستی حوکمی یاساو بەهەبوونی دادوەرییەکی سەربەخۆو بێلایەن و دادپەروەرانە، بەڵام لەکاتی نەبوونی سەروەری یاساو دادوەری بێلایەندا پڕۆسەی لێپرسینەوە هیچ بایەخێکی نابێت، لەبەرئەوەی ئامانج و مەبەستەکانی ناپێکێت، پاشان خودی لێپرسینەوەکەش دەگۆڕێت بۆ گرفتێکی تری وەک ناوزڕاندن، تۆمەتبارکردن، چونکە پڕۆسەکە بە سیاسی دەکرێت."(باوەمراد، ٢٠١٠، ل٨٧–٨٨).

کەواتە لێپرسینەوە ئامڕازێکە تانەدان و تۆمەتبارکردنی لە پاڵە، بۆیە نابێتە هۆی دروستبوونی پەیوەندییەکی دوانەیی لەنێوان پەرلەمانتارو وەزیری پەیوەندیدار، بەڵکو هەموو ئەندام پەرلەمانەکان بۆیان هەیە بەشداری لەو لێپرسینەوەیەدا بکەن، تەنانەت ئەگەر ئەو ئەندام پەرلەمانەی لێپرسینەوەکەی پێشکەشکردووە پاشەکشەی کرد لێی، ئەوا لێپرسینەوەکە بەو پاشەکشەی ئەندامە کۆتایی نایەت.

پەرلەمانی کوردستان لەماددەی(٦٨) سەبارەت بەپرساندن ئەوەی خستووەتەڕوو: "بریتییەلە داواکردن لەسەرۆک وەزیران، یان یەکێک لەئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران، بۆ ڕوونکردنەوەی کارنامەی حکومەت و هۆکارەکانی ئەو بڕیارو ڕەفتارو کارانەی کەدەکەونە بواری پسپۆڕییەکەیان. لەبەر هەستیاری بابەتی پرساندنیش پەرلەمانی کوردستان لە ماددەی(٧٠) کۆمەڵێک مەرجی دیاریکردووە، کە بریتین لە:

یەکەم: داواکاری پرساندنەکە بەنووسین، هاوپێچ لەگەڵ بابەتی پرساندنەکەو بەڵگەو زانیاری و بەڵگەنامەکان ئاڕاستەی سەرۆک دەکرێن.

دووەم: پێویستە ئەو کەسەی پرساندنی لێکراوە، لەڕۆژی گەیشتنی پرساندنەکە لەماوەیەک کە لە (١٤)چوارده ڕۆژ تێپەڕ نەبێت وەڵامبداتەوە.

سێیەم: ئەگەر پرساندنەکە پێویستی بەلێکۆڵینەوەو کۆکردنەوەی زانیاری هەبوو، پرسێندراویش نەیتوانی لەماوەی دیاریکراودا وەڵامی بداتەوە، داوا لە سەرۆک دەکات بەدواخستنی پرساندنەکە بۆ ماوەیەک کە لە (٧)حەوت ڕۆژ زیاتر نەبێت، دواخستنی پرساندن لەو ماوەیەدا زیاتر بەڕەزامەندی پەرلەمان دەبێت.

چوارەم: دەستەی سەرۆکایەتی پرساندن و وەڵامەکەی لەبەرنامەی کاری نزیکترین دانیشتندا، ئەگەر وەڵامی پرساندنەکە لەکاتی دیاریکراودا نەگەیشتە پەرلەمان، ئەوا تەنیا پرساندنەکە دەکرێتە بابەتی گفتوگۆی دانیشتنی تەرخانکراو."(پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ٢٠٢٠، ل٦٢- ٦٣)

**چوارەم: لێسەندنەوەی متمانە:** ئەم ئامرازە بەمەترسیدارترین ئامرازی چاودێری پەرلەمان دادەنرێت و دوو جۆر بەرپرسیارێتی وزاریشمان هەیە:

"یەکەمیان: بەرپرسیارێتی تاکەکەسی، واتە بەرپرسیارێتی هەر وەزیرێک یاخود تەنها وەزارەتێکی بەرپرس دەبێت و متمانەی لێدەسەنرێتەوە، ئەمەش واتا بڕیاردان لەسەر بەرپرسبوونی یەکێک لەوەزیرەکانە، لەئەنجامی کارێک یا هەڵوێستێک کە پەیوەندی بەوەزارەتەکەیەوە هەیە، لەئەنجامدا لێسەندنەوەی متمانە لەو وەزیرەی بەتەنها لێدەکەوێتەوە، نەک لەهەموو وەزارەتەکە بەتەواوەتی.

دووەمیان: بەرپرسیارێتی بەکۆمەڵە یان هاوهەڵوێستی، واتە حکومەتەکە بەتەواوی بەرپرسەو متمانەی لەدەست دەدات، ئەمەش پێیدەوترێت بەرپرسیارێتی هاو ئەرکی، بەمانای ئەوەدێت وەزارەت لەدەستەیەکی بەکۆمەڵ پێکدێت کە بەرپرسە لەبەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت، لەپاشدا هەمووی بەرپرسە لەجێبەجێکردنی سیاسەتە گشتییەکەی حکومەت لەبەردەم پەرلەماندا، ئەگەریش پەرلەمان بۆی دەرکەوت کە حکومەت شیاوی ئەو متمانەیە نییە پێیبەخشیوە، ئەوا دەتوانێت متمانەی لێبسەنێتەوە."(هەمەوەند، ٢٠١٤، ل٧٠-٧١).

لەبارودۆخێکی ئاوادا یاسادانەرانی دەستووری کۆمەڵێک ڕێکارییان دیاریکردوە بۆ بەکارهێنانی لێسەندنەوەی متمانە، لەوانە:

١- بەتایبەتی بوار ڕەخساندن لەڕووی ماوەو ڕێکەوت تا بەکارهێنانی دوابخرێت بەمەبەستی ئەوەی ئەو جۆرە بڕیارە لەئەنجامی هەڵچوونی حیزبی و تێکالآنی سیاسییەوە نەبێت. واتە دیاریکردنی ماوەیەکی کاتی پێش گرتنەبەری ئەم مافە.

٢- دیاریکردنی ڕێژەیەکی زۆرینەی بەرچاو لەدەنگی ئەندام پەرلەمانەکان بۆ بڕیاردان لەسەر سەندنەوەی متمانە لەحکومەت."(عەبدوڵڵا و حوسێن، ٢٠١٩، ل٧٧- ٧٨). هەربۆیە پەرلەمانی کوردستان لەماددەی(٧٤)ی پەیڕەوی ناوخۆدا بەمشێوەیە بابەتی لێسەندنەوەی متمانەی خستووەتەڕوو:

"یەکەم: لێسەندنەوەی متمانە دروست نابێت بەبێ ئەنجامدانی پڕۆسەی پرساندن، چ بەئامادەبوونی پرسێندراو بێت یان بەئامادەنەبوونی.

دووەم: ئەگەر وەڵامی پرساندنەکە بڕوا پێهێنەر نەبوو بۆ پرسێنەر، دەتوانێت پێشنیازی لێسەندنەوەی متمانە بکات بەڕەزامەندی زۆرینەی ئامادەبووان.

سێیەم: پێش دەنگدان لەسەر لێسەندنەوەی متمانە، سەرۆک ڕێگا دەدات بەئاخاوتن لەسەر ئەم بابەتە، بە دوو ئەندام لەوانەی داوای لێوەرگرتنەوەی متمانە دەکەن و دوو ئەندامیش لەوانەی دژی لێسەندنەوەی متمانەن.

چوارەم: سەرۆک وەزیران بەمتمانە لێسەندراو هەژمار دەکرێت، ئەگەر زۆرینەی(٣/٢) دوو لەسەر سێی ئەندامان بۆ لێسەندنەوەی متمانە دەنگیاندا.

پێنجەم: ئەندامی ئەنجومەنی وەزیران بەمتمانە لێسەندراو هەژماردەکرێت، ئەگەر زۆرینەی ڕەهای ئەندامان بۆ لێسەندنەوەی متمانە دەنگیاندا.

شەشەم: بابەتی لێسەندنەوەی متمانە، لەماوەیەکدا کە لە(٥)پێنج ڕۆژ زیاتر نەبێت، لەڕۆژی پرساندنەوە ئەنجام دەدرێت."(پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، ٢٠٢٠، ل٦٥).

لەم بارەدا بەرپرسیاری وەزاری ئەوە دەگەیەنێت پەرلەمان لەهەموو حاڵەتێکدا مافی وەرگرتنەوەی متمانەی هەیە لەیەکێک لەوەزیرەکان یاخود حکومەت بەگشتی، کە شایەنی لێپرسینەوەبن بۆ لێسەندنەوەی ئەو متمانەیەی پێیاندراوە، بەڵام لەبەرئەوەی لێسەندنەوەی متمانە زۆر هەستیارە کۆمەڵێک مەرج داندراوە تاوەکو بەشێوەیەکی دروست ئەو لێسەندنەوەیە ئەنجام بدرێت، چونکە کاتێک لێسەندنەوە ئەنجام دەدرێت بۆی هەیە پشێوی بکەوێتە کۆمەڵگە بەگشتی و سیستمی سیاسی بشێوێت، هاتنەپێشی بارودۆخێکی ئاوا بەزیانی هەمووان دەشکێتەوە، لەڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری.

## تەوەری سێیەم/ ئەرکی دارایی(پەسەندکردنی بودجە)/

بودجە بەمانای ئەو پلانە داڕێژراوەیە ساڵانە حکومەت لەگەڵ پەرلەماندا بۆ چۆنێتی خەرجکردنی داهاتەکان دایدەڕێژێت، واتا چۆنێتی ئیدارەدانی پارە. "ئەم ئەرکەش لەوەدا بەرجەستە دەبێت، زۆربەی هەرەزۆری پرۆژەدارایی و ئابوورییە بنەڕەتییەکان و خەرجی دامودەزگاکانی دەوڵەت دەخرێتە بەردەم پەرلەمان و لەچوارچێوەی ئەرکی بودجەدا تاوتوێ دەکرێت، پاشان لەکۆتاییدا بڕیاری لەسەردەدرێت، واتە تەنها پەرلەمانە ڕەزامەندی بڕیاری پەسەندکردن لەسەر داتاو بەڵگەنامە داراییەکان بۆ حکومەت دەدات."(علی، ٢٠١٠، ل٤٨)، لەبەرئەوەی "بودجە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بەجۆرو بڕو ئاستی ئەو خزمەتگوزارییانەی حکومەت پێشکەشی هاوڵاتیانی دەکات، دەبێت پەرلەمانیش ئاگاداری ئەم خزمەتگوزارییانە بێتو یەکەمجار هەڵیانبسەنگێنێت، پاشان بڕیاری لەسەر بدات، بەهۆکاری ئەوەی بودجە ڕێگەی دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانەو پەرلەمان ڕۆڵی سەرەکی و یەکلاکەرەوە لەدابینکردنی ئەم مافانەدا دەبینێت."(حسن، ٢٠٠٩، ل٤٧).

لەلایەکیترەوە مافی هاوڵاتیانیشە بزانن داهاتی ساڵانە چەندەو لەلایەن حکومەتەوە چۆن سەرف دەکرێت؟ لەهەمان کاتدا ئەرکی حکومەتە پلانەکانی ئامادەو ئاشکرا بکات بۆ چۆنێتی خەرجکردنی ئەو داهاتەو ئەو پرۆژە خزمەتگوزارییانەی بەنیازە پێشکەش بە هاوڵاتیانی بکات، ئەرکی پەرلەمانیشە بودجەی گشتی و حسابی کۆتایی ساڵانەی خەرجییەکانی حکومەتیش هەڵبسەنگێنێت و تێبینی و پێشنیازەکانی خۆی بۆ حکومەت بنێرێت.(بەرواری، ٢٠١٤، ل١١)

"لەوەوە ڕووندەبێتەوە ئەرکی بودجە مۆرکێکی دوو لایەنی هەیە، لەلایەک یاسادانانە، کە لەم ڕووەوە پەرلەمان یاسای باج و بودجەی گشتی دەردەکات و لەهەمانکاتیشدا چاودێری چۆنێتی خەرجکردنی پارەکە دەکات. لەلایەکیترەوە ڕاپۆرتی ساڵانەی دیوانی ژمێریاری دارایی پێشکەش بەپەرلەمان دەکرێت، کەتیایدا هەموو لایەنەکانی کەموکوڕی و کەمتەرخەمی دەسەڵاتی ڕاپەراندنی تێدا دەبێت."(کامل، ١٩٤٧، ل٢٨٧)، ئەمەش پاش ئەوەی "وەزارەتی دارایی بودجەی ساڵانە دادەڕێژێت و لەلایەن حکومەتەوە پەسەند دەکرێت، پاشان حکومەت ڕەوانەی پەرلەمانی دەکات پەرلەمانیش بەپێی ڕێکارە یاساییەکان پەسەندی دەکات. لەدوای پەسەندکردن ئینجا دابەش دەبێتەسەر گشت وەزارەت و دەزگاکان و دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەم پرۆسەیە لەبەرواری١/١ هەرساڵێکەوە دەستپێدەکات و لەڕۆژی ١٢/٣١ هەمان ساڵ کۆتایی دێت."(میرزا، ٢٠١٠، ل١١-١٢)، هەموو ئەو هەنگاوانەش لەڕێگەی چاودێریکردنی پەرلەمانەوە بەسەر بودجەو کاروبارە داراییەکانی حکومەتەوە ئەنجامدەدرێت و دەتوانین دابەشیبکەین بەسەر دوو قۆناغدا:

"قۆناغی یەکەم: تایبەتە بەپلانە تایبەتەکانی حکومەت، ئەمەش سەبارەت بەدەستخستنی داهاتە چاوەڕوانکراوەکان و خەرجکراوەکان لەگەڵ پەیڕەوکردن لەڕێگەی وردبوونەوە لەو بودجەیەی پێشنیاری دەکات.

قۆناغی دووەم: تایبەتە بەچاودێریکردنی خەرجییە بەکردەوەکانی حکومەت، ئەمەش بۆ دڵنیابوون لەوەی حکومەت پابەندی ئەو بەندانەیە کە پەرلەمان پشتی پێبەستووە."(یەکێتی پەرلەمانتاری نێودەوڵەتی، ٢٠١١، ل٢١٥).

ئەنجامی ئەوە دەبێتە مایەی ئەوەی بەکەمترین بەرهەم و داهات زۆرترین سودو ئاکام بەدەستبهێنرێت، لەهەمانکاتدا بەرهەم و دەستکەوت زۆردەبێت لەگەڵیشیدا خەرجی و مەسرەف کەمدەبێتەوە، ئەمە لەلایەک. لەلایەکیترەوە لەڕێگەی چاودێری دارایی لەلایەن پەرلەمانەوە لەسەر بودجەی گشتی دەبێتە مایەی ڕێزگرتن لەهاوڵاتیان کە نوێنەرانیان لەپەرلەمانن و بڕیاریان لەسەر داهات و خەرجی گشتی داوە لەپێناو بەرژەوەندییە گشتییەکانیان.(عبدالعزیز، ٢٠١٠، ل٥). کەواتە "بودجە بەڵگەنامەیەکی گرنگە کە بەهۆیەوە ڕۆڵی وەزارەتەکان بەتایبەتی وەزارەتی دارایی و ڕۆڵی پەرلەمان لەپەسەندکردن و پاشان چاودێریکردنیدا دەردەکەوێت."(فاتیح، ٢٠٠٤، ل٦٣).

ئامانجیش لەپرۆسەی چاودێری بودجە بۆ زانینی ئاستەنگەکان و دیاریکردنی هۆکاری سەرەکی کێشەکان و پاشان دۆزینەوەی کەموکوڕییەکانی بودجەیە پێش پەسەندکردنی و دانانی چارەسەری گونجاوە بۆ ڕاستکردنەوەی، تادەگاتە دڵنیابوون لەوەی پرۆسەی بەکارهێنانی بودجە بەپێی پلانی داڕێژراو بەڕێوەدەچێت یاخود بەپێچەوانەوەیە. لەبەر گرنگی ئەم ئەرکەش لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا، بودجە بەوردی ئاماژەی بۆکراوەو بەشی نۆیەمی پەیڕەوی ناوخۆ بۆ بودجە تەرخانکراوە، کە لەماددەی(٩٨) تاوەکو ماددەی(١٠٩) بۆ بودجە دیاریکراوە.

بەپێی ئەم پەیڕەوەش پەرلەمان چاوەڕوانی ئەوەدەکات حکومەت پرۆژەی بودجەی بۆ بنێرێت، "بۆ ئەم مەبەستەش پەرلەمان (کات)ی وەک میکانیزمێکی فشار لەسەر حکومەت دیاریکردووە، ئەمەش بۆئەوەی حکومەت پێش هەموو ساڵێکی دارایی پلانرێژی بکات، بەڵام ئەوەی دەبوو پەیڕەوی ناوخۆ ئاماژەی بۆ بکردایە، ئەوەیە کە دەبوو هەماهەنگی حکومەت و پەرلەمان لەداڕشتنی پرۆژەی بودجەدا هەبووایە، چونکە کاتێک پەرلەمان چاوەڕێی پرۆژەیەکی ئامادەکراوە، ئەوا هەم لەڕووی کات و هەم لەڕووی زانیاری و چۆنێتی گەیشتن بەو جۆرە پلانانەی لەپرۆژەکەدان بۆ پەرلەمان کێشەو ئاستەنگ دەبێت، بۆیە واباشترە لەسەرەتاوە هەماهەنگی هەبێت و بەشێک بێت لەپرۆسەکە، ئەوەش لەڕێگەی لیژنەی تایبەت بەبودجە، چونکە کاتێک کە لیژنە لەسەرەتاوە هەماهەنگ دەبێت، ئەوا زانیاری و کرداری داڕشتنی بودجە ڕوونترو سادەتر دەبێت بۆ پەرلەمان، چونکە بودجە پرۆژەیەکی پەرت و بەش بەشە بەجۆرێک کەدەتوانین بڵێین هەر ڕێسایەک لەسەر بودجە تایبەتە بەبوارێکی

تايبەت، لەم ڕێگەیەوە پەرلەمانی کوردستان بەپشتبەستن بەئەندامی پەرلەمان هەڵدەستێت بەپیادەکردنی ئەم ئەرکەو ئەرکی بەشداریکردن لەداڕشتنی سیاسەتی گشتی ئابووری هەرێم لەڕێگەی گفتوگۆو پەسەندکردنی بڕگەکانی یاسای بودجەو ژمێرەی کۆتاییەوە.

ماددەی (٩٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، ئەنجومەنی وەزیران ناچار بەناردنی پڕۆژەی بودجە دەکات بەمشێوەیەی خوارەوە کە لەبڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمی ماددەکەدا هاتوون،

"بڕگەی یەکەم/ لەسەر ئەنجومەنی وەزیران پێویستە، لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی هەموو ساڵێک بەر لەساڵی دارایی، بەمەبەستی گفتوگۆ، پڕۆژە بودجە بۆ پەرلەمان بنێرێت.

بڕگەی دووەم/ لەسەر ئەنجومەنی وەزیران پێویستە، لەکۆتایی مانگی نیسانی هەموو ساڵێکدا، ژمێرەی کۆتایی ساڵی پێشوو بۆ پەرلەمان بنێرێت.

بڕگەی سێیەم/ ئەگەر  پڕۆژە بودجەو ژمێرەی کۆتایی، لەو ڕێکەوتەی لەبڕگەی( یەکەم و دووەم)ی ئەم ماددەیەدا دیاریکراوە نەگەیشتە پەرلەمان، ئەوا پەرلەمان داوای ڕوونکردنەوە، لە وەزیری دارایی دەکات، ئەگەر هۆکاری گونجاو هەبوو، ماوەیەکی پێدەدات کە لە (١٥)ڕۆژ تێپەڕنەکات."(پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، ٢٠٢٠، ل٧٨).

لەم ماددەیەی پەیڕەوی ناوخۆوە دەردەکەوێت بودجە گرنگترین کاری هەر حکومەتێک و پەرلەمانێکە لەمیانەی ساڵێکدا، چونکە کاریگەری لەسەر هەموو بوارەکانی ژیان هەیە، لەهەمانکاتدا ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ژیانی هاوڵاتی لەڕووی دڵنیایی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کاروباری ئابوورییەوە هەیە، بۆیە ئەرکی دەسەڵاتی سیاسی و حکومەت و پەرلەمانە ئەم داهاتە گشتییە بۆ سودی گشتی بەکاربهێنن، واتە بزانرێت چۆن داهاتی گشتی بەرهەم دێت؟ چۆن بەڕێوە دەبرێت؟ چۆنیش دابەشدەکرێت؟

"بودجە دڵنیایی دەستەبەر دەکات بۆ بەڕێوەچوونی کارو سەرمایەو گەشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و حکومڕانی لەناو کۆمەڵگەدا، ڕەنگیشە وابیبنرێت بودجە تەنها ئەرک و کاری پەرلەمانە، بەڵام لەڕاستیدا پەرلەمان تەنها بەشێکە لەپرۆسەی بودجە، کە بەهاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتی جێبەجێکردندا ئەو ڕۆڵە دەبینێت و ئەو بەرپرسیارێتییە دەگرێتە ئەستۆی خۆی، چونکە پرۆسەی بودجە ئەرکێکی کاریگەرو ئاڵۆزو هەستیارە، لەبەرئەوەی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەژیانی هەموانەوە هەیە."(عەزیز، ٢٠٢٠، ل٩٣-٩٤).

کەواتە دەبێت قۆناغەکانی بودجە  وەک (قۆناغی داڕشتنی بودجە، قۆناغی تێپەڕاندنی بودجە، قۆناغی جێبەجێکردنی بودجە، قۆناغی پێداچونەوە یان هەڵسەنگاندنی بودجە) زۆر بەوردی و شەفافانە بخرێنەڕوو، چونکە ڕۆڵی پەرلەمان لەم قۆناغانەدا زۆرگرنگ و کاریگەرە، بەهۆکاری ئەوەی قۆناغەکانی بودجە لەپلانێکەوە دەگۆڕێت بۆ یاسا، ئینجا

بەرپرسیارێتی چاودێریکردنی یاساکانی دەکەوێتە ئەستۆ، لەلایەکیترەوە بەبێ ئەم قۆناغانەش ناتوانرێت بودجە بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە کە لەبنەڕەتدا ئەرک و بەرپرسیارێتی حکومەتە.

لەبەرئەوە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان قۆناغەکانی وا دیاریکردووە، سەرەتا پڕۆژەی بودجە لەحکومەتەوە دێت، پاشان دەنێردرێن بۆ لیژنەی تایبەت و هەموو ئەندام پەرلەمانەکان بۆ گفتوگۆکردن لەسەری کە تێپەڕێنرێت یاخود تێنەپەڕێندرێت، هەربەپێی ئەم پەیڕەوە ئەگەر بودجە تێنەپەڕێندرا، ئەوا هەموو مانگێک بڕی بودجەی تێپەڕێندراو دابەشی دوانزە دەکرێت.

"بەگشتی بەشی سەرەکی کاری قۆناغەکانی بودجە بەڕێگای ژمێریارییەکی وردەوە دەکرێت، بۆ ئەوەی بزانرێت کە کارەکان چۆن ئەنجامدراون، واتە چەندیان ئەنجامدراون و چەندیان ماون، چەند لەپارەی تەرخانکراو بەبەراورد بەبڕی کاری ئەنجامدراو خەرجکراوە، ئەم بەراوردەش لەدوو ئاستدایە، ئەوانیش:

یەکەمیان/ ئاستی یاسایی، کاتێک بەپێی بودجە پلانی کارێک دادەڕێژرێت، ئەوا پاش بەیاساییبوونی دەچێتە خانەی جێبەجێکردنەوە.

دووەمیان/ لەئاستی داراییەوەیە، کە دەتوانرێت هەمان کار بکرێت، دەرئەنجامی ئەمەش ڕاپۆرتی کۆتایی ساڵە."(عەزیز، ٢٠٢٠، ل١٥٣-١٥٤).

ئەم شێوازەی کارکردنە لەماددەی(١٠٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا خراوەتەڕوو، کە دەڵێت: "بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری پەرلەمان، لەکۆتایی هەرساڵێکی داراییدا هەڵدەستێت بەدانانی ژمێرەی کۆتایی و بەڕێکارە کارگێڕییەکان دەخرێتە بەردەم دەستەی سەرۆکایەتی بۆ ڕازیبوون لەسەری و ڕەوانەکردنی بۆ لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری، بەمەبەستی پێداچوونەوەو بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتێک لەبارەیەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان." (پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ٢٠٢٠، ل٨١).

لەکۆتاییدا هەریەک لە قۆناغەکانی بودجە گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە، ئەمڕۆ چۆنێتی بەڕێوەچوونیان گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، بۆیە پێویستە لەپەرلەمان لیژنەیەکی تایبەتی سەبارەت بەبودجە هەبێت، بۆئەوەی ئەم لیژنەیە هەر لەسەرەتاوە بەشێک بێت لەپرۆسەی بودجەدا، ئەم نزیکییەش لەنێوان پەرلەمان و حکومەت لەداڕشتنی بودجەدا وا دەکات پڕۆسەکە هەر لەسەرەتاوە بەهەماهەنگی و هاوکاری بەڕێوەبچێت، پاشان لەکاتی تێپەڕاندنیدا هێندە تووشی ئاستەنگ و کێشەو بەسیاسیبوون نەبێتەوە، ئەمە لەلایەک. لەلایەکی ترەوە ئەم بەشدارپێکردنە لەڕووی کاتەوە زۆرگرنگە، چونکە یەکێک لەپایەکانی بودجەی سەرکەوتوو ئەوەیە کە لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا تێپەڕێندرێت و کاریگەریی نەرێنی لەسەر دۆخی دارایی و ئابووری وڵات و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان نەبێت.

## بەشی سێیەم

## ئاستەنگە جۆراوجۆرەکانی بەردەم پەرلەمانی کوردستان

**باسی یەکەم: ئاستەنگی یاسادانان و چاودێری، دارایی(پەسەندکردنی بودجە):**

تەوەری یەکەم/ ئاستەنگی یاسادانان

تەوەری دووەم/ ئاستەنگی چاودێری

تەوەری سێیەم/ ئاستەنگی دارایی(پەسەندکردنی بودجە)

**باسی دووەم: ئاستەنگە سیاسی و یاساییەکان:**

تەوەری یەکەم/ بارودۆخی سیستمی سیاسی لەهەرێمی کوردستان

تەوەری دووەم/ نەبوونی دەستوورێکی هەمیشەیی

تەوەری سێیەم/ سیستمی هەڵبژاردن و دەنگدەر

**باسی سێیەم: ئاستەنگە کۆمەڵایەتی و کارگێڕییەکان:**

تەوەری یەکەم/ ئاستەنگە کۆمەڵایەتییەکان

یەکەم/ یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی

دووەم/ ڕۆشنبیری و هۆشیاری کومەڵایەتی

تەوەری دووەم/ ئاستەنگە کارگێڕییەکان

یەکەم/ پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان

دووەم/ ئاستەنگی کارگێری پەرلەمان

## بەشی سێیەم

# ئاستەنگە جۆراوجۆرەکانی بەردەم پەرلەمانی کوردستان

دەستپێک:

کەی دەتوانرێت پەرلەمان ڕۆڵی کارای هەبێت و بەکردەیی ببێتە نوێنەری ڕاستەقینەی هاوڵاتیان تاوەکو ڕۆڵێکی کاریگەر بگێرێت لەئاڕاستەکردنی سیاسەتی گشتی و ڕووبەڕووبونەوەی هەموو ئەو ئاستەنگ و دیاردە نەرێنیانەی بوونەتە بەشێک لەشێواندنی ژیانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و دواجار شێواندنی شکۆی پەرلەمان.

بێگومان لەم هاوکێشە ئاڵۆزو تێکهەڵکێشەدا حیزبە سیاسییەکان (بەڕاست و چەپ، بەگەورەو بچوک، بەدەسەڵاتدارو ئۆپۆزسیۆن، بەنەتەوەیی و ئیسلامی) ڕۆڵێکی نەرێنیانەیان بینیوە لەبچوککردنەوەو پەراوێزخستن و کەمکردنەوەی شکۆی پەرلەمان، لەکۆتاییدا پاشکۆبوونی ئەم دامەزراوە لەپرسە نیشتیمانییەکان و پرۆسەی سیاسی و دروستکردنی بڕیاری سیاسی و سیاسەتی گشتی لەکوردستاندا لێکەوتۆتەوە."(شەریف، ٢٠١٥، ل٢٠). لەم بەشەدا ئەو ئاستەنگە جۆراوجۆرانە خراونەتەڕوو کە کاریگەرییان لەسەر پەرلەمان هەیەو دابەشیان دەکەین بەسەر سێ باسی سەرەکی و چەند تەوەرێکدا.

### باسی یەکەم: ئاستەنگەکانی بەردەم یاسادانان و چاودێری و دارایی:

لەم باسەدا ئاستەنگەکانی ئەرکی (یاسادانان، چاودێریکردن و پەسەندکردنی بودجە) خراوەتەڕوو، چونکە لەبەشی دووەمدا بەوردی باسی ئەم ئەرکانەمان کردووە، کە دەبێت پەرلەمان چۆن بەم ئەرکانە هەڵبستێت تاوەکو کاریگەرو لوتکەی دەسەڵات بێت، لەبەرئەوەی پەرلەمانی کوردستان بەرزترین مەرجەعی سیاسی و یاساییە کە گوزارشت لەنوێنەرایەتی سەرجەم هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەکات، بەیاساو بەپەیڕەو کارەکانی ڕێکخراوەو ئەرک و دەسەڵاتەکانی دەستنیشانکراون و ئەو دەسەڵاتەی پێدراوە، بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانیە ئەم دامەزراوە باڵایە گلێندراوەتە ململانێ سیاسییەکان و نەیتوانیوە ئەرکەکانی بەپێی پێویست جێبەجێبکات. ئاستەنگەکانی ئەم باسە لەسێ تەوەردا خراوەتەڕوو، ئەوانیش:

#### تەوەری یەکەم/ ئاستەنگی ئەرکی یاسادانان:

پەرلەمان دامەزراوەیەکی تایبەت بە یاسادانانە، چونکە دەسەڵاتی تەواوی لەدەرکردنی یاساو هاوکات لە وەلانانی یاساشدا هەیە، بۆیە ئەو بابەتانەی تایبەتن بەبەرژەوەندی هاوڵاتیان و کۆمەڵگەوە بەبێگوێدان بەوەی لەلایەن چ لایەنێک و چ

ئەندامێکەوە پێشکەشکراوە، یاخود پڕۆژەی کام پارت و کام فراکسیۆن بووە، پڕۆژەکە دەنگی ئەندامانی پەرلەمان بەدەستدەهێنێت. کەواتە سەرەڕای هەموو ئاستەنگەکان پەرلەمان بەرپرسیارێتی سیاسەتی گشتی و دانان و دەرکردنی یاساو دەستەبەرکردنی ڕەوایەتی بۆ دەسەڵات لەئەستۆدایە، واتە سەرجەم کارەکانی دەسەڵاتی یاسادانان لەلایەن پەرلەمانەوەیەو لەڕێگەی دەرکردنی یاساکانیشیەوە کار بۆ چاککردنی هەلومەرجی ژیانی هاوڵاتیان دەکات و دەمڕاست و بڕیار بەدەستیان دەبێت.(فەرەج، ٢٠٢١، ل٧٩-٨٠).

لەم حاڵەتەدا پەرلەمان تەنها لەخەمی داڕشتن و دەرکردنی ئەو یاسایانەدا دەبێت کە بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتیمانییان تێدا دەپارێزرێت. مەبەستیش لەداڕشتنی یاسایی ئەو شێوازو بنەمایانەیە کە بەکاردەهێنرێت لەنوسینەوەی بیرۆکە یاساییەکان لەشێوەی دەقێکی وا کە یارمەتیدەر بێت بۆ جێبەجێکردنی یاسا لەڕووی کردارییەوە، بەجۆرێک مەبەست لەدانانی بهێنێتەدی، کاتێکیش لەداڕشتنی یاسادا کەموکوڕی دەبێت، ئەوا کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت بەسەر خودی پەرلەمان بەتایبەتی، بەسەر یاساکان و کۆمەڵگەو هاوڵاتیانیش بەگشتی. کەواتە ئەو ئاستەنگانەی بەهۆی داڕشتنی یاساکانەوە دەردەکەون. ئەمانەی خوارەوەن:

١. هەڵەی مادده: ئەمە لەکاتی چاپکردندا ڕوودەدات بەم هەڵەیەش تەواوی واتای بنەمای یاسایی ماددەکە دەگۆڕێت، لەکاتێکدا لەڕەشنووسەکەدا هەبووە یان باسی لێوەکراوە.

٢. هەڵەی یاسایی: زۆرجار بەسەر داڕێژەرانی یاسادا ڕەت دەبێت وەکو کەمی وشەیەک لەدەقێکی یاساییدا.

٣. ناڕۆشنی یاسایی: زۆرجار دەقەکان ناڕۆشنن و پێویستی بەڕاڤەو شیکردنەوە دەکات.

٤. تێکگیران لە یاساکاندا: زۆرجار دەقەکانی ناو یەک یاسا تێکگیرانی پێوە دیارە لەگەڵ یاسایەکی تردا.

٥. زیادکردن و دووبارەبونەوە: ئەم دوانە ڕەنگە لەناو یەک یاسادا دوبارە ببنەوە یان لەنێوان چەند یاسایەکدا.(ڕۆستایی، ٢٠١٣، ل٤٩-٥٠).

لەئەنجامی هەبوونی ئەم کەموکوڕییانە لەکاتی داڕشتنی یاساکان و دەرکردنی یاساکاندا لەلایەن پەرلەمانەوە، ئەوە هەر خودی ئەم یاسایانە دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا، چونکە ئاڵۆزی دروست دەبێت لەتێگەیشتن و جێبەجێکردنی یاساکانداو لەلایەن حکومەت و هاوڵاتیانیشەوە جێبەجێکردنی ئەستەم دەبێت.

کەواتە بۆ ئەوەی یاساو بڕیارەکان کە پەرلەمان دەریان دەکات هێزی یاساییان هەبێت، "ئەوا پێویستە یاساکان بەشێوەیەکی وا دەربچوێنرێن کە زۆر پێویست بەهەموارکردن نەکات، هەتا بتوانرێت دوور بێت لەڕەخنەی ڕەخنەگران، وە بەشێوەیەک

دابڕێژرێن چیتر نەگەڕێنەوە سەری و کاتی پەرلەمان لەخولی تازەیدا بەفیڕۆنەچێت، بۆ ئەوەی پەرلەمان بتوانێت بەدانان و دەرکردنی یاسای گرنگترو تازەتر کێشەکان چارەسەر بکات کە بەپێی بارودۆخی کۆمەڵگە دێنە پێشەوە، ئەم شێوازە کارکردنە بەدینەیەت، هۆیەکی گرنگ دەبێت لەلاوازی و هەبوونی ئاستەنگی بەردەوام لەڕووی یاساییەوە لەپەرلەمانی کوردستان بەگشتی و یاساکانی بەتایبەتی."(طه، ٢٠١٦، ل١٩٦).

لەلایەکیترەوە، لەیاساگەریدا ئەو مەرج و ڕێسایانەی هەن، ئەگەر ڕەچاو نەکرێن، ئەوا بەرهەمی یاساکە لەخەوش و کەموکورتی بەدەر نابێت، هەرلەبەر ئەو گرنگیەیەتی ئاستەنگی یاسایی کاریگەرییەکی نەرێیانە بەسەر پەرلەمان بەجێدەهێڵێت، هەر ئەو کاریگەرییە نەرێنییە بووە لەسەر پەرلەمانی کوردستان کە لەخولی پێنجەمیدا کەمترین یاسای دەرکردووەو نەیتوانیوە وەکو پێویست بەئەرکی یاسادانان هەڵبستێت. بەگشتی ئاستەنگەکانی ئەرکی یاسادانان لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان لەچەند خاڵێکدا خراوەتەڕوو، ئەوانیش:

١/ کەموکوڕی پەرلەمانی کوردستان لە بەدواداچوون و پراکتیزەکردنی هەندێک یاسا، هەندێک یاساش هەن کە هەرچەندە ماوەیەکی باش بەسەر دەرکردنیاندا تێپەڕیوە بەڵام هێشتاش جێبەجێنەکراون، بۆ نموونە "یاسای دیوانی چاودێری دارایی ژمارە(٢)ی ساڵی٢٠٠٨، یاسای بەدەستهێنانی زانیاریی ژمارە(١١)ی ساڵی ٢٠١٣، ئەمە ئەوە دەردەخات پەرلەمانی کوردستان لەواقیعدا ئاستەنگی زۆری لەبەردەمدایە، چونکە یاسای وای دەرکردووە کە لەمافی هاوڵاتیان کەمدەکاتەوەو تەنانەت ئازادییەکانیشیان سنوردار دەکات، بێئەوەی ڕەچاوی ڕەخنەو کاردانەوەی ئۆپۆزسیۆن یان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕۆشنبیران و ڕاگەیاندنی سەربەخۆ بگرێت. بۆ نموونە وەک یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکانی ژمارە(١١)ی ساڵی٢٠١٠، یاسای ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی ژمارە(٤)ی ساڵی٢٠١١."(شەریف، ٢٠١٩، ل٢١٤).

ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێت پەرلەمان سەربەخۆییەکی تەواوی نییە لەبەرامبەر جێبەجێکردنی دەسەڵاتی یاسادانانیدا، چونکە بەپێی ئەم خاڵانەی کە لەوەزیفەی یاساکاریدا خراوەتەڕوو، پەرلەمانی کوردستان بەپێی واقیعی بارودۆخی هاوڵاتیان یاساکانی لەپێناو بەرژەوەندی گشتی هاوڵاتیان دەرناکات، لەکاتێکدا دەبوایە بۆ بارودۆخی قورسی ژیانی هاوڵاتیان دانیشتنەکانی ئەنجامبدات و یاساکانی لەو بوارەدا دەربکات. بۆنمونە دانانی پێوەری زیرەک بۆ(ئاو و کارەبا) کەکێشەی هاوڵاتیانەو پەیوەندە بەبژێوی ژیانیانەوەو بابەتێکی نیشتیمانییە، یاسای بۆ دەردەکات و دەبێت هاوڵاتیان پێوەی پابەندبن، بەڵام بەدواداچوون بۆ ڕاستی و دروستی و کواڵێتی کارەکە ئەنجام نادات، کە ئەم یاسایەی دەریکردووە چی کێشەو بارودۆخێکی ناهەمواری بۆ هاوڵاتیان هێناوەتە ئاراوەو تاوەکو لەنزیکەوە بۆی دەربکەوێت نارەزاییەکانی هاوڵاتیان چین و ئاگادار بێت، یان ئەگەر ئاگادارە بۆ ئەو دەسەڵاتەی نییە کە یاساکە هەڵبوەشێنێتەوەو حکومەت ناچاربکات چاکسازی

لەپێوەری زیرەک بکات و دەسەڵات بەکۆمپانیا جۆراوجۆرەکان نەدات تاوەکو هەریەکەو لەشوێنێک پێوەری زیرەکی ئاو بەکوالێتی خراپ بۆ ماڵان ببەسترێت، هەروەها ڕێگە نەدات لەبەستنی پێوەری زیرەکی کارەبادا نایەکسانی لەبەستنیدا بکرێت، لەکاتێکدا بارودۆخی سەختی ژیانی هاوڵاتیان لەپێشترو گرنگترو پێویستیترە لەهەر یاسایەک، بەڵام لە پێشدا پەرلەمان و دواتر حکومەت لەداڕشتنی یاساکان و دەرکردنیاندا ناگەڕێنەوە بۆ بارودۆخی واقیعی هاوڵاتیان و بەپێی پێویستی ئەو بارودۆخەی هەیە یاسا دابڕێژن و دەریبکەن.

٢/ "سەبارەت بەئاماری پڕۆسەی یاسادانان لەماوەی نێوان مانگی ئازاری ساڵی٢٠١٩ تاوەکو مانگی ئابی ساڵی٢٠٢٠، (٧٨)حەفتاوهەشت دەستپێشخەری یاسادانان پێشنیارکراون بۆ پەرلەمان، کە (٧٤)دانەیان لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە بووەو تەنها (٤)دانەیان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بووە، بەڵام لەکۆی هەموو ئەو دەستپێشخەرییانەی یاسادانان بوونەتە یاسا (١٤)دانە بووە. بەجۆرێک (١٠)دانەیان لەبەرەنجامی دەستپێشخەری یاسادانانی ئەندامانی پەرلەمانەوە بووەو (٤)دانەیان لەبەرەنجامی دەستپێشخەری یاسادانانی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بووە. لەخستنەڕووی ئەم نمونەیەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی ڕێژەی هەلی بوونە یاسا کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوەیە کەمترە لەچاو ئەنجومەنی وەزیران، چونکە لەکۆی(٧٤)پڕۆژەیاسا، تەنها (١٠)دانەی لێبووەتە یاسا، واتە بەنزیکەیی ڕێژەی(١٢.٥٪)، بەڵام لەبەرامبەردا هەر (٤)دەستپێشخەری پڕۆژەیاساکەی ئەنجومەنی وەزیران بووەتە یاسا، واتە ڕێژەی(١٠٠٪) بوونەتە یاسا."(حامد، ٢٠٢١، ل٦٤).

ئەوەش ئەوە دەردەخات دەسەڵاتی پەرلەمان لەڕووی یاسادانانەوە بۆ پڕۆژەیاساکان و هەلی بوونە یاسایان زۆر کەمترە بەبەراورد لەگەڵ ئەو پڕۆژەیاسایانەی لەحکومەتەوە پێشنیار دەکرێن و دەبن بەیاسا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردەو ئەو عەقڵییەتەی کە دامەزراوەی پەرلەمانی ڕاپێچی پەڕاوێزی حیزب و ململانێ نەرێنییەکانی پارتە سیاسییەکان کردووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە حکومەتی هەرێم بەردەوام ئاستەنگە لەپڕۆسەی یاسادانانداو، چونکە ئەوە پارتە سیاسییەکانن حکومەتیان پێکهێناوەو خاوەن دەسەڵاتیشن.

٣/ "لەماددەی(٥١) لەپەیڕەوی ناوخۆ هاتووە ڕۆژانی(سێشەممەو چوارشەممە)ی هەموو هەفتەیەک بۆ دانیشتنی پەرلەمان تەرخانکراوەو ڕۆژانی(پێنج شەممە)ش بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حکومەت. واتە دەبێت پەرلەمان هەموو خولێکی گرێدان نزیکەی(٥٢)دانیشتن ئەنجام بدات، بەڵام لەهیچ کام لەخولەکاندا دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستە، کۆی دانیشتنەکانی پەرلەمان لە(٢٠١٨/١١/٦ تا ٢٠٢٢/٨/٣١) واتە بە(سێ ساڵ و نۆ مانگ و بیست و چوار ڕۆژ)، تەنها (٩٩)دانیشتن کراوە، کۆی کاتی کۆبوونەوەکانیش نزیکەی(١٤:٣٤٥)(سێ سەدو چل و پێنج کاتژمێرو چواردە خولەک)بووە، ئەمە لەکاتێکدا بەپێی پەیڕەو دەبوایە پەرلەمانی کوردستان بەلای کەمەوە(٢٨٠)کۆبوونەوەی ئەنجامبدایە." (ئینستیتیوتی پەی، ڕاپۆرتی دەیەم لە خولی پێنجەم، ٢٠٢٢، ل٧).

لەلایەکیتر لەکاتێکدا بۆشاییەکی زۆری یاسایی لەهەرێمدا هەیەو زۆرینەی یاساکانیش بەهۆی گۆڕانکاری سەردەمەوە پێویستییان بەهەموارکردنەوە هەیە، کەچی لەماوەی چوار ساڵ، لەکۆی(١٣٢)پێشنیازو پرۆژەیاسا، خوێندنەوەی یەکەم بۆ(٦٦)پێشنیازو پرۆژەیاساو بڕیار کراوە، بەڵام تەنها (٣٠)یاساو (١٠)بڕیار پەسەندکراوە، کەواتە ئاستی چالاکی ئەرکی یاسادانان سنووردارکراوە. هەروەها ئەو یاسایانەی پەرلەمان دەریکردوون هەم لەڕووی ڕواڵەتی(شکلی)ەوەو هەم لەڕووی بابەتی(مەوزوعی)ەوە گرفتیان هەبووەو کواڵێتییان وەک پێویست نییە، هەر لەبەر ئەو هۆکارانەیە کە زۆرترینیان نەچوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە یان هەر دوای دەرچوونیان پێویستیان بەهەموارکردنەوە هەبووە. ئەنجامی ئەوە وایکردووە لەم خولەدا ژمارەیەکی کەم پرۆژەیاساو بڕیار خوێندنەوەیان بۆ بکرێت، ژمارەیەک پرۆژەیاسا هەیە ئەندامان پێشکەشیان کردووە، بەڵام سەرۆکایەتی پەرلەمان نەیخستۆتە بەرنامەی کارەوەو خوێندنەوەی بۆ نەکراوە."(ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان، ڕاپۆرتی هەشتەم لە خولی پێنجەم، ٢٠٢٢، ل١٣ و ل٦٣).

٤/ پەرلەمان لەماوەی تەمەنی یاسایی خۆیداو بەتایبەت لەخولی پێنجەمدا زیاتر پشتی سەرەکی بەستووە بە یاسا بنچینەییەکانی عێراق، وەک (یاساکانی شارستانی و یاسای سزادان و یاسای دادبینی و یاسای دادگاییە سزاییەکان و تەواوی ئەو یاسایانەی دیکە کە بوارە جۆراوجۆرەکانیان ڕێکخستووە لەبواری وەزیفەی گشتی و خانەنشینی گشتی و بازرگانی و کۆمپانیاکان و نەوجەوانان و باری کەسێتی) هەربۆیە خۆی لەم بابەتانە نەداوە جگە لەهەندێک هەموارکردنەوەی بەرتەسک نەبێت کە لەبەشێک لەو یاسایانەدا کردوویەتی،

لەکاتێکدا دەبوایە پەرلەمانی کوردستان هەر لەسەرەتاوە کاری لەسەر دەرکردنی یاسا بنەڕەتی و سەرەکییەکانی ژیانی کۆمەڵگە بکردایەتەوەو بەگوێرەی سروشت و واقیعی دۆخی هەرێمی کوردستان یاسا بنەڕەتییەکانی دەربکردایە، بەگەڕانەوە بۆ سروشتی بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستانیش دەردەکەوێت کە زیاتر سروشتێکی یاسایی زاڵبووە بەسەریداو زیاتر ڕێسای یاسایی لەخۆگرتووەو زیاتر بڕیارەکان تایبەتبوون بەگۆڕانکاری لەلیژنەکان و دانان و دەستلەکارکێشانەوەی ئەندامانی ئەو لیژنانەو بابەتی دیکەی ڕێککاریی و ڕواڵەتی.(عەبدول، ٢٠٢٠، ل١٧٥-١٨٠).

کەواتە یاساکان لەپێناو ڕێکخستنی کاروباری یاسایی نێو کۆمەڵگەو واقیعی بارودۆخی هاوڵاتیان نەبوون، هەروەها قبوڵکردنی دەستلەکارکێشانەوەی ئەندامانی پەرلەمان لەئەندامێتی پەرلەمان یان ئەندامێتی لیژنەکان، هەروەها دانانی ئەندام لەلیژنەکاندا، ئەمە جگە لەهەستان بەئەرکی ناوزەندکردنی سەرۆک و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و متمانەبەخشین پێیان، لەگەڵ پێکهێنانی لیژنە جۆراوجۆرەکانی پەرلەمان و هەموارکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆو زۆر بواری دیکەی شکڵی و ڕێککاری پەرلەمانی کوردستان. کەواتە ڕۆڵی پەرلەمان لێرەدا تەنها هەموارکردنەوەو تاوتوێکردن و پەسەندکردن بووە لەماوەی تەمەنیدا.

لەکۆتاییدا هەر ئەم ئاستەنگانەی بەردەم ئەرکی یاسادانانە کە وایکردووە پەرلەمانی کوردستان تائێستا نەیتوانیوە هەندێ یاسای گرنگ تێبپەڕێنێت و پەسەندیان بکات، گوایە تا سازان و ڕێککەوتنی سیاسی و فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی لەسەردەکرێت، لەکاتێکدا کار بەپرەنسیپی ڕێککەوتن ناکرێت لەناو پەرلەماندا، چونکە تەنانەت ئەو پرسانە براونەتە دەرەوەی پەرلەمان بۆ ئەوەی حیزبەکان ڕێککەوتن بکەن لەسەر پرۆژە یاساکان، ئەمە لەکاتێکدا پێویستە پەرلەمان خۆی مەیدانی ئەو گفتوگۆو ڕێککەوتن و سازانە بێت، هەروەها لیست و فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان دەسەڵاتی ئەوەیان هەبێت کە بڕیاربدەن و بۆ هەموو شتێکی بچوک و گەورە نەگەڕێنەوە بۆ حیزبەکانیان، با وەکو ئەمانە کە نوێنەری هاوڵاتیانن با نوێنەری حیزبەکانیشیان بن و دەستکراوەبن.(وەرتی، ٢٠١٤، ل٢٦-٢٧).

بۆنموونە: هەندێ یاسا کە لەپەرلەمانەوە دەرچوون جێبەجێنەکراون وەک یاسای چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ خۆپیشاندەران، کە چەندین جار بەهۆی مامەڵەی نایاساییەوە ژمارەیەک خۆپیشاندەر کوژراون یا بریندار بوون، پەرلەمانیش بێدەنگە.

لەلایەکیترەوە پابەندنەبوون و پێشێلکردنی یاساکان لەلایەن هەندێک لەبەرپرسانەوەو لەدەستدانی هەیبەتی یاساکان لەئەنجامی هەڵسوکەوتی حکومەت بەگۆڕینی یاساکان یاخود دەرکردنی ڕێنمایی بەپێی بەرژەوەندی خۆی، پەرلەمان هەر بێدەنگەو نەهاتۆتە وەڵام.

ئەم بێدەسەڵاتییەی پەرلەمانی کوردستان لەداڕشتن و دەرکردن و هەموارکردنەوەی یاساکان لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا خۆی دەبینێتەوە، کە هێزی یاسایی یاسادانان لەپەرلەمانی کوردستان باڵادەست نییە بەسەر پرۆژەیاساکان کە حکومەت ڕەوانەی پەرلەمانی دەکات بۆ پەسەندکردن یان هەموارکردنەوەی یاخود ڕەتکردنەوەی، بنەڕەتی ئەم بێدەسەڵاتی و ناجێگیرییەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دەستوورێکی هەمیشەیی لەسیستمی سیاسی هەرێمی کوردستاندا، کەبووەتە ئاستەنگێکی بەردەوامی بۆشایی یاسایی لەبەردەم ئەرکی یاسادانان لە پەرلەمانی کوردستاندا.

## تەوەری دووەم/ ئاستەنگی ئەرکی چاودێریکردن:

سەرەڕای ئەو هەموو کەموکوڕی و گەندەڵییەی بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا پەرلەمان لەجێبەجێکردنی ئەرکی چاودێرییەکەیدا هیچ لێسەندنەوەیەکی متمانەی لەوەزارەت و تەنانەت وەزیرەکان ئەنجام نەداوە، ئەوەش گوزارشت لەوەدەکات هەیمەنەی حکومەت زاڵە بەسەر پەرلەماندا، ئامرازە چاودێرییەکانیش کە بەدەست پەرلەمانەوەن لەبەشی دووەمدا بەوردی خراونەتەڕوو کە دەبێت پەرلەمانی کوردستان چۆن جێبەجێیان بکات، بەڵام لەم بەشەدا ئاستەنگەکانی بەردەمیان خراوەتەڕوو:

**١- پرسیارکردن:** ئەوەی هەستی پێدەکرێت ڕۆڵی پرسیارکردن لەلایەن پەرلەمانی کوردستان لاوازبووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی جۆراوجۆر کە گرنگترینیان بریتین لە:

**أ/** پێنەدانی کاتی پێویست لەلایەن سەرۆکی پەرلەمان یان دەستەی سەرۆکایەتییەوە بەئەندامانی پەرلەمان بۆ پرسیارکردن، ئەمەش کاتێک سەرۆک وەزیران یان وەزیرێک یاخود ئەندامێکی ئەنجومەنی وەزیران بانگهێشت یان میوانداری دەکرێت بەمەبەستی لێپرسینەوە لەناو پەرلەماندا، کەچی لەبەرامبەردا ئازادییەکی زیاتر بەوەزیر دەدرێت لەجیاتی پەرلەمانتار، جگە لەوە لەهەمان کاتیشدا وەزیر ئازادە لەوەڵامدانەوە یاخود وەڵامنەدانەوەی هەندێ پرسیاردا.

**ب/** بەدەنگەوە نەهاتنی ئەرێنییانەی حکومەت لەوەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان، ئەمەش ئەوپەڕی لادانە لەو سیستمە سیاسییەی دەسەڵاتدارانی حوکمڕان جەختی لەسەردەکەنەوە کە پەرلەمان تاکە مەرجەعی دەسەڵاتە لەهەرێمی کوردستاندا، کەچی درکی پێدەکرێت لەبەرامبەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەچی دۆخێکی لاوازدایە، لەبەرئەوەی سەرەڕای کەمی پرسیارکردن، کەچی هەموو پرسیارەکانیش لەلایەن حکومەتەوە وەڵام نادرێنەوە. بەپێی ئەم جۆرە کارکردنە بێت چاودێریکردنی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن لەلایەن پەرلەمانەوە لەئاستێکی زۆر ڕووکەشیدایە، چونکە پایەی وەزیرێک زیاترە لەپایەی ئەندام پەرلەمانێک، ئەمەش بەوەدا دەردەکەوێت پەرلەمانتار لەگەڵ ئەوەی کاتێکی یەکجارکەمی پێدراوە تاوەکو پرسیار ئاڕاستەی سەرۆک وەزیر یا وەزیرێک بکات، لەبەرامبەریشدا وەزیر دەتوانێت بەدەسەڵاتی خۆی واتە بەخواستی خۆی وەڵامبداتەوە یا وەڵامی پرسیارە ئاڕاستەکراوەکە نەداتەوە.(شەریف، ٢٠١٩، ل٢١٥).

ئەوەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە پەرلەمان تا ئاستێک لەدەسەڵاتەکانی داماڵدراوەو هێزی یاسایی بۆ لێپرسینەوە زۆر کرچوکاڵە، چونکە سەرەڕای پرسیارکردنێکی کەم بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەڵامی هەموو پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان بەبیانووی جۆراوجۆر نادرێتەوە، هەبوونی ئەم دەسەڵاتەش ئاستەنگێکی کاریگەرە لەبەردەم ئەرکی پەرلەماندا

کەناهێڵێت پەرلەمانتاران دەستکراوەبن لەوەزیفەی چاودێریکردن بۆ کاروبارەکانی حکومەت بەتایبەت ئەو ئەرکەی تایبەتە بەلایەنی چاودێریکردنی حکومەتەوە لەڕێگەی پرسیار لێکردنەوە، چونکە ماوەی پێدانی(١)دەقیقە بۆ قسەکردن و گەیاندنی داواکاری و پەیامی هاوڵاتیان لەلایەن پەرلەمانتارانەوە ئاستەنگە بۆ کاری پەرلەمانتاری ئەندام پەرلەمانەکان، هەروەها لەلایەک وەرنەرگرتنەوەی وەڵامەکانیان لەکاتی خۆیدا لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکی پەرلەمانەوە. لەلایەکیتر لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکانی، ئەم شێوازە مامەڵەکردنەش بەرامبەریان نیگەرانی و بێئومێدبوونی پەرلەمانتارەکانی لێکەوتۆتەوە لەو بەرپرسیارێتییەی کە لەئەستۆیاندایە.

**٢- پرساندن(لێپرسینەوە):** ئاستەنگەکانی بەردەم پرۆسەی لێپرسینەوە جۆراوجۆرن و چەند هۆکارێک بوونەتە ئاستەنگ لەبەردەم ئەم پرۆسەیەدا کە لەئەنجامدا پرۆسەی لێپرسینەوە لەئاستێکی زۆر کرچوکاڵ و ڕووکەشیدا بووە، چونکە ئەگەر پرۆسەی لێپرسینەوە ئەنجامیش درابێت، ئەوە نەبووەتە مایەی دەستلەکارکێشانەوەی هیچ وەزیرێک یاخود حکومەت بەگشتی، ئاستەنگەکانیش بریتین لە:

**أ/** ئاستەنگی مێژوویی و کلتووری: پێگەو پایەی کۆمەڵایەتی سەرکردەو بەرپرسەکان لە مێژووی کلتووری کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیداو لەدابونەریتی کۆمەڵایەتی هاوڵاتیاندا خەرمانەیەک لەمەزنی و پیرۆزی لەدەوری کەسێتی ئەم پیاوانە دروستدەکات. ئەم کلتوورە، نەشیاوی لێپرسینەوەی لەسەرکردەو بەرپرسەکانی کردووەتە نەریتێکی چەسپیوو لەڕووی دەروونی و واقیعیشەوە بەعەیبەو ناماقوڵبوون سەیردەکرێت،لەلایەک. لەلایەکیتر خۆ ئەگەر خودی ئەم سەرکردەو سومبولانە خۆیان بوونە بەرپرسی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەپشت پۆست و پێگەیەکی ئیدارەی گشتی وڵاتەوە بوون، ئیتر لێپرسینەوە نەک عەیبەو ناماقوڵیەتە بەڵکو بەزاندنی سنوورەو لەمەحاڵەکانی کۆمەڵگەیە.(باوەمراد، ٢٠١٠، ل٩٢).

لەحاڵەتێکی ئاوادا کۆمەڵگە لەباکگراوندە ڕۆشنبیری و کلتوورە پاشکۆکەیەوە بەشێکی زۆری دەبێتە بەردەستەی کاریزمیەتی تاکەکەس و پیرۆزکردنی هەموو کاروبارەکانی سەرکردەو حیزبەکەی، لەئەنجامدا ئەم حاڵەتە وا لەپەرلەمان دەکات کە ئەرکەکانی بەتایبەتی چاودێریکردنەکانی لەسەر حکومەت ئەو هێزە یاساییەی نەبێت یان هەر ئەنجامی نەدات.(شەریف، ٢٠١١، ل١٥). ئەمەش بۆخۆی گەورەترین ئاستەنگ و کۆسپە لەبەردەم بەهێزبوونی دامەزراوەی پەرلەمانداو دروستبوونی سەروەرێتی یاسایی.

**ب/** گوێنەدان بەیاسای وەزیفەی گشتی: سیستمی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ئیدارەی گشتی لەبری ئەوەی بۆ بەڕێکردنی وەزیفەو ڕاپەڕاندنی ئەرکێکی ئیدارەی گشتی و وەڵامدانەوەی پێویستییەکانی فەرمانگەکان و هاوڵاتیان بێت، کەچی بۆ مسۆگەرکردنی ئینتیمای سیاسی و لایەنداری سیاسییە، لەوەها حاڵێکدا فەرمانبەرو بەرپرس نەک هەر شتێک بەناوی پێویستییەکانی ئەرکی وەزیفی و سنوورەکانی خۆی نازانێت، بەڵکو بەدڵنیاییەوە زۆرێک

لەمەرج و پێویستییە یاساییەکانی گرتنەدەستی ئەو پۆست و وەزیفەیە لەو کەسەدا بوونی نابێت، ئیتر لێپرسینەوە لەسەرچی و لەچی و لەکێ؟ دۆخێکی ئاوا وا لەو کەسایەتییە دەکات کە توانای ئەوەی نەبێت بوێری بەخۆی بدات گەندەڵی و یاساشکێنی و بەفیڕۆدانی سامانی گشتی کۆمەڵگە کە ئەو شاهیدیەتی بگەیەنێتە پەرلەمان و پەرلەمانتاران."(باوەمراد، ٢٠١٠، ل٩٣- ٩٤).

**ج/** ناهاوسەنگی هێز لەکۆمەڵگەدا: لێپرسینەوە لەڕووی کردەییەوە نیشاندەری دابەشبوونی هێزە لەکۆمەڵگەدا بەرامبەر هەرکەس و دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکان بەکاردێت کە دەسەڵاتیان دراوەتێ بۆ وەرگرتنی بڕیارو دەرکردنی فەرمان، جا وەزارەت بێت یا کۆمسیۆن و دەستەو فەرمانگەکان بێت، لەم حاڵەتەدا نەبوونی لێپرسینەوە لەکەسی بەرپرس مانای نەتوانینی ئەنجامدانی پرۆسەکەیە، لەبەرئەوەی پارسەنگی هێز لەبەرژەوەندی کەسە بەرپرسەکاندایەو هێزی ڕەهاکراویان بەسەر گشت دامەزراوەو دامودەزگاکانەوە هەیە، لەئەنجامی بوونی ئەم هێزە ڕەهایە پرۆسەی لێپرسینەوە پەکی دەکەوێت.

**د/** پێکدادانی بەرژەوەندییەکان: یەکێک لەهەرە ئاستەنگە ناهەموارەکانی پرۆسەی لێپرسینەوە، لێکگیران و بەیەکداچوونی بەرژەوەندییەکانە بەهۆی ئەوەی بەرپرس و سەرکردەیەکی سیاسی خاوەن دەسەڵات یا خاوەن پلەو پۆستێکی باڵای ئیدارەی گشتی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ خاوەنی بەرژەوەندییەکە لەکۆمپانیایەکی گەورەی وەبەرهێنان یان پرۆژەیەکی بازرگانی یاخود کارگەیەکی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری، ئیتر لێرەوە پرسی لێپرسینەوە لەجۆری بەرهەم و خزمەتگوزاری و کوالێتی و نرخ بۆ کۆمەڵگەو شێوازی ئەنجامدانی ئەرکەکان دەبێتە جۆرێک لەتابۆو قسەلەسەر قەدەغەکراوو دەخرێتە دەرەوەی چوارچێوەی لێپرسینەوەکە یان لانیکەم بەڵگەو پێویستییەکانی ڕاپۆرت و بەدواداچوونەکان و چۆنێتی کارو ئەرکەکانی بەجۆرێک بۆ ئامادەو سازدەکرێت کە پرسینەوە نەیگرێتەوە یان پێویستی بەلێپرسینەوە نەکات.(باوەمراد، ٢٠١٠، ل٩٦-٩٨).

بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە پەرلەمان هەمیشە بەدواداچوون و لێپرسینەوەو چاودێری کاروبارەکانی حکومەت و هاوڵاتیان بکات، نەخشەو بەرنامەڕێژی هەبێت، دەبێت لەبەرامبەر سنووربەزاندن و یاساشکاندن و شتە خراپەکانیشدا سەبارەت بەهەموو ئاست و کەسەکان لێپرسینەوەو سزایی یاسایی هەبێت لەلایەن دەزگای جێبەجێکارەوە، ئەگەر پەرلەمان وانەبێت ئەوا هەرکەسەو بەئارەزووی خۆی کاردەکات، بۆیە پێویستە پەرلەمان لەپەیڕەوکردنی دەسەڵاتەکانی خۆیدا پرانسیپی سزا بۆ هەمووان بەبێ جیاوازی هەبێت، هەر لەپەرلەمانتارانەوە بگرە تا حکومەت و هاوڵاتیان.(ڕابەر، ٢٠١١، ل٣٦).

بەهۆی ئەم ئاستەنگانە کە لەبەردەم پرۆسەی لێپرسینەوەدا بوونیان هەیەو ئەوەی لەواقیعدا هەستی پێدەکرێت پەرلەمانی کوردستان لەپیادەکردنی ئەم ئامرازەدا بەدەگمەن پەنای بۆ لێپرسینەوە بردووە کە ئامرازێکی بنەڕەتی ئەرکی چاودێریکردنی پەرلەمانە،

تەنانەت لەو حاڵەتەشدا کە لێپرسینەوە بەکارهاتووە نەبووەتە هۆی بابەتی لێسەندنەوەی متمانە لەوەزیر یا حکومەت بەگشتی، بەو هۆیەوە ئەگەر بەدواداچوون و لێپرسینەوە لەکارکردن و بەڕێوەبردندا نەبێت و نەکرێت، ئەوە هاوڵاتیان و حکومەت بەرەو بەفیڕۆدان و گەندەڵیدا دەچن.

**٣- لێکۆڵینەوە:** پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بەشێوەیەکی کورت باسی لەمیکانیزمی لێکۆڵینەوە کردووەو ئەو کارڕاییەی پێنەبەخشیوە کە کاریگەر بێت بەسەر حکومەتەوە، چونکە پەیڕەوەکە دەقی ڕوون و ئاشکرای لەخۆنەگرتووە بۆ ئەو ڕێوشوێنانەی لەخۆیدەگرن لەپێکهێنانی هەموو لیژنەکانی لێکۆڵینەوەو بەڕێوەچوونی کاری ناوخۆیی لیژنەکان و دەسەڵاتەکانیان و ئەو جێکەوتانەش کە لێیدەکەونەوە، تەنانەت بەپێچەوانەی ئەمەشەوە پەیڕەو هەندێک کۆتوبەندو ڕێوشوێنی دیاریکردووە کە ئاستەنگ لەبەردەم کارابوونی لیژنەکان و پەرلەمانتاراندا دروست دەکات.(شەریف، ٢٠١٩، ل٢١٦). ئاستەنگەکەش بریتییەلەوەی پەرلەمانی کوردستان بەپێی پەیڕەو ئەم ئامڕازەی لەخستنەڕووی گفتوگۆی بابەتێکدا بچوک کردووەتەوە، واتە لەپیادەکردنی ئەم ئامڕازەدا پەرلەمان هەنگاو نانێت بۆ لێپرسینەوە یاخود لێسەندنەوەی متمانە لە وەزیر یاخود سەرۆکی وەزیران.

بۆ دەرخستنی ئەم ئاستەنگەش، لەبەندی(٤٨) بڕگەی(١)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا دەقێک هەیە دەڵێت: پێکهێنانی لیژنەکانی لێکۆڵینەوە لەسەر پێشنیاری دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و بەڕەزامەندی زۆرینەی ئەندامانی ئامادەبوو دەبێت، هەروەها لەکاتی پشووی پەرلەمانیشدا هەر لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە لیژنەکانی لێکۆڵینەوە پێکدەهێنرێت، ئەم ئاگاداربوونەش وابەستەکراوە بەڕەزامەندی لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە بێئەوەی ئەو جێکەوتە ڕوونبکاتەوە کەدەبێتە لاوازکردنی لێکۆڵینەوەکانی لیژنەکان لەئەرکی چاودێری پەرلەماندا.(بەزاز، ٢٠١٣، ل٤٧-٤٨).

لەڕاستیدا پێشنیاری دروستکردنی لیژنەکان لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە لەکاتێکدایە کە دەستەی سەرۆکایەتی و زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمانی لەنوێنەری دوو حیزبە باڵادەستەکە پێکهاتوون، ئەمەش وادەکات کارایی و چالاکی ئەم میکانیزمەی بریتییەلە لێکۆڵینەوە، کاریگەرییەکەی زۆرکەمبێتەوە.

لەگەڵ ئەوەی چەند ئامڕازێک بەدەست پەرلەمانەوەن بۆ چاودێریکردن، کەچی سەرەڕای ئەو هەمووە کەموکوڕی ناڕەزایی و داوایەی هەبووە، متمانە لەهیچ وەزیرێک نەسەندراوەتەوە. لەلایەکیترەوە، "لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانەوە هیچ یاداشتێک بەمەبەستی داوای پرساندنی سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران پێشکەش نەکراوە، هەروەها لەتەمەنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان نازانرێت ئەندامانی پەرلەمان چەند پرسیاریان ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیران کردووە، هەروەها چەندیشیان وەڵامدراونەتەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی سەرۆکایەتی پەرلەمان شەفاف

نییەو ئەو داتایانە ناخاتە بەردەست."(ئینستیتیوتی پەی، ڕاپۆرتی هەشتەم لەخولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، ٢٠٢٢، ل٦٣).

لەدوای خستنەڕووی ئامڕازە چاودێرییەکانی پەرلەمان و ئاستەنگەکانی و لاوازی هۆی کارکردنیان، ئەوە ڕوونبوویەوە پەرلەمانی کوردستان لەماوەی تەمەنی کارکردنیدا چەند هەنگاوێکی کرچوکاڵ و کەموکورتی ناوە لەسەر ئەو بەرپرسیارێتیی و ئەرکانەی کە لەئەستۆیدابوون، چونکە کاتێک یەکێک لەئەرکە بنچینەییەکانی پەرلەمان، چاودێریکردنی کارەکانی حکومەتە، کەچی لەتەواوی خولی پێنجەمدا لەئەرکی چاودێریکردندا ڕۆڵێکی کاریگەرو چالاکی نەبووە کە ببێتە هۆی ئەوەی لەڕێگەی جێبەجێکردنی ئەم ئەرکەوە دەستلەکارکێشانەوە بە وەزیرە گەندەڵ و کەمتەرخەمەکاندا بکرێت. لەڕاستیدا ئەمەش بەڵگەیە لەسەرئەوەی پەرلەمان بەهەموو ئامڕازو پێوەرەکانییەوە نەیتوانیوە چاودێرێکی کارابێت لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن، کەواتە ئەوە حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە ئاستەنگە لەبەردەم ئەرکی چاودێریکردن، چونکە ناچێتەژێر کاریگەری ئەرکە چاودێرییەکانی پەرلەمانی کوردستان.

## تەوەری سێیەم/ ئاستەنگی دارایی(پەسەندکردنی بودجە):

ئەرکی گرنگی هەر دەسەڵاتێک دابینکردنی ئاسایش و چاککردنی باری ئابووری ژیانی هاوڵاتیانە، کەواتە ئابوورییەکی پتەو کە لەخزمەتی تاک و کۆمەڵگەو پێشکەوتنی وڵاتدا بێت، سیاسەتی ئابووری هەر حکومەتێکە کە لەکاتی پیادەکردنی بودجەی گشتی بەدیدەکرێت. بودجەی گشتیش، دیاریکردنی بڕە پارەیەکە سەبارەت بەداهات و خەرجییە گشتییەکان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کە پێیدەوترێت(ساڵی دارایی)، ئەمەش واتا مەزەندەکردنی داهات و چۆنێتی خەرجکردنی لەماوەی یەک ساڵدا دیاریدەکرێت. کەواتە یەکێک لەبنەماکانی نەخشەی دانانی بودجە، بوونی ستراتیجییەت و بەرنامەیەکی ئابووری پتەوە، ئەمەش دەبێت پشتی بەستبێت بەزانیارییەکی زانستییانە لەسەر بوارە جیاجیاکانی کەرتەکانی ئابووری و خواستی هاوڵاتیان و دڵنیاییدان بەبەدەستهێنان و توانای بەکارهێنان، ئەم پرانسیپانە بەبێ ئیرادەیەکی جێبەجێکردن و ئاسۆیەکی ڕوون و کراوەو شەفافیەت، زۆر زەحمەتەو لەواقیعدا مەحاڵیشە جێبەجێبکرێت.(سالم، ٢٠١١، ل١٧٠-١٧١).

هەرچەندە لەپەیڕەوی نوێی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا بودجە بەوردی ئاماژەی بۆ کراوەو بەشی نۆیەمی بەتەواوی بۆ بودجە تەرخانکراوە، بەپێی ئەم پەیڕەوە پەرلەمان چاوەڕوانی ئەوە دەکات حکومەت پرۆژەی بودجەی بۆ بنێرێت، بۆ ئەم مەبەستەش کاتی وەک میکانیزمێکی فشار لەسەر حکومەت دیاریکردووە، ئەم میکانیزمی کاتە هەنگاوێکی باشە بۆ ئەوەی حکومەت پێش هەموو ساڵێکی دارایی پلانڕێژی بکات، بەڵام ئەوەی ئاستەنگەو

دەبوو پەیڕەوی ناوخۆ ئاماژەی بۆ بکردایە، دەبوایە هەماهەنگی لەنێوان حکومەت و پەرلەمان هەبوایە لەداڕشتنی پڕۆژەی بودجەدا، چونکە کاتێک پەرلەمان چاوەڕێی پڕۆژەیەکی ئامادەکراوە، ئەوا هەم لەڕووی کات و هەم لەڕووی زانیاری و چۆنێتی گەیشتن بەو جۆرە پلانانە لەپڕۆژەکەدان بۆ پەرلەمان کێشەو ئاستەنگی لەو ئەرکەیدا دروستدەکات. (عەزیز، ٢٠٢٠، ل٩٧).

پڕۆژەیاسای بودجە وەک هەر یاسایەکیتر دێتە ناو پڕۆسەی یاسادانان لە پەرلەمان، ئەوەشی جیایدەکاتەوە لەیاسایەکیتر ئەوەیە بودجە کاریگەری لەسەر هەموو کۆمەڵگە هەیەو زامنی کارو گەشەکردن دەکات لەهەموو سێکتەرەکاندا، لەدوای پەسەندکردنیشی دەبێتە گرنگترین پرس بۆ چاودێری پەرلەمان. بۆیە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەبێت:

**یەکەم/** "لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی هەموو ساڵێک ئەنجومەنی وەزیران، بودجەی خەملێنراو ڕەوانەی پەرلەمان بکات، بەڵام لەتەواوی تەمەنی خولی پێنجەمدا پڕۆژە یاسای بودجە نەنێردراوەتە پەرلەمان تاوەکو پەسەندی بکات یا هەمواریبکاتەوە یان ڕەتیبکاتەوە.

**دووەم/** سەبارەت بەژمێرەی کۆتاییش هەر بەپێی پەیڕەو لەسەر ئەنجومەنی وەزیران پێویستە، لەکۆتایی مانگی نیسانی هەموو ساڵێکدا، ژمێرەی کۆتایی ساڵی پێشوو بۆ پەرلەمان بنێرێت، ئەمەش بەمەبەستی زانینی چۆنێتی سەرفکردنی بودجەو بوارەکانی سەرفکردن، بەڵام ژمێرەی کۆتایی و بەیان مالیش نەچۆتە پەرلەمان."(ئینیستیتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان، ٢٠٢٠، ل٤٣).

لەمەوە دەردەکەوێت حکومەت بەرپرسە لەدروستبوونی ئاستەنگی بودجە بۆ پەرلەمان، لەئەنجامی ئەوەشدا حکومەت سوودمەند بووە، چونکە هیچ لێپرسینەوەیەک لەسەر بەهەدەردان و بەفیرۆدانی سامانی گشتی ئەنجامنەدراوەو تەنانەت زانیارییەکان لەسەر بودجە لەبەردەستدانین، ئەمەش ئاستەنگێکی زۆر زەقە لەسەر داماڵینی ئەم ئەرکە لەپەرلەمانی کوردستان.

هەروەها پەیڕەوی ناوخۆ بەپێی "ماددەی(١٠٣) برگەی یەکەم ماف دەداتە پەرلەمان، کە دەتوانێت تەرخانکراوی بودجە هەڵبوەشێنێتەوە یان کەمی بکاتەوە یان ماددەیەک بۆ ماددەیەکیتر یا لەبەشێک بۆ بەشێکیتر یان لەدەروازەیەک بۆ دەروازەیەکیتر بیگوێزێتەوە." (پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ٢٠٢٠، ل٨٠).

هەرچەندە ئەم مافانە باشن، بەڵام ئاستەنگەکە لێرەدایە کە ئاسان نییە بودجە زیاد بکات، بۆیە ئەگەر پەرلەمان بیەوێت هەر زیادەیەک بکات ئەوا ئاسان نابێت، ئەمەش لەواقیعدا مانای وایە بڕیاردەری کۆتایی هەر زیادکردنێک حکومەتە، نەک پەرلەمان. بەمپێیە، دەتوانین بڵێین پەرلەمان چەند دەسەڵاتێکی هەیە، وەک دەسەڵاتی هەموارکردن و جێگۆڕکێ و لابردن

هەروەها تێنەپەڕاندن، بەڵام بۆ بەندێک، نەک بۆ سەرجەمی بودجە، بۆیە بەتەنها دەسەڵاتی دەستکاریکردنی ناوەڕۆک ئەرک و دەسەڵاتی پەرلەمان سنووردار دەکات. کەواتە بودجە پێویستی بەپشتیوانییەکی بەهێزە لەڕووی یاساییەوە، چونکە لەپەیڕەوی ناوخۆو پرۆژەی دەستووردا یاسای بودجە بوونی نییە، هەروەها تەنانەت لەهەرێمی کوردستانیشدا یاسای بودجە بوونی نییەو بەڵکو وەک پرۆسەیەکی میکانیکی ئاماژەی بۆکراوە، ئەمەش کەلێنێکی گەورەیە لەپرۆسەی دارایی و ئابووری و بودجەگەرایی لەهەرێمی کوردستاندا، کە ئاستەنگی بەردەوامی بەردەم ئەرکی بودجەو پەسەندکردنیەتی.(عەزیز، ٢٠٢٠، ل٩٩).

لەبەر هەموو ئەم هۆکارانەو بەهۆی ئەوەی پەرلەمان نەیتوانیوە هەڵبستێت بە بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە، حکومەتیش بەمشێوەیەی خوارەوە سودمەندبووە:

**١.** پابەندنەبوونی حکومەت بەناردنی پرۆژەبودجە تاوەکو لەکاتی دیاریکراوی یاسایی خۆیدا بینێرێت بۆ پەرلەمان، بەڵام حکومەت پابەند نەبووە بەو کاتە دیاریکراوە، لەبەرامبەردا پەرلەمان نەیتوانیوە لەسەر دواخستنی بودجە لێپرسینەوەی لێبکات.

**٢.** پابەند نەبوونی حکومەت بەناردنی ژمێرەی کۆتایی بۆ پەرلەمان لەوادەی یاسایی خۆیدا، ئەمە سەرباری بوونی کەموکورتییەکی زۆر تیایدا لەکاتی ڕەوانیکردنیدا بێئەوەی پەرلەمان بتوانێت لەسەرئەم شێوازە کارکردنە لێپێچینەوەی یاسایی لەسەر حکومەت بکات.

لەڕێگەی دوو بنەماوە لاوازی پەرلەمان لەبەرامبەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەخەینەڕوو کە ئاستەنگە لەبەردەم ڕانەپەڕاندنی ئەرکی بودجەدا:

– **یەکەم:** باڵادەستی دوو پارتە سەرەکییە دەسەڵاتدارەکەی هەرێمە کە هەر خۆیان حکومەت دروستدەکەن.

–**دووەم:** باڵادەستی دوو پارتە سیاسییەکەیە لەناو پەرلەماندا، بەو هۆکارەی زۆرترین نوێنەرییان لەناو پەرلەماندایە.(شەریف، ٢٠١٩ ل٢١٧).

بەرئەنجامی ئەم دووبنەمایە وایکردووە پەرلەمانتار نەتوانێت بەرپرسیارانە بەدواداچوون بۆ بودجە بکات و ئەو دەسەڵاتەی پێنەدراوە بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە دواخستنی بودجەو ژمێرەی کۆتایی بودجەو هۆکاری دواخستنیان دەربخات، تاوەکو ببێتە هۆی ئەوەی پەرلەمان لێپرسینەوە لەحکومەت بکات و حکومەت ناچار بکات هۆکاری دواخستنی بودجە بۆ پەرلەمان بەڕوونی و ڕاشکاوی شیبکاتەوە.

هۆکاری ئەم بارودۆخە ئابوورییەی هەرێمی کوردستانی پیادا تێپەڕ دەبێت، ئەوەیە کە "نوقمی گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و بەرهەمهێنانەوەی سەرجەم قەیرانە دارایی و ئابوورییەکانە، ئەمەش بەهۆی دروستکردنی ئابوورییەکی مشەخۆری بێ بەرهەم، تیایدا کۆمەڵگەیەکی بەکاربەری دروستکردووە کە لەسەر بنەمای بازرگانی و هاوردەکردنی

سەرجەم پێداویستییەکان و کاڵاکان بەکەرتی خزمەتگوزارییەوە دروستبووە، بۆیە یەکێک لەئاستەنگەکانی ئابووری و کارگێڕی ئەوەیە، دەبێت چۆن کایەی ئابووری لەگەڵ کایەی سیاسیدا کار بکات، ئەی ئایا چۆن ئابوورییەک لەکوردستاندا دامەزراوە؟ بێگومان خاڵێکی گرنگ لێرەدا پێویستە بخرێتەڕوو گرفت و ئاستەنگ لەوەدا نییە بەشێکی زۆری داهات دەچێت بۆ کەرتی گشتی، بەڵکو گرفتەکە لەبەکرێدانی وڵات و داهێنانی ئەم ئابوورییە نادروستە بەکاربەرەدایە کە هاتۆتە ناو سەرجەم کایەکانەوە."(محەمەد، ٢٠١٧، ل١٦).

هەموو ئەمانە بەبێگەڕانەوە بۆ پەرلەمان ئەنجامدەدرێت و پەرلەمانیش لەبەرامبەریدا دەستەوەستانە، ئەم هۆکارەش بووتە هۆی ئەوەی پەرلەمان دەسەڵات و ڕۆڵێکی کەمی لەئابووری و داهاتی گشتیدا هەبێت، چونکە بودجەی گشتی بەپێی یاساو بڕیارەکانی پەرلەمان بەڕێوەنابرێت و ناشەفافییەکی زۆر لەداهات و بودجەی ساڵانەدا بوونی هەیە، بەڵکو بەپێی سیاسەتێکی بێبەرنامەییەوە بەڕێوەدەبرێت.

لەلایەکیترەوە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە حیزب خاوەنی سەرچاوەکانی داهاتەو لەگەڵیشیدا خاوەنی هێزی سیاسی و دەسەڵاتیشە، بۆیە لەبەرامبەردا هەرگیز بوار نادرێت بودجە بکەوێتە ژێر چاودێریکردن و لێپێچینەوەی یاساو ڕێساکانی پەرلەمانەوە.

ئەنجامی ئەوەش وایکردووە پەرلەمان کاریگەرییەکی کەمی بەسەر لایەنی ئابووری و دۆخی بژێوی هاوڵاتیانەوە هەبێت، چونکە ناتوانێت بەدەرکردنی یاساکانی، کاریگەرییەکی بەهێز لەسەر دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن دروست بکات.

کەواتە دەسەڵاتی پەرلەمان هەم لەڕووی چاودێری بودجەو هەم لەڕووی پەسەندکردنی بودجەی ساڵانەدا زۆرلاوازەو حکومەت ئاستەنگێکی گەورەی بەردەمیەتی، چونکە حکومەت بێگەڕانەوە بۆ پەرلەمان خەرجیەکانی بەشێوەیەکی ناشەفاف لەبودجەی گشتی بەهەدەردەدات، پەرلەمان لاوازییەکەشی لەوەدا دەردەکەوێت کە لەو پێناوەدا هیچ کارێکی لێسەندنەوەی متمانەی ئەنجامنەداوە لەسەر خەرجکردنی بودجە، لەکاتێکدا بودجەی گشتی بەسیاسەتی دارایی و ئابووری هەر وڵاتێک دادەنرێت، بەڵام کاتێک لەوردەکاری دانان و پەسەندکردن و جێبەجێکردنی بودجەی هەرێم ورد دەبینەوە ڕاستەوخۆ درک بەو ئاستەنگە دەکرێت، کە بریتییەلە پەسەند نەکردنی بودجەی ساڵانە، ئەم بارودۆخە کاریگەرییەکی نەرێنی هەبووە بەسەر هەرێمی کوردستان لەهەموو ڕووەکانەوە بەتایبەت لەڕووی دواکەوتنی جێبەجێکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و ناسەقامگیری لەبازاڕە ناوخۆییەکان و بوارەکانیتریش، پاشان لەسەر بێئومێدبوونی هاوڵاتیان لەبەرامبەر دامەزراوەکانی پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان.

## باسی دووەم: ئاستەنگە سیاسی و یاساییەکان:

بەهۆی بارودۆخی هەرێمی کوردستان لەڕووی هەرێمی و نێودەوڵەتییەوە چەند ئاستەنگێک بۆ پەرلەمان دێنەپێش و کاریگەری دروستدەکەن لەبەردەم ئەرکە بنەڕەتیەکانیداو وادەکەن نەتوانێت بەپێی پێویست هەڵبستێت بەجێبەجێکردنیان. واتە ئاستەنگە سیاسی و یاساییەکان کاریگەرییەکی نەرێنی بەجێدەهێڵن لەسەر کۆی دامەزراوەکان بەگشتی و دامەزراوەی پەرلەمان بەتایبەتی، لەئەنجامدا ناهاوسەنگی لەپڕۆسەی سیاسیدا دروستدەبێت. لەم باسەدا چەند تەوەرەیەک دەخەینەڕوو:

## تەوەری یەکەم/ بارودۆخی سیستمی سیاسی لەهەرێمی کوردستان:

سیستمی سیاسی بەکۆڵەکەیەکی بنەڕەتی سەقامگیری سیاسی دادەنرێت، چونکە ئەگەر بتوانێت پایەکانی سەقامگیری سیاسی جێگیر بکات، ئەوە دەشتوانێت پایەکانی دامەزراوەکانیش جێگیرو پتەو بکات. بەڵام "دابەشبوونی سیاسی لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ پەرتەوازەبوونی کۆمەڵگەو تێکدانی گشتی سیستمی سیاسی، هۆکاری ئەمەش حیزبەکانن کە بەداینەمۆی سەرەکی ئەم دابەشبوونە دادەنرێن، چونکە کۆمەڵگەی کوردی ئێستاشی لەگەڵدا بێت گوتارو بۆچوونی حیزبی ئاراستەی دەکات، ئەنجامی ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کایەی سیاسی و کایەی کۆمەڵایەتی تێکەڵ بەیەک ببن، چونکە ڕای گشتی ڕای حیزبە سیاسییەکانە، لەبەرئەوەی ئامرازەکانی دروستکردنی ڕای گشتی لەژێر دەسەڵاتی حیزبەکاندایە، نەوەک دامەزراوەییبوونی دامەزراوەکان."(ئیروانی، ٢٠٢٠، ل٢١٣).

لەلایەکیترەوە پێویستە سیستمی سیاسی توانای ئەوەی هەبێت جوڵەی کۆمەڵایەتی و هێزی سیاسی و ئابووری لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگە بچەسپێنێت. لەسەر ئەم بنەمایە سیستمی سیاسی بەزۆربوونی ژمارەی پارتەکان و فرەحیزبی و باڵادەستی حیزبی ناپێورێت، بەڵکو بەبنەماکانی پڕۆسەی سیاسی دەپێورێت کە خۆی لەسەروەری یاساو پڕۆسەی هەڵبژاردنی پاکو بێگەردو دەستاودەستکردنی دەسەڵات و پەرلەمانێکی خاوەن بڕیاری سیاسیدا دەبینێتەوە، بەهەبوونی ئەم بنەمایەش ناهێڵێت دەسەڵات لەلایەن یەک چینی کۆمەڵگەدا قۆرخ بکرێت، ئەمەش وادەکات دەسەڵات لەسەربنەمای بەرژەوەندی گشتی بەڕێوەبچێت.(عوسمان، ٢٠١٩، ل٧٣).

دەبێت سیستمی سیاسی توانای ڕێکخستنی کۆمەڵگەو پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکانی هەبێت و بتوانێت پارێزگاری لەبوونی هاوڵاتیان و هەرێمەکەی بکات. بەبوونی سیستمێکی سیاسی، کەسایەتییەکی یاسایی و نێودەوڵەتی بەدەست دەهێنرێت، چونکە

ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لەڕێکخستنی کۆمەڵگەداو دەبێتە مایەی پشتگیری هاوڵاتیان، لەڕێگای ئەم پشتگیرییەشەوە سیستمە سیاسییەکە سەقامگیری و بەردەوامی و هێزوتوانا بەدەستدەهێنێت. کەواتە ئەو کۆمەڵگەیانەی خاوەن سیستمێکی سیاسی دیاریکراو نین، ئەوە نابنە بەشێک لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، چونکە گەرەنتی پابەندبوونیان بەپەیماننامەو ڕێکەوتنە نێودەوڵەتییەکانەوە نییە.(حەمەئەمین، ٢٠٠٣، ل٢٣-٢٤).

سیستمی سیاسی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر چۆنێتی بەڕێوەچوونی پەرلەمان هەیە، بەڵام لەئێستادا هەرێمی کوردستان بەدەست یەکلاییکردنەوەی سیستمە سیاسییەکەیەوە دەناڵێنێت، کە دەبێت سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان بەهەمان شێوەی عێراق سیستمی پەرلەمانی بێت، بەڵام جۆرێک لەتێکەڵی هەیە کە ناکارایە، ئەم سیستمە تێکەڵە بۆ ئەمرۆی هەرێم نەگونجاوە، بەڵکو بۆ خواستی نوخبەی سیاسی گونجاوە کە بڕوایان وەهایە نابێت دەسەڵات بەشبکرێت، بەڵکو دەبێت لەدەستی سەرۆک و دەسەڵاتی جێبەجێکردندا بێت.(عەزیز، ٢٠٢٠، ل٧٩).

ئەم سیستمە سیاسییەی هەرێمی کوردستان نە پەرلەمانییەو نە سەرۆکایەتی، نە تێکەڵاو، ئەمەش ئاستەنگ و ڕێگرە لەبەردەم کارابوونی پەرلەماندا بەتایبەت کە دابەشبوونی دەسەڵاتەکان ڕوون نین، کاتێکیش دەڵێین ناجۆری لەسیستمی سیاسی مەبەستمان ئەوەیە سیستمە سیاسییەکان بۆ حوکمڕانی لەبابەتە هەرە گرنگەکانی دەستووری هەر وڵاتێکەو بەپێی دەستوور دەبێت جۆری سیستمی سیاسی دیاریبکرێت، کەخۆی لە سیستمی(پەرلەمانی بەریتانی، سیستمی سەرۆکایەتی ئەمریکی، سیستمی تێکەڵاوی فەڕەنسایی)دا دەبینێتەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەم سیستمانە هەریەکێکیان لەژینگەیەکی تایبەت بەخۆیان سەریهەڵداوەو گەشەی کردووەو لەگەڵ سروشتی کۆمەڵگەکەی خۆیان خۆی گونجاندووە، بۆیە کاتێک یەکێک لەم جۆرانە دەگوازینەوە بۆ کۆمەڵگەکەمان زۆر ئەستەمە دەقاودەق وەکو خۆی پیادەبکرێت، ئەمەش لەبەر هەبوونی جیاوازی لەکۆمەڵگەیەوە بۆ کۆمەڵگەیەکیتر، بەڵام کاتێک جۆرێک هەڵدەبژێردرێت بۆ پیادەکردنی، ئەوە دەبێت بەمەرجەکانی ئەو سیستمەوە پابەندبین نەوەکو بێین بەشێوای ڕێساکانی سیستمەکان هەڵبژێرین بەخواستی ئەوەی کە خۆمان دەمانەوێت، بۆنموونە بەدەق و مادده بڵێین سیستمەکەمان پەرلەمانییە، بەڵام بەکردار سیستمی سەرۆکایەتی یان تێکەڵاوی ئەنجامبدەین، چونکە ئەمە شێواوییەک بەسیستمەکەمان دەبەخشێت.

مەبەستیش لەو ناجۆرییە ئەوەیە، ئەو سیستمە ناکەوێتە خانەی هیچکام لەسیستمە حوکمڕانییە سەرەکییەکانی جیهانەوە، چونکە سیستمی حوکمڕانی لەهەرێمی کوردستاندا ڕەگەزو بنەمای لەهەریەک لەو سێ سیستمە خواستووە بۆ دروستکردنی سیستمێکی ناجۆر کە دواجار لەهیچکامیان ناچێت. **لەبەرئەم هۆکارانەیە سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان ناجۆرە:**

**هۆکاری یەکەم/** "بۆ ئەوەی سیستمی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان پەرلەمانی بێت: ئەوا دەبێت هەر دوو لایەنەکەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن(ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی هەرێم) بەرپرسیاربن لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا، بەڵام ئەوەی لەناو دەقی یاساکان و لەسەر ئەرزی واقیع هەیە، ئەوەیە کە تەنها ئەنجومەنی وەزیران بەرپرسیارێتی سیاسی لە ئاست پەرلەماندا هەیە، بەڵام سەرۆکی هەرێم ئەو بەرپرسیارێتییەی لەبەردەم پەرلەماندا نییە، کەواتە دەتوانین بڵێین سیستمی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان پەرلەمانی نییە.

**هۆکاری دووەم/** بۆ ئەوەی سیستمی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان سەرۆکایەتی بێت: ئەوا دەبێت دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا بەرپرسیاری سیاسی نەبێت، بەڵام ئەوەی لەهەرێمی کوردستاندا هەیە، ئەنجومەنی وەزیران بەرپرسیارێتی سیاسی لەبەردەم پەرلەماندا هەیە. لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین سیستمی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان سەرۆکایەتی نییە.

**هۆکاری سێیەم/** بۆ ئەوەی سیستمی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان نیمچە سەرۆکایەتی بێت: ئەوا دەبێت ئەنجومەنی وەزیران بەرپرسیارێتی سیاسی لەبەردەم هەریەک لەپەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێمدا هەبێت. کەچی ئەنجومەنی وەزیران بەرپرسیارێتی سیاسی لەبەردەم پەرلەماندا هەیە، بەڵام بەرپرسیارێتی سیاسی لەبەردەم سەرۆکایەتی هەرێمدا نییە، کەواتە دەتوانین بڵێین سیستمی حوکمڕانی نیمچە سەرۆکایەتیش نییە."(لیژنەی ڕاوێژکاری یاسایی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن، ٢٠١٥، ل٥).

لەئەنجامی ئەو سێ هۆکارەی سەرەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی سیستمی حوکمڕانی لەهەرێمی کوردستاندا ناجۆرە، بەڵام بۆ ئەوەی بەدیاریکراوی سیستمەکە ناسنامەو پێناسەیەکی ڕوون وەربگرێت ئەوە دەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە دایبڕێژین:

"بۆ ئەوەی سیستمی حوکمڕانی لەهەرێمی کوردستاندا ببێتە پەرلەمانی، ئەوە دەبێت سەرۆکی هەرێمیش وەک ئەنجومەنی وەزیران بەرپرسیارێتی سیاسی لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا هەبێت، بەو واتایەی دەبێت سەرۆکی هەرێم لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت و متمانەشی لێبسێنرێتەوە. هەروەها سەرۆک مافی بەکارهێنانی ڤیتۆی نابێت بەرامبەر ئەو پڕۆژە یاسایانەی پەرلەمان پەسەندیان دەکات و مافی دامەزراندنی دادوەران و سەرۆک و ئەندامانی داواکاری گشتی لێدەسەنرێتەوەو ئەو مافە بۆ دەسەڵاتی دادوەری دەگەڕێندرێتەوە.

بۆ ئەوەی سیستمی حوکمڕانی ببێتە سەرۆکایەتی، ئەوە دەبێت سەرۆکی هەرێم لەڕێگەی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی هاوڵاتیانەوە هەڵبژێردرێت و بەرپرسیارێتی سیاسیشی لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا نابێت، بۆ ئەو مەبەستە متمانە دەداتە وەزیرەکان و متمانەشیان لێدەسێنێتەوە بەبێ ئەوەی پەرلەمان هیچ ڕۆڵ و دەسەڵاتێکی لەمەدا هەبێت.

هەروەها سەرۆک دەسەڵاتی ئامادەکردنی بودجەی هەرێمی دەبێت و مافی بەکارهێنانی ڤیتۆشی بۆ ئەو پرۆژە یاسایانە دەبێت کە پەرلەمان پەسەندیان دەکات.

لەلایەکیترەوە بۆ ئەوەی سیستمی حوکمڕانی لەهەرێمی کوردستاندا ببێتە نیمچە سەرۆکایەتی، ئەوە دەبێت، ئەنجومەنی وەزیران بەرپرسیارێتی سیاسی لەبەردەم هەریەکە لەپەرلەمان و سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا هەبێت. هەروەها سەرۆک لەڕێگەی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی هاوڵاتیانەوە هەڵبژێردرێت و مافی بەکارهێنانی ڤیتۆی بەرامبەر هەموو یان بەشێک لەدەقی ئەو پرۆژە یاسایانە هەبێت کە پەرلەمان پەسەندیان دەکات."(لیژنەی ڕاوێژکاری یاسایی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن، ٢٠١٥، ل٦-٧).

ئەو ناجۆرییەی لەفۆرمی سیستمی حوکمڕانی هەرێمی کوردستاندا هەیە، ئەو ئەگەرانەمان دەخاتە بەردەم کە سیستمی سیاسی ڕووبەڕووی قەیرانی زیاتر دەکاتەوە، هەروەها لەسایەی ئەو هاوکێشە ئاڵۆزە ناتەندروستەی حوکمڕانی دەکات لە کوردستاندا، بنەما سەرەتاییەکانی دیموکراسی پێشێڵ دەکرێت و بەرپرسیارێتیشی تێدا لاوازە، وەک بەرپرسیارێتی پەرلەمانتاران بەرامبەر بەدەنگدەر، بەرپرسیارێتی بڕیار بەدەستانی حوکمی بەرامبەر پەرلەمانتاران، هاوکات بەرپرسیارێتی سەرۆکایەتی بەرامبەر بەحکومەت و پەرلەمان، لەئەنجامدا هەموو ئەوانە دەبنەهۆی لاوازکردنی دامەزراوەی پەرلەمان و دروستبوونی ئاستەنگ لەبەردەم ئەرکەکانیدا.(لیژنەی ڕاوێژکاری یاسایی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن، ٢٠١٥، ل١٤-١٥).

لەکۆتاییدا پێویستە میکانیزمی کارکردن هەنگاو بەهەنگاو بچێتە پێشەوەو لەهەر هەنگاوێکدا گۆڕانێک لەسیستمی کارکردن و پابەندبوون بەسەروەری یاسا دروست بکات. لەئەنجامی ئەم سەروەرییەوە ئینتیمای هاوڵاتی بونیاد دەنرێت و مانا دەدرێتەوە بەپەیوەندی نێوان هاوڵاتیان و دەسەڵات، ئەمەش بەوە دێتە بەرهەم سیستمی بەڕێوەبردن یاسا سەروەری بەڕێوەی ببات و عەقڵی تاکەکەسی لێدووربخرێتەوە.(مجید، ٢٠١٢، ل٤٩).

لەوپێناوەدا پێویستە ئاستەنگەکان لەبەردەم پەرلەمان بەپێی سیستم و سەروەری یاسا نەمێنن، تاوەکو یاساکانی هێزو دەسەڵاتی بەسەر بەرپرسان و دەسەڵاتداراندا بشکێت، ئەگینا سەروەری یاسا هەردەم وەکو کلێشایەکی نوسراو دەبێت نەک وەکو هێزی جێبەجێکار بەسەر هەموو تاکەکان لەکۆمەڵگەدا.

کەواتە لەڕاستیدا مەرج نییە کام سیستم هەڵدەبژێرین، بەڵکو ئەوە مەرجە هەر سیستمێکی سیاسی دیاریکرا بۆ مەبەستی بەڕێوەبردنی وڵات، ئەوە بەدیاریکراوی ئیش بەو پەیڕەوو ڕێساو یاسایانە بکرێت کە هەر سیستمێک لەسیستمێکیتر جیادەکاتەوە، نەوەکو بێین بەپێی بەرژەوەندی و خواستی خۆمان و باڵادەستی حیزبی، سیستمەکان تێکەڵ بەیەکتری بکەین و شێواوی بۆ سیستمە سیاسییەکە بخولقێنین، کە ئەمە لەئەنجامدا دەبێتە مایەی

ئەوەی دامەزراوەکانی پەرلەمان و حکومەت و دەسەڵاتی دادوەری ئەو بەرپرسیارێتییەی بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان دەکەوێتە ئەستۆیان نەتوانن پیادەی بکەن.

لەڕاستیشدا باشترین سیستم بۆ هەرێمی کوردستان سیستمی پەرلەمانییە، چونکە ئەم سیستمە گەرەنتی ڕادەیەکی باش لەئاستی دابەشکردنی دەسەڵات دەکات لەبەڕێوەبردنی وڵاتداو ڕێگر دەبێت لەبەردەم بەئاڕاستەبردنی وڵات بەرەو هەژمونی تاکە کەسێک بەسەر حوکمڕانی وڵاتەوەو ڕیکۆردێکی باشتری هەیە لەچاو سیستمەکانیتر لەڕێگەگرتن لەهەڵگەڕانەوەی دەسەڵات بۆ دیکتاتۆرییەت بەتایبەت لە ئەزمونی ئەو کۆمەڵگەیانەی کە لەقۆناغی گواستنەوەدان بەرەو دیموکراسی، بۆ نموونە وەک هەرێمی کوردستان کە لەقۆناغی گواستنەوەدایە بەرەو دیموکراسییەت، واتە کارپێنەکردنێکی ڕوون و دیاریکراوی سیستمی سیاسی دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو کۆمەڵگەیە ژینگەیەکی گونجاو بێت بۆ هەبوونی مەرکەزیەت و گەشەکردنی ناشەفافیەت و بەردەستنەبوونی زانیاری لەبەڕێوەبردنی کارو ئەرکەکان و لاوازکردنی دامەزراوەکان بەگشتی و دامەزراوەی پەرلەمان بەتایبەتی.

## تەوەری دووەم/ نەبوونی دەستوورێکی هەمیشەیی:

دەستوور بۆ هەر قەوارەیەکی سیاسی بەبناغەیەکی گرنگ دادەنرێت، جا چ ئەو قەوارەیە دەوڵەت بێت یاخود هەرێمێکی فیدراڵی بێت، لەبەرئەوەی لەڕێگای دەستوورەوەیە دەسەڵاتەکان بەدامەزراوەیی دەکرێن و سنووریان بۆ دیاریدەکرێت تاوەکو هیچکامیان سنووری خۆی نەبەزێنێت و باڵادەست نەبێت بەسەر دەسەڵاتێکیتردا. واتا کاتێک دەسەڵاتداران یاسا بۆ هاوڵاتیان دەردەکەن و تاکەکانی کۆمەڵگەی پێوەپابەند دەکەن، ئەوە لەبەرامبەردا پێویستە ئەوانیش پابەندبن بەیاسایەک کەئەویش دەستوورە.

چونکە دەستوور، "ئەو یاسا بنەڕەتییە شکۆدارەیە کە لەسەرووی هەموو یاساکانەوە دێت، واتە سەرچاوەی سەرەکی گشت یاساو بڕیارە چارەنووسسازەکانەو هەڵدەستێت بەدانانی دەسەڵاتەکان و ڕێکخستنی پەیوەندی نێوانیان و بەرجەستەکردنی ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتیان و دارشتنی پرەنسیپە گشتییەکانی حوکمڕانی لەبواری(سیاسی، یاسایی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، کارگێڕی)، هەروەها ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان هاوڵاتیان و دەسەڵات لەلایەک، لەنێوان خودی تاکەکانی کۆمەڵگە خۆبەخۆ لەلایەکیترەوە." (ڕەمەزان، ٢٠٠٩، ل٤٢).

ناوەڕۆکی هەر دەستوورێک لەهەموو دونیادا سیاسییە، چونکە سەرجەم بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە، بەڵام چوارچێوەکەی یاساییە.(بایز، ٢٠١٣، ل١٤). هەرلەبەرئەوەیە "دەستوور بەبنەما سەرەکییەکانی سیستمی حوکمڕانی هەر وڵاتێک دادەنرێت لەگەڵ چونێتی پێکهێنانی دەسەڵاتە گشتییەکانی(یاسادانان و جێبەجێکردن، دادوەری)، هەروەها پەیوەندی

نێوان ئەو دەسەڵاتانە ڕووندەکاتەوە، ئەمە جگەلەوەی لەدەستووردا یاسا گشتییەکان دادەنرێت و مافی هاوڵاتی و گەرەنتی پاراستنیشیان دەستنیشاندەکرێت، بۆیە ئەو یاسایانەی کە لەدەستووردا هاتوون، یاسا کارپێکراوەکانی کۆمەڵگەن و ناتوانرێت دەستکارییان بکرێت، بەڵام گۆڕانکاری لەیاسا ئاساییەکان دەتوانرێت لەلایەن دەسەڵاتی پەرلەمانەوە دەستکاری بکرێت، کە لەدوای دەستوور ئەو هێزەی پێبەخشراوە."(عوسمان، ٢٠٢١، ل٤٠). لەبەر ئەو گرنگیەیەتی بەسەرەکیترین و بەیەکێک لەشکۆمەندیترین سەروەرییەکانی وڵات هەژمار دەکرێت و نابێت دەسەڵاتە گشتی و تایبەتییەکان بەپێچەوانەی ئەوەوە بجوڵێنەوە.(غەفوور، ٢٠١٠، ل٥٩)، چونکە بەرزترە لەهەموو یاسایەکی دیکەو نابێت هیچ یاسایەک دەربچێت لەگەڵیدا نەگونجێت.

دەستوور سنووری یاسا دیاریدەکات تاوەکو پەرلەمان نەتوانێت یاسای ناپێویست و داپڵۆسێنەر دەربکات، هەر یاسایەکی دەرچوێندراویش لەگەڵ دەستوور پێچەوانە بێت دەبێت لەلایەن دادگای دەستوورییەوە یەکلاییبکرێتەوە یان ڕەتبکرێتەوە، هەربۆیە هەموو دەسەڵاتە گشتییەکانی(پەرلەمان، حکومەت، دادوەری) هیچیان خاوەنی ڕاستەقینەیی دەسەڵات نین، لەبەرئەوەشە کە پێیاندەوترێت(دەسەڵاتی دامەزراوەیی)، واتە هەموو ئەوانە لەلایەن دەسەڵاتی ئەسڵییەوە کە دەستوورەو دەستووریش بناغەکەی هاوڵاتیانە دامەزراون.(سعید، ٢٠١٢، ل٩-١٠).

هەرچەندە پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ئەو دەرفەتە بۆ کوردستان ڕەخساوە کە پەرلەمان و حکومەتی خۆی هەبێت و جاڕی فیدڕاڵی لەجۆری پەیوەندی نێوان هەرێم و ناوەند بدات و دیاری بکات، بەپێی ئەم فیدڕاڵیەش هەرێم بۆی هەیە دەستووری خۆی هەبێت بەمەبەستی ڕێکخستنی باری(سیاسی، یاسایی، کارگێڕی، کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنی جۆری پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵدا).(تۆفیق، ٢٠١٩، ل١١٥).

بەهەرحاڵ دەبوایە لەو کاتەوەی پەرلەمانی کوردستان بەپێی بڕیاری ژمارە(٢٢) لەڕۆژی ١٩٩٢/١٠/٤ سیستمی فیدڕاڵی بۆ هەرێمی کوردستان پەسەندکرد، خاوەنی دەستووری هەمیشەیی خۆی بوایە، بەڵام لەبەر بارودۆخی هەرێم بایەخی پێنەدراو تائێستاشی لەگەڵدابێت ئەنجامی نەرێنی لێکەوتۆتەوە، چونکە ئەگەر دەستوور هەبوایە لەپرۆسەی ئازادی عێراق لەساڵی٢٠٠٥ دا دانپێدادەنراو پێگەی هەرێمی کوردستان زۆر بەهێزتر دەبوو، بەڵام تاوەکو ئەمڕۆ نەبووەتە خاوەن دەستوورێکی هەمیشەیی، کە لەبەرامبەردا کاریگەری زۆر نەرێنی لەسەر تەواوی پرۆسەی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا دروستکردووە.(مەولوود، ٢٠١٩، ل١٠-١٣)

هۆکارەکەشی بۆ ململانێی حیزبایەتی و نەبوونی یەک گوتاری نەتەوەیی هەروەها نەبوونی یەکگرتوویی پارتە سیاسییەکان دەگەڕێتەوە، لەکاتێکدا ئەو مافە یاساییە

لەدەستووری هەمیشەیی عێراقدا چەسپێنراوەو مافی گشت هەرێمەکانی فیدراڵییە دەستووری خۆیان هەبێت.

"لەماددەی(١٢٠)ی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا هاتووە، هەرێم دەستوورێک بۆ خۆی دادەنێت، دەسەڵات و ئەرکەکانی و شێوازەکانی کارپێکردنیان دیاری بکات، بەجۆرێک ناکۆک نەبێت لەگەڵ ئەم دەستوورە هەمیشەییەدا.

پاشان لەماددەی(١٢١)دا باس لەدەسەڵاتەکانی هەرێمەکان دەکات، کە لەبڕگەی یەکەم بەمشێوەیە خراوەتەڕوو: دەسەڵاتی هەرێمەکان مافی پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەرییان هەیە، بەپێی حوکمەکانی ئەم دەستوورە بەدەر لەدەسەڵاتە حەسرییەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی کە لەم دەستوورەدا هاتووە."(سالم، ٢٠١١، ل١٢٩).

ئەو پڕۆژە دەستوورەی هەرێم کە لەبەر دەستدایە دەبوایە لەمە زیاتر لەنوسینەوەو هەموارکردن و جێگیرکردنی دوانەکەوێت، چونکە لەڕووی یاساییەوە هیچ ئاستەنگێک نییە لەبەردەم سەرلەنوێ هەموارکردنەوەی بڕگەو ماددەکان کە لەناو پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا هەن، چونکە بەنەبوونی دەستوورێکی هەمیشەیی هەمیشە دەسەڵاتەکان ناهاوسەنگی لەنێوانیاندا دروست دەبێت و پەرلەمانیش پێشێلکاری لەبەرامبەر جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا دەکرێت و ئاستەنگی بۆ دروست دەبێت، ئەنجامی هەموو ئەوانە پێشێلکردنی مافەکانی هاوڵاتیانی لێدەکەوێتەوە.

"لەئەنجامی نەبوونی دەستوور ڕۆڵی پەرلەمان لەگۆڕەپانی سیاسی هەرێمدا وەک پێویست لەبەرچاو ناگیرێت، چونکە لەڕووداوە گرنگ و چارەنوسسازەکاندا پەراوێز دەخرێت، هەرچەندە بەپێی بڕیاری ژمارە(١)ی ساڵی٢٠٠٥ دەبێت سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بۆ بڕیارە چارەنوسسازەکان بۆ پەرلەمان بگەڕێتەوە، بەڵام ئەمە لەواقیعدا بەدیناکرێت، لەڕاستیشدا ئەگەر دەستوور لەبەردەستدابوایە ئەوە بەمشێوەیە پێشێلکاری لەبەرامبەر پەرلەماندا ئەنجامنەدەدرا، کەواتە تا ئەوکاتەی هەرێمی کوردستان دەستوورێکی هەمیشەیی نەبێت، ئەوا ئەو دامودەزگاو دامەزراوە باڵایانە بەدامودەزگای یاسایی لەقەڵەم نادرێن و دەبنە دامودەزگای واقیعی، چونکە لەدەستوورەوە دەسەڵاتەکانیان سەرچاوەی نەگرتووە."(ئەنستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان، ٢٠١٥، ل٢٩-٣٠)

لەگرنگترین ئەو ئاستەنگانەش کە بەهۆی نەبوونی دەستوورەوە ڕووبەڕووی پراکتیزەکردنی دەبینەوە بنەمای سەروەری یاسایە، چونکە دەستوور لەسیستمی سیاسی هەر وڵاتێکدا باڵاترین یاسایەو بەیەکەم بنەما دادەنرێت لەزامنکردنی سەروەری یاسادا، بەو پێیەی بەڵگە نامەیەکە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی هاوڵاتیان ڕووندەکاتەوەو مافەکانیشیان دەستەبەر دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا جۆری سیستمی سیاسی و پەیوەندی نێوان دەسەڵاتە گشتییەکانیش دیاریدەکات و پرسە بنەڕەتیەکانی کۆمەڵگەش ڕووندەکاتەوە، هەموو ئەمانەش

لەسایەی سەروەری یاسادا دێنەدی، پەرلەمانیش لەسەربنەمای سەروەری یاساو ڕەوایەتی دەقە دەستوورییەکان، یاساکان دادەڕێژێت و لەچوارچێوەی دەستووردا پەسەندییان دەکات، دەستووریش لەپلەبەندی یاساکان لەپلەی یەکەمدایە، هەرێمی کوردستانیش تا ئەم ساتەی ئێستا خاوەنی دەستوور نییەو ئەو بۆشاییە یاسایی و دەستوورییەش کاری کردۆتە سەرچەند پرسێکی گرنگ، لەوانە:

١/ یەکێک لەکاریگەرییە نەرێنییەکانی نەبوونی دەستوور، دیاریکردنی شوناسی سیستمی حوکمڕانییە لەهەرێمی کوردستان، تائێستاش لەلێکدانەوە بۆ شوناسە سیاسییەکەی ناڕوونی هەیەو دەبێت دەستوور یەکلایی بکاتەوە، چونکە "دەستوور سیستمی حوکمڕانی و ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان دەسەڵاتەکانی(یاسادانان و جێبەجێکردن، دادوەری) دیاریدەکات، لەبەرئەوەی یاساکان لەسەربنەمای دەستوور دادەڕێژرێن، هەربۆیە تاوەکو ئەمڕۆ لەسیستمی سیاسی هەرێمی کوردستاندا یاساکان لاوازی لەهەماهەنگی و ڕێکخستنیاندا هەیە، کە ئەمەش دروستبوونی ئاستەنگ لەبەردەم ئەرکەکانی پەرلەمانی کوردستانی لێکەوتۆتەوە، چونکە سنووری ماف و ئازادییە گشتییەکان لەدەستووردا دەقنووس دەکرێن. کەواتە بۆ بوونی سیستمێکی سیاسی و یاسایی لەهەرێمی کوردستاندا، وادەخوازێت سەرجەم ماف و ئەرک و کارەکانی هاوڵاتیان لەلایەن دەسەڵات و ئەرکەکانی پەرلەمانەوە بەیاسا ڕێکبخرێن و چیتر پەنا نەبرێتەبەر بەرکارکردنی یاسای عێراقی، چونکە دەرچوونی هەر یاسایەک لە ئامادەکردنی ڕەشنووسی پڕۆژەیاساکەوە تا پەسەندکردنی ڕێکارو ژینگەی تایبەت بەخۆی هەیە."(دزەیی و پیرداود، ٢٠١٢، ل١١-١٢)

٢/ یەکێکیتر لەئاستەنگە سەرەکییەکان کە لەئەنجامی نەبوونی دەستوورەوە دروست بووە، نەبوونی سەروەری یاسایە لەهەرێمی کوردستان، "کە پایەیەکی سەرەکییە لەسیستمی سیاسی و یاساکانی کە لەپەرلەمانەوە دەردەچن، لەناوەڕۆکیشدا ئەوە دەگەیەنێت هاوڵاتیان و ئەوانەی حوکمیان دەکەن دەبێ یاسا پەیڕەوبکەن، چونکە ئەم سەروەرییە ڕاستەوخۆ پەیوەندە بەچۆنێتی دانانی یاساکان لەلایەن پەرلەمانەوە. واتە هەر دامەزراوەو بەرپرسێک دەبێت بەپێی یاسا دەسەڵاتی هەبێت بۆ ئەو ئەرک و بەرپرسیارێتییەی پێیدراوەو پێیهەڵدەستێت، لەبەرامبەریشدا دەبێت دامەزراوەکان و بەرپرسەکان لەکاتی پیادەکردنی دەسەڵاتەکانیاندا ملکەچی یاسابن، چونکە هیچ کات لەبەرژەوەندی گشتی هاوڵاتیاندا نییە دەسەڵات بەپێی خواستی خۆی هەڵسوکەوت بکات، بۆیە زۆرگرنگە هاوڵاتی هۆشیار بێت، لەبەرئەوەی بەم هۆشیارییەی ناهێڵێت دەسەڵاتداران و بەرپرسان لەدەرەوەی یاسادا دەستکراوەبن.(پەیمانگەی ڕائۆول وێلنبێرگ،و پەیمانگەی لاهای، ٢٠١٤، ل١٨-١٩).

لەکاتێکدا بەپێی دەستوور دەوترێت سەروەری یاسا لە پایە سەرەکییەکانی سیستمی سیاسی و یاساکانی پەرلەمانە، بەڵام ئەو واقیعەی پەرلەمانی کوردستانی تێکەوتووە بەسەبارەت بەسەروەری یاسا زۆر جێگەی نیگەرانییە، چونکە کاتێک پەرلەمانی کوردستان

لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە بووەتە نوێنەری هاوڵاتیان، کەچی بەردەوام لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێشێلی یاساکانی دەکرێت، چونکە  حکومەتی هەرێم تاڕادەیەکی بەرچاو پابەندی جێبەجێکردنی یاساکان نابێت کە لەپەرلەمانەوە دەردەچن.

٣/ ئاستەنگییەکیتر کە هەر لەسایەی سەروەری یاساوە دروست دەبێت بریتییە لەوەی کە دەبێت دەسەڵاتە بنەڕەتییەکانی(پەرلەمان، حکومەت، دادوەری) لەیەکتر جیا بکرێنەوە، مەبەستیش لەو جیاکردنەوەیە ئەوەیە کە نابێت بەرپرسەکانی ئەو دەسەڵاتە بنەڕەتییانە لەیەک کاتدا سەر بەزیاتر لەدامەزراوەیەک بن لەو دامەزراوانە، بۆنموونە نابێت سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەهەمان کاتدا دادوەر بێت. لەواقیعدا ئەم جیاکردنەوەیە مەبەست لەڕێکوپێکی و هاوسەنگی نێوان دەسەڵاتەکانە نەک جیاکردنەوەیەکی ڕەهاو نەبوونی پەیوەندی لەنێوانیاندا، لەبەر ئەو هۆکارەیە کە هەمیشە دەسەڵات دابەشدەکرێت لەنێوان دامەزراوەکانداو بەهیچ ڕێگەیەک دەرفەت بەدامەزراوەیەک نادات دەسەڵاتی رەها بەکاربهێنێت، هەر لەو پێناوەدایە پەرلەمان بەردەوام چاودێرە بەسەر حکومەتەوەو دەسەڵاتی دادوەریش هەموو یاساکان کە لەپەرلەمانەوە دەردەچن دوبارە پێداچونەوەیان پێدا دەکات، ئەمەش کارێکی گرنگی گەورەی لەبەدیهێنانی سەروەری یاسادا هەیە.(پەیمانگەی ڕائۆول وێلنبێرگ و پەیمانگەی لاهای،٢٠١٤، ل٣٦-٣٧).

ئەم ڕێکخراوەییە کە لەڕێگەی سەروەری یاساوە فەراهەم دەبێت، بەڵام لەهەرێمی کوردستاندا بەدی ناکرێت و پەرلەمان نەک هەر نەیتوانیوە سەکۆیەک بێت بۆ سەرەری یاسا بەڵکو بووەتە بەشێک لەو یاسا شکێنییەی کە لە هەرێمی کوردستاندا بوونی هەیە، بۆ نموونە کاتێک لەسایەی سەروەری یاساوە دەبێت دەسەڵاتەکان بەشێوەیەکی ڕێکوپێک لەیەکتر جیا بکرێنەوەو ڕێگە نادرێت دەسەڵاتەکان بەشێوەیەکی ڕەها لەدەستی یەک دامەزراوەدا کۆببنەوە، بەڵام لە هەرێمدا پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەریش لەژێر ڕکێفی حکومەتدان، ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی کە بەردەوام حکومەت ببێتە ئاستەنگ بۆ کارو ئەرکەکانی پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەری و نەتوانن بەو بەرپرسیارێتییە هەڵبستن کە لە ئەستۆیانە، ئەنجامی ئەوەش بێهیوابوون و بێئومێدبوونی هاوڵاتیانی بەدوای خۆیدا هێناوە. ئەوە لەلایەک.

لەلایەکیترەوە، کاتێک بەهەر هۆکارێک هەڵبژاردن ناکرێت، کەچی لەجیاتی ئەوەی پەرلەمانی کوردستان بە یاسایەک خۆی هەڵبوەشێنێتەوە لەبەرامبەردا دێت تەمەنی یاسایی خۆی درێژ دەکاتەوە، ئەمەش بەبیانووی ئەوەی هەرێمی کوردستان نەکەوێتە بۆشایی یاساییەوە، بەڵام ئەم هەنگاوەی پەرلەمان دەینێت خۆی لەخۆیدا شکاندنی سەروەری یاسایە، درێژەدانە بەو حوکمڕانیەتە کە بەردەوام پێشێلی سەروەری یاسا دەکات.

یاخود کاتێک پەرلەمان بۆ بابەتێکی هەنوکەیی کە بەپێی بارودۆخی ناهەمواری هاوڵاتیان دروست بووەو حکومەت لێی بەرپرسیارە، لەبەرامبەردا سەبارەت بەو بارودۆخەی

هاتۆتەپێشەوە حکومەتی هەرێم یان وەزیری پەیوەندیدار بەو بارودۆخە بانگهێشتی پەرلەمان دەکرێت بۆ لێپرسینەوە، بەڵام لەبەرامبەردا نە حکومەت و نە وەزیری پەیوەندیدار بۆ ئەو پرسە ئامادەی ئەو بانگهێشتە نابن و پەرلەمانیش بێدەسەڵاتە لەبەرامبەردا، ئەمەش پێشێلکردنی ئەو سەروەرییەیە کە بەردەوام لەلایەن حکومەتەوە بەرامبەر بە پەرلەمان ئەنجام دەدرێت.

جێبەجێکردنی هەموو ئەو پێشێلکارییانەش لەئەنجامی نەبوونی دەستوورەوەیە کە بۆشاییەکی یاسایی لە هەرێمی کوردستاندا دروستکردووە، ئەگینا ئەگەر دەستوورێکی هەمیشەی لەهەرێمدا بوونی هەبووایە، ئەوا بەم شێوەیە یاسا شکێنی لەلایەن دامەزراوەکانەوە بەرامبەر بەیەکتری هەم لەسودی خۆیان و هەم لەزیانی خۆیان ئەنجام نەدەدرا.

٤/ ئاستەنگییەکیتر کە لەئەنجامی نەبوونی دەستوور بوونی هەیە، نەبوونی دادگایەکی دەستوورییە، کاریگەری نەبوونی ئەم دادگا دەستوورییە لەم نمونەیەدا ڕووندەکەینەوە، هەمیشە لەهەرێمی کوردستاندا دواخستنی هەڵبژاردن و درێژکردنەوەی ویلایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم لەئارادایە.

"ئەمە چەند جارێک لەڕێگەی خودی پەرلەمانەوە ئەنجامدراوە کە لەبۆشایی نەبوونی دەستوورێکی هەمیشەییدا پەرلەمان کەوتۆتە ژێر کاریگەری دەسەڵاتی پارتە دەسەڵاتدارەکانەوە، بەو مەبەستەش پەرلەمان چەند جارێک دواخستنی هەڵبژاردن و درێژکردنەوەی ماوەی تەمەنی خولی پەرلەمان و سەرۆکایەتی ئەنجامداوە، ئەمەش لەڕێگەی بڕیارێکی پەرلەمانەوە بووە، بێگوێدانە ئەوەی ئەو کارەیان زەوتکردنی مافی دەنگدەرانە بۆ ئەو ماوەیەی تەمەنی خۆیانی تێدا درێژ دەکەنەوە. جا ئەم بڕیارە یاسایەی پەرلەمان ئەگەر لەبەر زەرورەتی بارودۆخی سیاسی هەرێم بوو بێت، ئەوە هەر نادەستوورییە، ئەگەریش لەژێر کاریگەری دەسەڵاتەکانی لەهەرێمدا هەن بوو بێت، ئەوە هەر نادەستوورییە.

کەواتە سەرەکیترین هۆکار بۆ دواخستنی هەڵبژاردن نەبوونی دەستوورێکی هەمیشەییە، تاوەکو ماوەی ویلایەتی پەرلەمانی بەدەقێکی چەقبەستووی دەستووری دیاریبکات، بەجۆرێک خودی پەرلەمان نەتوانێت لەڕێگەی بڕیارێکەوە یان دەرکردنی یاسایەکەوە خولی تەمەنی پەرلەمانی درێژبکاتەوەو هەڵبژاردن دوابخات، هاوکات لەگەڵیشیدا دادگایەکی دەستووری هەبێت وەک گەرەنتییەک بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارانەی پەرلەمان بۆ درێژکردنەوەی وادەی خولی پەرلەمانی یاخود خولی سەرۆکایەتی هەرێم دەریان دەکات، ئەگەرنا بەردەوام دواخستنی هەڵبژاردن بژاردەیەکی بەردەست دەبێت بۆ هەر لایەنێکی سیاسی کە بیەوێت هەڵبژاردن لەکاتی دیاریکراودا نەکرێت."(نەجمەدین، ٢٠٢٠، ل٦٦-٦٧).

لەئەنجامی پەنابردن بۆ ئەو هەنگاوەش ئەوە پرۆسەی هەڵبژاردن و ئەنجامەکانی، مانایەکی ئەوتۆی نامێنێت کاتێک گروپە سیاسییەکان هیچ حسابێکی ئەوتۆ بۆ لایەنی دەستووری و یاسایی پرۆسەکە نەکەن، بەتایبەتی کاتێک گروپە سیاسییەکان لەدوای هەڵبژاردن بێگوێدانە ئەنجامەکان دەستدەکەن بەدابەشکردنی پۆستە ئیداری و کارگێڕییەکان بەرێکەوتنێکی سیاسی لەنێوان خۆیاندا بەشێوەیەک کە زۆربەی هێزەکان پشکیان لەحکومەتدا هەبێت.(محەمەد، ٢٠١٨، ل٨٤).

ئەگەر دادگای دەستووری بوونی هەبێت و خاوەن دەسەڵات بێت، ڕووبەڕووی هەر هەوڵێکی لەو جۆرە دەوەستێتەوە، لەبەرئەوەی بڕیارەکانی ئەم دادگایە پشت ئەستوورن بەخودی دەستووری وڵات، بەڵام بەنەبوونی دادگایەکی دەستووری لەهەرێمدا بەردەوام ئەم بارودۆخانە لەئارادا دەبن، بەهۆکاری ئەوەی پەرلەمان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ دەسەڵاتی یەکەم و مەرجەعی سەرەکی دەسەڵاتە لەهەرێمدا، بۆیە دەکرێت هەرکارێک بەزۆرینەیی پەرلەمانی تێپەڕێندرێت، جا چ بەیاسایی بێت یان نایاسایی بێت، بارودۆخێکی ئاوا پەرلەمان بەرەو خود موختاری یان بەرەو لاوازی دەبات، چونکە دوور لەئەرکە چاوەڕوانکراوەکانی کارەکان ئەنجامدەدات.

٥/ لەکاتی پێشێلکردنی یاساکان و بوونی دژایەتی و ناکۆکی لەنێوان یاساکاندا، بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان و پابەندبوونیان بەڕەوایەتی دەستوور، پێویست بەدادگای دەستووری دەکات، بەڵام لەبەر نەبوونی دەستوور پەرلەمانی کوردستان لەکاتی پەسەندکردنی یاساکان پشت بەدەستووری عێراقی دەبەستێت، یان پشت بەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەبەستێت، ئەمەش یەکێکە لەئاستەنگەکان لەبەردەم کارکردنیدا، چونکە بەبەردەوامی بۆشایی یاسایی دروستدەبێت و کاریگەری نەرێنیشی لەسەر دەسەڵاتی دادوەری بەجێهشتووە، بەهۆی ئەوەی هیچ دەقێک سەبارەت بەچاودێری دادوەری بەسەر دەستووریبوونی یاساکانەوە نەهاتووە، کە دەبوایە بوونی هەبێت لەپێناو بونیادنانی سیستمێکی دادوەری، لەپێناوی ئەوەی یاسایی بوونی دامەزراوەکان و پاراستنی مافەکانیان بەشێوەیەکی ڕاستەقینە بپارێزێت. دەرئەنجامی ئەوەش لاوازکردنی دادگاکانی لێکەوتۆتەوە لەبەرامبەر هەندێک پرسی پەیوەست بەدوو پارتە فەرمانڕەواکە، هەندێک جاریش پشتگوێخستنی دەزگا جێبەجێکارەکان بۆ جێبەجێکردنی یاساکان کە لەپەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەرانەوە دەرچوون، ئەم پێشێلکارییانەش کاریگەرییان هەبووە لەسەر بڕیارە دەرچووەکان لەبەرژەوەندی پارتەکانی دەسەڵاتدار کە لەسەر حساب و پشتی سەروەری یاسابوون.(فەرج، ٢٠١٩، ل٢٣٢-٢٣٣).

کەواتە سەروەری یاسا ڕەنگدانەوەی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری وڵاتەو ڕێکخەری بوارەکانی کۆمەڵگەیە، دەستووریش یەکەمین و بەرزترین یاسایە، بۆیە پێویستە پەرلەمانی کوردستان لەکاتی داڕشتن و گفتوگۆو دواتر پەسەندکردنی

پرۆژەیاساکان، ڕەچاوی ناوەڕۆکی یاساکان بکات، بەتایبەتیش ئەو یاسایانەی کە پەیوەندییان بەڕێکخستنی ژیانی سیاسی و مافە گشتییەکانەوە هەیە، ئەمەش دەبێت دەسەڵاتی دادوەری یەکلاییان بکاتەوە.

لەکۆتاییدا لەئەنجامی نەبوونی دەستووردا جۆرە ئاڵۆزی و ئاستەنگییەک لەبەردەم دەستکراوەیی ئەرک و دەسەڵاتەکانی پەرلەماندا دروستدەبێت، چونکە جۆرێک لەگەندەڵی سیاسی و یاسایی، ئابووری و کارگێڕی هاتۆتەئاراوە کە پەرلەمان ناتوانێت لەڕێگەی ئەرکەکانییەوە ڕێگەیەک بۆ چارەسەرییان بدۆزێتەوە، لەبەرئەوەی لەڕووی سیاسییەوە ناتوانێت بەشدارێکی کارای پرسە نیشتیمانییەکان بێت. لەڕووی ئابووریشەوە ناتوانێت هەڵبستێت بەئەرکی پەسەندکردنی بودجە. هەروەها لەڕووی یاساییەوە ناتوانێت ئەو یاسایانە هەموار بکاتەوە کە پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆن یان ئەو یاسایانە دەربکات کە لەپێناو بەرژەوەندی گشتی هاوڵاتیاندان. هەموو ئەم ئاستەنگانەی بەردەم پەرلەمان و نەتوانینی گۆڕانکاری لەپرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستان بووەتە هۆی لاوازکردنی دامەزراوەی پەرلەمان بەگشتی و بێئومێدبوونی هاوڵاتیانیش بەتایبەتی.

## تەوەری سێیەم/ سیستمی هەڵبژاردن و ئاستەنگی بەردەم پەرلەمان:

چەند جارێکە هاوڵاتیان ئەزمونی هەڵبژاردن لەهەرێمی کوردستان بەڕێدەکەن، بەڵام بارودۆخە ناهەموارەکانی دێنەپێشەوە وایکردووە نەتوانرێت ئەو پرۆسەیە بەپاکوبێگەردی و بەشێوەیەکی دروست بەڕێوەببردرێن، کەواتە لەئەنجامی بارودۆخێکی ئاوادا هەڵبژاردن چۆن دەبێتە ئاستەنگی بەردەم ئەرکی پەرلەمانی کوردستان؟

بنەمای دواخستن بۆ ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کارێکی دوور لەدیموکراسییەت و پێشێلکردنی مافەکانی هاوڵاتیانە کە لەماوەی(٤) ساڵدا ئەو مافە یاساییەی خۆیان پیادەبکەن بەمەبەستی گۆڕانکاری لەدەسەڵات و ڕێگەگرتن لەقۆرخکاری و خۆسەپاندن و نادادپەروەری، بەڵام بەردەوام هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان لەنێوان ئەنجامدان و ئەنجامنەدانیدا دەسوڕێتەوە. دواخستنی هەڵبژاردن لەهەرێمی کوردستان بۆتە دابونەریتێکی ناشیرین کە لەکاتی یاسایی خۆیدا ئەنجام نادرێت و بەهۆکاری ناشایستە دوادەخرێت، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هێندەی حیزب بڕیاربەدەستە لەکایەی سیاسیدا، هێندە پەرلەمان و دەسەڵاتەکانیتر بڕیاربەدەست نین، کەواتە ململانێ حیزبایەتییەکان ئاستەنگن لەبەرەوپێشبردنی ئەزموونی حوکمڕانی و ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لەکاتی خۆیدا.(موهەندیس، ٢٠٢١، ل١٧٥-١٧٦). **ئەو هۆکارانەش کە بەهۆی سیستمی هەڵبژاردن لەهەرێمی کوردستان دەبنە ئاستەنگی بەردەم ئەرکی پەرلەمانی کوردستان، بریتین لە:**

**هۆکاری یەکەم/** وادەی کارکردنی یاسایی ئەنجومەنی کۆمیسیارانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی لەهەرێمی کوردستان کۆتایی هاتووە.(تۆڕی ڕێکخراوەکانی تایبەت بەهەڵبژاردن لەهەرێمی کوردستان، ٢٠٢٢، ل١١).

ئەمەش ئاستەنگی بنەڕەتییە بۆ کاری پەرلەمانی کوردستان، لەبەرئەوەی ماوەی یاسایی کۆمیسیۆن بەسەرچووە، لەبەرامبەردا پەرلەمانی کوردستانیش تەمەنی یاسایی خۆی تەواو دەکات و خۆی نوێ ناکاتەوە بەئەنجامدانی هەڵبژاردن بۆ خولی تازەی پەرلەمان، کەواتە جێکەوتەی ئەم بەسەرچوونە یاساییە، گرنگترین ئاستەنگە لەبەردەم ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان، چونکە هەڵبژاردن کاتێک دەکرێت کە دەستەی کۆمیسیۆن لە ئەرکی یاسایی خۆیاندابن بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن بۆ خولی تازەی پەرلەمان، لەوپێناوەدا پێویستە پەرلەمانی کوردستان پێش تەواوبوونی تەمەنی یاسایی خۆی پڕۆژەیاسایەکی تایبەت بەهەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنێکی نوێی کۆمیسیاران دەربکات، ئەمەش بەمەبەستی ڕێکخستنی ڕێکارە یاساییەکان بۆئەوەی هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا بەڕێوەبچێت.

**هۆکاری دووەم/** "هۆکاری نەبوونی سەرژمێرییەکی تەواو لەهەرێمی کوردستاندا بووەتە ئاستەنگ لەبەردەم هەڵبژاردنەکاندا، لەبەرئەوەی بەردەوام گومانی ژمارەی ڕاستی و دروستی دەنگدانی هاوڵاتیان بوونی هەیە، چونکە پەرلەمان لەکاتی هەڵبژاردن بۆ خولی تازە تائێستاشی لەسەربێت پشتی بەستووە بەفۆڕمی خۆراک کە لەلایەن وەزارەتی بازرگانی عێراقەوە ڕێکخراوەو ئەنجامدراوە، ئەمەش بەبێ گومان کۆمەڵێک هەڵەو ناڕاستی تێدایە، لەوانە تاوەکو ئێستاشی لەسەربێت لای حیزبە بەشدارەکان گومانی ئەوە نەڕەویوەتەوە کە ناوی مردووان زۆر بەکەمی سڕاونەتەوە."(عەبدوڵڵا، ٢٠٠٩، ل٦-٧).

**هۆکاری سێیەم/** نەخوێندەواران لەهەرێمدا ئاستەنگێکی سەرەکین لەپڕۆسەی هەڵبژاردنەکاندا، کەواتە هۆکارێک لەهۆکارەکان کە هەڵبژاردن بووەتە ئاستەنگ لەبەردەم پەرلەماندا، دەکرێت نەخوێندەواری بێت، چونکە دەنگدان بەنهێنییەو ئەویش نەخوێندەوارەو تەنها یەک ڕێگاش هەیە دەبێت کەسێکی نزیکی نەخوێندەوار ئەو کارە بکات، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی یەکێک لەئەندامانی خێزان لەبری سەرجەم خێزانەکە دەنگ بدات، بەڵام کێشەکە لەوەدا نییە کە دەبێت کەسێکی نزیکی خۆی دەنگی بۆ بدات، بەڵکو ئەوە کێشەکەیە بەتایبەت ئەگەر هاتوو ئەو ئەندامی خێزانە سەر بەحیزبێکی دیاریکراو بوو، ئەوا بەڕێژەی سەد لەسەد دەنگەکان بۆ ئەو حیزبە دیاریکراوە دەچن کە ئەندامی ئەو خێزانە دەنگەکەی بۆ داون، ئەمە سەرەڕای نزیکی کەسەکە، بەڵام دەنگدەر دڵنیا نییە لەڕاستی دەنگەکەی خۆی کە بۆی دراوە، چونکە دڵەڕاوکێ بۆ دەنگدەرەکە دروستدەکات.

**هۆکاری چوارەم/** دەنگدانی دووبارە لەلایەن ئەندامانی پێشمەرگەو هێزەکانی ناوخۆو هێزە تایبەتەکانی سەر بەپارتە دەسەڵاتدارەکان، ئەمەش جارێک بەسیفەتی سەربازیان و

جاریکیتر وەک هاوڵاتی مەدەنی. ئەم دوو ئاستەنگەش لەهەڵبژاردندا هۆکارن لەوەی ئەندامانی پەرلەمان نوێنەری ڕاستەقینە نەبن بۆ هاوڵاتیان لەکاری پەرلەمانتارییان لەناو پەرلەماندا، چونکە بەپێی توانای خۆیان لەناو هاوڵاتیاندا نەگەیشتوونەتە پەرلەمان، بەڵکو چەند هۆکارێک بووەتە هۆی ئەوەی بگەنە پەرلەمان لەو هۆکارانەش ئەو دوو خاڵای سەرەوەن کەدەبنە ئاستەنگی بەردەم ئەرکی پەرلەمان.(موفتی، ٢٠١٧، ل١٦٣-١٦٤).

**هۆکاری پێنجەم/** ناهاوسەنگی ڕێژەی زۆرینەیی، بەتایبەتی مسۆگەرکردنی زۆرینە لەنێوان دوو حیزبە خاوەن دەسەڵاتەکەی هەرێم لەناو پەرلەمانی کوردستان و دەسەڵات گرتن بەسەر سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکی حکومەت، هەروەها تێکچوونی ئەم هاوکێشەیە لەنێوان دەسەڵاتە گشتییەکان بەتایبەتی کارێکی وایکردووە کە پەرلەمان بێدەسەڵات و بێتوانا بێت بەسەر هەریەکە لە ئەرکەکانی یاسادانان و چاودێریکردن و پەسەندکردنی بودجە.(صاڵح، ٢٠١٩، ل١٨٣).

**هۆکاری شەشەم/** هۆکارێکی گرنگترو سەرەکی بریتییەلە دیاریکردنی بازنەی هەڵبژاردن، (یەک بازنە بێت یان چەند بازنەیەک) بەگوێرەی دیدو تێڕوانینی یاسادانەران و دەستووری هەر وڵاتێک دەگۆڕێت و دیاریدەکرێت. "ڕێسا یاساییەکانی پەیوەندیدار بەهەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان جۆرە ڕێکخستنێکی یاسایی سەبارەت بەدیاریکردنی بازنەی هەڵبژاردن لەبەرچاوگرتووە، بەدیاریکراویش سیستمی یەک بازنەیی لەسەرجەم خولەکاندا جێبەجێکراوە. ئەم سیستمی یەک بازنەییەی هەرێمی کوردستان کەموکوڕی زۆری تێدایەو لێرەدا لایەنە نەرێنییەکانی دەخەینەڕوو کە بووەتە هۆی دروسبوونی ئاستەنگ لەبەردەم ئەرکەکانی پەرلەمانی کوردستاندا، لەوانە:

- بۆشایی نێوان دەنگدەرو نوێنەر فراوان دەکات و سیفەتی نوێنەرایەتیکردن تێیدا لەنزمترین ئاستیدا دەبێت، لەبەرئەوەی دەنگدەر زیاتر دەنگ بەلیستێکی حیزبی دەدات وەک لەوەی دەنگ بەکەسێکی دیاریکراو بدات، واتە پارتەکان سەنتەرن نەک نوێنەرە دیاریکراوەکان بۆ کاتی هەلبژاردنیان.
- هەروەها دیاریکردنی کاندیدەکان بەڕەهایی دەستی حیزبی تێدا باڵاتر دەبێت وەک لەخواست و ئارەزووی دەنگدەران.
- لەوەش زیاتر نوێنەرایەتیکردنی ناوچە جیاجیاکانیش لەلایەن حیزبەوەو بەئیرادەی سەرکردایەتی حیزبەکان دەستنیشان دەکرێن، ئەمەش بەردەوام خودی دەنگدەر وا لێدەکات کە ئاسۆیەکی ناڕوونی هەبێت سەبارەت بەو کاندیدانەی کە حیزب دیاریکردوون و لەلیستێکدا جێیکردوونەتەوە."(ئیسماعیل، ٢٠١٨، ل٢٢-٢٣).
- "دەبێتەهۆی ناسەقامگیری حکومی بەهۆی زۆری ئەو پارتانەی حکومەت پێکدەهێنن و جیاوازی بەرژەوەندییەکانیان.
- بەراورد بەسیستمەکانیتر ئەژمارکردنی ئەنجامەکان قورسە.

- بەهۆی زۆری ژمارەی ئەو پارتانەی دەچنە پەرلەمانەوە دەبێتە هۆی قورسی پێکهێنانی زۆرینەیەکی پەرلەمانی جێگیرو دروستکردنی قەیرانی حکومی و پەکخستنی پرۆسەی یاسادانان."(تۆڕی ڕێکخراوەکانی تایبەت بەهەڵبژاردن لەهەرێمی کوردستان، ٢٠٢٢، ل٤).

لەم سیستمی هەڵبژاردنەی هەرێمی کوردستاندا هیچ بەربەستێکی ڕێژەی بۆ تێپەڕاندنی ڕێژەیەکی دیاریکراو بۆ پارتە بەشداربووەکان بوونی نییەو هەر پارتێک لەتەواوی هەرێمی کوردستان کە دەنگی پێدەدرێت دەنگی دەنگدەرەکانی نافەوتێت، ئەمەش وادەکات بەکەمترین ڕێژەی دەنگ نوێنەری هەبێت لەناو پەرلەمانی کوردستاندا. ئەو نوێنەرانەشی لەلایەن دەنگدەرەوە دەنگی پێدەدرێت لەبنەڕەتدا دەنگەکە بۆ خودی نوێنەرەکە نییە، بەڵکو دەنگەکە بەگشتی بۆ ئەو پارتەیە کە نوێنەرەکە سەر بەو پارتەیە، ئەم شێوازەش ئەوە دەردەخات سەربەخۆبوونی نوێنەر لەکاری پەرلەمانیدا کارێکی  زۆر ئەستەم بێت، چونکە ئەم نوێنەرە حیزب دیاریدەکات بچێتە پەرلەمان یاخود نا؟ ئەمەش وا دەکات بەتەواوی سەربەخۆیی بوونی نوێنەر بچێتە ژێر باڵادەستی حیزبەوە.

ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت "ئەو سیستمە کۆتوبەند لەسەر دەنگی دەنگدەر دادەنێت و بێبەشیشی دەکات لەسەرپشککردنی ئازادانە، چونکە سیستمەکە بەوە ناسراوە فراوانەو پەیوەندییەکی بەهێزیش لەنێوان نوێنەرو دەنگدەراندا نییە، لەئەنجامی ئەمەشدا هەمیشە باڵادەستی پارتەکانی لێدەکەوێتەوە بەسەر نوێنەرەکاندا، لەپەرلەمانی کوردستاندا کاریگەری ئەم دۆخە لەسیستمی هەڵبژاردن و دەنگدەر بەڕوون و ئاشکرایی هەستی پێدەکرێت لەوەی ئازادی جوڵانەوەو بیروڕای نوێنەران لەژێر کۆتوبەندی حیزبدایە، چونکە هەموو نوێنەرەکان لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە پاڵێوراون و زۆربەشیان هەر لەبنەمادا حیزبیبوون."(شەریف، ٢٠١٩، ل٢٧٣).

بۆ نموونە لە هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستاندا حیزب کاندیدی هەبووە، زیاتر لەنیوەی دەنگی دەنگدەرانی حیزبەکەی بەدەستهێناوە، کەچی خودی کاندیدەکە لەدوای هەڵبژاردن خۆی نەچووەتە ناو پەرلەمان و بەشداری لەدەسەڵاتی حکومەتدا کردووە، بەڵام لەبری خۆی نەک تەنها نوێنەرێک، بەڵکو چەند نوێنەرێکی ناردووەتە ناو پەرلەمان کە لە ئاستی پلە سێ و چواری حیزب بوون، چونکە ڕێژەی دەنگە بەدەستهاتووەکانی لەپای هەبوونی چەند نوێنەرێکدا بووە، کاتێکیش ئەو نوێنەرە لەڕێگەی حیزبەوە دەنێردرێتە پەرلەمان هیچ گومانێک هەڵناگرێت تاکە کارێک ئەو نوێنەرە ئەنجامی بدات ئەدای کاری حیزبەکەیەتی و لەبیرکردنی نوێنەربوونی هاوڵاتییەکانیەتی، واتە دوور لەو بەرپرسیارێتییەی دەکەوێتە ئەستۆی کارەکانی ئەنجامدەدات.

کەواتە ئەم سیستمی هەڵبژاردنەی هەرێمی کوردستان بووەتە ئاستەنگ لەبەردەم سەربەخۆییبوونی دامەزراوەی پەرلەمان کوردستان بەگشتی و پەرلەمانتاران بەتایبەتی،

چونکە لەم شێوازەدا ڕێکخستنێکی سادە بوونی هەیە کەکەمتر وردەکاری دەوێت، ئەمەش ناواقیعیەتی تێدا دروست دەبێت لەسەر ئەوەی ئەو نوێنەرە بەدەنگی هاوڵاتیان دەچێتە پەرلەمان یان لەڕێگەی دەسەڵاتی حیزبەکەیەوە دەچێت؟

لەم شێوازی یەک بازنەییە پەرلەمان لەو ئەرک و بەرپرسیارێتییانەی لەئەستۆیدایە ناتوانێت وەکو خۆی ئەدای کارو دەسەڵاتەکانی خۆی بکات، چونکە نوێنەرانێک لەناو پەرلەماندان کە بەرژەوەندی حیزبی دەخەنەپێش هەموو بەرژەوەندییە گشتییەکان، پەرلەمانی کوردستان دەقاودەق بەشێوازێک کارو ئەرکەکانی ڕادەپەڕێنێت کە بووتە مایەی بێئومێدبوونی هاوڵاتیان، چونکە یاساو بڕیارەکانی تاڕادەیەکی زۆر لەگەڵ خواستی هاوڵاتیان یەکناگرێتەوە، کەواتە پێویست و گرنگە کە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هەموار بکرێتەوەو گۆڕانکاریشی تێدا بکرێت، بەتایبەت لەو بابەتەی کە پەیوەستە بەدیاریکردنی یەک بازنەیی هەڵبژاردنەوە، جێگرەوەش بۆ ئەم گۆڕانکارییە ئەوەیە، پێویستە پەرلەمانی کوردستان شێوازی هەڵبژاردن بکاتە فرەبازنەیی، یاخود سیستمی هاوتەریبی تێکەڵاو.

سیستمی تێکەڵاو لەتوانایدایە لەیەک کاتدا هەردوو جۆری(یەک بازنەیی و فرە بازنەی)یش پێکەوە پیادە بکات و لەبارتریشە بۆ بارودۆخ و هەڵکەوتەی هەرێمی کوردستان.

هەروەها "(سیستمی فرەبازنەیی)یش لەبارو گونجاوە بۆ هەرێمی کوردستان، چونکە ئەم سیستمە بەو واتایە دێت کە هەرێمی وڵاتەکە دابەشدەکرێت بۆ چەند بازنەیەکی هەڵبژاردن و لەهەر بازنەیەکیشدا نوێنەرێک یان چەند نوێنەرێک هەڵدەبژێردرێت."(ئیسماعیل، ٢٠١٨، ل٢٤)، ئەم شێوازانە سەردەمیانەترن و لایەنی باشیان زیاترە وەک لەو شێوازەیتر، وادەکەن دەنگدەرو نوێنەرەکەی نزیک بن لەیەکەوەو ڕاو بۆچوون و دیدو تێڕوانینی دەنگدەران بەهەند وەربگیردرێت، کاری پەرلەمان ڕەنگدانەوەی داواکاری دەنگدەران بێت.

"لەبەرئەوە پێویستە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان گرنگی زیاتری پێبدرێت، تاوەکو چیدی سیستمی هەڵبژاردن و دەنگدان نەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم پەرلەمان، هەروەها ڕەزامەندی و متمانەی قەوارە سیاسییەکانی ناو پەرلەمانی بۆ دەستەبەر بکرێت بۆ داڕشتنەوەو پێداچوونەوە بەیاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بەڵام لەوکاتەی یاسای هەڵبژاردنەکان لەلایەن پەرلەمانەوە هەموار دەکرێت، ئەوە لەو خولەی هەموارکردنەکەی تێدا ئەنجامدەدرێت، بکرێتە مەرج لەو خولەدا کاری پێنەکرێت، بەڵکو بخرێتە خولی دوای خۆی، ئەمەش لەپێناوی دورخستنەوەی هەژموونی فراکسیۆنی زۆرینە بەسەر یاسای هەڵبژاردنەکاندا."(حەسەن، ٢٠١٣، ل٩٥-٩٦).

## باسی سێیەم: ئاستەنگە کۆمەڵایەتی و کارگێڕییەکان:

لەم باسەدا ئەو ئاستەنگانە دەخەینەڕوو کەبەهۆی لایەنی کۆمەڵایەتی و کارگێڕییەوە دروست بوون و کاریگەرییان لەسەر شێوازی کاری پەرلەمانی کوردستان جێهشتووەو بوونەتە ئاستەنگی بەردەم ئەرکەکانی، ئەم باسە لە دوو تەوەری سەرەکی پێکهاتووە:

### تەوەری یەکەم/ ئاستەنگە کۆمەڵایەتییەکان:

**یەکەم/ یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی:** بەتیۆری دادپەروەری"جۆن ڕاوڵز" دەستپێدەکەین کە جەخت لەسەر جێبەجێکردنی دوو پرەنسیپی بنەڕەتی دەکات، ئەوانیش:

"پرەنسیپی یەکەم: بریتییەلە گەرەنتیکردنی مافی هەر تاکێک لەبەدەستهێنانی ئازادییە بنەڕەتییەکانی، کە هاوتای ئازادی ئەوانی دیکە بێت.

پرەنسیپی دووەم: جەخت لەسەرئەوە دەکاتەوە پێویستە پێگە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لەپێناو سودی هەموان بێت و بۆ هەموانیش فەراهەم بن وەکو یەک.

لەنەبوونی دادپەروەریدا، تاکەکان هەست بەنەبوونی یەکسانی دەکەن لەهەموو کایەکاندا، ئەوکات نارەزاییەکان تەشەنە دەستێنن، بەتایبەت لەئەگەری وەڵامنەدانەوەی کاربەدەستان بەتایبەت نوێنەرانی پەرلەمان بۆ داواکارییە گشتییەکان، لەم حاڵەتەدا بارودخی گشتی دەشێوێت و ئەوکات سەقامگیری کۆمەڵایەتی و سیاسی دەکەوێتە بەردەم هەڕەشەوە، لەبەرئەوە باشترین چارەسەر بۆ تێپەڕاندنی ئەم ئاستەنگەو هەبوونی کۆمەڵگەیەکی سەقامگیر، هەبوونی دەسەڵاتێکە بڕوای ڕاستەقینەی بەدادپەروەری هەبێت بۆ هاوڵاتیەکانی." (عەلی، ٢٠٢١، ل١١٩-١٢٠). هەر لەم پێناوەشدایە لەسەرجەم کۆمەڵگەکاندا یاسا هەیەو بەرقەرارە بۆ ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتیان و کاری کاربەدەستتان، کە بەهەمووان پابەند دەکات چۆن پێوەی پابەند بن، بەڵام ئایا یاساکان بۆ خزمەت و پاراستنی ژیانی هاوڵاتیانە یاخود بۆ گروپێکی دیاریکراو؟

لەهەر سیستمێکدا یاسا ئەو کەرەستە بنەڕەتییەیە کە لەڕوانگەیەوە سیستم دەپارێزرێت، چونکە پێکدێت لەکۆمەڵێک بنەمای گشتی، لەو ڕوانگەیەوە کەرەستە سەرەکییەکان بونیاد دەنرێن کە لەچوارچێوەی حوکمداری یاسادا پارێزگاری لەسیستمی سیاسی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەکات، ئەمەش پەیوەستدارە بە دەستوورو پەرلەمان و حکومەتەوەو لەسایەیدا دەبێت هاوڵاتیان لەبارودۆخی کۆمەڵایەتیدا یەکسانبن، چونکە بەیەکسانی هاتوونەتە ژیانەوەو هەریەکەو مافی سروشتی خۆی هەیەو وەریدەگرێت. یەکسانی لەبەرامبەر یاساکاندا، لەبنەڕەتدا بایەخدانە بەدۆخی هاوڵاتیان، چونکە بنەمایەکی سەرەکی و دامەزراوەییە کە هەموو هاوڵاتیان بەهایەکی ئاکارییان هەیە، کە لەیەکسانی (کۆمەڵایەتی، سیاسی، یاسایی، ئابووری، کارگێڕی)دا رەنگدەداتەوە، ئەمەش ئاماژەیەکی

تەواوە بۆ دابەشکردنێکی دادپەروەرانە بەگشتی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بەتایبەتی، دەشبێت پەرلەمان بۆ داواکاری و پێداویستییەکانی هاوڵاتیان داکۆکی لێبکات، ئەگەر بەم شکڵەبوو یاسا شێوەیەکی دادپەروەرو یەکسان پێکدەهێنێت بۆ کۆنترۆڵ و سەقامگیری کۆمەڵایەتی و سیاسی."(زەندی، ٢٠٢١، ل٣١٦-٣١٧).

ئەگەر پێچەوانەکەی بوو ئەوە یاساکان ئاستەنگییەکی زۆریان بۆ دروست دەبێت، چونکە لەوکاتەدا یاساکان بۆ خزمەتی چینێکی دیاریکراو یان لەپێناو بەرژەوەندی دەسەڵات دەردەکرێن، دەرئەنجامی ئەوەش یاساکان جێبەجێ نابن یان لەجێبەجێ بونیاندا هەمووان بەیەکسانی پابەندنابن پێوەی، دادپەروەری و یەکسانی لەسایەی پەرلەماندا مافی هەموو هاوڵاتییەکە بۆ هەموو شتێکی ژیان و موڵک و داهاتی، بۆیە ئەگەر پەرلەمان لەڕێگەی یاساکانییەوە دادپەروەری و یەکسانی بەرقەرار نەکات، سیستمی سیاسی ئاڵۆزییەکی زۆر بەخۆیەوە دەبینێت و یاساکانی پەرلەمان هێزی یاساییان نابێت و لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنیشەوە جێبەجێ نابن، لەئەنجامیشدا ناسەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتیش بەدوای خۆیدا دەهێنێت، وەک چۆن پەرلەمانی کوردستان لەسایەی دەرکردنی یاساکانیدا نەیتوانیوە یەکسانی بۆ هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستاندا بەدیبهێنێت.

لەبەرئەوە "بنەماکانی دادپەروەری ئەو بنەمایانەن کە لەڕۆحی یەکسانییەوە بۆ هەموارکردنەوەی بڕگەکانی یاسا دێتەدی، ئەمەش بەزیادکردنی دەقێکی نوێ یان لابردنی دەقێکی کۆن یان هەموارکردنی ئەنجامدەدرێت. داننان بەبنەمای حوکمی یاساکان لەپێناو بەرژەوەندی هاوڵاتیان دەگۆڕێت و دەقەکانی ڕووبەڕووی هەڵوەشاندنەوە یان هەموارکردن و زیادکردن دەکاتەوە، چونکە بنەماکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی ئامڕازێکی ڕاستەوخۆن لەئامڕازەکانی گەشەپێدان و جێبەجێکردنی یاساکانی پەرلەمان، بەو هۆکارەی بنەماکانی دادپەروەری و یاسادانان دەقی یاسا دەگۆڕن و حوکمەکەشی هەموار دەکەن. لەڕوویەکیترەوە بنەمای دادپەروەری هێزە پابەندکەرەکەی لەباوەڕی هاوڵاتیانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەم بنەمایە پێویستە بۆ هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە، بەڵام یاسادانان هێزە پابەندکەرەکەی لەدەسەڵاتی پەرلەمانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەم دەسەڵاتەش تەنها لەپێناو بەرژەوەندی هاوڵاتیان یاساکانی دەردەکات."(حافظ و النداوی، ٢٠١١، ص١١٧).

هەربۆیە یاسادانان لەو ڕووەوەی کە ئامڕازێکە بەدەست پەرلەمانەوە بنەمای دادپەروەرییە، چونکە کە یاسا دەردەکات هێزی پابەندکەری بەسەر هەمووواندا وەردەگرێت، وە بنەماکانی دادپەروەریش پشت بەو یاسایانە دەبەستێت کە بەیەکسانی بەسەر هەموو هاوڵاتیان بەدەسەڵاتدارو بێدەسەڵاتەوە پەیڕەو دەکرێت، بەڵام ئەگەر بنەماکانی دادپەروەری بەیەکسانی نەبوو دەبێتەمایەی خراپبوونی بارودۆخی گشتی هاوڵاتیان، خراپی گوزەرانی هاوڵاتیانیش دەبێتەمایەی پاشەکشەی حوکمڕانییەکی باش و ئەزموونی سیاسەتێکی سەرکەوتوو، لەئەنجامدا بەشداری سیاسی هاوڵاتیان کەمدەبێتەوە، چونکە تەنها گرنگی

بەباشکردنی ژیانی خۆیان دەدەن و هەموو ئەم کێشانە وا لەهاوڵاتی دەکات سەری نەپرژێتەسەر کاروباری دامەزراوەکان، ئەم بارودۆخە لەهەناوی نادادپەروەری لەدابەشکردنی داهاتدا دێتەکایەوە.

بۆ ئەم مەبەستەش پەرلەمان "پێویستی بەدەرکردنی یاساکانی یەکسانی و چاکسازی، گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەیە، بەواتای ئەوەی دۆخێکی گەشەکردوو لەبوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و رۆشنبیریدا بهێنرێتەکایەوە. ئامانجیش لەوە بریتییەلە کارکردن بۆ باشکردنی ژیانی هاوڵاتیان، بۆیە سیاسەتی ئەم گەشەکردنە پێویستی بەسیستمێکی سیاسی دادپەروەر هەیە کە هەموو توێژە کۆمەڵایەتییەکان بگرێتەوەو پشتبەستوو بەیاسا کۆمەڵایەتییەکان بێت، تاوەکو چالاکییە ئابوورییەکان و دابەشکردنی داهات بەیەکسانی رێکبخاتەوەو هاوسەنگیش لەدابەشکردنی سەروەت و سامان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە پەیرەوی لێبکات، بۆ تێپەڕاندنی ئەم ئاستەنگەو پاشان تاوەکو جێبەجێکردنی بنەماکانی یەکسانی و دادپەروەری لەیاساکاندا بهێنرێتەدی، ئەوە پێویستە پەرلەمانی کوردستان لەرێی دەرکردنی یاساکانییەوە کۆمەڵێک مەرج دابنێت:

- پێویستە دامەزراوەکان و لایەنی پەیوەندیدار لەبڕیارو رێکارەکانیاندا ئازادو سەربەخۆبن لەپێناو خزمەتکردنی هاوڵاتیاندا.

- دادپەروەری لەدابەشکردندا بەواقیعی بوونی هەبێت و پەرلەمان بتوانێت فەراهەمی بهێنێت.

- لەکارکردندا پشت بەلێهاتوویی و پسپۆڕی ببەسترێت، تاوەکو یاساکان دادپەروەری بەدیبهێنن."(عوسمان، ٢٠٢١، ل١٢٣-١٢٥).

کەواتە ئاستەنگی کۆمەڵایەتی ئاستەنگێکی واقیعی بۆ ئەرکەکانی پەرلەمانی کوردستان دروستدەکات، ئەگەر هاتوو پەرلەمان لەرێگەی دەرکردنی یاساکانییەوە بنەماکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بەدینەهێنا، لەبەرئەوەی تاکەکان تائاستێکی بەرز وابەستەی واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی ناوچەیین، ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر لایەنی رۆشنبیریش بەجێهێشتووە، لەگرنگترین ئەو ئاستەنگانەش ئەوەیە، لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتی و خزمایەتییەکان کاریگەری و رۆڵێکی فراوان لەبۆچوونەکانماندا بەدیدەکرێت، کەوایکردووە ئینتیمایەکی زۆرمان بۆ ناوچەیی هەبێت نەوەک ئینتیمایەکی نیشتیمانی.

هەر ئەم بارودۆخەش وایکردووە کە "بنەماکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەهەرێمی کوردستاندا بوونی دۆخێک لەجیاوازی ئابووری و کۆمەڵایەتی شکڵگرتوودا بخاتەڕوو کە لەنێوان هاوڵاتیاندا بوونی هەیە، ئەمەش لەدوو بنەماوە سەرچاوە دەگرێت:

**یەکەمیان:** کەمی سەرچاوەکانی سامان و کاڵاو خزمەتگوزارییەکانن. **دووەمیان:** نالێوەشاوەیی لەسیاسەتی دابەشکردندایە. لەهەرێمدا دەسەڵات بودجەی بەو ئاڕاستەیە

بەکارنەهێناوە، ڕۆڵی کۆمەڵایەتی خۆی بگێڕێت لەدووبارە دابەشکردنەوەی داهات و سامان و کەمکردنەوەی جیاوازییە زۆرەکانی نێوان توێژەکانی کۆمەڵگە بۆ گەیشتن بەدادپەروەری کۆمەڵایەتی. لەلایەکیترەوە زیادکردنی قەبارەی بودجەو زیادکردنی ناوەندی داهاتی تاک لەبودجەدا نەبووەتە هۆی خۆشگوزەرانی ئابووری و ئاستی بژێوی هاووڵاتیان.

لەئەنجامی ئەوەدا دۆخێک لەزەوتکردن یا نامۆبوونی سیاسی دروستدەبێت، مەبەستیش لێی هەستکردنی کەسەکەیە بەنامۆبوون لەبەرامبەر سیاسەت و کارەکانی حکومەت و ئەرکەکانی پەرلەمان لەکۆمەڵگەکەی خۆیدا، ئەم تەرزە نامۆبوونەش تاک لەکۆمەڵگە دادەبڕێت بەوەی وا هەستدەکات ئەو چیدیکەو لەبەر چەند هۆکارێک کەبارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی سەپاندوویەتی، پەیوەست نین بەویست و ئیرادەی ئەوەوەو وا هەست دەکات ئەندامی ئەو کۆمەڵگەیەی خۆی نیە، لەئەنجامی ئەمەشدا کەلێنێک لەنێوان هاوڵاتیان و نوێنەران پەیدادەبێت، کە دەبێتە بڵاوبوونەوەی ڕۆحی ناهاوڵاتیبوون." (فەرەج، ٢٠١٩، ل٣١٢).

لەوپێناوەدا پێویستە پەرلەمانی کوردستان لەسەرجەم ئەرک و دەسەڵاتەکانیدا لەگەڵ ئەندام و فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان و هاوڵاتیان دادپەروەرو یەکسان و بێلایەن بێت، ئەوسا کارو ئەرکەکانی پەرلەمان باش بەڕێوەدەچن، ئەگەر هاتوو پەرلەمان نەیتوانی دادپەروەر بێت، هەموو ئەوانەی خرانەڕوو پێچەوانە دەبێتەوەو دەبنە ئاستەنگێکی قورس لەبەردەم ئەرکەکانیدا، لەئەنجامدا دەبێتەهۆی پچڕانی ڕاستەوخۆی پەیوەندی پەرلەمان لەگەڵ ئەندامەکانی و پچڕانی ناڕاستەوخۆی لەگەڵ هاوڵاتیان، چونکە ئەو بۆشاییەی لەئەنجامی نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتییەوە دێتەکایەوە ڕێگا بۆ زۆر لایەنی نەخوازراو دەکاتەوە، ئەمە لەکاتێکدایە کە ئەرکی پەرلەمانی کوردستان لەبنەڕەتدا کارکردنە بۆ بەرژەوەندی گشتی هاوڵاتیان لەسایەی یاساکانی، نەوەکو خواستی پارتە دەسەڵاتدارەکان و هێنانەدی مەرامەکانیان بێت.

**دووەم/ ڕۆشنبیری و هۆشیاری کۆمەڵایەتی:** ئەگەر هۆشیاری هاوڵاتیان تێگەیشتن و پێزانین و ناسین بێت، ئەوە ڕۆشنبیری و هۆشیاری یاسایی، زانینە دەربارەی ئەرک و دەسەڵاتەکانی(یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری)، هەروەها مەبەستی یاساکانیان و چۆنێتی دەرکردنیان و چۆنێتی جێبەجێکردنیان. بۆ پەیداکردنی هۆشیاری، دەبێت هاوڵاتی بەلای کەم ڕۆشنبیری سەرەتایی دەربارەی یاساکان بەگشتی هەبێت و بەتایبەت ئەو یاسایانەی کە لەپەرلەمانەوە دەردەکرێن، چونکە یەکسانی بەرامبەر بەیاسا گرنگترین بنچینەی یاسایەو نابێت لەبەر هەر هۆیەک بێت پێشێل بکرێت، لەبەرئەوە پێویستە هاوڵاتی ڕۆشنبیری ئەوەی هەبێت کە ڕێساو یاساکانی پەرلەمان پەیوەندییان بەژیان و داواکاری و پێداویستییەکانی ئەوەوە هەیە، کەواتە داواکردنی ماف دەبێت بەبەڵگەو بەڵگەنامە، داواکارییەکانی ڕەوایی وەربگرێت و پەرلەمانیش لەو پێناوەدا یاساکانی دەربکات.(سادق، ٢٠١٠، ل١٣٦-١٣٧).

"هەرکاتێک هۆشیاری هاوڵاتیان لەئاستێکی بەرزدابوو، ئەوە یاساکانی پەرلەمان لەکاتێکی کەمدا دەچنە بواری جێبەجێکردنەوە، چونکە هاوڵاتیان خۆیان هۆشیارن و قبوڵی زەوتکردنی مافەکانیان ناکەن، بۆیە زۆربوونی هۆشیاری دەبێتە هۆی باشتربوونی بڕیاردان، واتە کاتێک کەسێک لەبەرامبەر بابەتێک بەئاگایە ئەوا بەرەو هەڵسوکەوتێکی عەقڵانیتر دەیبات لەبەکارهێنانی باشترین هۆکار بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی."(والتەرستین، ٢٠١٤، ل٤٢).

بەڵام ئەو کۆمەڵگەیانەی هێشتا لەڕووی هۆشیاری و ڕۆشنبیری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە وەکو پێویست لەئاستی پێداویستییەکانیاندا گەشەی پێویستی نەکردبێت، ئەوە بێگومان لەم بارودۆخەدا کۆمەڵگە دوچاری جۆرێک لەشێواوی دەبێتەوە، ئەمەش ژینگەیەکی لەبار بۆ ململانێ ناتەندروستە سیاسییەکان دەخوڵقێنێت. ئەم بارودۆخەش ڕەنگدانەوەی نەک هەر لەسەر پرۆسەی سیاسی دەبێت، بەڵکو کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر هەموو دامەزراوەو دەسەڵاتەکانی وەک پەرلەمان، حکومەت دەبێت، دواتر ئەو کاریگەرییە ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر سیاسەتی گشتی کۆمەڵگە.(شەریف، ٢٠١٥، ل٢٢)

لەڕوویەکیترەوە هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان لەڕووی ڕۆشنبیرکردنیانەوە گرنگە، بۆ ئەوەی نوێنەری بەتوانا هەڵبژێرن، تاوەکو لەکاتی دەنگداندا لەسەر ئەوە ڕابهێندرێن بەدوای بەرنامەی پاڵێوراواندا بگەڕێن، بۆ ئەوەی دەنگەکانیان بەفیڕۆ نەڕوات، بەڵام "نەبوونی هۆشیاری لای هاوڵاتیان لەسەر دەنگدان و پرۆسەی سیاسی گەورەترین ئاستەنگە لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی پەرلەمان ببێتە پەرلەمانێکی ڕووکەش و بکەوێتە ژێر هەیمەنەی پارتە دەسەڵاتدارەکانەوە، ئاستەنگییەکەش لەوێوە دەستپێدەکات ئەگەر ئەندام پەرلەمان لەنێوان نوێنەرایەتی حیزب و هاوڵاتیاندا خۆی یەکلایی نەکردبێتەوە، یان تەنها لەپێناو بەرژەوەندی پارتەکەی ئەرکەکانی ڕاپەڕێنێت. کەواتە پێویستە هاوڵاتی ئەوە بزانێت کێ هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی ببێت بەنوێنەری لەناو پەرلەماندا، پێویستە بزانێت کاری ڕۆژانەی لەناو پەرلەمان و لەدەرەوەی پەرلەمان چییە؟ بەشداریکردنی لەکۆبوونەوەو دانیشتنەکانی پەرلەمان تەنیا بۆ بەشداریکردن و خۆدەرخستنە یان بەرنامەو پلانی پێیە بۆ دەوڵەمەندکردن و پەرەپێدانی ئەرکەکانی پەرلەمانی کوردستان.(عەبدوڵڵا، ٢٠٠٩، ل٣٣-٣٤).

بۆیە ئەگەر هۆشیاری هاوڵاتیان لەئاستێکی بەرزدا بێت، ئەوە هەوڵدەدەن کەسانی شایستەو دڵسۆز بۆچوونە پەرلەمانەکەیان بپاڵێون و دەنگیان پێبدەن، چونکە بەو دەنگدانە دەچنە پەرلەمانەوەو لەوێدا وەک نوێنەری هاوڵاتیانی ناوچەو شارو شارۆچکەکان لەخەمخۆری دەنگپێدەرانیان و کۆمەڵگەکەیاندا دەبن. خۆ ئەگەر هۆشیاری و ڕۆشنبیری هاوڵاتیان لە ئاستێکی بەرزدا نەبوو، ئەوا بەئاستەنگ دادەنرێت لەبەردەم پەرلەمان و تەنانەت حکومەتیش، چونکە جێبەجێکردنی یاساو بڕیارەکان کە پەرلەمان دەریان دەکات و حکومەت هەڵدەستێت بەجێبەجێکردنیان زۆر قورس دەبێت تاوەکو لەلایەن هاوڵاتیانەوە جێبەجێبکرێن یان کاتێکی زۆر دەخایەنێت تاوەکو هاوڵاتی پابەندی جێبەجێکردنیان دەبێت.

هەرکات هاوڵاتیان بەدوای پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانیاندا وێڵ بوون، ئەوە بێبەشیان دەکات لەفێربوون و هۆشیارییەکی بەرزو ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی و سیاسی و یاسایی، ئەمەش وادەکات تاک ئامادەباشی ئەوەی تێدا نەبێت وەک هاوڵاتییەک بەشدارێکی کارای ژیانی سیاسی بێت، چونکە ئەو پشکدارییە پێویستی بەئاستێک لەفێرکاری، هۆشیاری، ڕۆشنبیری سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە، نەبوونی هەموو ئەم هۆکارانە دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم کارو ئەرکەکانی پەرلەماندا، بۆیە نەبوونی هۆشیاری لەسەر ئەرکی دامەزراوەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کارکردنی دامەزراوەکان ئاستەنگی زۆری بۆ دروست ببێت، هەموو ئەمانەش بەتێپەڕبوونی کات پشت تێکردنی هاوڵاتیان لەکایەی سیاسی لێدەکەوێتەوە، لەئەنجامی ئەوەوە کۆمەڵگە لەئامادەکردنی کاراکتەری هۆشیار بێبەش دەبێت بۆ ئەو دامەزراوانەی بەرپرسیارێتییان لەئەستۆدایە، بەتایبەتی پەرلەمان، چونکە نوێنەری ڕاستەوخۆو ڕاستەقینەی هاوڵاتیانە، ئەمەش دەبێتەهۆی لاوازبوونی ئەدای کاری دامەزراوەکان و لاوازبوونیان لەبەڕێوەبردنی ئەو ئەرک و بەرپرسیارێتییانەی کە دەکەوێتە ئەستۆیان بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، ئەمە لەلایەک.

لەلایەکیترەوە "ڕۆشنبیری پەرلەمانیش یەکێکە لەو بابەتانەی کە پێویستە هەموو ئەو کەسانەی کاری سیاسی و پەرلەمانتاری دەکەن شارەزابن لێی، بگرە جێی خۆیەتی وەکو ڕۆشنبیرییەکی گشتی لەناوەندەکانی خوێندن بایەخی پێبدرێت و بکرێتە پرۆگرامی خوێندن، چونکە ڕۆشنبیری پەرلەمانی فێرمان دەکات، ڕێز لەبیروڕای جیاواز بگرین، کات بەفیرۆ نەدەین، بڕیار دوای لێکۆڵینەوەو ڕاوێژ بدەین، بەردەوام ئامادەبوونمان هەبێت و لەکۆبونەوەکاندا قسە بەیەکتری نەبڕین، بەرنامەی کارمان هەبێت، کۆبوونەوەکانمان بەرهەمداربن، پابەندی یاساو ڕێسابین، ئەگەر ئەم ڕۆشنبیرییە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە هەبوو، ئەوە دەزانین چۆن دەست پێبکەین؟ چۆن بەرپرسەکان دیاری بکەین بۆ لێپرسینەوە؟ چۆن لێپرسینەوەیان لێبکەین؟ لەئەنجامدا لەپەرلەمان فێردەبین هەر بابەتێک بخرێتەبەر گفتوگۆ بۆ بڕیاردان دەبێت پرۆژەیەکی بۆ پێشنیار بکرێت و گفتوگۆ لەسەر ئەو بنەمایە بکرێت."(ڕۆستایی، ٢٠١٧، ل٥).

بەڵام لاوازی ئاستی ڕۆشنبیری زۆر لەئەندام پەرلەمانەکان بەتایبەت لەڕووی کەمی پسپۆڕییان و نزمی ئاستی خوێندنیان پاشان بێتوانایی پەرلەمان لەگەشەپێدانی ئەندامەکانی بەکردنەوەی خولی بەرزکردنەوەی ئاستی لێهاتوویی کاری پەرلەمانتاری، بارودۆخێکی هێناوەتەئاراوە کە خودی پەرلەمانتارەکان بوونەتە ئاستەنگی بەردەم ئەرکی پەرلەمان، کەواتە ڕۆشنبیری ئەندامانی پەرلەمان لە ڕۆشنبیری هاوڵاتیان لەپێشترو گرنگترە، چونکە ئەوە ئەندامانن نوێنەری هاوڵاتیان و کۆمەڵگەن و لاکاتی کارکردنیاندا درک بەهەبوونی ئاستەنگ دەکەن، بۆیە پێویستە ئەوەی دەنێردرێتە پەرلەمان خاوەن ڕۆشنبیرییەکی سیاسی و یاسایی بێت.

## تەوەری دووەم/ ئاستەنگە کارگێڕییەکان:

ئەو ئاستەنگانەی ڕۆتینیاتی کارگێڕی دروستی دەکات لەنێو دام و دەزگاکاندا کاریگەرییەکی زۆریان بەسەر یاساو بڕیارەکانی پەرلەمانەوە هەیە، چونکە کاتێک بەرپرسێک لەڕۆتینیاتدا ڕۆچووە هەرگیز حەزناکات دەسەڵات بسپێرێت بەئاستەکانی خوار خۆی و حەز بەمەرکەزیەتێکی وشک دەکات لەجێبەجێکردنی ئەرکەکاندا، ئەمەش لەپێناوی ئەوەی کەموکوڕییەکانی تێدا دەرنەکەوێت، لەم تەوەرەدا ئاستەنگی کارگێڕی کە خۆی لەپەیڕەوی ناوخۆو شێوازی کاری کارگێڕی پەرلەمان کەکاریگەرییان بەسەر یاساکانی پەرلەمانی کوردستانەوە جێدەهێڵن و دەبنە ئاستەنگی بەردەم ئەرکەکانی دەخەینەڕوو، ئەوانیش:

## یەکەم/ پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:

کاروبارو ئەرکەکانی پەرلەمان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ڕێکدەخرێت، بۆیە ئەگەر ئەو پەیڕەوە کەموکوڕی هەبێت کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر ئەدای پەرلەمان و ئاستەنگی لەجێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا بۆ دروست دەبێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی پەیڕەوی ناوخۆ تەنیا باس لەپێکهاتەو هەیکەلی پەرلەمان ناکات، بەڵکو شێوازی ئیشکردنی(دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی، لیژنەو فراکسیۆنەکان، پێشکەشکردن و گفتوگۆکردنی پرۆژەیاساکان، میکانیزمەکانی بڕیاردان و بەدواداچوون و لێپرسینەوەکان، پەیوەندی نێوان پەرلەمان و حکومەت) باسدەکات و هەموو ئەمانە لەناو پەیڕەو ڕێکخراون، بەڵام بەشێکی ئەوانە لە پەیڕەوی ناوخۆی ئێستای پەرلەمانی کوردستان بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ ڕۆڵ و ئەرکەکانی پەرلەمان ڕێکنەخراون و بوونەتە ئاستەنگی بەردەم کارکردنی، ئاستەنگەکانیش لەچەند خاڵێکدا خراوەتەڕوو، ئەوانیش:

**١- گرفت و ئاستەنگی کات و بێپلانی:** پەرلەمان خشتەیەکی جێگیری ئیشکردنی نییە، واتە خشتەی نەگۆڕی کارکردن، چەند ئاستەنگێکی دامەزراوەیی و دامودەزگایی بەسەر کاروبارەکانی پەرلەماندا زاڵە، لەوانە لەدەستدانی کات و بێپلانی. هەروەها پەرلەمان و پەرلەمانتاران تائێستا ناتوانن کاتەکانی خۆیان کۆنترۆڵ بکەن و بەویستی خۆیان دابەشی بکەن، تەنانەت بەرنامەی داهاتوویان بۆ هەفتەیەکیش نازانن، نازانن بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان چۆن دەبێت، ئەگەر بەرنامەی کاریش ڕابگەیەندرێت نازانن چەند دەخایەنێت و چەند بەردەوام دەبێت، هەروەها نازانن لەڕۆژێکدا دەبێت چەند گفتوگۆ بکەن، هەر لەبەرئەوە هەندێ ڕۆژو هەندێ هەفتە بێکارن، هەندێ ڕۆژ پازدە سەعات گفتوگۆی پەرلەمان هەبووە، هەندێکجار ڕۆژو شەویان تێکەڵ دەبێت، هەندێکجار لەڕۆژانی دەوام دانیشتنی پەرلەمان نەبووە، کەچی لەڕۆژانی پشوو دانیشتن هەبووە. هەموو ئەمانە لەڕووی کاتەوە ئاماژەن بۆ هەبوونی ئاستەنگ لەبەردەم ئەرکەکانی پەرلەماندا، ئەمە بێئەزموونی و بێپلانی دامەزراوەی پەرلەمان نیشاندەدات، ئەم بێپلانییە لەڕێکخستنی کات ئەندامانی

پەرلەمانی توشی دڵەڕاوکێ و بێپلانی کردووە کە نەتوانن بەشێوەیەکی ڕێکخراو سود لەکاتەکانیان وەربگرن.(سۆفی، ٢٠١٤، ل٩).

لەبەر ئەم شێوازە ئیشکردنە زۆرینەی دانیشتنەکان لەکاتی دیاریکراوی خۆیاندا وەک لەبەرنامەی کاردا هاتووە دەستیان پێنەکردووەو دواکەوتوون، هەروەها بەرنامەی کاری دانیشتنەکان لەگەڵ خواستە هەنوکەییەکانی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستاندا وێک نایەنەوە، هەربۆیە بەردەوام ناڕەزایی لەلایەن ئەندامان و فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆنەوە دەربڕدراوەو پەشێوی دروستبووە، بۆ ئەم مەبەستەش سەرۆکایەتی پەرلەمان بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە چەند جارێک دانیشتنەکانی هەڵگرتووە کە ئەمەش پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆو پێشێلکردنی بووە."(ئینستیتیوتی پەی، ڕاپۆرتی هەشتەم لەخولی پێنجەم، ٢٠٢٢، ل٦٥).

کەواتە پەیڕەوی کردن لەکات واتە پەیڕەوی کردن لە یاسا، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر ڕووکەشیانە سەرۆکایەتی پەرلەمان و تەنانەت تاڕادەیەکی زۆر پەرلەمانتارانیش پابەندی کات بوون لە کارکردنیاندا، چونکە پەرلەمانتار هەیە چەند جارێک ئامادەی دانیشتنەکانی پەرلەمان نەبووە لەکاتی خۆیدا، کەچی لەبەرامبەردا لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵ نەکراوە، بەڵکو تەنها سزای ماددی دراوە، ئەم جۆرە سزا ماددییەش بەبەراوورد بەو داهاتە زۆرەی کە لەیەک مانگدا هەیە زۆر کەمە، هەربۆیە ڕاپۆرت و گفتوگۆو یاساو چالاکییەکانی دیکەی پەرلەمانتاران کەموکورتی زۆریان پێوەدیارە.

**٢- کاتی دیاریکراوی پێشکەشکردنی پرۆژەیاساکان:** گرفت و ئاستەنگییەکیتری بەردەم ئەرکی پەرلەمان کە پەیوەندی بەڕێکخستنی کاتەوە هەیە، وادەی پێشکەشکردنی پرۆژەیاساکانە.

"پەرلەمان هیچ کاتێکی دیاریکراوی نییە بۆ پێشکەشکردنی پرۆژەیاساکان چ ئەوانەی لەلایەن حکومەتەوە دێن، چ ئەوانەی لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان واژۆ دەکرێن. بۆنموونە پەرلەمان ناتوانێت کاتێکی دیاریکراو تەرخان بکات بۆ تاوتوێکردنی وەرزی یاسادانان تاوەکو بەشێوەیەکی ڕێکخراو دابەشی بکات و خشتەیەکی پێشوەختە بۆ کارو چالاکییەکانی دابڕێژێت بۆ بەرچاوڕوونی پەرلەمانتاران و حکومەت و ڕای گشتی، هەر ئەم نەبوونی ستراتیجییەتە لەڕێکخستنی کات وایکردووە کە هەندێ پرۆژەیاسا بەساڵ دەمێننەوە لەپەرلەمان بەبێ ئەوەی تاوتوێ بکرێن، ئەمە لەکاتێکدا هەندێ پرۆژەیاسا لەماوەی چەند هەفتەیەکی کەمدا دەبن بە یاسا.

**٣- ئاستەنگی ڕێکارەکانی دەرکردنی یاسا:** ئاستەنگی میکانیزمی دەرکردنی یاسا، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، دوای خوێندنەوەی یەکەم لەهۆڵی پەرلەمان پرۆژەیاساکان ئاڕاستەی لیژنە تایبەتمەندەکان دەکرێن، دوای نوسینەوەی ڕاپۆرتی لیژنەکان لەخوێندنەوەی دووەمدا پرۆژەیاساکان گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت و دەدرێنە دەنگدان. واتە

یاساکانی پەرلەمان لەڕێگەی دوو خوێندنەوە یان دوو دانیشتنی پەرلەمان دەردەچوێندرێن، خوێندنەوەی یەکەم بۆ خستنەڕووی پرۆژەیاساکانە، خوێندنەوەی دووەم بۆ گفتوگۆکردن و دەنگدانە، ئەمە جگەلەوەی لەنێوانی هەردوو خوێندنەوەکەدا لیژنەکان ڕاپۆرتی خۆیان سەبارەت بە پرۆژەیاساکان دەنووسن."(سۆفی، ٢٠١٤، ل١٠)ئاستەنگەکە لێرەدا بریتییەلەوەی تەنیا دوو خوێندنەوە بۆ دەرکردنی یاسا دەکرێت، ئەوانیش پرۆسەی داڕشتنی یاساکان و خوێندنەوەکانی پرۆژەیاساکان و ڕاستەوخۆ دەنگدان لەسەریانە، بۆیە پێویستە خوێندنەوەی سێیەم زیادبکرێت و تایبەت بێت بەدەنگدان لەسەر پرۆژەیاساکان.

## ٤- ئاستەنگی پەیکەری کارگێڕی دەسەڵاتەکان: لەدوو لایەنەوە خراوەتەڕوو:

**أ.** دەسەڵاتی زۆری سەرۆکایەتی پەرلەمان: بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان لە سەرۆک و جێگرێک و سکرتێرێک پێکدێت، بەڵام پەرلەمانی کوردستان دەستەیەکی باڵای نییە کە نوێنەری سەرجەم لایەنەکانی تیا بێت بۆ دانانی بەرنامەی کارو یەکلاکردنەوەی هەندێ پرسی دیکەی گرنگ، نەبوونی ئەو دەستە باڵایە پێگەی لایەنەکان لاواز دەکات، چونکە بەشێک نین لەدەستەی سەرۆکایەتی، بۆیە بوونی دەستەیەکی باڵای پەرلەمانی کە لەدەستەی سەرۆکایەتی و سەرۆکی فراکسیۆنەکان پێک بێت، ئاستەنگی نوێنەرایەتی و ناشەفافی چارەسەر دەکات، لەئەنجامدا کەمێک لەدەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمانیش کەم دەبێتەوە، چونکە ئەو کاتە دەستەیەکی هاوبەش بوونی دەبێت، کە بڕیار لەسەر بەرنامەی کار دەدات."(سۆفی، ٢٠١٤، ل١١).

چڕبوونەوەی دەسەڵاتێکی زۆرو مەرکەزییەت لەکارکردندا لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرامبەر پەرلەمانتارو لیژنەکان، سستییەکی زۆری خستۆتە ناو کاروبارەکانیانەوە، کەواتە ئەو دەسەڵاتە زۆرەی سەرۆکایەتی ئاستەنگێکی خودی بەردەم پەرلەمان خۆیەتی، چونکە دەبێت هەموو کاروباری لیژنەکان و ئەندامان بگەڕێنەوە بۆ بەردەم سەرۆکی پەرلەمان تا پەسەندیان بکات، بۆ نموونە کەمکردنەوەی دەسەڵاتی لیژنەکان بەوەی بۆیان نییە بانگی ئەو کەسانە بکەن کە پلەی وەزیریان هەیە بۆ ئامادەبوون لەدانیشتنەکان و کۆبوونەوەکانی پەرلەماندا، بەڵکو دەبێت تەنها لەڕێگەی سەرۆکی پەرلەمانەوە بانگهێشت بکرێن، هەروەها بۆیان نییە بانگهێشتی کەسانی کاربەدەستە گشتییەکان بکەن تەنها لەڕێگەی سکرتێری پەرلەمانەوە نەبێت، هەروەها نابێت داواکاری لەفەرمانگەو ڕێکخراوە جەماوەرییەکان بکەن بۆ پێدانی زانیاری کە پێویستیانە بۆ لێکۆڵینەوە تەنها لەڕێگەی جێگری سەرۆکی پەرلەمانەوە نەبێت.(صالح، ٢٠١٩، ل١٨٥).

**ب.** کەمی دەسەڵاتەکانی لیژنەکانی پەرلەمان: هەموو جوڵەیەکی لیژنەکان لەبەرامبەر ڕاپەڕاندنی کارەکانیان دەبێت بەبەردەم سەرۆکایەتی پەرلەماندا تێپەڕ بێت، داواکارییەکانیش کە بوون بەپرۆژەیاسا درەنگتر دەچنە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کەکەموکوڕی لەو پەیڕەوەدا هەیە.(محمد، ٢٠٠٩، ل٨٥-٨٧).

لەبەرئەوە پێویستە پەرلەمان بەپەیرەوی ناوخۆیدا بچێتەوەو سەرلەنوێ دایبرێژێتەوە، لەپێناوی ئەوەی میکانیزمی نوێ بۆ کارکردنی لیژنەکانی برەخسێنێت، تاوەکو پەرلەمان و سەرۆکایەتییەکەی لەسیستمی رۆتین دووربکەویتەوە.(عەبدوللا، ٢٠٠٩، ل٣٣). چونکە لیژنەکانی پەرلەمان بریتین لەپەرلەمانێکی بچوککراوە، بەو مانایەی نوێنەری سەرجەم لایەنەکانی تێدایە، هەروەها بەهۆی ئەو نوێنەرایەتییە رێژەییە هەمیشە بریارەکانی لیژنە وەک بریاری پەرلەمان تەماشا دەکرێن، بەڵام بەپێی پەیرەو دەسەلاتێک دراوە بەسەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ بەرێوەبردنی دانیشتنەکان، زۆرجار دەبێتەهۆی گۆرینی رای لیژنە یان پێچەوانەبوونەوەی هەڵوێستی لیژنە، ئەمەش دەبێتەهۆی لاوازکردنی پێگەی لیژنەکان.

**دووەم/ ئاستەنگی کارگێری پەرلەمان:** یاسا کارگێرییەکان، ئەو پرەنسیپە دەستووری و ئەو یاسایانەی لەپەرلەمانەوە دەردەچن دەیانخاتە بواری کارپێکردنەوە، چونکە یاسا دەستوورییەکان باسی رێکخستن و چۆنێتی پێکهاتنی دەسەلاتی یاسادانان و تایبەتکارییەکانیان و پەیوەندی لەگەڵ دەسەلاتی جێبەجێکردن و دادوەری دەکات، بەلام یاسا کارگێرییەکان باسی ئەو کارو کردارانە دەکات کە کارو کرداری جێبەجێکردنن و دەبێت پەرلەمان و حکومەت پێیانهەڵبستن، بۆیە کارە کارگێرییەکان پەیوەندی نێوان حکومەت و پەرلەمان رێکدەخەن، وەک داواکردنی حکومەت لەپەرلەمان بۆ دانیشتن و کۆبوونەوەی پەرلەمانی بۆ پێشنیارکردنی یاسایەک لەلایەن دەسەلاتی جێبەجێکردنەوە.(موحەممەد، ٢٠٠٧، ل٣٤-٣٦).

پابەندی کارگێری بۆ یاسا ئەوەیە، دەسەلاتی جێبەجێکردن بەبێبوونی بنەمایەکی یاسایی، کە پێشتر لەلایەن پەرلەمانەوە دانراوە هیچ کارێک ئەنجام نەدات و گشت کارە کارگێرییەکان پێویستە بەپێی بنەما گشتییەکان بەرێوەبچێت، بەمشێوازە کارکردنە دەتوانرێت یەکسانی و دادپەروەری فەراهەم بکرێت، چونکە پەرلەمان کاتێک هەڵبژێردراوی هاوڵاتیانەو نوێنەرایەتیان دەکات، کە یاساکانی بەپێی داواکاری و پێداویستییەکانی هاولاتیان سەرچاوە بگرن و دەربچن، هەربۆیە دەسەلاتی کارگێری کاتێک لەژێر سایەی ئەو سەروەرییەدا کار ئەکات، ئەوە ویست و ئیرادەی هاولاتیان پیادەدەکات، مەبەستیش لەدامەزراندنی دەسەلاتە کارگێرییەکان تەنها لەپێناوی ئەو ویستەدایە، ئەمەش لەپێناوی ئەوەی دەسەلاتی یاسادانان نەچێتە ژێر سایەی دەسەلاتی جێبەجێکردن.(حەمەئەمین، ٢٠٠٣، ل٨٥).

پەرلەمانیش بەهۆی بەرپرسیارێتییەکانی کە لەئەستۆیەتی بەدامەزراوەیەکی گرنگ و هەستیاری کارگێری دادەنرێت، بۆیە دەبێت کارە کارگێرییەکانی نەخشەرێگای بۆ دابرێژرێت، چونکە پەرلەمانی کوردستان وەکو هەر دامەزراوەیەکیتر لەچەندین بەش و بەرێوەبەرایەتی پێکهاتووە، هەریەک لەم بەش و بەرێوبەرایەتییانە کارو چالاکییەکانیان گرێدراوە بەسەرۆکایەتی پەرلەمان، بەتایبەت سەرۆکی پەرلەمان بەرپرسیارێتی یەکەم و سەرەکی ئەم

دەسەڵاتەیەو دەبێت ئاگاداری سەرجەم کارو چالاکییەکانیان بێت و ئاستەنگەکانی بەردەمیان چارەسەر بکات.(باڵەکی، ٢٠١٢، ل٢٧).

کەواتە پەرلەمانی کوردستان خاوەنی چەندین کاری کارگێڕی و ڕێکخستنی کاروبارەکانیەتی لەناوەوەی پەرلەمان و لەدەرەوەی پەرلەمان، ئەم کارانەشی بەزۆری گرێدراوە بەسەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان، کە ئەندامانیش لەڕێگەی لیژنە جۆراوجۆرەکانەوە بەشداردەبن.

بەهۆی ئەوەی پەرلەمانی کوردستان بەرپرسیارێتی چەندین کاری کارگێڕییە لەئەستۆیە، ئەوە "سیستمی کارگێڕی پێماندەڵێت، پەیوەندی نێوان وەزارەتەکان و یەکە کارگێڕییەکان تاچەند ستوونی و هەرەمی بێت، بەو ئەندازەیە سیستمی کارگێڕی مەرکەزییەو خواستی ڕاستەوخۆی هاوڵاتیانی یەکە کارگێڕییەکان و بەپرۆژەکردنی داخوازییەکانیان ناهێنێتەدی، هاوکات تا چەندێکیش ئەو پەیوەندییە ئاسۆیی بێت بەو ئەندازەیە سیستمی کارگێڕی زیاتر نزیکدەبێتەوە لەبەدیهێنانی بەرژەوەندییە خۆجێییەکان و بەپرۆژەکردنی داخوازییەکانی هاوڵاتیانی یەکە کارگێڕییەکان. بۆئەوەی لەئاستەنگی کارگێڕیش تێبگەین، بەر لەهەرشتێک پێویستمان بەو دەقە یاساییانە هەیە کە نیشاندەری سروشتی سیستمە کارگێڕییەکەیە بەرمەبنای میکانیزمەکانی بڕیاردان و سەڵاحیەتی بڕیاربەدەستان و ئاستی بەشداریکردنی هاوڵاتیان لەپرۆسەی بڕیارسازیدا، ئەمانە پێوانەی گونجاون بۆ هەڵسەنگاندنی سیستمە کارگێڕییەکان.

لەهەرێمی کوردستاندا زیاتر لەیاسایەکمان هەیە دەرخەری جۆری پەیوەندییەکان و بڕی دەسەڵاتەکانی نێوان وەزارەتەکان و یەکە کارگێڕییەکانن، دوورو نزیک پەیوەندییان بەمەرکەزیەت و لامەرکەزیەتی کارگێڕییەوە هەیە. بۆنمونە چڕبوونەوەی دەسەڵاتەکان لەدەستی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکان لەنێو یاساکاندا، ئاستەنگی سەرەکی سیستمی کارگێڕییە لەبەردەم ئەرکی پەرلەمان لەهەرێمی کوردستاندا، چونکە لەڕووی ڕێکخستنەوەی پەیکەری کارگێڕی حکومەتەوە ئاستەنگی بۆ بەردەم جێبەجێکردنی یاساکانی پەرلەمان دروستبووە، بەتایبەتی لەکاتی هەموارکردنی یاسای پارێزگاکاندا."(ئەدیب، ٢٠١٥، ل٢-٣).

لەمەوە دەبێت بەرچاوڕوونی بدرێت بەئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، کە لەڕووی ڕێکخستنەوەی پەیکەری ئیداری حکومەتەوە بۆیان ڕوون بێت، ئەو ئاستەنگانەی دێنە بەردەم ئەرکەکانی پەرلەمان دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی لامەرکەزیەت لەهەرێمی کوردستاندا، بۆیە پێویستە پەرلەمانی کوردستان دووبارە یاسای پارێزگاکان هەمواربکاتەوە لەپێناوی ئەوەی سیستمێکی لامەرکەزی لەناو یاساکانیاندا پەسەند بکەن، چونکە ئەمە وادەکات یاساکان زووتر جێبەجێبکرێن و سستی لەکاروباری بەڕێوەبردندا بوونی نەمێنێت و پێداویستییەکانی هاوڵاتیان باشتر جێبەجێبکرێن و بهێنرێنەدی.

بۆ ئەم مەبەستە پەرلەمانی کوردستان پێویستە ئەو یاسایانە دەربکات کە بابەتی لامەرکەزیەتن و بەتایبەتیش هەرسێ ڕەهەندەکەی لامەرکەزی (سیاسی، کارگێڕی و دارایی) ئەمەش بەئامانجی نەهێشتنی ئاستەنگەکانی دێنە بەردەم هەموو دامەزراوەکان بەگشتی و ئەرکەکانی پەرلەمان بەتایبەتی.(نەجیب، ٢٠١٧، ل٣-٥).

لەئەنجامدا پیادەکردنی ئەم کارکردنە نەیەتەدی دەبێتە هۆی ئەوەی یاساکان کە پەرلەمان دەریکردوون هێزیان نەبێت و هەوڵ بۆ جێبەجێکردنیان نەدرێت، چونکە ئەو هۆکارانەی ڕۆتینیاتی کارگێڕی لەنێو دامودەزگا حکومییەکان و خزمەتگوزارییەکان دروستیدەکات بریتییەلە تەواونەکردن و بەدوادانەچوون، واتە لاوازی لێهاتوویی بەرپرس لەئەنجامدانی ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانی، لەبەرامبەر ئەمەدا ئەگەر پەرلەمان چاودێرییەکی بەردەوام و بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی یاساکان و ئەرکەکان و هەڵسەنگاندنیان ئەنجام نەدات پاشان بەپێی یاسا سزای کارگێڕی دیاری نەکات، ئەوە بەرژەوەندی کەسی زاڵ دەبێت بەسەر بەرژەوەندی گشتیدا.(احمد، ٢٠١٢، ل٢٩-٣٠).

کەواتە بیرکردنەوە لەداڕشتنی بەرنامەیەکی کارکردن لەلایەن پەرلەمانەوە بۆ شیکردنەوەی خاڵە بەهێزو لاوازەکانی بەردەم ئەم پرۆسەیە زۆر پێویستە قۆناغ بەقۆناغ کاری لەسەربکرێت، بۆیە توانایەکی سیاسی و کارگێڕی و دارایی وەک ژێرخانی پرسەکە دەبێت هەبن، نەوەکو هەر تەنها یاساو نەخشەڕێگا بێت و لەسەر ئەرزی واقیع جێبەجێ نەبێت.(سەلاح، ٢٠٢٠، ل١٨-١٩).

بۆیە پەرلەمان ئەگەر هەڵنەستێت بەم ئەرکەو یاسای تایبەت بەسیستمی کارگێڕی لەمەرکەزییەتەوە بۆ لامەرکەزییەت دەرنەکات، لەئەنجامدا بەردەوام سستی لەجێبەجێکردنی یاساکاندا دێنێتەکایەوە یاخود هەر جێبەجێناکرێن. پەرلەمان بۆ تێپەڕاندنی ئەو ئاستەنگە کارگێڕییە هەر هەوڵێک بدات، ئەوە دەبێت یاسای ژمارە(٣)ی ساڵی٢٠٠٩ی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان هەموار بکاتەوە، کە لەڕاستیدا یاساکە لەپێناو بەدیهێنانی بنەمای لامەرکەزیەتی کارگێڕیدا دەرچوێندراوە، هەروەها لەپاڵ هەمووارکردنەوەی ئەو یاسایەدا سەرجەم ئەو یاسایانەش هەمواربکرێن کەڕێگرو ئاستەنگن لەبەردەم چەسپاندنی بنەمای کارگێڕی، لەم پرۆسەیەدا چاکسازی سەرتاپاگیر دەبێت و لەباری بەدیهاتنیدا ژێرخانێکی یاسایی پتەو بۆ کارگێڕی دروستدەکات. بەمەش پەرلەمان چالاک و خاوەن دەسەڵات دەبێت و یاساکانی زیاتر جێبەجێدەبن.(ئەدیب، ٢٠١٥، ل٤-٦).

لەکۆتاییدا ئەوەی پێویستە بخرێتەڕوو ئەوەیە، ئەم دامەزراوە گرنگە، خول لەدوای خول و سات لەدوای سات لەلایەک لاوازتر دەبێت و لەلایەکیترەوە لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە بێبایەختر دەکرێت، بەڵگەی ئەم بێبایەخکردنەش ئەوەیە کە زۆرینەی یاساکان بەرلەوەی جێبەجێبکرێن داوای هەموارکردنەوەیان دەکرێتەوە، هەروەها لەڕوویەکیتردا یاساکانی جێبەجێناکرێن، واتە پەرلەمانی کوردستان بڕیارەکانی بڕ ناکەن و

دەسەڵاتی جێبەجێکردن گوێیان لێناگرێت و بەدەم بانگهێشت و داواکارییەکانیانەوە ناچێت.(ئینستیتیوتی پەی، ڕاپۆرتی نۆیەم لەخولی پێنجەم، ٢٠٢٢، ل٧).

ئەمەش بارودۆخێکی بۆ پەرلەمانی کوردستان هێناوەتە ئاراوە  کە لەپرسە نیشتیمانی و چارەنووسسازەکاندا کەمترین جێدەستی دیارە، هیچ کات لایەنە سیاسییەکان بۆ پرس و ڕا بۆ لای ئەم دامەزراوە باڵایە ناگەڕێنەوە. لەلایەکیترەوە ئەم خولی پێنجەمەی پەرلەمانی کوردستان خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کەکەمترین یاسای دەرکردووە، ئەو یاسایانەشی دەریکردوون کواڵێتیان نزمە، زۆرینەشیان تا ئێستا نەچوونەتە بواری جێبەجێکردنەوەو پەرلەمانیش لە ئاستیاندا بێدەنگە، کەمترین چاودێریی حکومەتی کردووە، لەتەمەنی ئەم خولەدا پڕۆژەبودجەی هەرێم نەنێردراوە بۆ پەرلەمان، واتە بودجەی پەسەند نەکردووە، سەرجەم دامەزراوە سەربەخۆکانیش کە سەر بەپەرلەمانن وەک (دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، دیوانی چاودێری دارایی، دەستەی دەستپاکی، کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی) زۆرترین پێشێلی یاساییان هەیەو سەرۆک و ئەنجومەنەکانیان ماوەی یاساییان بەسەرچووەو هەمووشی پەرلەمان لێی بەرپرسیارە کەچی لەئاستیاندا بێدەنگەو بێدەسەڵاتیشە، جگە لەمانە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەکاتی دانیشتنەکان و لەڕایکردنی کاری ڕۆژانەی پەیوەندیدار بەپەرلەمانەوە زۆرترین پێشێلکاری یاسایی و کارگێڕی و پەیڕەوشکێنیان کردووە، هەربۆیە زۆربەی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان گرژییان تێکەووتووەو هیچ ئەنجام و بەرهەمێکیان نەبووە.(ئینستیتیوتی پەی، ڕاپۆرتی حەوتەم لەخولی پێنجەم، ٢٠٢١، ل٧).

لەئەنجامی ئەم هەمووە بارودۆخە ئاڵۆزو نالەبارەی هاتۆتە پێشەوە ئاستەنگی بۆ بەردەم ئەرکەکانی پەرلەمانی کوردستان لەکاتی کارکردنی کاری پەرلەمانیدا دروستبووە، کەواتە پێویستە کۆی یاساکانی پەیوەندیدار بە بنەمای کارگێڕییەوە لەهەرێمی کوردستاندا هەمواربکرێنەوە، ئەمەش لەپێناو نەهێشتنی ئەو ئاستەنگانەی بۆ ئەرکی پەرلەمان و پەرلەمانتاران لەکاتی کارکردنیاندا دروست بووە.

# دەروازەی دووەم

# لایەنی مەیدانی

# بەشی چوارەم

# چوارچێوەی تیۆری ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە

**باسی یەکەم: چوارچێوەی مەیدانی توێژینەوەکە:**

یەکەم/ جۆرو میتۆدی توێژینەوەکە

دووەم/ کۆمەڵگەو نمونەی توێژینەوەکە

سێیەم/ بوارەکانی توێژینەوەکە

چوارەم/ ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیارییەکان

پێنجەم/ ڕاستێتی و جێگیری فۆرم

شەشەم/ کەرەستە ئامارییە بەکارهاتووەکان

**باسی دووەم:خستنەڕووی زانیارییەکان و شیکردنەوەیان:**

یەکەم/ خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان بەپێی ئامانجەکان و گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە

دووەم/ خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییە سەرەکییەکان

**باسی سێیەم: ئەنجام و دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

یەکەم/ ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

دووەم/ دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

سێیەم/ ڕاسپاردە و پێشنیازەکانی توێژینەوەکە

# بەشی چوارەم

# چوارچێوەی تیۆری ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە

ئەم بەشە لەسێ باسی سەرەکی پێکهاتووەو بریتین لەمانە، باسی یەکەم:چوارچێوەی مەیدانی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت، کە لە(جۆرو میتۆدی توێژینەوە، کۆمەڵگەو نمونەی توێژینەوە، بوارەکانی توێژینەوە، ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیارییەکان، ڕاستێتی و جێگیری فۆڕم و کەرەستە ئامارییە بەکارهاتووەکان) پێکهاتووە. پاشان باسی دووەم: خستنەڕووی داتاو زانیارییەکان و شیکردنەوەیانە، کەلە دوو تەوەردا خراونەتەڕوو، ئەوانیش، خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان بەپێی ئامانجەکان و گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە، لەگەڵ شیکردنەوەی زانیارییە سەرەکییەکان. باسی سێیەمی ئەم بەشە بریتییەلە ئەنجام و دەرئەنجامەکان، پێشنیازو ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە.

## باسی یەکەم: چوارچێوەی مەیدانی توێژینەوەکە:

### یەکەم/ جۆرو میتۆدی توێژینەوەکە/

**١/ جۆری توێژینەوەکە/** پەنابردنە بەر بەکارهێنانی جۆری وەسفی لەم توێژینەوەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەمجۆرە لەبەربڵاوترین جۆرەکانی توێژینەوەیە کە بەکاردەهێنرێت بەئامانجی دیاریکردنی بارودۆخێکی هەنوکەیی بابەتێکی دیاریکراو کە بووەتە باس و خواس لای هاوڵاتیان.(عبدالمؤمن، ٢٠٠٨، ل٢٨).

ئەم جۆرە وەسفی تایبەتمەندی دامەزراوەکان و ڕەهەندەکانیان لەچوارچێوەیەکی دیاریکراو ئەنجامدەدات، بۆ ئەو مەبەستە زانیاری پێویست لەبارەیەوە کۆدەکرێتەوە پاشان لەپێناو گەیشتن بەزانینی کێشەکان و هۆکاری ئاستەنگەکان ڕوونکردنەوە دەدات و شیکاری بۆ هۆی دروستبوونیان دەکات.(سعوس،و الخضیری، ١٩٩٢، ل٥٠). بنەڕەتی توێژینەوەی وەسفی ئەوەیە کە توێژەر زانیاری ورد کۆدەکاتەوەو وێنای واقیعی کۆمەڵایەتی دەکات و بەشداریدەکات لەشیکردنەوەی دیاردەکانی ناو کۆمەڵگە. (ئەبڕاش، ٢٠١٣، ل٢٤١-٢٤٢).

جۆری توێژینەوەکە چەندێتییەو لەڕووی شێوازەوە بەتوێژینەوەیەکی وەسفی شیکاریی دادەنرێت، کە یەکێکە لەشێوازە زۆر بەربڵاوو بەکارهاتووەکان لەتوێژینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا، لەبەکارهێنانی ئەم شێوازەدا ئاستەنگەکانی ئەرکی پەرلەمان لەهەرێمی کوردستان دەخرێتەڕوو، تاوەکو هۆکارەکانی دروستبوونی ئەو ئاستەنگانە شیبکاتەوە کە ڕەنگدانەوەیەکی نەرێنیانەی لەسەر پەرلەمان بەجێهێشتووە، چونکە بەهۆی ئەو ئاستەنگانەوە پەرلەمانی کوردستان نەیتوانیوە بەپێی پێویست هەڵبستێت بەئەنجامدانی ئەرکەکانی.

**٢/ میتۆدی توێژینەوەکە/** ئەو ڕێگایەیە کە توێژەر دەیگرێتەبەر بۆ گەیشتن بە ئامانجی پێویست بۆ توێژینەوەکەی. یاخود "بریتییە لەو هێڵە نەبینراوەی کە توێژەر لەسەرەتای توێژینەوەکەی تا کۆتایی و گەیشتن بەدەرئەنجام بەمەبەستی گەیشتن بەڕاستی زانستی بابەتەکە پەیڕەوی دەکات."(فتح الله، ٢٠١٧، ل٣٥).

هەموو لێکۆڵینەوەیەک بەتایبەت توێژینەوە لەبوارە کۆمەڵایەتییەکان بۆ دراسەکردنی دیاردەیەک "پێویست بەبەکارهێنانی میتۆدێک یان چەند میتۆدێک لەتوێژینەوەی یەک دیاردە دەکات، چونکە سروشتی هەر دیاردەیەک یان هەر کێشەیەک بەپێی میتۆدەکان توێژینەوەی لەسەر دەکرێت، لەبەرئەوە لەسەر توێژەر پێویستە میتۆد هەڵبژێرێت و بەکارییبهێنێت بەمەبەستی گەیشتن بەدەرئەنجامی ڕاست و دروست بۆ توێژینەوەکەی."(عمر، ١٩٨٢، ل٤٣).

"کەواتە میتۆد کۆڵەکەی پێکهێنان و داڕشتنی توێژینەوەکانە، چونکە ئەو پلانەیە کە ڕوونکردنەوەی هەموو بوارەکانی توێژینەوەکەو هەنگاوەکانی دیاریکردنی زاراوەکان، چوارچێوەی توێژینەوەکەو ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری، دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە لەخۆدەگرێت."(عبیدات، ١٩٨٧، ل١٨٧).

لەئەنجامدانی توێژینەوەکەدا سود لەمیتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی گشتگیر وەرگیراوە، چونکە یەکێکە لەمیتۆدەکانی توێژینەوە وەسفییەکان، کە لەسەر کۆکردنەوەی زانیارییە کۆمەڵایەتییەکان دەوەستێت لەڕێگەی ئامرازەکانی وەک چاوپێکەوتن یاخود فۆڕمی ڕاپرسی.

لەم توێژینەوەیەدا سەرجەم پەرلەمانتارانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان وەرگیراوە، بەئامانجی دۆزینەوەی ئاستەنگەکانی بەردەم ئەرکی پەرلەمانی کوردستان، لەم توێژینەوە چەندێتییەدا بۆیە پەنا براوەتەبەر ئەم میتۆدە، لەبەرئەوەی گونجاوە بۆ دەستکەوتنی زانیاری ورد لەسەر بابەتی توێژینەوەکە، هەروەها ڕێبازێکی گونجاوی زانستییە بۆ شیکردنەوەی خشتەکانی تایبەت بەلایەنی مەیدانی توێژینەوەکە.

### دووەم/ کۆمەڵگەو نمونەی توێژینەوەکە/

**١/ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە/** کۆمەڵگەی توێژینەوە ئەو کۆمەڵگەیەیە توێژەر توێژینەوەی لەسەر ئەنجامدەدات، ئەو توێژینەوەیە چ توێژینەوەیەکی (گشتگیر)بێت بۆ هەموو یەکەکانی کۆمەڵگە، یاخود (بەش)ی بێت ئەویش لەڕێگای وەرگرتنی نموونە دەبێت، هەربۆیە ئەو کۆمەڵگەیەی توێژینەوەکەی تێدا ئەنجامدراوە هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەگرێتەوە کە بەشدارن لەپێکهێنانی توێژینەوەکەدا."(الزیباری، ٢٠٠٦، ل١٤٤). کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییەلە پەرلەمانی کوردستان لەهەرێمی کوردستان- عێراق.

**٢/ نمونەی توێژینەوەکە/** هەر لەکۆمەڵگەی توێژینەوەوەیە نمونەی توێژینەوەش هەڵدەبژێردرێت، لەبەرئەوە دیاریکردنی نمونەی توێژینەوە بۆ لایەنی مەیدانی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان کارێکی زۆر پێویستە، چونکە لەکاتی ئەنجامدانی ڕاپرسی و کۆکردنەوەی زانیارییەکان لەسەر بابەتی توێژینەوەکە توخمێکی سەرەکییە لەتوێژینەوەکەدا. "کەواتە نمونەی توێژینەوە بریتییە لەپێکهاتەیەکی هەڵبژێردراوی کۆمەڵگەی توێژینەوە کە نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دەکات بۆئەوەی بەشێوەیەکی دروست کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بنوێنێت، دەشبێت لەهەڵبژاردنی نموونەدا پەیڕەوی چەند یاساو ڕێسایەکی دیاریکراو بکات تاوەکو بتوانرێت ئەنجامەکانی بگشتێنرێن بەسەر کۆمەڵگەدا." (العزاوی، ٢٠٠٨، ل١٦٢).

ئەو نموونەیەی لەم توێژینەوەیەدا وەرگیراوە نمونەیەکی مەبەستدارەو بریتین لەسەرجەمی (١١١)ئەندام پەرلەمانەکەی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، ئەمەش بەدابەشکردنی فۆڕمی ڕاپرسی بەسەریاندا، بەڵام لەو (١١١)فۆڕمە بەدیاریکراوی ڕێژەی (١٠٠)فۆڕم گەڕێندراوەتەوە، کە دەکاتە ڕێژەی لە(٩٠٪)ی نموونەی توێژینەوەکە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئاستێکی بەرزی ڕێژەی بەشداری یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە، ئەم ڕێژەیەش نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دەکات، لەبەر ئەو هۆکارەش تەنها پەرلەمانتاران وەرگیراون، چونکە ڕاستی ئامانجی توێژینەوەکە دەپێکێت و لەڕووی زانستیشەوە باشتربووە کار بەجۆری نمونەی مەبەستدار بکرێت، چونکە گونجاوترین جۆرە بۆ توێژینەوەکە.

لەلایەکیترەوە هەڵبژاردنی سەرجەم ئەندامانی ئەم خولی پێنجەمە لەو پێناوەدا بووە تاوەکو لەهەڵبژاردنی لێتوێژراواندا بێلایەن بین، لەم توێژینەوەیەدا بۆیە هەوڵدراوە بەدیاریکراوی هەموو پەرلەمانتارانی خولی پێنجەم وەربگیرێت، چونکە لەدیاریکردنی قەبارەی نمونەکەدا تەنها پشت بەپەرلەمانتاران بەستراوە وەک نموونەیەکی مەبەستدار، کە لەم خشتەیەی خوارەوەدا پرسیارە گشتییەکانی نموونەی توێژینەوەکە خراونەتەڕوو:

**خشتەی پرسیارە گشتییەکانی نموونەی توێژینەوەکە**

**خشتەی(١)**

**ڕەگەزی نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە**

| ڕەگەز | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | ٦٨ | ٦٨٪ |
| مێ | ٣٢ | ٣٢٪ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠٪ |

لەئەنجامی خستنەڕووی ئەم خشتەیەدا دەردەکەوێت نمونەی توێژینەوەکەمان بەپێی پرسیارە گشتییەکان دەرئەنجامەکەی بەمشێوەیە بووە، نمونەی ڕەگەزی نێرومێی

توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (٦٨)کەس لەڕەگەزی نێرو (٣٢)کەس لەڕەگەزی مێ، کەڕێژەی سەدی بریتییەلە (٦٨٪)کەس ڕەگەزی نێر و مێینەش ڕێژەکەی(٣٢٪)ی پێکهێناوە. ئەم ڕێژەیەش سروشتی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان نیشاندەدات، کەواتە بەرزترین ڕێژەی ئەندامان لەخولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لەڕەگەزی نێرینەن بەبەراورد بەڕەگەزی مێینە.

## خشتەی(٢)

### تەمەنی نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە

| ئاستی تەمەن | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ٢٠- ٢٩ | ٤ | ٤٪ |
| ٣٠- ٣٩ | ٣٦ | ٣٦٪ |
| ٤٠- ٤٩ | ٣٢ | ٣٢٪ |
| ٥٠- ٥٩ | ٢١ | ٢١٪ |
| ٦٠- زیاتر | ٧ | ٧٪ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠٪ |

لەبەرئەوەی تەمەن گرنگییەکی گەورەی لەسەر سروشتی وەڵامدانەوەی لێتوێژراوان و بیروبۆچوونیادا هەیە، لەبەر ئەو هۆکارە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان ئاستی تەمەن دابەشکراوە بەسەر پێنج ئاستدا، چونکە وەڵامەکان جیاواز دەبن، لەبەرئەوەی هەر ئاستی تەمەنێک بەپێی بیرکردنەوەو ئەزمونەکانی خۆی تێڕوانینی لەسەر ئاستەنگەکانی بەردەم ئەرکی پەرلەمان دەردەبڕێت. تەمەنی نمونەی توێژینەوەکەش بریتیبووە لەوەی ڕێژەی(٤٪) لەئاستی یەکەم پێکهاتەی پەرلەمانیان پێکهێناوە، ئاستی دووەمی نمونەکە ڕێژەی(٣٦٪)ی ئەندامانی پەرلەمانن، بەڵام ڕێژەی سەدی(٣٢٪)ی ئەندامانی پەرلەمان لەنێوان ئاستی سێیەمی تەمەنی توێژینەوەکەدان، هەروەها (٢١٪)ی ڕێژەی پەرلەمانتاران لەنێوان ئاستی(٥٠ – ٥٩)ساڵیدان و ڕێژەی(٧٪)یش لە (٦٠)ساڵ بەرەو سەرەوەن.

کەواتە بەرزترین ڕێژە لەنموونەی توێژینەوەکە لەئاستی دووەمی تەمەنی ئەندامانندایە، واتا بەشێکی زۆری ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لەم خولەدا لەنێوان تەمەنی (٣٠- ٣٩)ساڵیدان، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ڕێژەیەکی بەرزی تەمەنی گەنج بۆ کارکردنی کاری پەرلەمانتاری لەناو پەرلەمانی کوردستان، چونکە ئەم ئاستە لەتەمەن بۆ کارکردن پڕن لە وزەو چالاکی، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج خستنەسەرە ئەوەیە کە پەرلەمان سەرەڕای ئەوەی لەڕووی ئاستی تەمەنەوە بە پەرلەمانێکی گەنج دادەنرێت، کەچی لەڕووی کاراییەوە کەمترین چالاکی هەبووە.

## خشتەی(٣)

## نەتەوەی نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە

| نەتەوە | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| کورد | ٩٠ | ٪٩٠ |
| تورکمان | ٦ | ٪٦ |
| کلدان، سریان، ئاشووری | ٣ | ٪٣ |
| ئەرمەنی | ١ | ٪١ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ٪١٠٠ |

ڕەگزی نەتەوە لەتوێژینەوەکەدا ئەوە دەردەخات کە ڕێژەی نەتەوەی کورد زۆرترینن و ڕێژەی(٪٩٠)ی پێکهاتەی دامەزراوەی پەرلەمان پێکدەهێنن، ئەمەش بەهۆکاری ئەوەی لە (١٠٠)ئەندامی نمونەی توێژینەوەکە (٩٠)ئەندامیان پێکهاتوون لە نەتەوەی کورد، هەروەها تورکمان ڕێژەی(٪٦)ی پێکهێناوە، پاشان سەرجەم نەتەوەکانیتر ڕێژەی(٪٤)ی پێکهاتەی دامەزراوەی پەرلەمان پێکدەهێنن. کەواتە ئەنجامی نمونەی توێژینەوەکە ئەوە دەردەخات کە نەتەوەی کورد بەرزترین و زۆرترین پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان پێکدەهێنن.

## خشتەی(٤)

## ئایینی نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە

| ئایین | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ئیسلام | ٩١ | ٪٩١ |
| مەسیحی | ٦ | ٪٦ |
| ئایینیتر | ٣ | ٪٣ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ٪١٠٠ |

لەڕوانگەی ئایینەوە پەرلەمانی کوردستان زۆرترینی پێکهاتووە لە پەیڕەوکراوانی ئایینی ئیسلام، چونکە ئەنجامی توێژینەوەکە ئەوە دەردەخات، ئەمەش لەبەرئەوەی بەپێی ئەنجامی نمونەی توێژینەوەکە ڕێژەی(٪٩١) موسڵمانن، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت سەرباری هەبوونی ئایین و بیروباوەڕی جیاواز لە هەرێمی کوردستان، بەڵام زۆرترینیان لەپەیڕەوانی ئایینی ئیسلامن، چونکە بەپێی ئەنجامی نمونەکە هەموو ئایینەکانیتر ڕێژەی(٪٩)ی نمونەی توێژینەوەکەیان پێکهێناوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لەپاڵ ئایینی موسڵمان، ئایینەکانی دیکەش لەهەرێمی کوردستان لەناو پەرلەمانی کوردستان بوونیان هەیە.

**خشتەی(٥)**

**ئاستی خوێندنی نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە**

| بڕوانامە | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| سەرەتایی | ١ | ٪١ |
| ناوەندی | ٤ | ٪٤ |
| ئامادەیی | ٥ | ٪٥ |
| دبلۆم | ١١ | ٪١١ |
| بەکالۆریۆس | ٤٧ | ٪٤٧ |
| دبلۆمی باڵا | ٤ | ٪٤ |
| ماستەر | ٢١ | ٪٢١ |
| دکتۆرا | ٧ | ٪٧ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ٪١٠٠ |

بۆ دەرخستنی ئاستی خوێندن لەناو دامەزراوەی پەرلەمانی کوردستاندا نمونەکە دابەش کرابوو بەسەر سەرجەم ئاستەکانی خوێندندا، چونکە ئاستی خوێندەواری هۆکارێکە بۆ هۆشیاربوون و تێگەیشتن لە پێشهاتەکان و ئەو ئاستەنگانەش کە دێنە بەردەم پەرلەمان، لەبەرئەوەی بوونی ئاستێکی بەرزی خوێندەواری لەناو ئەندامانی پەرلەماندا وادەکات زووتر هەست بەهەبوونی ئەو هۆکارانە بکەن کە بوونەتە ئاستەنگی بەردەم چالاکبوونی پەرلەمانی کوردستان.

لەئەنجامی توێژینەوەکەدا دەرکەوت کە هەریەکە لە بڕوانامەکانی(سەرەتایی، ناوەندی، ئامادەیی) ڕێژەی(٪١٠) نمونەکە پێکدەهێنن، کەچی لەبەرامبەردا هەریەکە بڕوانامەی(دبلۆم و دبلۆمی باڵا) ڕێژەی (٪١١)ن.

بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەئەنجامی توێژینەوەکەدا زۆرترین ڕێژەی پێکهاتەی ئەندامانی پەرلەمانی پێکهێناوە بریتییەلە ڕێژەی(٪٤٧)، هەروەها ئاستی بڕوانامەی ماستەر لەتوێژینەوەکەدا ڕێژەی(٪٢١) پێکدەهێنێت، بڕوانامەی دکتۆراش ڕێژەی(٪٧)ی پێکهێناوە.

بەپێی ئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوتووە زۆرترین ڕێژەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بڕوانامەی (بەکالۆرۆس)یان هەیە، ئەمە ئاماژەیە بەوەی کە زۆربەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان خاوەن بڕوانامەن و خوێندەواری پێویستیان هەیە، بەڵام پێویستبوو دامەزراوەیەکی گرنگی وەکو پەرلەمانی کوردستان کە بەرزترین و مەرجەعی یەکەمی دەسەڵاتە لەهەرێمی کوردستاندا، دەبووایە زۆرترین پسپۆڕو خاوەن بڕوانامەی دکتۆرای تێدا بووایە، کەچی ڕێژەیەکی زۆرکەم لە خاوەن بڕوانامەی دکتۆرا ئەندام پەرلەمانن لە پەرلەمانی کوردستان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پارتە سیاسییەکان کەسانی پلە سێ

و چوار دەنێرنە ناو پەرلەمان بۆ کاری پەرلەمانتاری، ئەنجامی ئەوەش ئەم بێدەسەڵاتییەی پەرلەمانی کوردستانی بەدوای خۆیدا هێناوە، کە سەرەڕای ئەوەی مەرجەعی یەکەمی دەسەڵاتە، بەڵام پارتە سیاسییەکان بۆ پرسە چارەنووسسازو نیشتمانییەکان ناگەڕێنەوە بۆ پەرلەمان.

**سێیەم/ بوارەکانی توێژینەوەکە/**

**١/ بواری مرۆیی/** بریتییە لەو نموونەیەی توێژەر دیاریدەکات بۆ مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەکەی، ئەم توێژینەوەیە کە لەسەر پەرلەمانی کوردستانە بوارە مرۆییەکەی سەرجەمی ئەو ئەندامە نێرینەو مێینانە دەگرێتەوە کە لەخولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بۆ ساڵی(٢٠١٨- ٢٠٢٢) بەشدارن، کە تیایدا (١٠٨)ئەندام پەلەمانتارن و (٣)ئەندامیش لەدەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانن، کە سەرۆک و جێگرو سکرتێرن.

**٢/ بواری شوێنی/** ئەو ڕووبەرە جوگرافییە دەگرێتەوە کە توێژینەوەکەی تێدا ئەنجامدەدرێت، ئەم توێژینەوەیە لەهەرێمی کوردستاندا ئەنجامدەدرێت، کە پەرلەمانی کوردستان و ئەو نوسینگانەی پەرلەمانە کە لەپارێزگاکانی هەرێمدا لقیان هەیە.

**٣/ بواری کاتی/** ئەو ماوەیە کە کارە مەیدانییەکانی توێژینەوەکەی تێدا ئەنجامدراوە، هەر لەدابەشکردنی فۆڕمی ڕاپرسی و گەڕانەوەی فۆڕمەکان و کارە ئامارییەکەیان، تادەگاتە بەتاڵکردنەوەو شیکردنەوەی فۆڕمەکان و شیکردنەوەی زانیارییەکانیان، ئەم بوارە مەیدانییە لەبەرواری(٢٠٢٢/٢/٢) دەستپێکردووە هەتاوەکو بەرواری(٢٠٢٢/٩/١)ی خایاندووە.

**چوارەم/ ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیارییەکان/**

توێژینەوە بەتەنها کۆکردنەوەی ئەو زانیارییانە نییە کە پەیوەستن بەئامانجەکان، بەڵکو ئەم پرۆسەی کۆکردنەوەیە قۆناغێکە لەقۆناغەکانی توێژینەوەکە، بۆیە مەبەست لەکۆکردنەوەی زانیاری بەئامانج گەیشتنە، کە دواتر لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانە توێژەر ڕاڤەو شیکردنەوەکانی دەکات.(شوانی، ٢٠١٥، ل٣٥٢). لەم توێژینەوەیەدا پشت بەئامرازی فۆڕمی ڕاپرسی بەستراوە، چونکە نموونەکە گشتگیرە، واتە سەرجەم ئەندامانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان وەرگیراون.

**فۆڕمی ڕاپرسی/** "ئامرازێکی گرنگ و باوی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکانەو ئامرازێکی ڕاستەوخۆیەو لەگرنگترین کەرەستەکانی کۆکردنەوەی زانیارییە، چونکە لەکۆمەڵە پرسیارێک پێکهاتووە، ئینجا ئەم پرسیارانە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ بۆ کەسی پڕکەرەوەی فۆڕمەکە یان لێتوێژراوەکە دەنێردرێت بەمەبەستی وەڵامدانەوەیان."(حسن، ١٩٧٠، ل٣٨٣). کەواتە ئەم ئامرازە پەیوەستە بەبابەتی توێژینەوە، لەڕێگەی فۆڕمێکەوە کە

لەلایەن کەسێکەوە پڕدەکرێتەوەو لەکاتی پڕکردنەوەشیدا ئەو کەسە بیروڕاکانی خۆی دەسەپێنێت بەسەر ناوەڕۆکی فۆڕمەکەدا، چونکە بەپێی تێگەیشتنی لەپرسیارەکان و حەزو ئارەزووەکەی وەڵامیان دەداتەوەو پڕیاندەکاتەوە.(خۆشناو، ٢٠٠٣، ل٣٥). "دەگونجێت ئەم پرسیارانە هەندێکیان داخراوبن و هەندێکیشیان کراوەبن، هەروەها هەندێک لەو پرسیارانە پەیوەستن بەڕاستییەکانەوەو هەندێکیشیان بەڕاوبۆچوون و هەڵوێستەکانەوە، هەر لەبەر ئەو هۆکارانەیە کە هەندێک پرسیار گشتییەو هەندێکیشیان تایبەتییە."(الحسن، ١٩٩٩، ل٣٢١). "دواتر هەموو ئەوانە لەشیکردنەوەی ئاماری تاقیکردنەوەی دروستێتی و ڕاستێتی فۆڕمدا بەکاردەهێنرێت."(سەمیرە، ٢٠٠٩، ل١٤٧)

**ئامادەکردنی فۆڕمی ڕاپرسی لەم توێژینەوەیەدا بەم قۆناغانەدا تێپەڕیوە:**

**قۆناغی یەکەم:** لەدوای سودوەرگرتن لەلایەنی تیۆری توێژینەوەکە بۆ داڕشتنی پرسیارەکانی فۆڕمی ڕاپرسی، پاشان دروستکردنی فۆڕمێک لەشێوەی سەرەتاییدا ئامادەکرا، کە لەچەندان پرسیار پێکهاتبوو، خۆی لە(٣٨)پرسیارەدا دەبینییەوە، بەڵام دابەش ببوو بەسەر چەند تەوەردا، یەکەمیان: ئەو پرسیارانەی کە ئامانجەکانمان لەخۆی دەگرێت. دووەمیان: ئەو ئەرکە سەرەکییانەی پەرلەمان هەیەتی. سێیەم: تایبەت بوو بە ئاستەنگە جۆراوجۆرەکانی بەردەم پەرلەمانی کوردستان.

**قۆناغی دووەم:** دوای ئەوەی پرسیارەکان بەکۆمەڵێک پسپۆڕو شارەزای بابەتەکە نیشانداو هەڵسەنگێندرا، دوای هەڵسەنگاندنیشی پرسیارەکان کەمکرانەوە بۆ (٣٢)پرسیار.

ئەم هەنگاوانە لەپاشکۆدا خراونەتەڕوو، لەپاشکۆی(١)دا هەڵسەنگاندنی پسپۆڕان بۆ فۆڕمی ڕاپرسی. لەپاشکۆی(٢)دا ناوو پلەی زانستی هەڵسەنگێندراوان خراوەتەڕوو، ئەوانیش کاتێک فۆڕمەکەیان پەسەندکرد. لەپاشکۆی(٥)دا لەدوای پەسەندکردنی بەسەر نموونەی توێژینەوەکەدا دابەشکرا، کە پرسیارەکانی کۆتایی فۆڕمی ڕاپرسیەکە نیشاندەدا بەسەر لێتوێژراواندا.

**پێنجەم/ ڕاستێتی و جێگیری فۆڕم/**

ڕاستێتی و جێگیری ئامڕازی کۆکردنەوەی زانیاری بنەمای سەرەکی توێژینەوە چەندایەتییەکانن و پێویست بەئاستێکی باش لەڕاستێتی و جێگیری هەیە:

**١/ ڕاستێتی فۆڕم/** ڕاستگۆیی زانیارییەکان مەرجێکی بنەڕەتین بۆ بەئەنجام گەیشتنێکی ڕاست و دروست لەتوێژینەوەدا، ئەگەرچی ڕاستگۆیی چەند جۆرو شێوازێکی هەیەو هەریەکەی بەشێوەیەک بەکاردەهێنرێت، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا ڕاستگۆیی ڕواڵەتی بەکارهێنراوە، چونکە پشت بەهەڵسەنگاندنە خودییەکانی توێژەر دەبەستێت، سەرەتا ئەو فۆڕمی ڕاپرسییەی کە لەشێوەی سەرەتاییدا لە (٣٨)پرسیار پێکهاتبوو، دابەشکرا بەسەر

(١٣)مامۆستاو پسپۆڕ لەبەشەکانی(کۆمەڵناسی و یاساو زانستە ڕامیارییەکان)ی زانکۆی (سلێمانی، سەلاحەدین و گەرمیان) بەمەبەستی بەدەستهێنانی ڕاستێتی ڕواڵەتی.

لەدوای سودوەرگرتن لەتێبینییەکانیان لەڕووی لابردن و دارشتنەوەی پرسیارەکان، لەشێوەی کۆتاییدا تەنیا (٣٢)پرسیاریان لەلایەن پسپۆڕانەوە پەسەندکران، ئەمەش واتا پێوەرەکە ڕاستگۆیی ڕواڵەتی دەستەبەرکردووە. بڕوانە پاشکۆی(٢). ئەنجامی ڕاستێتی ڕواڵەتیش گەیشتە ڕێژەی (٩٥.٩٥٪)، بڕوانە پاشکۆی(٣). ئەنجامی ڕاستێتی پرسیارەکانی فۆڕمی ڕاپرسی بەبەکارهێنانی هاوکێشەی ڕێژەی سەدی ئەنجامێکی گونجاوی هەبوو بۆ ڕاستێتی فۆڕم و توانرا پشتی پێببەسترێت، بڕوانە پاشکۆی(٣). ڕاستێتی پێوەری توێژینەوەکە بەپێی پرسیارە گونجاو و نەگونجاوەکان بەڕای هەڵسەنگێنەراندا دەخەینەڕوو:

کۆی گشتی پرسیارەکان= ژمارەی پرسیارەکان× ژمارەی پسپۆڕو شارەزایان

٣٨ × ١٣ = ٤٩٤ پرسیار

کۆی گشتی پرسیارە دورستەکان= ٤٧٤ و کۆی گشتی پرسیارە نادروستەکان= ٢٠

ڕێژەی ڕاستێتی فۆڕمی ڕاپرسییەکە = کۆی گشتی پرسیارە دروستەکان÷ کۆی گشتی پرسیارەکان× ١٠٠

٤٧٤ ÷ ٤٩٤ × ١٠٠ = ٩٥.٩٥٪ ڕاستێتی فۆڕمی ڕاپرسییەکە

**٢/ جێگیری فۆڕم/** جێگیری ئاماژەیە بۆ بوونی پلەیەکی بەرز لە وردی ناوخۆیی پرسیارەکانی فۆڕمەکە، بۆیە"مەبەست لەجێگیری فۆڕم ڕادەی جێگیری نمرەکانی فۆڕمی هەر تاکێکە لەناو نموونەی توێژینەوەکەدا."(عباس، ١٩٩٦، ل٢٢).

لەم توێژینەوەیەدا (هاوکۆلکەی ئەلفاکرۆنباخ) بۆ دۆزینەوەی ئاستی جێگیری فۆڕمەکە بەکارهێنراوە، چونکە ئەم هاوکۆلکەیە بۆ دڵنیابوون لەشێوازی وەڵامدانەوەی فۆڕمەکان بەکاردێت، کە ئایا لێتوێژراوان بەدروستی وەڵامیان داوەتەوە یاخود نا؟ ئەنجامەکانیش کە بەپێی ئەم هاوکۆلکەیە دەستدەکەون پەسەند دەکرێت یان ڕەتدەکرێتەوە.

لەدوای داگرتنی زانیارییەکانی فۆڕمەکانی دابەشکردنەکە لەڕێگەی تاقیکردنەوەی ئەلفاکرۆنباخ ئەنجامەکەی بریتیبوو لە(٠.٨٤٨) ئەمەش ئەنجامێکی گونجاوە بۆ جێگیری فۆڕمەکەو دابەشکردنی بەسەر نمونەی توێژینەوەکەدا، چونکە ئاستی جێگیری بەدەستهاتوو لەنێوان (٠.٧- ٠.٩)دایە، ئەمەش بەجێگیرییەکی گونجاو دادەنرێت، کە لە پاشکۆی(٤)دا خراوەتەڕوو.

**شەشەم/ ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان/**

هەرکات ئامار لەزانستی کۆمەڵناسی جیابکەیتەوە لەبەرامبەردا ئەم زانستە تاڕادەیەکی زۆر لەسەربەخۆبوونی خۆی دایدەماڵێن. "کەواتە ئامار لەو ئامرازە سەرەکی و بنەڕەتیانەیە کە هیچ کات توێژەری کۆمەڵناسی ناتوانێت دەستبەرداری ببێت لەتوێژینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەوەی کە بایەخێکی زۆری هەیە تاوەکو بتوانێت بەکاریبهێنێت بۆ کۆکردنەوەو شیکردنەوەی زانیارییە مەیدانییەکانی توێژینەوەو دۆزینەوەی پەیوەندی پەیوەستی نێوان دیاردەکان."(رشوان، ١٩٨٧، ل٢٠٤).

**ئەو ئامرازە ئامارییانەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتوون: بریتین لەمانەی خوارەوە:**

"لەم توێژینەوەیەدا پشت بە (Statistical Package of Social Science) پاکێجی ئاماری لەزانستە کۆمەڵایەتییەکاندا(spss)بەستراوە بەمەبەستی ئەنجامدانی پرۆسە ئامارییەکان."(فاتمی، ٢٠٢٠، ل٤١). هەریەکە لەمانەی خوارەوە بەکارهێنراون:

١. ڕێژەی سەدی(percentage): بۆ وەسفکردنی کۆمەڵگەو نموونەی توێژینەوەکەو فۆڕمی ڕاپرسی پێویستە، بەسودە بۆ دیاریکردنی ڕێژەی هەر بەشێک و دیاریکردنی ڕێژەکە بۆ گەیشتن بەئەنجامێکی ڕاست و دروست پاشان گۆڕینی ئەو زانیارییانەی دەست کەوتوون بۆ گۆڕینیان بەژمارە.(ئەحمەد، ٢٠٠٩، ل٣٧) سەرەڕای پشتبەستن بەخشتە بۆ خستنەڕووی زانیارییەکان، بەڵام "کەرەستەی ئاماری ڕێژەی سەدی بەپێی ئەم یاسایە بەکارهێنراوە،( ڕێژەی سەدی = بەش ÷ گشت × ١٠٠ )"(الحسن،و الزینی، ١٩٨١، ل٦٤)

٢. بەکارهێنانی هاوکۆلکەی ئەلفا کرۆنباخ (Alpha) بۆ دۆزینەوەی جێگیری فۆڕم.

٣. یاسای ناوەندە ژمێرەیی(Arithmetic mean): بۆ دۆزینەوەی ناوەندی تەمەن.

٤. یاسای لادانی پێوەری(Standard deviations): بەمەبەستی دۆزینەوەی لادان لە ناوەندە ژمێرەییەوە بۆ هەر یەک لەبڕگەکان.

٥. بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی هاوکێشەی (T.test): بۆ گۆڕاوێک ئەنجامدەدرێت کە لەدوو هەڵبژاردە پێکهاتبێت بۆنمونە ڕەگەزی نێرومێ.

٦. بەکارهێنانی هاوکێشەی ئەنۆڤا(One way- anova) بۆ دەرهێنانی جیاوازی.

٧. بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی فرەیی(LSD) بۆ دەرهێنانی جیاوازییەکە لەکوێدایە.

٨. هاوپەیوەندی پێرسن(Correlation) بەمەبەستی دۆزینەوەی پەیوەندی هۆکاری لەنێوان بڕگەکاندا.

## باسی دووەم: خستنەڕووی زانیارییەکان و شیکردنەوەیان:

ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵێک گۆڕاوی تێدایە لەسەر نمونەی توێژینەوەکە، واتا ئەو پەرلەمانتارانە دەگرێتەوە کە ئێستا ئەندام پەرلەمانن لەخولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، وەکو(ڕەگەز، نەتەوە، تەمەن، ئایین، ئاستی خوێندەواری) ئەمانە بنەما سەرەکییەکانی توێژینەوە مەیدانییەکەن کە فۆڕمەکەی لێپێکهاتووە، کە لەنمونەی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو.

## تەوەری یەکەم/ خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان بەپێی ئامانجەکان و گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە:

١- **ئامانجی یەکەمی توێژینەوەکە:** خستنەڕووی ئاستەنگە جۆراوجۆرەکانی بەردەم ئەرکەکانی پەرلەمانە کە لەمەیدانی کاری سیاسی هەرێمی کوردستاندا هەستی پێدەکرێت، کە بوونەتە هۆکاری لاوازکردنی ڕۆڵی دامەزراوەی پەرلەمانی کوردستان.

**خشتەی(١)**

**تاقیکردنەوەی (T-test) بۆ ڕەگەز**

| ڕەگەز | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوانەی | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|
| نێر | 11.22 | 1.26 | 0.328 |
| مێ | 10.91 | 1.06 | |

بەپێی بەهای بەڵگەداری (٠.٣٨٢) هیچ جیاوازییەک نییە لەنێوان بۆچوونی پەرلەمانتارانی ڕەگەزی نێرومێ دەربارەی خستنەڕووی ئاستەنگە جۆراوجۆرەکانی بەردەم ئەرکەکانی پەرلەمان کە لەمەیدانی کاری سیاسی هەرێمی کوردستاندا هەستی پێدەکرێت، کە بوونەتە هۆکاری لاوازکردنی ڕۆڵی دامەزراوەی پەرلەمانی کوردستان، چونکە بەهای بەڵگەداری گەورەترە لەئاستی بەڵگەداری(٠.٠٥) ئەمەش بەپێی تاقیکردنەوەی(T.test) دەرکەتووە. کەواتە سەرجەم پەرلەمانتاران بەبێ جیاوازی درک بەهەبوونی ئاستەنگ دەکەن لەبەردەم ئەرکەکانی پەرلەمانی کوردستان، هەبوونی ئەم ئاستەنگانەش بوونەتە هۆکاری لاوازبوونی ڕۆڵی دامەزراوەی پەرلەمان کە ناتوانێت بەپێی پێویست هەڵبستێت بەئەنجامدانی ئەرکەکانی، بۆ نموونە پەرلەمانی کوردستان بەدرێژایی خولی پێنجەمی نەیتوانیوە ئەرکی بودجە جێبەجێ بکات.

## خشتەی(٢)

| تاقیکردنەوەی (One way-Anova) بۆ تەمەن | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازاد | دوجای ناوەند | بەهای (F) | بەهای بەڵگەداری |
| لە نێوان گرووپەکان | 14.20 | 4.00 | 3.551 | 2.628 | 0.039 |
| لەناو گرووپەکان | 128.36 | 95.00 | 1.351 | | |
| گشتی | 142.56 | 99.00 | | | |

ئەم خشتەیە بەپێی گۆڕاوی تەمەن خستنەڕووی ئاستەنگە جۆراوجۆرەکانی بەردەم ئەرکەکانی پەرلەمان نیشاندەدات کە لەمەیدانی کاری سیاسی هەرێمی کوردستاندا هەستی پێدەکرێت، کە بوونەتە هۆکاری لاوازکردنی ڕۆڵی دامەزراوەی پەرلەمانی کوردستان، لەبەرئەوەی نمونەی توێژینەوەکە دابەش بووە بۆ چەند ئاستێکی تەمەن، بۆ دەرهێنانی بەهای بەڵگەداری لەنێوان ئاستەکانی تەمەنی توێژینەوەکە پشت بەتاقیکردنەوەی (one way- anova) بەستراوە. لەئەنجامی ئەم تاقیکردنەوەدا دەرکەوت کە جیاوازی هەیە لەنێوان بۆچوونی ئاستە جیاوازەکانی تەمەن سەبارەت بەهەبوونی ئاستەنگەکان لەبەردەم ئەرکی پەرلەماندا، ئەمەش بەپێی ئاستی بەڵگەداری(0.05)، لەبەرئەوەی بەهای بەڵگەداری بچوکترە لەئاستی بەڵگەداری(0.05)، بەڵام لەبەرئەوەی هاوکێشەی(one way- anova) پێماندەڵێت کە جیاوازی هەیە لەتێڕوانینی ئاستە جیاوازەکانی تەمەن سەبارەت بەئاستەنگەکانی بەردەم پەرلەمانی کوردستان، بەڵام لەهەمان کاتدا پێمان ناڵێت کە جیاوازییەکە لەکوێدایە، بۆ ئەم مەبەستەش بۆ دەرهێنانی ئەم جیاوازییە پشت بەستراوە بەتاقیکردنەوەی فرەیی(LSD) کە لەخشتەی(٣)دا جیاوازییەکە دەرهێنراوەو خراوەتەڕوو.

## خشتەی(٣)

| تاقیکردنەوەی فرەیی LSD | | | | |
|---|---|---|---|---|
| تەمەن | تەمەنەکان | جیاوازی ناوەندە ژمێرەیی گۆڕاوەکان | هەڵەی پێوەری | بەهای بەڵگەداری |
| 20-29 | 30-39 | 0.03 | 0.61 | 0.964 |
| | 40-49 | -0.84 | 0.62 | 0.174 |
| | 50-59 | -0.30 | 0.63 | 0.640 |
| | 60-زیاتر | -0.68 | 0.73 | 0.354 |
| 30-39 | 20-29 | -0.03 | 0.61 | 0.964 |
| | 40-49 | -.87153* | 0.28 | 0.003 |
| | 50-59 | -0.33 | 0.32 | 0.311 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | 60-زیاتر | -0.71 | 0.48 | 0.145 |
| 40-49 | 20-29 | 0.84 | 0.62 | 0.174 |
| | 30-39 | .87153* | 0.28 | 0.003 |
| | 50-59 | 0.55 | 0.33 | 0.098 |
| | 60-زیاتر | 0.17 | 0.49 | 0.734 |
| 50-59 | 20-29 | 0.30 | 0.63 | 0.640 |
| | 30-39 | 0.33 | 0.32 | 0.311 |
| | 40-49 | -0.55 | 0.33 | 0.098 |
| | 60-زیاتر | -0.38 | 0.51 | 0.455 |
| 60-زیاتر | 20-29 | 0.68 | 0.73 | 0.354 |
| | 30-39 | 0.71 | 0.48 | 0.145 |
| | 40-49 | -0.17 | 0.49 | 0.734 |
| | 50-59 | 0.38 | 0.51 | 0.455 |

بەپێی تاقیکردنەوەی فرەیی(LSD) دەرکەوت کە جیاوازی لەنێوان بۆچوونی پەرلەمانتاران بۆ ئاستەکانی تەمەن لەنێوان پەرلەمانتارانی ئاستی دووەم(٣٠- ٣٩)و ئاستی سێیەم(٤٠-٤٩)هەیە ئەمەش بەئاستی بەڵگەداری(0.05)، بەڵام هیچ جیاوازییەک نییە لەنێوان تێڕوانینی ئاستەکانیتر سەبارەت بەئاستەنگەکانی بەردەم ئەرکی پەرلەمان، بۆیە لێرەوە دەردەکەوێت ئەو جیاوازییەی لەنێوان ئاستەکانی تەمەندا هەیە دەربارەی ئامانجی یەکەم سەبارەت بەئاستەنگەکانی بەردەم ئەرکی پەرلەمان لەنێوان ئاستی دووەم و ئاستی سێیەمدایە، کەواتە ڕاو بۆچوونی پەرلەمانتارانی ئاستی دووەم و سێیەمی تەمەن جیاوازە لەڕای پەرلەمانتارانی ئاستەکانیتری تەمەن، هۆکارەکەشی بۆ جێگیری تەمەن دەگەڕێتەوە کە پەرلەمانتاران لەم تەمەنەدا پشتبەستوو بەبیروڕای خۆیان تێڕوانینیان بۆ بارودۆخ و ئاستەنگەکانی بەردەم ئەرکی پەرلەمان هەیە.

**خشتەی(٤)**

| تاقیکردنەوەی (One way-Anova) بۆ نەتەوە | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازاد | دوجای ناوەند | بەهای (F) | بەهای بەڵگەداری |
| له نێوان گروپەکان | 2.719 | 3 | 0.906 | 0.622 | 0.602 |
| لەناو گروپەکان | 139.841 | 96 | 1.457 | | |
| گشتی | 142.560 | 99 | | | |

لەبەرئەوەی پەرلەمانی کوردستان لەفرە نەتەوەیی پێکهاتووە، بۆ شیکارکردنی گۆڕاوەکە پێویستی بەتاقیکردنەوەی(One way- anova) هەبووە بۆ دەرهێنانی بەهای بەڵگەداری، بۆیە گۆڕاوی نەتەوە لەم خشتەیەدا ئەوە دەردەخات کە هیچ جیاوازییەکی ئاماری نییە لەنێوان تێڕوانینی تەمەنە جیاوازەکان بۆ ئاستەنگەکانی بەردەم ئەرکی پەرلەمان، چونکە

بەهای بەڵگەداری گەورەترە لەئاستی بەڵگەداری(0.05)، هۆکارەکەشی بۆ هەبوونی نەتەوەی جیا جیا دەگەڕێتەوە، چونکە پەرلەمانی کوردستان لەنەتەوەی جیاواز پێکهاتووە.

**خشتەی(٥)**

| تاقیکردنەوەی (One way-Anova) بۆ ئایین | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازاد | دوجای ناوەند | بەهای (F) | بەهای بەڵگەداری |
| لە نێوان گروپەکان | 2.10 | 3.00 | 0.699 | 0.478 | 0.698 |
| لەناو گروپەکان | 140.46 | 96.00 | 1.463 | | |
| گشتی | 142.56 | 99.00 | | | |

ئەم خشتەیە بەپێی گۆڕاوی ئایین خستنەڕووی ئاستەنگە جۆراوجۆرەکانی بەردەم ئەرکەکانی پەرلەمانە کە لەمەیدانی کاری سیاسی هەرێمی کوردستاندا هەستی پێدەکرێت، کە بوونەتە هۆکاری لاوازکردنی ڕۆڵی دامەزراوەی پەرلەمانی کوردستان، لەبەرئەوەی نمونەی توێژینەوەکە دابەش بووە بۆ چەند جۆرێکی جیاوازی ئایین، بۆ ئەم مەبەستەش بۆ دەرهێنانی بەهای بەڵگەداری لەنێوان بۆچوونی ئایینە جیاوازەکان لەتوێژینەوەکەدا پشت بەتاقیکردنەوەی (one way- anova) بەستراوە. لەئەنجامی ئەم تاقیکردنەوەیەدا دەرکەوتووە کە هیچ جیاوازییەک نییە لەنێوان بۆچوونی ئایینە جیاوازەکانی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بەهەبوونی ئاستەنگەکان لەبەردەم ئەرکی پەرلەماندا، ئەمەش بەپێی ئاستی بەڵگەداری(0.05)، لەبەرئەوەی بەهای بەڵگەداری گەورەترە لەئاستی بەڵگەداری(0.05)، لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان فرە ئایینەو لەمەزهەبی جیاجیا پێکهاتووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو باکگراوندە فیکرییەی کە لەهەرێمی کوردستاندا پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی ئایینەکان بەرقەرارە بۆیە جیاوازییان نییە.

**خشتەی(٦)**

| تاقیکردنەوەی (One way-Anova) بۆ ئاستی خوێندن | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازاد | دوجای ناوەند | بەهای (F) | بەهای بەڵگەداری |
| لە نێوان گروپەکان | 8.22 | 7.00 | 1.174 | 0.804 | 0.586 |
| لەناو گروپەکان | 134.34 | 92.00 | 1.460 | | |
| گشتی | 142.56 | 99.00 | | | |

لەبەرئەوەی پەرلەمانتارانی پەرلەمانی کوردستان لەڕووی ئاستی خوێندنەوە لەئاستی جیاوازدان، بۆیە بۆ گۆڕاوی خوێندن چەند ئاستێکی خوێندن دیاریکراون، بۆشیکارکردنی ئاستەکانی خوێندنیش پێویستی بەتاقیکردنەوەی (One way- anova) هەبووە، ئەمەش

بەمەبەستی دەرهێنانی بەهای بەڵگەداری، بۆیە گۆڕاوی ئاستی خوێندن لەم خشتەیەدا ئەوە دەردەخات کە هیچ جیاوازییەک نییە لەنێوان تێڕوانینی تەمەنە جیاوازەکان بۆ ئاستەنگەکانی بەردەم ئەرکی پەرلەمان کە بەشێوەیەکی واقیعی و هەستپێکراو لەلایەن پەرلەمانتارانەوە لەمەیدانی کاری سیاسی هەرێمی کوردستاندا هەستی پێدەکرێت، کە بوونەتە هۆکاری لاوازکردنی ڕۆڵی دامەزراوەی پەرلەمانی کوردستان، چونکە بەهای بەڵگەداری گەورەترە لەئاستی بەڵگەداری(0.05)، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆربەی ئەندام پەرلەمانەکان لەلایەن حیزبەوە دیاری دەکرێن و دەنێردرێنە ناو پەرلەمانەوە، کەواتە لەبەرئەوەیە کەکەمترین بیروڕای جیاوازیان هەیە، چونکە سەرەڕای درککردنیان بەهەبوونی ئاستەنگ، بەڵام لەبەرئەوەی پەرلەمانتارەکان لەژێر هەژموونی پارتەکانیاندان بۆیە تا ئاستێکی بەرز ناتوانن لەئەجێنداو بیروڕای پارتەکانیان جیاوازبن لەبیرکردنەوەیانداو پێچەوانەی پارتەکانیان ئەرکی پەرلەمانتارییان جێبەجێ بکەن.

**٢- ئامانجی دووەمی توێژینەوەکە: دەرخستنی ئاستی ئاگاداربوون و هۆشیاربوونی پەرلەمانتارانە بۆ هەبوونی ئاستەنگ لەبەردەم کارو ئەرکەکانی دامەزراوەی پەرلەمانی کوردستان. بەپێی گۆڕاوەکانی(ڕەگەز، تەمەن، نەتەوە، ئایین، ئاستی خوێندن).**

**خشتەی(٧)**

**تاقیکردنەوەی (T–test) بۆ ڕەگەز**

| ڕەگەز | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوانەی | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|
| نێر | 4.72 | 0.71 | 0.454 |
| مێ | 4.81 | 0.90 | |

بەپێی بەهای بەڵگەداری(٠.٤٥٤) هیچ جیاوازییەکی ئاماری نییە لەنێوان بۆچوونی پەرلەمانتارانی ڕەگەزی نێرومێ دەربارەی دەرخستنی ئاستی ئاگاداربوون و هۆشیاربوونی پەرلەمانتارانە بۆ هەبوونی ئاستەنگ لەبەردەم کارو ئەرکەکانی دامەزراوەی پەرلەمانی کوردستان، چونکە بەهای بەڵگەداری گەورەترە لەئاستی بەڵگەداری(٠.٠٥) ئەمەش بەپێی تاقیکردنەوەی(T.test) دەرکەتووە.

کەواتە دەرخستنی ئاستی ئاگاداربوون و هۆشیاربوونی پەرلەمانتاران بۆ هەبوونی ئاستەنگ لەبەردەم کارو ئەرکەکانی پەرلەمان بریتی بووە لەوەی کە پەرلەمانتاران بەبێ جیاوازی درک بەهەبوونی ئاستەنگ دەکەن لەبەردەم ئەرکەکانی پەرلەمانی کوردستان و هۆشیارن بەوەی پەرلەمان ئاستەنگ لەبەردەم جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا هەیە، بەڵام باڵادەستی پارتەکان بەسەر ئەندامەکانی خۆیان بارودۆخێکی هێناوەتە ئاراوە کە پەرلەمانتار سەرەڕای

ئەوەی ئاگادارو هۆشیارە لەهەبوونی ئاستەنگ لەبەردەم ئەرکی پەرلەمانی کوردستان، بەڵام بێدەسەڵاتە لەهەنگاونان بۆ نەهێشتنی ئەو ئاستەنگانەی دێنە بەردەم پەرلەمان، بۆ نموونە پەرلەمانی کوردستان ئەرکی چاودێریکردنی بەپێی پێویست جێبەجێ نەکردووەو بەدرێژایی خولی پێنجەمیش نەیتوانیوە ئەرکی بودجە جێبەجێ بکات، ئەمەش بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە، کە لەشیکردنەوەی پرسیارە سەرەکییەکانی توێژینەوەکەدا خراوەتەڕوو.

**خشتەی(٨)**

**تاقیکردنەوەی (One way-Anova) بۆ تەمەن**

| بەهای بەڵگەداری | بەهای (F) | دوجای ناوەند | نمرەی ئازاد | کۆی دوجاکان | |
|---|---|---|---|---|---|
| 0.661 | 0.604 | 0.364 | 4.00 | 1.46 | لە نێوان گروپەکان |
| | | 0.603 | 95.00 | 57.29 | لەناو گروپەکان |
| | | | 99.00 | 58.75 | گشتی |

بۆ گۆڕاوی تەمەن چەند ئاستێک دیاریکراون لەبەرئەوە پێویستی بەتاقیکردنەوەی (One way- anova) هەبووە بۆ دەرهێنانی جیاوازی لەبەهای بەڵگەداریدا، بەڵام گۆڕاوی تەمەن بەپێی بەتاقیکردنەوەی (One way- anova) لەم خشتەیەدا ئەوە دەردەخات کە هیچ جیاوازییەک نییە لەنێوان تێڕوانینی تەمەنە جیاوازەکانی پەرلەمانتاران بۆ ئاستی ئاگاداربوون و هۆشیاربوونی پەرلەمانتاران سەبارەت بەهەبوونی ئاستەنگ لەبەردەم کارو ئەرکەکانی پەرلەمان، چونکە بەهای بەڵگەداری(0.661) گەورەترە لەئاستی بەڵگەداری(0.05).

**خشتەی(٩)**

| تاقیکردنەوەی (One way-Anova) بۆ نەتەوە | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| بەهای بەڵگەداری | بەهای (F) | دوجای ناوەند | نمرەی ئازاد | کۆی دوجاکان | |
| 0.161 | 1.757 | 1.019 | 3.00 | 3.06 | لە نێوان گروپەکان |
| | | 0.580 | 96.00 | 55.69 | لەناو گروپەکان |
| | | | 99.00 | 58.75 | گشتی |

هەرێمی کوردستان چەند نەتەوەیەکی جیاوازی تێدا کۆبووەتەوەو پێکەوە لەهەرێمدا بەئاشتی ژیان دەکەن، بۆیە بۆ گۆڕاوی نەتەوە لەتوێژینەوەکەدا کە کورسی پەرلەمانیان هەیەو لەناو پەرلەمانی کوردستاندان پێویستی بەتاقیکردنەوەی (One way- anova) هەبووە بۆ دەرهێنانی بەهای بەڵگەداری، بۆیە گۆڕاوی نەتەوە بەپێی بەتاقیکردنەوەی (One way- anova) لەم خشتەیەدا ئەوە دەردەخات کە هیچ جیاوازییەک نییە لەنێوان تێڕوانینی نەتەوە جیاوازەکانی پەرلەمانتاران بۆ ئاستی ئاگاداربوون و هۆشیاربوونی پەرلەمانتاران سەبارەت

بەهەبوونی ئاستەنگ لەبەردەم کارو ئەرکەکانی پەرلەمان، چونکە بەهای بەڵگەداری(0.161) گەورەترە لەئاستی بەڵگەداری(0.05)، ئەوەش دەرخەری ئەوەیە کە سەرەڕای هەبوونی نەتەوەی جیا جیا لەناو پەرلەمانی کوردستان کەچی پەرلەمانتاران لەهەموو نەتەوەکان هۆشیارن لە ئاستی ئاگاداربوونیان بۆ ئاستەنگ لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان.

## خشتەی(١٠)

| تاقیکردنەوەی (One way-Anova) بۆ ئاین | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازاد | دوجای ناوەند | بەهای (F) | بەهای بەڵگەداری |
| لە نێوان گروپەکان | 1.06 | 3.00 | 0.354 | 0.590 | 0.623 |
| لەناو گروپەکان | 57.69 | 96.00 | 0.601 | | |
| گشتی | 58.75 | 99.00 | | | |

ئەم خشتەیە بەپێی گۆڕاوی ئایین ئاستی ئاگاداربوون و هۆشیاربوونی پەرلەمانتاران دەردەخات دەربارەی بوونی ئاستەنگ لەبەردەم ئەرکەکانی پەرلەمانی کوردستان لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان دابەشبووە بەسەر ئایین و مەزهەبی جیاجیا بۆیە نمونەی توێژینەوەکە دابەش کراوە بۆ چەند جۆرێکی جیاواز لە ئایینەکان، بۆ ئەم مەبەستەش بۆ دەرهێنانی بەهای بەڵگەداری لەنێوان بۆچوونی ئایینە جیاوازەکان لەتوێژینەوەکەدا پشت بەتاقیکردنەوەی(one way- anova) بەستراوە. لەئەنجامدا دەرکەوتووە کە هیچ جیاوازییەکی ئاماری نییە لەنێوان بۆچوونی ئایینە جیاوازەکانی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بەهەبوونی ئاستەنگەکان لەبەردەم ئەرکی پەرلەماندا، ئەمەش بەپێی ئاستی بەڵگەداری(0.05)، لەبەرئەوەی بەهای بەڵگەداری(0.623) گەورەترە لەئاستی بەڵگەداری(0.05) هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەرێمی کوردستان فرە ئایینیەو لەمەزهەبی جیاجیا پێکهاتووە.

## خشتەی(١١)

| تاقیکردنەوەی (One way-Anova) بۆ ئاستی خوێندن | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازاد | دوجای ناوەند | بەهای (F) | بەهای بەڵگەداری |
| لە نێوان گروپەکان | 7.50 | 7.00 | 1.071 | 1.923 | 0.075 |
| لەناو گروپەکان | 51.25 | 92.00 | 0.557 | | |
| گشتی | 58.75 | 99.00 | | | |

پەرلەمانتارانی پەرلەمانی کوردستان لەڕووی ئاستی خوێندنەوە لەئاستی جیاواز جیاواز پێکهاتوون، بۆیە بۆ گۆڕاوی خوێندن چەند ئاستێکی خوێندن دیاریکراوە، بۆ شیکارکردنی ئاستەکانی خوێندنیش پێویستی بەتاقیکردنەوەی (One way- anova) هەبووە، چونکە ئەم

تاقیکردنەوەیە ئاستی جیاوازمان بۆ دەردەخات بەمەبەستی دەرهێنانی بەهای بەڵگەداری ئەگەر هەبوو، کە ئایا جیاوازی لەنێوان ئاستە جیاوازەکانی خوێندندا بوونی هەیە سەبارەت بەئاستی ئاگاداربوون و هۆشیاربوونی پەرلەمانتاران بۆ هەبوونی ئاستەنگ لەبەردەم ئەرکەکانی پەرلەمانی کوردستان، بۆیە گۆڕاوی ئاستی خوێندن لەم خشتەدا ئەوە دەردەخات کە هیچ جیاوازییەکی ئاماری نییە لەنێوان بۆچوونی تەمەنە جیاوازەکان بۆ ئاستەنگەکانی بەردەم ئەرکی پەرلەمان، چونکە بەهای بەڵگەداری(0.075) گەورەترە لەئاستی بەڵگەداری(0.05)، هۆکارەکەشی بۆ بێ ئەزمونی ئەندامانی پەرلەمان دەگەڕێتەوە لە ئەرک و کاری پەرلەمانتارییانداو لەلایەکیترەوە زۆربەی ئەندام پەرلەمانەکان لەلایەن حیزبەوە دیاریدەکرێن و دەنێردرێنە ناو پەرلەمانەوە، کەواتە لەبەرئەوەیە کە بیروڕای جیاوازیان نییە، چونکە ناتوانن پێچەوانەی پارتەکانیان ئەرکی پەرلەمانتارییان جێبەجێ بکەن.

**٣- ئامانجی سێیەمی توێژینەوەکە: خستنەڕووی ڕۆڵی پەرلەمانتارانە لەدەرکردنی یاساکان لەپێناو بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتیان. بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، تەمەن، نەتەوە، ئایین، ئاستی خوێندن).**

**خشتەی(١٢)**

**تاقیکردنەوەی (T-test) بۆ ڕەگەز**

| ڕەگەز | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوانەی | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|
| نێر | 4.324 | 0.721548 | 0.717 |
| مێ | 4.375 | 0.751343 | |

بەپێی بەهای بەڵگەداری(٠.٧١٧) هیچ جیاوازییەک نییە لەنێوان بۆچوونی پەرلەمانتارانی ڕەگەزی نێرومێ دەربارەی خستنەڕووی ڕۆڵی پەرلەمانتارانە لەدەرکردنی یاساکان لەپێناو بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتیان و فەراهەمکردنی پێداویستییە ئابوورییەکانیان، چونکە بەهای بەڵگەداری گەورەترە لەئاستی بەڵگەداری(٠.٠٥) ئەمەش بەپێی تاقیکردنەوەی (T.test) دەرکەتووە. کەواتە سەرجەمی ئەندامانی پەرلەمان بەبێ جیاوازی کارەکانیان لەپێناوی فەراهەمکردنی پێداویستییە ئابوورییەکانی هاوڵاتیان و خستنەڕوویان لەناو کۆبوونەوەکانی پەرلەماندا ئەنجامدەدەن، بەڵام سەرباری هەوڵەکانیان درک بەهەبوونی ئاستەنگ دەکەن لەبەردەم ئەرکەکانی پەرلەمانی کوردستان، کە هەبوونی ئەم ئاستەنگانەش بوونەتە هۆکاری ئەوەی کە پەرلەمان ناتوانێت بەپێی پێویست هەڵبستێت بەئەنجامدانی ئەرکەکانی، بۆ نموونە پەرلەمان بەدرێژایی خولی پێنجەمی نەیتوانیوە ئەرکی بودجە جێبەجێبکات، ئەمە لەکاتێکدایە بودجە بەتەواوی پەیوەندیدارە بە بژێوی هاوڵاتیانەوە.

## خشتەی(١٣)

**تاقیکردنەوەی (One way-Anova) بۆ تەمەن**

| | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازاد | دوجای ناوەند | بەهای (F) | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| لە نێوان گروپەکان | 2.019 | 4 | 0.505 | 0.951 | 0.438 |
| لەناو گروپەکان | 50.421 | 95 | 0.531 | | |
| گشتی | 52.440 | 99 | | | |

بۆ گۆڕاوی تەمەن چەند ئاستێک دیاریکراوە لەبەرئەوە پێویستی بەتاقیکردنەوەی (One way- anova) هەبووە بۆ دەرهێنانی جیاوازی لەبەهای بەڵگەداریدا، بەڵام گۆڕاوی تەمەن بەپێی بەتاقیکردنەوەی(One way- anova) لەم خشتەیەدا ئەوە دەردەخات کە هیچ جیاوازییەکی ئاماری نییە لەنێوان تێڕوانینی تەمەنە جیاوازەکانی پەرلەمانتاران بۆ ئاستی خستنەڕووی ڕۆڵی پەرلەمانتاران لەفەراهەمکردنی پێداویستییە ئابوورییەکانی هاوڵاتیان و ئەو بەرپرسیارێتییەی لەئەستۆیانە، ئەمەش لەئەنجامی بەدەستهێنانی بەهای بەڵگەداری (٠.٤٣٨) کە گەورەترە لەئاستی بەڵگەداری(0.05)، ئەمە ئەوە دەردەخات کە پەرلەمانتاران بەبێ جیاوازی کاریان کردووە بۆ گەیاندنی داواکاری و پێداویستییەکانی هاوڵاتیان بۆ دانیشتن و کۆبوونەوەکانی پەرلەمانی کوردستان، تاوەکو لەپای ئەو بەرپرسیارێتییەی لەئەستۆیانە پێداویستییەکان بەدیبهێنرێن.

## خشتەی(١٤)

| تاقیکردنەوەی (One way-Anova) بۆ نەتەوە | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازاد | دوجای ناوەند | بەهای (F) | بەهای بەڵگەداری |
| لە نێوان گروپەکان | 0.154 | 3 | 0.051 | 0.095 | 0.963 |
| لەناو گروپەکان | 52.286 | 96 | 0.545 | | |
| گشتی | 52.440 | 99 | | | |

لەناو پەرلەمانی کوردستان چەند پێکهاتەیەکی جیاوازو نەتەوەی جیاوازی تێدا کۆبووەتەوە، بۆیە بۆ گۆڕاوی نەتەوە لەتوێژینەوەکەدا کە کورسی پەرلەمانیان هەیە پێویست بە تاقیکردنەوەی(One way- anova) هەبووە بۆ دەرهێنانی جیاوازی بەهای بەڵگەداری، بۆیە گۆڕاوی نەتەوە بەپێی بەتاقیکردنەوەی(One way- anova) لەم خشتەیەدا ئەوە دەردەخات کە هیچ جیاوازییەکی ئاماری نییە لەنێوان بۆچوونی پەرلەمانتاران لەنەتەوە جیاوازەکانی ناو پەرلەمان بۆ خستنەڕووی ڕۆڵی پەرلەمانتاران لەدەرکردنی یاساکان لەپێناو بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتیان، چونکە بەهای بەڵگەداری(٠.٩٦٣) گەورەترە لەئاستی بەڵگەداری(0.05)، ئەوەش دەرخەری ئەوەیە کە سەرەڕای هەبوونی نەتەوەی جیا جیا لەناو پەرلەمانی کوردستان کەچی پەرلەمانتاران لەهەموو نەتەوەکان هۆشیارن لەخستنەڕووی ئاستەنگەکان و ئاستی ئاگاداربوونیان لەبەردەم ئەرکی پەرلەمانی کوردستان.

## خشتەی(١٥)

| تاقیکردنەوەی (One way-Anova) بۆ ئایین | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازاد | دوجای ناوەند | بەهای (F) | بەهای بەڵگەداری |
| لە نێوان گروپەکان | 2.118 | 3 | 0.706 | 1.347 | 0.264 |
| لەناو گروپەکان | 50.322 | 96 | 0.524 | | |
| گشتی | 52.440 | 99 | | | |

ئەم خشتەیە بەپێی گۆڕاوی ئایین خستنەڕووی ڕۆڵی پەرلەمانتارانە لەدەرکردنی یاساکان لەپێناو بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتیان و فەراهەمکردنی پێداویستییە ئابوورییەکانیان، لەبەرئەوەی نموونەی توێژینەوەکە دابەش بووە بۆ چەند جۆرێکی جیاوازی ئایین، بۆ ئەم مەبەستەش بۆ دەرهێنانی بەهای بەڵگەداری لەنێوان بۆچوونی ئایینە جیاوازەکان لەتوێژینەوەکەدا پشت بەتاقیکردنەوەی(one way- anova) بەستراوە. لەئەنجامی ئەم تاقیکردنەوەیەدا دەرکەوت کە هیچ جیاوازییەک نییە لەنێوان بۆچوونی ئایینە جیاوازەکانی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت خستنەڕووی ڕۆڵی پەرلەمانتاران لەفەراهەمکردنی پێداویستییەکانی هاوڵاتیان و هەبوونی ئاستەنگەکان لەبەردەم ئەرکی پەرلەماندا، ئەمەش بەپێی ئاستی بەڵگەداری(0.05) لەبەرئەوەی بەهای بەڵگەداری(٠.٢٦٤) گەورەترە لەئاستی بەڵگەداری(0.05)، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان فرە ئایینەو لەمەزهەبی جیاجیا پێکهاتووە، بەڵام ئەو باکگراوندە فیکرییەی کە لەهەرێمی کوردستاندا هەیە سەبارەت بەپێکەوە ژیانی ئاشتیانەی ئایینەکان وایکردووە جیاوازی نەبێت لەئەدای ئیشکردنیاندا بۆ خستنەڕووی پێداویستییەکانی هاوڵاتیان لەناو پەرلەماندا.

## خشتەی(١٦)

| تاقیکردنەوەی (One way-Anova) بۆ ئاستی خوێندن | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازاد | دوجای ناوەند | بەهای (F) | بەهای بەڵگەداری |
| لە نێوان گروپەکان | 6.289 | 7 | 0.898 | 1.791 | 0.980 |
| لەناو گروپەکان | 46.151 | 92 | 0.502 | | |
| گشتی | 52.440 | 99 | | | |

پەرلەمانتارانی پەرلەمانی کوردستان لەڕووی ئاستی خوێندنەوە لەچەند ئاستێکی جیاواز پێکهاتوون، بۆیە بۆگۆڕاوی خوێندن چەند ئاستێکی خوێندن دیاریکردووە، بۆ شیکارکردنی ئاستەکانی خوێندنیش پێویست بەتاقیکردنەوەی(One way- anova) هەبووە، چونکە ئەم تاقیکردنەوەیە ئاستە جیاوازەکانمان بۆ دەردەخات ئەگەر هەبوو بەمەبەستی دەرهێنانی بەهای بەڵگەداری، ئایا جیاوازی لەنێوان ئاستە جیاوازەکانی خوێندندا بوونی هەیە سەبارەت بەئاستی خستنەڕووی ڕۆڵی پەرلەمانتاران لەفەراهەمکردنی داواکاری و پێداویستییەکانی هاوڵاتیان، بۆیە گۆڕاوی ئاستی خوێندن لەم خشتەیەدا ئەوە دەردەخات کە هیچ جیاوازییەکی

ئاماری نییە لەنێوان بۆچوونی ئاستە جیاوازەکان بۆ ئەدای کاری پەرلەمانتاری و ئاستەنگەکانی بەردەم پەرلەمان لەخستنەڕووی داواکارییەکانی هاوڵاتیاندا، چونکە بەهای بەڵگەداری(٠.٩٨٠) گەورەترە لەئاستی بەڵگەداری(0.05) ئەمەش بەپێی یاقیکردنەوەی ئەنۆڤا بۆمان دەرکەوتووە.

**٤- ئامانجی چوارەمی توێژینەوەکە: دەرخستنی ئەدای پەرلەمانتاران لەدەرەوەی خواست و ویستی پارتەکانیان. بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، تەمەن، نەتەوە، ئایین، ئاستی خوێندن).**

**خشتەی(١٧)**

**تاقیکردنەوەی (T-test) بۆ ڕەگەز**

| ڕەگەز | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوانەی | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|
| نێر | 1.79 | 0.68 | 0.88 |
| مێ | 1.94 | 0.62 | |

بەپێی بەهای بەڵگەداری هیچ جیاوازییەک نییە لەنێوان بۆچوونی پەرلەمانتارانی ڕەگەزی نێرومێ دەربارەی دەرخستنی ئەدای پەرلەمانتاران لەدەرەوەی خواست و ویستی پارتەکانیان، چونکە بەهای بەڵگەداری(٠.٨٨) گەورەترە لەئاستی بەڵگەداری(٠.٠٥) ئەمەش بەپێی تاقیکردنەوەی(T.test)دەرکەوتووە، چونکە ئەم تاقیکردنەوەیە جیاوازی لەنێوان هەر گۆڕاوێکدا دەردەخات کە لەدوو گۆڕاو پێکهاتبێت. لەبەر ئەوەیە کە بۆ دەرهێنانی جیاوازی لەنێوان گۆڕاوی ڕەگەز پشتی پێ بەستراوە لەئەنجامدا دەرکەوتووە کە جیاوازی نییە لەنێوان بیروڕای پەرلەمانتارانی هەردوو ڕەگەز سەبارەت بەدەرخستنی ئەدای پەرلەمانتاران لەدەرەوەی خواست و ویستی پارتەکانیان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو باکگراوندە فیکرییە حیزبییەی کە هەژموونی بەسەر کاری پەرلەمانییەوە هەیە لەهەرێمی کوردستاندا.

**خشتەی(١٨)**

**تاقیکردنەوەی (One way-Anova) بۆ تەمەن**

| | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازاد | دوجای ناوەند | بەهای (F) | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| لەنێوان گروپەکان | 2.557 | 4 | 0.639 | 1.485 | 0.213 |
| لەناو گروپەکان | 40.883 | 95 | 0.430 | | |
| گشتی | 43.440 | 99 | | | |

لەنمونەی توێژینەوەکەدا چەند ئاستێک لەتەمەن دیاریکراوە، ئەمەش بەئامانجی بەدەستهێنانی بیروڕای جیاواز لەنێوان ئاستە جیاوازەکانی تەمەن بۆ دەرخستنی ئەدای پەرلەمانتاران

لەدەرەوەی خواست و ویستی پارتەکانیان، لەبەرئەوە بۆ دەرهێنانی ئەو جیاوازییانە پێویستی بەتاقیکردنەوەی(One way- anova) هەبووە بۆ دەرهێنانی بەهای بەڵگەداری، تاوەکو بۆمان دەرکەوێت کە ئایا پەرلەمانتاران لەهەموو ئاستەکاندا بۆچوونیان سەبارەت بەهەبوونی ئاستەنگەکانی بەردەم ئەرکی پەرلەمان وەکو یەکە یاخود جیاواز لە ئەدای پەرلەمانتارەکانیترو حیزبەکانیان بیردەکەنەوەو بیرورای جیاوازیان هەیە، بەڵام بۆ گۆڕاوی تەمەن بەپێی بەتاقیکردنەوەی (One way- anova) لەم خشتەیەدا دەرکەوتووە کە هیچ جیاوازییەکی ئاماری نییە لەنێوان تێڕوانینی تەمەنە جیاوازەکان بۆ ئاستەنگەکانی بەردەم ئەرکی پەرلەمان لەهەرێمی کوردستاندا، چونکە بەهای بەڵگەداری(0.213) گەورەترە لەئاستی بەڵگەداری(0.05)، لەمەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە کاریگەری تەمەن و تێڕوانینیان بۆ ئەدای کاری پەلەمانتاری وەکو یەکەو جیاواز نین لە تێڕوانینیاندا.

## خشتەی(١٩)

**تاقیکردنەوەی (One way-Anova) بۆ نەتەوە**

| | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازاد | دوجای ناوەند | بەهای (F) | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| لەنێوان گرووپەکان | 4.326 | 3.00 | 1.44 | 3.539 | 0.018 |
| لەناو گرووپەکان | 39.114 | 96.00 | 0.41 | | |
| گشتی | 43.440 | 99.00 | | | |

ئەم خشتەیە بەپێی گۆڕاوی نەتەوە ئەدای پەرلەمانتاران لەدەرەوەی خواست و ویستی پارتەکانیان دەردەخات، کە بوونەتە هۆکاری لاوازکردنی رۆڵی دامەزراوەی پەرلەمان و ئاستەنگی بەردەم کارکردنیشی، چونکە هەرێمی کوردستان چەند نەتەوەیەکی جیاوازی تێدا دەژی، بۆیە بۆ گۆڕاوی نەتەوە لەتوێژینەوەکەدا کە کورسی پەرلەمانیان هەیەو لەناو پەرلەمانی کوردستاندان، پشت بەتاقیکردنەوەی(one way- anova) بەستراوە بۆ دەرهێنانی بەهای بەڵگەداری لەنێوان نەتەوەکاندا، چونکە نمونەی توێژینەوەکە لەپەرلەمانی کوردستان دابەش بووە بۆ چەند نەتەوەیەکی جۆراوجۆر. لەئەنجامی ئەم تاقیکردنەوەدا دەرکەوتووە کە جیاوازی هەیە لەنێوان بۆچوونی نەتەوە جیاوازەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە ئەدای پەرلەمانتاران لە کاری پەرلەمانتارییانداو هەبوونی ئاستەنگ لەبەردەم ئەرکی پەرلەماندا، ئەمەش بەپێی ئاستی بەڵگەداری(0.05)، لەبەرئەوەی بەهای بەڵگەداری(0.018) بچوکترە لەئاستی بەڵگەداری(0.05)، بەڵام لەبەرئەوەی هاکێشەی (one way- anova) پێمان دەڵێت کە جیاوازی هەیە لەتێڕوانینی نەتەوە جیاوازەکان بۆ ئەدای پەرلەمانتاران لەدەرەوەی ویستی پارتەکانیان، بەڵام لەهەمان کاتدا پێمان ناڵێت کە جیاوازییەکە لەکوێدایە، بۆ ئەم مەبەستەش بۆ دەرهێنانی ئەم جیاوازییە پشتمان بەستووە بەتاقیکردنەوەی فرەیی(LSD)، لە خشتەی(٢٦) جیاوازییەکە دەرهێنراوەو خراوەتەروو.

## خشتەی(٢٠)

| تاقیکردنەوەی فرەیی LSD | | | | |
|---|---|---|---|---|
| نەتەوە | نەتەوەکان | جیاوازی ناوەندە ژمێرەیی گۆڕاوەکان | هەڵەی پێوەری | بەهای بەڵگەداری |
| کورد | تورکمان | .75379* | 0.27 | 0.006 |
| | کلدانی، سریانی، ئاشوری | 0.42 | 0.32 | 0.196 |
| | ئەرمەنی | .92045* | 0.45 | 0.044 |
| تورکمان | کورد | -.75379* | 0.27 | 0.006 |
| | کلدانی، سریانی، ئاشوری | -0.33 | 0.41 | 0.415 |
| | ئەرمەنی | 0.17 | 0.52 | 0.747 |
| کلدانی، سریانی، ئاشوری | کورد | -0.42 | 0.32 | 0.196 |
| | تورکمان | 0.33 | 0.41 | 0.415 |
| | ئەرمەنی | 0.50 | 0.55 | 0.363 |
| ئەرمەنی | کورد | -.92045* | 0.45 | 0.044 |
| | تورکمان | -0.17 | 0.52 | 0.747 |
| | کلدانی، سریانی، ئاشوری | -0.50 | 0.55 | 0.363 |

بەپێی تاقیکردنەوەی فرەیی(LSD) دەرکەوتووە کە جیاوازی لەنێوان بۆچوونی پەرلەمانتارانی(کورد و تورکمان)دا هەیە، هەروەها جیاوازی لەنێوان پەرلەمانتارانی (تورکمان لەگەڵ کورد و ئەرمەن)دا هەیە، ئەمەش بەئاستی بەڵگەداری(0.05)، بەڵام هیچ جیاوازییەک نییە لەنێوان تێڕوانینی نەتەوەکانیتر سەبارەت بەئەدای کاری پەرلەمانتاری و ئاستەنگەکانی بەردەم ئەرکی پەرلەمان، بۆیە دەردەکەوێت ئەو جیاوازییەی لەنێوان نەتەوەکاندا هەیە دەربارەی ئەدای پەرلەمانتاران بۆ کاری پەرلەمانتاری لەدەرەوەی ویست و خواستی پارتەکانیان لەنێوان تورکمان لەگەڵ کورد و ئەرمەندایە، کەواتە ڕای پەرلەمانتارانی تورکمان جیاوازە لە بیروڕای پەرلەمانتارانی کورد و ئەرمەن، هۆکارەکەشی بۆ بیروبۆچوونی نەتەوایەتی نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان دەگەڕێتەوە کە لەناو پەرلەمانی کوردستاندا کورسی کۆتایان بۆ تەرخان کراوە، واتا تا ئاستێکی زۆر بەحەقی خۆیان نەگەیشتوونەتە ناو پەرلەمان، بەڵکو بەبەڵگەی ئەوەی هەر ئەندام پەرلەمانێک لە پارتە سیاسییەکان ڕێژەیەکی دەنگدەری زۆر زیاتری پێویست بووە تاوەکو بگاتە پەرلەمانی کوردستان بۆ کاری پەرلەمانتاری بەبەراورد بە ئەندام پەرلەمانی کەمە نەتەوایەتییەکان.

## خشتەی(٢١)

| تاقیکردنەوەی (One way-Anova) بۆ ئایین | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازاد | دوجای ناوەند | بەهای (F) | بەهای بەلگەداری |
| لەنێوان گروپەکان | 0.46 | 3.00 | 0.155 | 0.345 | 0.793 |
| لەناو گروپەکان | 42.98 | 96.00 | 0.448 | | |
| گشتی | 43.44 | 99.00 | | | |

خشتەی گۆڕاوی ئایین بەپێی ئەدای پەرلەمانتاران لەدەرەوەی خواست و ویستی پارتەکانیان دەردەخات. هەرێمی کوردستان دابەش بووە بەسەر ئایینی جیاجیا، لەبەرئەوە نموونەی توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ چەند جۆرێکی جیاواز لە ئایینەکان، بۆ ئەم مەبەستەش بۆ دەرهێنانی بەهای بەلگەداری لەنێوان بۆچوونی ئایینە جیاوازەکان لەتوێژینەوەکەدا پشت بەتاقیکردنەوەی(one way- anova) بەستراوە. لەئەنجامدا دەرکەوتووە کە هیچ جیاوازییەکی ئاماری نییە لەنێوان بۆچوونی ئایینە جیاوازەکانی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە ئەدای پەرلەمانتاران لەدەرەوەی خواست و ویستی پارتەکانیان، ئەمەش بەپێی ئاستی بەلگەداری(0.05)، لەبەرئەوەی بەهای بەلگەداری(0.793) گەورەترە لەئاستی بەلگەداری(0.05)، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەرێمی کوردستان فرە ئایینیەو لەمەزهەبی جیاجیا پێکهاتووە.

## خشتەی(٢٢)

| تاقیکردنەوەی (One way-Anova) بۆ ئاستی خوێندن | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازاد | دوجای ناوەند | بەهای (F) | بەهای بەلگەداری |
| لەنێوان گروپەکان | 3.85 | 7.00 | 0.550 | 1.278 | 0.270 |
| لەناو گروپەکان | 39.59 | 92.00 | 0.430 | | |
| گشتی | 43.44 | 99.00 | | | |

پەرلەمانتارانی پەرلەمانی کوردستان لەڕووی ئاستی خوێندنەوە لەچەند ئاستێکی جیاواز پێکهاتوون، بۆیە بۆ گۆڕاوی خوێندن چەند ئاستێکی خوێندن دیاریکردووە، بۆ شیکارکردنی ئاستەکانی خوێندنیش پێویست بەتاقیکردنەوەی(One way- anova) هەبووە، چونکە ئەم تاقیکردنەوەیە ئاستە جیاوازەکانمان بۆ دەردەخات ئەگەر هەبوو بەمەبەستی دەرهێنانی بەهای بەلگەداری، ئایا جیاوازی لەنێوان ئاستە جیاوازەکانی خوێندندا بوونی هەیە سەبارەت بەئاستی ئەدای پەرلەمانتاران لەدەرەوەی خواست و ویستی پارتەکانیان، بۆیە گۆڕاوی

ئاستی خوێندن لەم خشتەیەدا ئەوە دەردەخات کە هیچ جیاوازییەک نییە لەنێوان بۆچوونی ئاستە جیاوازەکان بۆ ئەدای کاری پەرلەمانتاری و ئاستەنگەکانی بەردەم پەرلەمان، چونکە بەهای بەڵگەداری(0.270) گەورەترە لەئاستی بەڵگەداری (0.05).

## تەوەری دووەم/ خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە:

شیکردنەوەی زانیارییە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە خۆی لەپرسیارە سەرەکییەکاندا دەبینێتەوە کە لەچەندین پرسیار پێکهاتوون و بۆ هەر پرسیارێکیش چەند هۆکارێکی بۆ خراوەتەڕوو کە لەسەر بنەمای لایەنی تیۆری توێژینەوەکەوە هەڵهێنجراون، پاشان لەدواتردا هەر یەکێک لە خشتەکان شیکراونەتەوەو هۆکارەکانیان خراوەتەڕوو.

**خشتەی(٢٣)**

پەرلەمانی کوردستان وەک یەکێک لەبەرزترین دەسەڵاتەکان پیشاندەدات

| بەڵێ | | تاڕادەیەک | | نەخێر | | ڕێژەی سەدی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دوبارە | ریژە | دوبارە | ریژە | دوبارە | ریژە | دوبارە | ڕێژە |
| 26 | 26٪ | 37 | 37٪ | 37 | 37٪ | 100 | %100 |

**خشتەی(٢٤)**

هۆکارەکانی خستنەڕووی پەرلەمانی کوردستان وەک بەرزترین دەسەڵات دەردەخات

| هۆکارەکان | وەڵامەکان | |
|---|---|---|
| | دووبارە | ڕێژە |
| هۆکاری یەکەم | 38 | 31.7٪ |
| هۆکاری دووەم | 36 | 30.0٪ |
| هۆکاری سێهەم | 25 | 20.8٪ |
| هۆکاری چوارەم | 15 | 12.5٪ |
| هۆکاری پێنجەم | 6 | 5.0٪ |
| گشتی | 120 | 100.0٪ |

ئەم خشتەیە تێڕوانین و بۆچوونی پەرلەمانتاران دەخاتەڕوو سەبارەت بەوەی پەرلەمان وەک یەکێک لەبەرزترین دەسەڵاتەکان لەهەرێمی کوردستان بۆتە نوێنەری

ڕاستەقینەی هاوڵاتیان، لەوەڵامی پەرلەمانتارانەوە دەرکەوتووە، کە ڕێژەی(٣٧٪)ی ئەندامان بەنەخێر وەڵامەکەیان هەڵبژاردووەو پێیانوایە پەرلەمان نەیتوانیوە ببێتە نوێنەری ڕاستەقینەی هاوڵاتیان، هەروەها بەهەمانشێوە ڕێژەی(٣٧٪)ی پەرلەمانتارەکان پێیانوایە تاڕادەیەک توانیویەتی وەک نوێنەری هاوڵاتیان ئەرکەکانی جێبەجێ بکات بەڵام ناوەندی دەسەڵات نییە لەهەرێمی کوردستاندا، لەبەرامبەریشدا ڕێژەی(٢٦٪)ی ئەندامان دەڵێن بەڵێ پەرلەمانی کوردستان بۆتە نوێنەری ڕاستەقینەی هاوڵاتیان.

لەم ئەنجامەوە دەردەکەوێت زۆرینەی ئەندامان باوەڕیان بەوە نییە پەرلەمان نوێنەرایەتی هاوڵاتیان بکات، ئەم هۆکارەش بەپلەی یەکەم دەگەڕێنەوە بۆ هەبوونی ساختەکاری لەهەڵبژاردنە پەرلەمانییەکاندا بەڕێژەی(٣١.٧٪) چونکە ساختەکاری لەهەڵبژاردندا دەبێتەهۆی نەبوونی نوێنەری ڕاستەقینە.

هەندێکیتر دەیگەڕێننەوە بۆ بەهەند وەرگرتنی نوێنەرایەتی حیزب پێش نوێنەرایەتیکردنی هاوڵاتیان بەڕێژەی(٣٠.٠٪) ئەمەش ڕێژەیەکی بەرز پیشاندەدات بۆ بەنوێنەر نەبوونی پەرلەمان. ڕێژەیەکیش لەئەندامان پێیانوایە کە هەندێک لەپەرلەمانتاران بەشیاوی خۆیان ناگەنە ناو پەرلەمان لەبەرئەوە لەم کاتەدا هەمیشە بەرژەوەندی تایبەتی زاڵ دەبێت بەسەر بەرژەوەندی گشتییدا کە لەناو هۆکارەکاندا بەپلەی سێیەم دێت بەڕێژەی(٢٠.٨٪) لەنموونەی توێژینەوەکە.

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکیان پێیانوایە کاری پەرلەمانتاری پێویستییەکی زۆری بەڕۆشنبیری پەرلەمانی هەیە، بەڵام پەرلەمانی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی لاوازی ڕۆشنبیری پەرلەمانی باڵی بەسەردا کێشاوەو هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە هەندێک لەپەرلەمانتاران بەشایستەیی حیزبی گەیشتوونەتە پەرلەمان بەڕێژەی(١٢.٥) لەکۆتاییدا هەندێک لەئەندامەکان بەڕێژەی(٥.٠٪) بۆ هۆکاریتری دەگەڕێننەوە کە نزمترین ڕێژەیان سەبارەت بەوەڵامی ئەو پرسیارە گرتووە، لەوانە: هەڵوێستی سیاسی لایەنەکان بەتایبەت کێشە سیاسییەکان و دەستێوەردانی لایەنە سیاسییەکان لەکاری پەرلەمان، هەندێکیتر دەیگەڕێننەوە بۆ هەبوونی گەندەڵی لەناو سەرجەم دامەزراوەکاندا.

لەئەنجامدا دەرکەوتووە زۆرینەی وەڵامی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وانییە پەرلەمان بووبێتە نوێنەری ڕاستەقینەی هاوڵاتیان، ئەمەش لەبەر زۆری هەژموونی حیزب بەسەر پەرلەمان و تەنانەت حکومەتیش، پاشان لاوازی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لەبەرامبەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەهۆکارێکی سەرەکی دادەنرێت.

## خشتەی(٢٥)

ڕۆڵی پەرلەمانی کوردستان لەجێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا نیشاندەدات

| بەڵێ | | تاڕادەیەک | | نەخێر | | ڕێژەی سەدی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە |
| 22 | ٪22 | 41 | ٪41 | 37 | ٪37 | 100 | %100 |

## خشتەی(٢٦)

هۆکارەکانی توانایی جێبەجێنەکردنی ئەرکەکانی پەرلەمانی کوردستان دەردەخات

| هۆکارەکان | وەڵامەکان | |
|---|---|---|
| | دووبارە | ڕێژە |
| هۆکاری یەکەم | 37 | 27.0٪ |
| هۆکاری دووەم | 36 | 26.3٪ |
| هۆکاری سێهەم | 29 | 21.2٪ |
| هۆکاری چوارەم | 21 | 15.3٪ |
| هۆکاری پێنجەم | 14 | 10.2٪ |
| گشتی | 137 | 100.0٪ |

خشتەی(٢٥)و(٢٦) ئەوە دەخەنەڕوو کە پەرلەمانی کوردستان توانای جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خۆی هەیە یاخود نا؟ لەوەڵامی لێتوێژراواندا ئەم ئەنجامە دەستکەوتووە، کە بەرزترین ڕێژە بریتییە لە(٤١٪)ی نموونەی توێژینەوەکە، ئەم ڕێژەیە پێیانوایە پەرلەمانی کوردستان تاڕادەیەک توانای جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خۆی هەیە، لەهەمانکاتدا ڕێژەی (٢٢٪) نمونەی توێژینەوەکە پێیانوایە پەرلەمان توانیویەتی ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە ئەو پەرلەمانتارانەی کە پێیانوایە نەخێر پەرلەمان بەپێی پێویست توانای جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خۆی نییە ڕێژەی(٣٧٪) نموونەی توێژینەوەکەیان پێکهێناوە.

لە وەڵامی لێتوێژراواندا کە دەڵێن نەخێر، دەیگەڕێننەوە بۆ چەند هۆکارێک، بەپلەی یەکەم ئاڵۆزی و ناجۆری سیستەمی سیاسی و پێناسە وەرنەگرتنی یەک جۆر سیستەم بۆ جێبەجێکردن لەمەیدانی کاری سیاسی لەهەرێمی کوردستان بەهۆکاری یەکەم دەزانن بۆ جێبەجێنەکردنی ئەرکەکانی خۆی کە ڕێژەی(٢٧٪) پێکهێناوە، هەندێکیتر لەوانەی پێیانوایە پەرلەمان ناتوانێت ئەرکەکانی بەپێی پێویست جێبەجێبکات دەیگەڕێننەوە بۆ نەبوونی دەستوورێکی هەمیشەیی و بە بۆشاییەکی یاسایی دەزانن کە لەئەنجامدا حکومەت باڵادەست

دەبێت بەسەریدا بۆیە ڕێژەی (٢٦.٣٪)ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکەی وەرگرتووەو بەهۆکاری دووەمی جێبەجێنەکردنی ئەرکەکانی دەزانن، بەڵام بەشێکیتر لە پەرلەمانتاران بەڕێژەی(٢١.٢٪) دەیگەڕێننەوە بۆ نەبوونی سەروەری یاسا لەهەرێمی کوردستان.

لەلایەکیترەوە هەندێکیتر لەلێتوێژراوان پێیانوایە باڵادەستی پارتە سیاسییەکان لەناو پەرلەماندا بۆتە هۆکاری لاوازبوونی ئەم دامەزراوەیەو وایان لێکردووە کە نەتوانێت بەپێی پێویست هەڵبستێت بەئەنجامدانی ئەرکەکانی، چونکە پێیانوایە هەیمەنەی حیزبی بەتەواوی بەسەر ئەندام پەرلەمانەکانەوە ڕەنگیداوەتەوە، بیروڕاو بۆچوونی ئەم ئەندامانەی دەیگەڕێننەوە بۆ ئەم هۆکارە ڕێژەی(١٥.٣٪) پێکهێناوە، هەروەها هەندێک پەرلەمانتاریتر دەڵێن هۆکاری ئەوەی کە پەرلەمان ناتوانێت ئەرکەکانی جێبەجێ بکات، دەگەڕێتەوە بۆ بەهێزی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن لەبەرامبەر دەسەڵاتەکانی پەرلەمانی کوردستان بەڕێژەی(١٠.٢٪).

لەکۆتاییدا بەپێی بیروڕاو بۆچوونی هەندێک لەلێتوێژراوان دەگەینە ئەو ئەنجامەی پەرلەمان وەک یەکێک لەدامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان بەپێی پێویست توانای جێبەجێکردنی ئەرکەکانی نییە، بۆیە پێویستە پەرلەمان وەک ناوەندێکی باڵای سیاسی و یاسایی کە پارتە سیاسییەکان ڕۆڵی تێدا دەگێڕن، لە ناوەندێکی پاشکۆی حیزبییەوە بگۆڕدرێت بۆ ناوەندێکی یاسایی و سیاسی بڕیاردەر، ئەمەش بەوە دەبێت کە لایەنە سیاسییەکان کەسانی بەهێزو بڕیاربەدەست بنێرنە پەرلەمان، لەپێناوی ئەوەی لە ناوەندێکی ئیمتیازاتەوە بگۆڕدرێت بۆ ناوەندێک بۆ بەجێگەیاندنی ئەرک و خزمەتی گشتی هاوڵاتیان.

## خشتەی(٢٧)

هەبوونی ئاستەنگ لەبەردەم ئەرکەکانی پەرلەمانی کوردستان دەخاتەڕوو

| بەڵێ | | تارادەیەک | | نەخێر | | ڕێژەی سەدی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە |
| 79 | ٪79 | 16 | ٪16 | 5 | ٪5 | 100 | %100 |

## خشتەی(٢٨)

هۆکارەکانی هەبوونی ئاستەنگ لەبەردەم ئەرکەکانی پەرلەمانی کوردستان دەردەخات

| هۆکارەکان | وەڵامەکان | |
|---|---|---|
| | دووبارە | ڕێژە |
| هۆکاری یەکەم | 79 | ٪34.3 |
| هۆکاری دووەم | 74 | ٪32.2 |
| هۆکاری سێهەم | 48 | ٪20.9 |
| هۆکاری چوارەم | 22 | ٪9.6 |
| هۆکاری پێنجەم | 7 | ٪3.0 |
| گشتی | 230 | ٪100.0 |

ئەم خشتەیە هەبوونی ئاستەنگ لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان دەخاتەڕوو، ئەوەی لەوەڵامی پەرلەمانتارانەوە بەدەستهاتووە ئەوەیە، کە ڕێژەیەکی زۆر بەرز لە ئەندامان پێیانوایە بەڵێ بەدڵنیاییەوە ئاستەنگێکی زۆر لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا بوونی هەیە.

ئەم درک پێکردنە بووەتە هۆکاری ئەوەی ڕێژەی(٧٩٪)ی پەرلەمانتارەکان بڵێن بەڵێ، ئەم بۆچوونەشیان بۆ چەندان هۆکار دەگەڕێننەوە.

لەبەرزترین ئەو هۆکارانە بریتییەلە نەبوونی دەستوورێکی هەمیشەیی، چونکە پێیانوایە لەبۆشایی دەستووریدا ئاستەنگێکی بێشومار دێنە بەردەم پەرلەمان و وا لەو دامەزراوە سیاسی و یاسایی و کۆمەڵایەتییە دەکەن کە نەتوانێت بەپێی پێویست هەڵبستێت بەو بەرپرسیارێتییەی دەکەوێتە ئەستۆی بۆ پڕکردنەوەو فەراهەمکردنی پێداویستییەکانی هاوڵاتیان، ئەم هۆکارەش ڕێژەی(٣٤.٣٪)ی وەڵامی نمونەی توێژینەوەکەی پێکهێناوە.

ڕێژەی(٣٢.٢٪) لەئەندامانی پەرلەمان پێیانوایە نەبوونی دامەزراوەییبوونی دامەزراوەکان لەهەرێمی کوردستان و باڵادەستی حکومەت بەسەر پەرلەمانەوە لەهۆکارە دیارەکانە کە بوونەتە ئاستەنگی بەردەم پەرلەمانی کوردستان. لەلایەکیترەوە هۆکاری سێیەم

ئەوە دەردەخات کە دەستێوەردانی حیزبی لە کاری پەرلامانیدا بووەتە ئاستەنگ بۆ پەرلەمان، چونکە ئەمە بووەتە هۆکاری جێبەجێنەکردنی یاسا بەسەر هەمووواندا، کە ڕێژەی(٢٠.٩٪) دەیگەڕێننەوە بۆ ئەم هۆکارانە.

هەندێکیتر لەپەرلەمانتاران کە ڕێژەکەیان بریتییەلە(٩.٦٪) هەبوونی ئاستەنگ بۆ پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی دەگەڕێننەوە، چونکە پێیانوایە مەرکەزییەت لەپەیڕەودا هەیە بەپێویستی دەزانن هەندێک لەماددەکانی هەمواربکرێتەوە، ئەگەر هەموارنەکرێنەوە پابەندنەبوونی تەواوەتی بەپەیڕەوی ناوخۆی لێدەکەوێتەوە. لەڕیزبەندی هۆکارەکاندا، هۆکاری پێنجەم کەمترین ڕێژەی پێکهێناوە کە بریتییەلە ڕێژەی(٣.٠٪) ئەمانیش ئاستەنگی پەرلەمان بەگشتی دەگەڕێننەوە بۆ ئاستی فکری و ئەکادیمی و ڕۆشنبیری پێکهاتەی ئەندامانی پەرلەمان، لەلایەکیترەوە پێیانوایە یاسا بەشێوەیەکی باش ئامادەیی نییەو بەسەر هەمووانیشدا بەیەکسانی جێبەجێ ناکرێت، ئەمەش لەئەنجامدا دەبێتە ئاستەنگی بەردەم سەرجەم یاسا دەرکراوەکان بەتایبەتی و پەرلەمانی کوردستان بەگشتی.

هەندێکیتر لەپەرلەمانتاران پێیانوایە تاڕادەیەک ئاستەنگ بوونی هەیە کە ڕێژەی لە(١٦٪)ی نمونەکەیان پێکهێناوە، کە ئەمە ڕێژەیەکی زۆرکەمە بەبەراورد بەو پەرلەمانتارانەی کە پێیانوایە پەرلەمان بۆیە ناتوانێت چالاک و خاوەن دەسەڵاتی ڕاستەقینە بێت، لەهەمانکاتدا ڕێژەی(٥٪) دەڵێن بەهیچ شێوەیەک ئاستەنگ لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا بوونی نییە، وەڵامی ئەم ڕێژەیەش بەتەواوی دوورە لە خواستی ئازادییان بۆ دەربڕین و دەرخستنی ڕاستی ئەو ئاستەنگانەی کە هاتوتە بەردەم پەرلەمانی کوردستان.

**خشتەی(٢٩)**

پەرلەمانی کوردستان توانیویەتی لەخولی پێنجەمدا ئەرکی یاسادانان جێبەجێبکات

| بەڵێ | | تاڕادەیەک | | نەخێر | | ڕێژەی سەدی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە |
| 24 | ٪24 | 48 | ٪48 | 28 | ٪28 | 100 | %100 |

**خشتەی(٣٠)**

هۆکارەکانی توانایی جێبەجێکردنی ئەرکی یاسادانان نیشاندەدات

| هۆکارەکان | وەڵامەکان | |
|---|---|---|
| | دووبارە | ڕێژە |
| هۆکاری یەکەم | 27 | ٪38.6 |
| هۆکاری دووەم | 23 | ٪32.9 |
| هۆکاری سێهەم | 12 | ٪17.1 |
| هۆکاری چوارەم | 5 | ٪7.1 |
| هۆکاری پێنجەم | 3 | ٪4.3 |
| گشتی | 70 | ٪100.0 |

خشتەی(٢٩) و (٣٠) ئاماژە بەتوانایی جێبەجێکردنی ئەرکی یاسادانان کراوە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، بۆیە زۆری و کەمی یاساکان کە پەرلەمان دەریان دەکات نابێتە پێوانەی جێبەجێکردنی یاسا بەڵکو پەسەندکردنیان پاشان لەمەیدانی کاردا جێبەجێکردنیان دەبێتە پێوانەی ئەوەی کە ئایا پەرلەمان توانای جێبەجێکردنی ئەرکی یاسادانانی هەیە یان نا؟

بۆ ئەو مەبەستەش لەوەڵامی لێتوێژراواندا ڕێژەیەکی بەرزیان پێیانوایە تاڕادەیەک پەرلەمان توانای جێبەجێکردنی ئەرکی یاسادانانی هەیە، کە بریتییەلە ڕێژەی(٤٨٪)، هەروەها ڕێژەی(٢٤٪)یش بەبەڵێ وەڵامدەدەنەوە، بەڵام لەبەرامبەردا ڕێژەیەک لەپەرلەمانتاران بەڕێژەی(٢٨٪) پێیانوایە نەخێر پەرلەمان ناتوانێت ئەرکی یاسادانان جێبەجێبکات.

نەتوانینی ئەم ئەرکەش دەگەڕێننەوە بۆ چەند هۆکارێک، لەگرنگترین و لەپێشترینی ئەو هۆکارانەش لەوەڵامی پەرلەمانتاراندا بریتییەلە هەژمونی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەبەرامبەر دەسەڵاتەکانی پەرلەمانی کوردستان، بەڕێژەی(٣٨.٦٪) چونکە حکومەت بەردەوام کۆسپ دروستدەکات بۆ هەر یاسایەک کە ڕەهەندی دارایی هەبێت، هەروەها هەندێکتر لەپەرلەمانتاران بەڕێژەی (٣٢.٩٪) هۆکارەکەی بۆ لاوازی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی دەگەڕێننەوە هەندێکتر پێیانوایە هۆکاری جێبەجێنەکردنی ئەرکی یاسادانان بۆ کەموکوڕی لەداڕشتن و دەرکردنی پرۆژە یاساکان دەگەڕێتەوە کە ڕێژەی(١٧.١٪)ی نمونەی توێژینەوەکەیان پێکهێناوە. بەڵام ڕێژەیەکی کەم پێیانوایە بێباکی و کەمتەرخەمی

پەرلەمانتارەکانە بەرامبەر بەو کێشانەی کە پێویستە یاسایان بۆ دەربچێت، بەڵام پەرلەمان ناتوانێت یاسایان لەپێناودا دەربکات، کە ڕێژەی(٧.١٪)ی نمونەی توێژینەوەکەن. لەلایەکیترەوە ڕێژەی(٤.٣٪) دەڵێن پەرلەمان بۆیە نەیتوانیوە بەپێی پێویست ئەرکی یاسادانان جێبەجێبکات، چونکە بێمنەتی دەسەڵات و دەستەی سەرۆکایەتییە بەرامبەر بە پەرلەمانتاران، وە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانە بەرامبەر بە هاوڵاتیان.

**خشتەی(٣١)**

ئاستەنگ بوونی پارتە سیاسییەکان لەبەردەم ئەرکی پەرلەماندا دەردەخات

| ڕێژەی سەدی | | نەخێر | | تاڕادەیەک | | بەڵێ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژە | دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە | دوبارە |
| %100 | 100 | 3٪ | 3 | ٪31 | 31 | ٪66 | 66 |

**خشتەی(٣٢)**

هۆکارەکانی بوونی پارتە سیاسییەکان وەک ئاستەنگ لەبەردەم ئەرکی پەرلەمان دەخاتەڕوو

| ڕێژە | دووبارە | هۆکارەکان |
|---|---|---|
| وەڵامەکان | | |
| ٪33.0 | 66 | هۆکاری یەکەم |
| ٪32.0 | 64 | هۆکاری دووەم |
| ٪25.0 | 50 | هۆکاری سێهەم |
| ٪10.0 | 20 | هۆکاری چوارەم |
| ٪100.0 | 200 | گشتی |

زانیارییەکانی خشتەی(٣١) ڕێژەیەکی بەرز لەوەڵامەکانی پەرلەمانتاران دەردەخات کە لەگەڵ ئەوەدان بەڵێ پارتە سیاسییەکان بوونەتە ئاستەنگ لەبەردەم ئەرکەکانی پەرلەمان.

هەروەها ئەنجامی خشتەی(٣٢) هۆکاری ئاستەنگەکان دەخاتەڕوو کە لەلایەن پارتەکانەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان دروستبوون .لەبەر ئەو هۆکارانە ژمارەیەکی زۆر لەلێتوێژراوان بەڕێژەی(٦٦٪) دەڵێن بەڵێ.

هۆکارەکانیش ئەمانەن: هۆکاری پشتگوێخستنی دەسەڵاتەکانی پەرلەمان لەلایەن پارتە سیاسییەکان بەڕێژەی(٣٣.٠٪) بەپلەی یەکەم دێت، چونکە بێ ڕۆڵکردنی پەرلەمان لەلایەن حیزبە سیاسییەکان بەناردنی کەسانی ناشایستە بۆ پەرلەمانی لێکەوتۆتەوە ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو پشتگوێخستنەیە. هەروەها زۆربەی پەرلەمانتاران بەڕێژەی(٣٢.٠٪)

پێیانوایه خۆ نوێ نەکردنەوەی کاری پارتایەتی بەشێوەیەکی سەردەمیانە هۆکارە بۆ دروستبوونی ئاستەنگی بەردەم پەرلەمان، چونکە ئەمە بووەتەهۆی ئەوەی حیزبەکان کەسانی پلە سێ و پلە چوارو نەشیاو بنێرن بۆ کاری پەرلەمانی ئەمە لەکاتێکدایە کە خۆشیان بەنوێنەری هاولاتیان دەزانن بەبێ ڕەچاوکردنی ئەرک و بەرپرسیارێتییە قورسەکانی کاری پەرلەمانتاری. هەروەها جگە لەناردنی ئەم کەسانە ئینجا دەستێوەردانی حیزبی لەجێبەجێکردنی ئەرکەکانی پەرلەماندا بەرێژەی(٢٥.٠٪) لەپلەی سێیەمی هۆکارەکان دێت ئەم هۆکارەش لەپرسە چارەنووسسازەکاندا ڕەنگیداوەتەوە کە پارتەکان ناگەڕێنەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان. کە ئەمەش هۆکارێکیتری بەدوای خۆیدا دروستکردووە ئەویش لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی حیزبییە لەبری بەرژەوەندی گشتی لەلایەن پارتەکانەوە بەپلەی چوارەم دێت بەرێژەی(١٠.٠٪).

سەرەڕای خستنەرووی هۆکارەکان، بەڵام ڕێژەیەک لەپەرلەمانتاران پێیانوایە تاڕادەیەک پارتەکان بوونەتە ئاستەنگی بەردەم کاری پەرلەمانی بەرێژەی(٣١٪) ئەم ڕێژەیەش درک بەهەبوونی ئەو ئاستەنگانە دەکەن کە پارتە سیاسییەکان دروستی دەکەن بۆ پەرلەمان, بەڵام بەهەر هۆکارێک بێت پشتڕاستی ناکەنەوە.

لەکۆتاییدا ڕێژەیەکی زۆرکەم بەهەردوو لایەنی پەرلەمانتارانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنیشەوە پێیان وانییە کە پارتەکان بوونە ئاستەنگی بەردەم ئەرکەکانی پەرلەمان، کەبریتییە لەرێژەی(٣.٠٪) نموونەی توێژینەوەکە.

**خشتەی(٣٣)**

بڕیاربەدەستانی پارتە سیاسییەکان و بوونە ئاستەنگی بەردەم ئەرکی پەرلەمان

| بەڵێ | | تاڕادەیەک | | نەخێر | | ڕێژەی سەدی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە | | |
| 54 | ٪54 | 39 | ٪39 | 7 | ٪7 | 100 | %100 |

**خشتەی(٣٤)**

هۆکارەکانی بڕیار بەدەستی پارتە سیاسییەکان وەک ئاستەنگی بەردەم پەرلەمان دەخاتەڕوو

| هۆکارەکان | وەڵامەکان | |
|---|---|---|
| | دووبارە | ڕێژە |
| هۆکاری یەکەم | 54 | ٪44.6 |
| هۆکاری دووەم | 46 | ٪38.0 |
| هۆکاری سێهەم | 18 | ٪14.9 |
| هۆکاری چوارەم | 3 | ٪2.5 |
| گشتی | 121 | ٪100.0 |

خشتەی(٣٣) ڕێژەی کاریگەری کەسە یەکەمەکانی پارتە سیاسییەکان دەردەخات لەبەرامبەر کاری پەرلەمانتاری ئەندام پەرلەمانەکانیان، لەوەڵامی لێتوێژراواندا بەڕێژەیەکی بەرز دەرکەوتووە کە بەڵێ ئەوە کەسە یەکەمەکانی حیزبەکانن هێزی یاساییان بەسەر زۆربەی ئەندامەکانی پەرلەماندا هەیە بەڕێژەی(٥٤٪) لەبەرامبەر پڕۆژەیاساکانی پەرلەماندا.

پەرلەمانتاران ئەم باڵادەستییە دەگەڕێننەوە بۆ چەند هۆکارێک، کە لەخشتەی(٣٤)دا خراوەتەڕوو لەوانە:

بەپلەی یەکەم بەهێزی بڕیاری کەسە باڵاکانی پارتە سیاسییەکان لەبەرامبەر ئەرکەکان پاشان نەخوێندنەوەو بەهەند وەرنەگرتنی ڕۆڵی ڕاستەقینەی پەرلەمان بەڕێژەی(٤٤.٦٪)دێت، چونکە زۆرجار ڕێکەوتنی ژێربەژێری حیزبەکان لەدەرەوەی پەرلەمان دەرخەری ئەم باڵادەستیەیە، بۆیە پەرلەمانتاریش ئەندامی حیزبەو حیزبیش ئەندامانی خۆی ئاڕاستە دەکات بەویست و ئیرادەو بەرژەوەندی خۆی بجوڵێنەوە نەوەک پێداویستی و داواکاری هاوڵاتیان.

لەهەمانکاتدا ڕێژەی(٣٨.٠٪) لێتوێژراوان دەڵێن ئاڕاستەکردنی پەرلەمانتارەکان بەشێوەیەکی نەرێنی و هاوتەریب لەگەڵ بەرژەوەندییە کەسییەکاندا یان حیزبییەکاندا زۆر بەڕاشکاوی درکی پێدەکرێت، چونکە هەرشتێک لەبەرژەوەندی حیزب نەبێت دەسەڵاتی کەسە یەکەمەکانی حیزبەکان ڕێگە نادەن ئەندامەکانیان کار لەسەر ئەو پڕۆژە یاسایانە بکەن کە پەرلەمان دەیەوێ وەک یاسا پەسەندی بکات.

لەلایەکیترەوە هەندێک لە پەرلەمانتارەکان بەڕێژەی (١٤.٩٪) کاریگەرییەکانی کەسە یەکەمەکانی پارتەکانیان بۆ فشارخستنەسەر پەرلەمانتارەکان دەگەڕێننەوە بۆ چاوپۆشی لەگەندەڵی و ئەرکە چاودێرییەکان لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی حیزب، لەبەرئەوەی بوونی سزا لەلایەن حیزبەوە پەرلەمانتاری خستۆتە بەردەم ئەوەی ئاڕاستەی دروست نەگرنەبەر لەکاری پەرلەمانتارییاندا.

سەرەڕای ئەوەش ڕێژەی(٣٩٪)ی پەرلەمانتاران پێیانوایە تاڕادەیەکی بەرچاو بڕیار بەدەستی پارتەکان ئاستەنگن بۆ ئەرکی پەرلەمان، چونکە لەڕێگەی ئەوانەوە ئەندامانیان کە پەرلەمانتارن ئاڕاستە دەکرێن، بۆیە هەر پڕۆژەیەک کە لەبەرژەوەندی پارتەکەیان نەبێت ئەوا تاڕادەیەکی زۆر دەنگی لەسەر نادەن.

لەکۆتاییدا ڕێژەی(٧.٠٪)ی لێتوێژراوان پێیانوایە نەخێر بەرپرسە باڵاکانی پارتەکان نەبوونەتە ئاستەنگ بۆ ئەرکی پەرلەمان و کاری پەرلەمانتاری ئەندامان، بەڵام ئەمە ڕێژەیەکی یەکجار کەمە، بۆیە کاری پەرلەمانتاری لە پەرلەمانی کوردستان بەڕێژەیەکی زۆر لەژێر هەیمەنەی حیزب و لەناو حیزبیش لەژێر هەیمەنەی کەسە یەکەمەکانی پارتەکانیاندان.

## خشتەی(٣٥)

پەیڕەوی ناوخۆ ئامرازێکە بۆ کارئاسانی کارو ئەرکەکانی پەرلەمان دەخاتەڕوو

| بەڵێ | | تاڕادەیەک | | نەخێر | | ڕێژەی سەدی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە |
| 33 | ٪33 | 43 | ٪43 | 24 | ٪24 | 100 | %100 |

## خشتەی(٣٦)

هۆکارەکانی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان وەک ئاستەنگ دەردەخات

| هۆکارەکان | وەڵامەکان | |
|---|---|---|
| | دووبارە | ڕێژە |
| هۆکاری یەکەم | 26 | ٪49.1 |
| هۆکاری دووەم | 21 | ٪39.6 |
| هۆکاری سێهەم | 6 | ٪11.3 |
| گشتی | 53 | ٪100.0 |

ئەم خشتەیە(٣٥) پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەردەخات کە بووەتە هۆکارێک بۆ کارئاسانی پەرلەمان و پەرلەمانتاران یان ئاستەنگی بەردەم کارکردنیانە، لەوەڵامی لێتوێژراواندا هاوسەنگییەک بەدیدەکرێت سەبارەت بەپەیڕەوی ناوخۆ، چونکە نزیکییەک لەنێوان بۆچوونی پەرلەمانتاراندا هەیە.

ڕێژەی(٤٣٪) پێیانوایە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کارئاسانی کردووە بۆ کارو ئەرکەکانی پەرلەمان و پەرلەمانتارانیش. هەروەها ڕێژەی(٣٣٪)ی لێتوێژراوان دەڵێن بەڵێ پەیڕەوی ناوخۆ کارئاسانییەکی تەواوی بۆ کاری پەرلەمانتاری ڕەخساندووە، بەڵام لەبەرامبەر ئەم ڕێژە بەرزەشدا ڕێژەی(٢٤٪)پەرلەمانتاران پێیانوایە پەیڕەوی ناوخۆ بووەتە ئاستەنگی بەردەم کارکردنیان.

ئەم ئاستەنگییەش بۆ چەند هۆکارێکی دەگەڕێننەوە، کە لەخشتەی(٣٦)دا خراونەتەڕوو، لەوانە: ڕێژەی(٤٩.١٪) هۆکاری بوونە ئاستەنگەکەی بۆ کەمی پێدانی کات بۆ خستنەڕووی بابەتێک یان زۆری دەسەڵاتەکانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەبەرامبەر پەرلەمانتارەکان دەگەڕێننەوە، کە هەندێ کات سەرۆکایەتی پەرلەمان بەهۆی بارودۆخی ناو کۆبوونەوەکان پەیڕەوی ناوخۆ وەک خۆی جێبەجێ ناکاتو پێشێلی پەیڕەو دەکات.

یەکێکیتر لەهۆکارەکان کە بەڕێژەی(٣٩.٦٪)ی پێکهێناوە بەپلەی دووەم دێت، چونکە پێیانوایە پەیڕەوی ناوخۆ بووەتە ئاستەنگ لەبەردەم کاری لیژنەکاندا، هۆکارەکەشی

دەگەڕێتەوە بۆ زۆری دەسەڵاتەکانی سەرۆکی پەرلەمان، چونکە پەیی پەیڕەو دەبێت هەموو کاری لیژنەکان بگەڕێنەوە بۆ بەردەم سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی پەرلەمان ڕەزامەندی لەسەر بدات ئینجا لیژنەکان دەتوانن دەستبەکاربن.

بەشێک لەپەرلەمانتاران دەڵێن تەنانەت پەیڕەو ئاستەنگی بۆ کارو ئەرکەکانی پەرلەمانتارانیش دروستکردووە کە ڕێژەی(١١.٣٪)ی وەڵامی لێتوێژراوان پێکدەهێنێت، چونکە لەکاتی دانیشتنەکانی پەرلەماندا ماوەیەکی زۆر کورت و بەدیاریکراو بەنزیکەی(٦٠)چرکە تا (٩٠)چرکەی لەبەردەمدایە تاوەکو کێشەو داواکارییەکانی هاوڵاتیان بگەیەنێت یان پرسیار ئاڕاستە بکات پاشان وەرنەگرتنەوەی وەڵامەکانیان تاڕادەیەکی زۆر لەلایەن سەرۆکی پەرلەمان و ئەو کەسەش کە بانگهێشتکراوە بۆ لێپرسینەوە کە پرسیاری ئاڕاستە دەکرێت، واتا پەیڕەو مەرکەزیەتێکی زۆری هەیە لەبەرامبەر کاری لیژنەکان و پەرلەمانتاراندا.

**خشتەی(٣٧)**

یاسا پەسەندکراوەکانی پەرلەمان لەلایەن حکومەت و هاوڵاتیانەوە جێبەجێدەکرێن

| بەڵێ | | تاڕادەیەک | | نەخێر | | ڕێژەی سەدی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە |
| 7 | ٪7 | 48 | ٪48 | 45 | ٪45 | 100 | %100 |

**خشتەی(٣٨)**

هۆکارەکانی جێبەجێنەکردنی یاساکانی پەرلەمان دەخاتەڕوو

| هۆکارەکان | وەڵامەکان | |
|---|---|---|
| | دووبارە | ڕێژە |
| هۆکاری یەکەم | 44 | ٪32.1 |
| هۆکاری دووەم | 41 | ٪29.9 |
| هۆکاری سێهەم | 30 | ٪21.9 |
| هۆکاری چوارەم | 13 | ٪9.5 |
| هۆکاری پێنجەم | 9 | ٪6.6 |
| گشتی | 137 | ٪100.0 |

خشتەی(٣٧) ئەوە دەخاتەڕوو کە پەرلەمانتاران پێیانوایە یاسا پەسەندکراوەکانی پەرلەمان لەلایەن حکومەتی هەرێم و هاوڵاتیانەوە تاڕادەیەک جێبەجێدەکرێن، چونکە بەرزترین ڕێژەی نمونەی توێژینەوەکەی پێکهێناوە بەڕێژەی(٤٨٪)، لەبەرامبەردا ڕێژەی(٧٪)

دەڵێن بەڵێ سەرجەم یاساکان جێبەجێدەکرێن، بەڵام ئەوەی جێی ئاماژەیە ئەوەیە کە ڕێژەی(٤٥٪) پەرلەمانتاران بە نەخێر وەڵامیانداوەتەوەو پێیانوایە سەرەڕای ئەوەی پەرلەمان یاسا دەردەکات و پاشان پەسەندی دەکات، بەڵام لەلایەن حکومەت و هاوڵاتیانەوە جێبەجێناکرێن یا سستی لەجێبەجێکردنیاندا بەدیدەکرێت.

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکار، لەوانە: لاوازی ڕۆڵی دادگاکان و دەسەڵاتی دادوەری بەهۆکاری یەکەم دەزانن بەڕێژەی(٣٢.١٪) ئەوەش لەبەرئەوەی کاتێک پەرلەمان یاسا دەردەکات و پەسەندی دەکات لەبەرامبەردا دەبێت دەسەڵاتی دادوەری سزای جێبەجێنەکردنی بەسەر هەرکەسێکدا بسەپێنێت، بەڵام دادگاکان تاڕادەیەک بێدەسەڵاتن لەبەرامبەر ئەو ئەرکەیان.

لەبەرامبەر ئەوەدا ڕێژەی(٢٩.٩٪) دەڵێن بۆیە یاساکان لەلایەن هاوڵاتیانەوە جێبەجێ ناکرێن، چونکە بەپێی داواکاری و پێداویستییەکانی هاوڵاتیان دەرناکرێن.

هەندێکیتر لە پەرلەمانتارانیش بەڕێژەی(٢١.٩٪) پێیانوایە بۆیە حکومەت پابەندی یاسا پەسەندکراواکانی پەرلەمان نییەو جێبەجێی ناکات، لەبەر ئەوەیە کە یاساکانی پەرلەمان بەپێی پێویستی و خواستی حکومەت نین، چونکە هەندێ لە یاساکان بارگرانییەکی قورسی دارایی دەخەنە ئەستۆی حکومەت، حکومەتیش بەهۆکاری نەبوونی داهات جێبەجێیان ناکات.

ڕێژەیەک لەپەرلەمانتاران کە (٩.٥٪) هۆکاری جێبەجێنەکردنی یاساکان بۆ لاوازی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەئەرکی چاودێریکردنی حکومەت و یاساکان دەگەڕێننەوە، چونکە حکومەت باڵادەستە بەسەر سەرجەم دامەزراوەکانیتری هەرێمی کوردستاندا، بەڵام ڕێژەی(٦.٦٪) لەوەڵامی لێتوێژراواندا هۆکارەکەی بۆ کەموکوڕی یاساکان لەڕووی داڕشتن و لاوازیان لەڕووی ناوەڕۆکەوەیە کە ناتوانن لەڕێگەی ئەم یاسایانەوە چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکان بدۆزنەوە.

## خشتەی(٣٩)

توانای پەرلەمانی کوردستان بۆ فشار خستنەسەر حکومەتی هەرێم دەردەخات

| بەڵێ | | تاڕادەیەک | | نەخێر | | ڕێژەی سەدی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە |
| 11 | ٪11 | 38 | ٪38 | 51 | ٪51 | 100 | %100 |

لەم خشتەیەی سەرەوەدا ئەوە خراوەتەڕوو ئەگەر پەرلەمانی کوردستان نەیتوانیبێت فشار بخاتە سەر حکومەتی هەرێم تا پابەندی جێبەجێکردنی ئەکەکانی و ئامادەکردنی بودجە بێت بۆچی هۆکارێک دەگەڕێتەوە، ئەوەی لەوەڵامی پەرلەمانتارانەوە دەرکەوتووە کە بەڕێژەیەکی زۆر پەرلەمان دەسەڵاتی فشار خستنەسەر حکومەتی نەبووە، چونکە ڕێژەی (٥١٪)ی ئەندامان بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە.

هۆکارەکەشی بۆ لاوازی سەرۆکایەتی پەرلەمان و پەرلەمانتاران دەگەڕێتەوەو لەبەرامبەردا هێزی باڵادەستی حکومەت وایکردووە کە شەفاف نەبێت لەجێبەجێکردنی ئەرکەکانی خۆی بەتایبەتی خەرجکردن و بەکارهێنانی بودجەی گشتی و ئامادەکردنی بودجە بەشێوەیەکی ڕێکخراوو شەفاف. هەروەها ڕێژەی(٣٨٪) پەرلەمانتاران پێیانوایە تاڕادەیەک پەرلەمان توانیویەتی فشار بخاتەسەر حکومەت، بەڵام پەرلەمانتاران بەهەردوو لایەنی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنیشەوە لەوەڵامدا بەڕێژەی(١١٪) دەڵێن بەڵێ، واتە ڕێژەیەکی زۆرکەمیان پێیانوایە کە پەرلەمان توانیویەتی دەسەڵاتی تەواوی بەسەر حکومەتدا هەبێت و فشاریش بخاتەسەری تاوەکو پابەندی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی بێت.

لەکۆتاییدا دەردەکەوێت دەسەڵاتی جێبەجێکردن هەژمونی بەسەر پەرلەمان و تەنانەت هەموو دامەزراوەکانیتردا هەیە، چونکە سەرەڕای ئەوەی پەرلەمان نەیتوانیوە فشار بخاتەسەر حکومەت کەچی لەبەرامبەریشدا پەرلەمان توانای پرساندنیشی نەبووەو بەدرێژایی تەمەنی پەرلەمان تەنها وەزیرێک دەستی پێ لەکار نەکێشراوەتەوە جا نەوەکو حکومەت بەگشتی و سەرۆکی وەزیران بەتایبەتی.

## خشتەی(٤٠)

پەرلەمان توانیویەتی ئەرکی چاودێریکردن بەسەر حکومەتی هەرێم جێبەجێ بکات

| بەڵێ | | تارادەیەک | | نەخێر | | ڕێژەی سەدی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە |
| 17 | ٪17 | 41 | ٪41 | 42 | ٪42 | 100 | %100 |

## خشتەی(٤١)

هۆکاری توانای جێبەجێکردنی ئەرکی چاودێریکردن لەلایەن پەرلەمان دەردەخات

| هۆکارەکان | وەڵامەکان | |
|---|---|---|
| | دووبارە | ڕێژە |
| هۆکاری یەکەم | 43 | ٪33.1 |
| هۆکاری دووەم | 42 | ٪32.3 |
| هۆکاری سێهەم | 27 | ٪20.8 |
| هۆکاری چوارەم | 16 | ٪12.3 |
| هۆکاری پێنجەم | 2 | ٪1.5 |
| گشتی | 130 | ٪100.0 |

لەخشتەی(٤٠)دا دەرکەوتووە ڕێژەی(٤٢٪)ی بەشداربووانی توێژینەوەکە پێیانوایە پەرلەمان نەیتوانیوە ئەم ئەرکە جێبەجێبکات، لەبەرئەوە بەنەخێر وەڵامیان داوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هۆکارەکەی بۆ چەند ڕوویەک دەگەڕێننەوە، کە لەخشتەی(٤١) خراونەتەڕوو، ئەوانیش:

یەکێک لەهۆکارە لەپێشینەکان باڵادەستی حکومەتی هەرێمە بەسەر پەرلەمانی کوردستان، بەڕێژەی(٣٣.١٪) پێیانوایە زۆرینەی پەرلەمانی لەلایەن پارتە دەسەڵاتدارەکانەوە بەڕێوەدەبردرێت و لەهەمانکاتدا حکومەتی هەرێمیش هەر ئەوان پێکیانهێناوە، کەوایە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەهێزە دەسەڵاتدارو دەستڕۆیشتووەکانی هەرێم پێکهاتووە، بۆیە هیچ کاتێک پەرلەمانی کوردستان توانای بەسەر جێبەجێکردنی ئەم ئەرکەدا ناشکێت، کەواتە چاودێریکردن ئەگەر هەشبێت لەئاستێکی لاوازدا دەبێت، بەڵگەی ئەوەش ئەوەیە کە پەرلەمانی کوردستان بەدرێژایی تەمەنی نەیتوانیوە متمانە لەهیچ وەزیرێک بستێنێتەوە جا نەوەک حکومەتی هەرێم.

هەندێکیتر لەپەرلەمانتاران بەرێژەیەکی بەرچاو هۆکاری جێبەجێنەکردنی ئەم ئەرکە دەگەڕێننەوە بۆ تێکەڵکردنی دەسەڵاتەکان لەهەرێمی کوردستان و نەبوونی دامەزراوەیی و ڕۆڵ پێنەدان بەدامەزراوەکان، کە لە(٣٢.٣٪) قەبارەی وەڵامی پەرلەمانتاران بووە.

لەلایەکیتر بەرێژەی(٢٠.٨٪) لەبەشداربووان دەڵێن هۆکاری جێبەجێنەبوونی ئەرکی چاودێریکردن بۆ لاوازی لیژنەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان دەگەڕێتەوە، هەروەها هەندێکیان بەرێژەی(١٢.٣٪) دەیگەڕێنەوە بۆ لاوازی ئەندامانی پەرلەمان لەکاری پەرلەمانتارییاندا، چونکە لەکاتی ئەرکی چاودێریدا وەزیر هەیە بانگهێشتکراوە بۆ لێپرسنەوە تاوەکو پرسیاری ئاڕاستە بکرێت، کەچی ئامادە نەبووە ئامادەی دانیشتنەکانی پەرلەمان بێت و وەڵامی پرسیاری پەرلەمانتاران بداتەوە. هەروەها ڕێژەی(١.٥٪) هۆکاریتر دیاریدەکەن و پێیانوایە هۆکارەکەی ئەوەیە پەرلەمان پەراوێزخراوەو سەروەری حیزب و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی حیزبی و کەسی لەپێش ئەرک و بەرپرسیاریێتی پەرلەمان و بەرژەوەندی هاوڵاتیانەوەیە.

بەڵام ڕێژەی(٤١٪) لەنمونەی توێژینەوەکە دەڵێن پەرلەمان تارادەیەک دەتوانێت هەڵبستێت بەئەنجامدانی ئەو ئەرکە بەڵام بەپێی پێویست نییە، هەروەها ڕێژەی(١٧٪)ی پەرلەمانتاران بێگومان پەرلەمان ئەو ئەرکەی جێبەجێکردووەو ئاستەنگ لەبەردەم جێبەجێکردنیشیدا نەبووە. لەئەنجامدا دەرکەوتووە سەرەڕای ئەوەی ئەرکی چاودێریکردن لەگرنگترین ئەرکەکانی پەرلەمانە، بەڵام بەچەندین هۆکار پەرلەمان ئاستەنگی لەبەردەمدایەو ناتوانێت بەپێی پێویست ئەم ئەرکە جێبەجێبکات.

**خشتەی(٤٢)**

ئاستەنگەکانی بەردەم پەسەندنەکردنی بودجە لەخولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان ڕووندەکاتەوە

| هۆکارەکان | وەڵامەکان | |
|---|---|---|
| | دووبارە | ڕێژە |
| هۆکاری یەکەم | 100 | ٪39.7 |
| هۆکاری دووەم | 94 | ٪37.3 |
| هۆکاری سێهەم | 47 | ٪18.7 |
| هۆکاری چوارەم | 11 | ٪4.4 |
| گشتی | 252 | ٪100.0 |

ئەم خشتەیە ئەوە دەردەخات سەرەڕای ئەوەی پەرلەمان ئەرکی بودجە لەئەرکە بنەڕەتی و گرنگەکانیەتی و دەسەڵاتیشی لەپەسەندکردن، هەموارکردنەوە، ڕەتکردنەوە،

دابەشکردنی داهاتدا هەیە، کەچی لەتەواوی خولی پێنجەم ئەرکی بودجەو پەسەندکردنی بودجەی جێبەجێنەکردووە، ئەمەش لەبەرئەوەی ئاستەنگییەکی زۆری بۆ هاتوتە پێشەوە.

لەوەڵامی پەرلەمانتاراندا دەرکەوتووە هۆکارەکانی جێبەجێنەبوونی ئەم ئەرکە دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکارو بەپلەی یەکەم داماڵینی پەرلەمان لەو ئەرکەی بۆ باڵادەستی حکومەتی هەرێمی دەگەڕێنەوە، ئەویش لەسەر بودجەو نەگەڕاندنەوەی بۆ پەرلەمانی کوردستان بۆ هەموارکردن و پەسەندکردنی، کە ڕێژەی(٣٩.٧٪)ی نمونەی توێژینەوەکەیان پێکهێناوە، لەبەرامبەریشدا لاوازی و بێدەسەڵاتی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لەبەرامبەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن تاوەکو فشار بخاتەسەری بەشێوەیەکی شەفاف پابەندی بودجە بێت.

بەشێکیتر لەپەرلەمانتاران بەڕێژەی(٣٧.٣٪) دەیگەڕێننەوە بۆ ژینگەی سیاسی و بارودۆخی دارایی و کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها کێشەکانی هەرێم لەگەڵ ناوەند لەڕووی دارایی و بڕینی بەشە بودجەی هەرێم لەلایەن حکومەتی عێراقەوەو نەناردنی بەشە بودجەی تەرخانکراو بەشێوەیەکی ڕێکوپێک لەکاتی خۆیدا.

هۆکارێکیتر بریتییەلە کۆنترۆڵ نەکردنی سەرچاوەکانی داهات لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بەشێوەیەکی گشتگیرو نەگەڕاندنەوەی داهات لەسەرجەم خاڵەکان بۆ یەک ئاڕاستە، ئەمەش لەبەر دەست بەسەرداگرتنیەتی لەلایەن هەردوو پارتی دەسەڵاتدار، پێیانوایە هەموو ئەمانە ئاستەنگن لەبەردەم ئامادەکردنی بودجە لەلایەن حکومەتەوە، ئەمەش بووەتە هۆکاری نەناردنی بودجە بۆ پەرلەمان.

ڕێژەی(١٨.٧٪)ی پەرلەمانتاران دەڵێن هۆکاری جێبەجێنەکردنی ئەرکی بودجە بۆ لاوازی و بێدەسەڵاتی لیژنە هەمیشەییەکان بەگشتی و لیژنەی تایبەتمەند بەتایبەتی دەگەڕێتەوە، چونکە کاتێک حکومەت لەبودجەدا شەفاف نییەو شاردنەوەی داهات لەپەرلەمان و چەندان هۆکاری گەندەڵی و بەهەدەردانی داهات لەپڕۆژەی وەهمیدا خەرجدەکرێت، کەچی پەرلەمان توانای لێپرسینەوەو لێسەندنەوەی متمانەی نییە لە وەزیری دارایی و سەرۆکی حکومەت.

لەکۆتاییدا ڕێژەیەکی زۆرکەم کە (٤.٤٪)ی پێکهێناوە دەیگەڕێننەوە بۆ هۆکاریترو پێیانوایە داهاتێکی جێگیرو دیاریکراو لەبەردەستی حکومەت نییە تاوەکو بتوانێت خەمڵاندنێکی شەفافانەی بۆ بکات ئەمەش بەهۆکاری نەهێنانی بودجەی دەزانن بۆ پەرلەمان، هەروەها بەبۆنەی نەبوونی بودجە هەموو ئیشێک دەکرێتە دەستکەوتی کەسی. لەئەنجامی وەڵامی لێتوێژراوانەوە دەرکەوتووە کە جێبەجێنەکردنی ئەرکی بودجە بەتەنها بۆ بێدەسەڵاتی پەرلەمان ناگەڕێتەوە، بەڵکو چەندان هۆکار بوونیان هەیە کە بوونەتە ئاستەنگی بەردەم ئەم ئەرکەی پەرلەمانی کوردستان، کە هەر لە وەڵامی پەرلەمانتارانەوە هۆکارەکان خراونەتەڕوو.

**خشتەی(٤٣)**

چاودێری جێبەجێکردنی یاسا پەسەندکراو و دەرکراوەکانی پەرلەمان ڕووندەکاتەوە

| بەڵێ | | تاڕادەیەک | | نەخێر | | ڕێژەی سەدی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە |
| 26 | ٪26 | 49 | ٪49 | 25 | ٪25 | 100 | %100 |

**خشتەی(٤٤)**

هۆکاری توانای چاودێریکردنی پەرلەمان بۆ یاساکانی دەردەخات

| هۆکارەکان | وەڵامەکان | |
|---|---|---|
| | دووبارە | ڕێژە |
| هۆکاری یەکەم | 26 | ٪21.7 |
| هۆکاری دووەم | 23 | ٪19.2 |
| هۆکاری سێهەم | 17 | ٪14.2 |
| هۆکاری چوارەم | 13 | ٪10.8 |
| هۆکاری پێنجەم | 7 | ٪5.8 |
| گشتی | 86 | ٪100.0 |

لە خشتەی(٤٣)دا ئەوە ڕوونبۆتەوە کە ڕێژەی(٤٩٪)ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە تاڕادەیەک بووە سەبارەت بەوەی پەرلەمان لەبەر بەرژەوەندی هاوڵاتیان بەبەردەوامی چاودێری یاساکانی کە لەلایەن حکومەتەوە چوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە ئەنجامدەدات، لەهەمانکاتدا ڕێژەی(٢٦٪)ی پەرلەمانتاران بڕوایان وابووە پەرلامان ڕۆڵێکی کارای گێڕاوەو هیچکات یاسا پەسەندکراوەکانی پشتگوێ نەخستووە، بەڵام لەبەرامبەر هەردوو بۆچوونەکەدا ڕێژەی(٢٥٪)ی پەرلامانتاران پێیانوایە پەرلەمان چاودێری یاساکانی ناکات کاتێک پەسەنددەکرێن و پێویستە حکومەت جێبەجێیان بکات.

ئەمەش دەگەڕێننەوە بۆ چەند هۆکارو ئاستەنگێک کەڕێگرن لەبەردەم پەرلەمانی کوردستانداو ئەنجامی ئەم هۆکارانەش لەخشتەی(٤٤)دا خراوەتەڕوو، لەوانە: ڕێژەی(٢١.٧٪)ی نمونەی توێژینەوەکە هەژمونی دەسەڵاتی حکومەت بەسەر دەسەڵاتەکانی پەرلەمانەوە بەهۆکاری یەکەم دەزانن.

هەندێکیتر لەپەرلەمانتاران بەڕێژەی(١٩.٢٪) بۆ لاوازی ڕۆڵی پەرلەمان خۆی لەئەرکی چاودێریکردندا دەیگەڕێننەوە. لەهەمانکاتدا پەرلەمانتارانیتر بەڕێژەی(١٤.٢٪) پێیانوایە کە پەرلەمان لاواز نییە بەڵکو ئەوە لاوازی و بێدەسەڵاتی لیژنە هەمیشەییەکانە لەکاری چاودێریکردنیاندا پاشان دەیگەڕێننەوە بۆ پەرلەمان کە هۆکارە لەلاوازکردنیاندا.

لەکۆتاییدا ڕێژەی(١٠.٨٪) و ڕێژەی(٥.٨٪)هۆکاری ئەنجامنەدانی چاودێریکردنی یاساکان بۆ بێباکی پەرلەمانتاران خۆیان لەبەرامبەر یاسا دەرکراوو پەسەندکراوەکانی پەرلەمان دەگەڕێننەوەو هەروەها پشتهەڵکردنی پەرلەمانتاران لەو بەڵێنانەی کە لەکاتی هەڵبژاردنەکان بە هاوڵاتیانیان داوە لەپێناو بەدەستهێنانی بەرژەوەندی حیزبی و کەسی. لەئەنجامی وەڵامی لێتوێژراواندا ڕوونبوویەوە کە بەهەر هۆکارێک بێت پەرلەمان چاودێرێکی چالاک نییە بۆ یاساکانی خۆی بەسەر حکومەتی هەرێمەوە، هەر لە بێدەسەڵاتییەوە بەرامبەر بە حکومەت تا دەگاتە بێباکی لەبەرامبەر ئەندام پەرلەمانان و هاوڵاتیانیش.

## خشتەی(٤٥)

توانای سەربەخۆیی پەرلەمانتاران لە کاری پەرلەمانتارییاندا ڕووندەکاتەوە

| بەڵێ | | تاڕادەیەک | | نەخێر | | ڕێژەی سەدی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە |
| 15 | ٪15 | 54 | ٪54 | 31 | ٪31 | 100 | %100 |

لەخشتەی(٤٥)داو لەوەڵامی پەرلەمانتاراندا دەردەکەوێت ڕێژەی(٥٤٪) پێیانوایە کە تاڕادەیەک ئەندام پەرلەمان لەخولی پێنجەمدا توانیویەتی بەپێچەوانەی پارتەکەی بەشدارێکی کارابێت و بڕیار لەسەر پڕۆژە یاساکان بدات.

ڕێژەی(٣١٪)ی پەرلەمانتاران دەڵێن ئەندام پەرلەمان نەیتوانیوە بەپێچەوانەی خواست و بەرژەوەندی پارتەکەی بڕیار لەسەر هیچ پڕۆژە یاسایەک بدات لەپێناو بەرژەوەندی و پێداویستییەکانی هاوڵاتیان، ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ پەرلەمانتارانی سەر بە پارتە حوکمڕان و دەسەڵاتدارەکان، چونکە زۆربەی پەرلەمانتارانی سەر بەدەسەڵات بڕیاردانیان تەنها لەسەر ئەو یاساو پڕۆژە یاسایانە بووە کە لەلایەن پارتەکانیانەوە پێشنیازکراوە، بڕیارەکەشیان تەنها هاوڕابوون بووە، کەواتە تەنها لەبەرژەوەندی پارتەکانیان کاریان کردووە.

لەلایەکیترەوە بەڕێژەی(١٥٪) لەنمونەی توێژینەوەکە بەپێچەوانەوە دەڵێن پەرلەمانتار توانای هەبووە بەبێ ئەوەی بکەوێتە ژێر ڕکێفی پارتەکەی بەپێچەوانەی پارتەکەی بڕیاری لەسەر پڕۆژەیاساکان بدات لەپێناو داخوازی و بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتیان.

لەئەنجامی ئەوەوە ڕووبۆتەوە کە پەرلەمانتار چ سەر بەدەسەڵات بێت و چ سەر بەئۆپۆزسیۆن بێت تاڕادەیەکی زۆر سەربەخۆ نین لەکاری پەرلەمانتارییاندا، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ باڵادەستی پارتەکان بەسەر ئەندامەکانیاندا لەکاری پەرلەمانتاریدا.

## خشتەی(٤٦)

هەڵبژاردن و بوونە ئاستەنگی بەردەم ئەرکەکانی پەرلەمانی کوردستان

| هۆکارەکان | وەڵامەکان | |
|---|---|---|
| | دووبارە | ڕێژە |
| هۆکاری یەکەم | 100 | ٪28.5 |
| هۆکاری دووەم | 98 | ٪27.9 |
| هۆکاری سێهەم | 84 | ٪23.9 |
| هۆکاری چوارەم | 44 | ٪12.5 |
| هۆکاری پێنجەم | 25 | ٪7.1 |
| گشتی | 351 | ٪100.0 |

لەئەنجامی خشەی(٤٦)دا دەردەکەوێت کە هەڵبژاردن بووەتە ئاستەنگ بۆ بەردەم ئەرکەکانی پەرلەمان، ئەم ئاستەنگەش دەگەڕێننەوە بۆ چەندین هۆکار، لەوانە:

ڕێژەی(٢٨.٥٪)ی نمونەی توێژینەوەکە بەپلەی یەکەم بۆ تەواوبوونی ماوەی یاسایی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی دەگەڕێننەوە، چونکە بووەتە هۆکاری ئەوەی پەرلەمان ماوەی تەمەنی یاسایی خۆی درێژبکاتەوە کەئەمەش لەبەرژەوەندی پارتە دەسەڵاتدارەکان بووە.

هۆکاری دووەم کە بەڕێژەی(٢٧.٩٪)ی وەڵامی لێتوێژراوانی پێکهێناوە پێیانوایە گۆڕانکاری نەکردن لەیاسای هەڵبژاردن و سیستمی هەڵبژاردن لەیەک بازنەییەوە بۆ فرە بازنەیی لەهەڵبژاردندا ئاستەنگی بەردەم چالاکبوونی پەرلەمانە، چونکە گۆڕانکاری نەکردن لەم یاسایەو سیستمەدا هۆکارە سەرەکییەکەی بۆ لایەنە سیاسییە دەسترۆیشتووەکان دەگەڕێتەوە، ئەوەش بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییە حیزبییەکانیان و پاراستنی کورسییەکانی پەرلەمان بۆ مانەوەیان بۆ ماوەیەکی درێژتر لەدەسەڵاتدا.

هەندێک لەپەرلەمانتاران بەڕێژەی(٢٣.٩٪) هۆکارەکەی دەگەڕێننەوە بۆ لاوازی ئاستی ڕۆشنبیری و کەمی هۆشیاری هاوڵاتیان لەکاتی دەنگداندا، لەبەرئەوەی ئەوە هاوڵاتیانن لەهەڵبژاردندا بڕیار دەدەن کێ بچێتە پەرلەمان و کێ نەچێت، بەڵام کاتێک کەسێکی ناشایستەو نەشیاو دەچێتە پەرلەمان لەئەنجامدا خودی کەسە هەڵبژێردراوەکە دەبێتە ئاستەنگ بۆ ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانی پەرلەمان، بۆیە ئاستی هۆشیاری دەنگدەر ڕۆڵی بەرچاوی دەبێت وەک تەواوکاری ئەدای کاری پەرلەمانتار، ئەوەش پاش دیاریکردنی مەرجەکانی بڕوانامەو شارەزایی، کە ئەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی پەرلەمان لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە ئاستەنگی زۆری بۆ دروست نەبێت.

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە پەرلەمانتاران بەڕێژەی(١٢.٥٪) ئەمە دەگەڕێننەوە بۆ کاریگەری پارتە سیاسییەکان لەسەر ئاڕاسەکردنی دەنگدەر لەکاتی دەنگداندا، چونکە زۆرجار دەنگدەر ناچار دەکرێت ئەوە هەڵبژێرێت کە پارتەکەی دیاریکردووە ئیتر شیاوە یان نەشیاو ئەو هیچ کاریگەرییەکی نییە.

لەلایەکیتر هەندێک لەپەرلەمانتاران بەڕێژەی(٧.١٪) ئاستەنگی هەڵبژاردن بۆ پەرلەمان دەگەڕێننەوە بۆ هۆکاری نوێنەکردنەوەی ناوی تۆماری دەنگدەران، چونکە پێیانوایە ئەم تۆمارە بۆیە نوێ ناکرێتەوە تاوەکو پارتە دەسەڵاتدارەکان پارێزگاری لەڕێژەی دەنگدەرانیاندا بکەن کە لەئەنجامی ئەوەشدا درێژە بەحوکمڕانییەکەیان بدەن، چونکە ڕێژەیەکی جێگیری دەنگدەریان هەیە کە لەدەسەڵاتدا دەیانهێڵنەوە.

لەئەنجامدا ئەگەر پرۆسەی هەڵبژاردن بەم شێوازەی ئێستای بمێنێتەوە ئەوە بەردەوام ئاستەنگی بۆ ئەرکەکانی پەرلەمانی کوردستان دروست دەکات، چونکە لەڕێگەی ئەم سیستمەی هەڵبژاردنەوە کەسی ناشایستەو نەشیاو لەلایەن پارتەکانەوە دەنێردرێتە ناو دامەزراوەی پەرلەمان، بۆیە پێویستە لەپێناو گەیاندنی کاندیدی بەهێزو پسپۆڕو تایبەتمەند بۆ ناو پەرلەمانی کوردستان یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هەموار بکرێتەوە، بەجۆرێکی لێبکرێت کە هاوڵاتی لەهەڵبژاردنی کاندیدەکانیدا ڕۆڵێکی تەواوی هەبێت، تاوەکو هاوڵاتیان کەسانی دڵخوازی خۆیان دەستنیشان بکەن، واتە تەنها حیزب کاندیدەکان دەستنیشان نەکات، بەمجۆرە پەرلەمان لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە خاڵی نابێت لە کەسانی پسپۆڕو تایبەتمەند وەک لەوەی لەخولی پێنجەمدا بەدیدەکرێت.

## خشتەی(٤٧)

پابەندی بنەماڵەیی لەسەر کاندیدکردن و هەڵبژاردنی ئەندام پەرلەمان دەخاتەڕوو

| بەڵێ | | تاڕادەیەک | | نەخێر | | ڕێژەی سەدی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە |
| 55 | ٪55 | 41 | ٪41 | 4 | ٪4 | 100 | %100 |

## خشتەی(٤٨)

هۆکارەکانی لایەنگیری بنەماڵەیی بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان ڕووندەکاتەوە

| هۆکارەکان | وەڵامەکان | |
|---|---|---|
| | دووبارە | ڕێژە |
| هۆکاری یەکەم | 57 | ٪40.1 |
| هۆکاری دووەم | 50 | ٪35.2 |
| هۆکاری سێهەم | 29 | ٪20.4 |
| هۆکاری چوارەم | 6 | ٪4.2 |
| گشتی | 142 | ٪100.0 |

لەوەڵامی نمونەی توێژینەوەکەوەو لەخشتەی(٤٧)دا دەرکەوتووە کە زیاتر لەنیوەی لێتوێژراوان پێیانوایە لایەنگیری بنەماڵەیی لەهەرێمی کوردستان ڕۆڵی هەبووە لەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانتار لەخولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان.

بۆ ئەم مەبەستەش ڕێژەی(٥٥٪)ی پەرلەمانتاران پێیانوابووە لەبەر ئەم هۆکارانە ئەم پابەندییە بوونی هەبووە، کەخشتەی(٤٨) ئەنجامی هۆکارەکان دەردەخات.

بەپلەی یەکەم ڕێژەی(٤٠.١٪)ی نمونەی توێژینەوەکە دەڵێن دەرئەنجامی ئەو لایەنگیرییە پەرلەمانتار هەموو کاتێک لە کاری پەرلەمانتاری و پیشەیی خۆیدا کە بنەماڵەکەی سەر بەکام حیزبی سیاسی بێت ئەوە ئەویش دەقاودەق لەگەڵ بەرنامەو ئەجێندای ئەو حیزبە دەبێت، لەبەرئەوە هیچکات پەرلەمانتار ناتوانێت ئەرکی پەرلەمانتاری خۆی لەڕووی یاسایی و چاودێریکردنەوە ئەنجامبدات، بەڵکو تەنها ڕەچاوی بەرژەوەندی حیزبی جێبەجێدەکات.

لەلایەکیترەوە ڕێژەی(٣٥.٢٪)ی پەرلەمانتاران کاریگەری ئەم پابەندییە دەبێتە هۆکاری چاوپۆشیکردنی پەرلەمانتار لەزۆر بابەت و کێشەو گرفت کەدێنە بەردەم پەرلەمان لەوانە گەندەڵی، چونکە گوێڕایەڵییەکانی پەرلەمانتار بۆ حیزبەکەی زیاترو لەپێشترە لەچاو ئەو ئەرک و بەرپرسیارێتییانەی دەکەونە ئەستۆی پەرلەمان.

لەدەرئەنجامەکانی ئەم پابەندییە کە دەبێتە ئاستەنگ بۆ پەرلەمان بەڕای وەڵامی پەرلەمانتاران بریتییەلە پێشخستنی بەرژەوەندی بنەماڵەیی لەسەرو بەرژەوەندی هاوڵاتیانەوە، کە ڕێژەی (٢٠.٤٪)ی نمونەی توێژینەوەکەی پێکهێناوە.

هەندێک لەپەرلەمانتاران بەڕێژەی(٤.٢٪) دەڵێن کاتێک حیزبێک ئەم هەلە دەقۆزێتەوە بۆ دیاریکردنی کەسێک لە بنەماڵەیەک کە ژمارەی ئەندامەکانیان زۆرە، ئەمەش دەبێتە دڵنیایی دەنگدانی ئەو بنەماڵەیە بۆ ئەو حیزبە، کاتێک ئەمە ڕوودەدات مەرج نییە هەمیشە بنەماڵەو حیزبەکە لەسەر کەسێکی بەئەزمون ڕێکبکەون بۆ نوێنەرایەتیکردنیان، ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی کەسی هەڵبژێردراو شیاو نەبێت و نەتوانێت ئەرکی پەرلەمانتاری وەک پێویست جێبەجێبکات.

لەئەنجامی ئەوەدا لاوازی پێکهاتەی پەرلەمان بەدوای خۆیدا دەهێنێت و خودی پەرلەمانتارەکانیش دەبنە ئاستەنگ بۆ ئەرکەکانی پەرلەمان، چونکە لەهەڵبژاردنیدا ڕەچاوی ئاستی پسپۆڕی و لێهاتوویی پەرلەمانتارەکە نەکراوە.

**خشتەی(٤٩)**

فاکتەرەکانی بەهێزبوونی پەرلەمانی کوردستان تاوەکو ئاستەنگی بۆ دروست نەبێت دەخاتەڕوو

| هۆکارەکان | وەڵامەکان | |
|---|---|---|
| | دووبارە | ڕێژە |
| هۆکاری یەکەم | 50 | ٪50.0 |
| هۆکاری دووەم | 28 | ٪28.0 |
| هۆکاری سێهەم | 12 | ٪12.0 |
| هۆکاری چوارەم | 4 | ٪4.0 |
| هۆکاری پێنجەم | 6 | ٪6.0 |
| گشتی | 100 | ٪100.0 |

لەخشتەی(٤٩)ی کۆتاییداو لەوەڵامی پەرلەمانتاراندا دەردەکەوێت چ فاکتەرێک دەبێتە هۆکاری بەهێزبوونی دەسەڵاتی پەرلەمان لەمەیدانی سیاسی هەرێمی کوردستان، لەئەنجامدا دەرکەوتووە ڕێژەی(٥٠.٠٪) پێیانوایە هەبوونی سەروەری یاساو بەدامەزراوەییکردنی دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان و ڕێزلێگرتنیان و ڕۆڵپێدانیان لەبیروڕای پەرلەمانتاراندا بەپلەی یەکەم دێت.

هەندێک لەپەرلەمانتاران بەڕێژەی(٢٨.٠٪) هەبوونی دەستوورێکی هەمیشەیی بەهۆکار دەزانن بۆ بەهێزبوونی پەرلەمان، چونکە کە دەستوور هەبوو هیچ دامەزراوەیەک ناتوانێت هەژمونی بەسەر ئەوانیتردا بسەپێنێت.

بەشێک لەپەرلەمانتارانیش بەهێزبوونی پەرلەمان بۆ هەبوونی سیستمێکی هەڵبژاردنی پاکوبێگەرد دەگەڕێننەوە کەڕێژەی(١٢.٠٪)نموونەی توێژینەوەکەیان پێکهێناوە، چونکە دەڵێن سیستمێکی سەردەمیانەی هەڵبژاردنی پێشکەوتوو بوونی هەبێت و هەڵبژاردنی بێ ساختەکاری ئەنجام بدرێت، ئەوە پەرلەمانتاری بەتواناو بەئەزمون دەنێردرێنە پەرلەمان، ئەنجامی ئەوەش بەهێزبوونی پەرلەمان بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

هەندێکیتر لە پەرلەمانتاران بەڕێژەی(٦.٠٪)و ڕێژەی(٤.٠٪) تائاستێکی زۆر پەیوەستی دەکەن بەئاستی هۆشیاری دەنگدەر، چونکە دەنگدەر ڕۆڵی بەرچاوی دەبێت وەک تەواوکاری بۆ ئەدای کاری پەرلەمانتار، ئەمەش پاش مەرجەکانی بڕوانامەو شارەزایی و لێهاتوویی کە لەئەنجامدا پەرلەمان لەڕووی دەرکردن و پەسەندکردنی پڕۆژەیاساکان و چارەسەرکردنی کێشەکان و نەهێشتنی ئاستەنگەکانی بەردەم کارکردنی بەهێز دەبێت.

لەئەنجامی جێبەجێکردنی ئەم هۆکارانە پەیڕەوکردنی بێجیاوازی بەرپرس و دەسەڵاتدارو بێدەسەڵات بەدوای خۆیدا دەهێنێت، کە ئەمەش پەیوەندی ڕاستەوخۆی پەرلەمانتار بەهاوڵاتیانەوە دروستدەکات، بەمەش پەرلەمان دەبێتە جێگەی ئومێدی هاوڵاتیان، لەگەڵیشیدا خاوەن بڕیاری سیاسی دەبێت لەسیستمی سیاسی هەرێمی کوردستاندا، وەک چۆن بەپێی پەیڕەو مەرجەعی یەکەمی دەسەڵاتە لەهەرێمدا بەڵام لە واقیعدا ئەم دەسەڵاتەی لێسەندراوەتەوە، چونکە پارت و حیزبەکان لە پرسە چارەنوسسازو نیشتیمانییەکاندا ناگەڕێنەوە بۆ بەمەرجەع بوونی دەسەڵاتی پەرلەمانی کوردستان، بەڵکو حیزبەکان لەدەرەوەی دەسەڵاتی پەرلەمان بڕیارە یەکلاییکەرەوەکانیان دەردەکەن، ئەم شێوازە مامەڵە کردنەش لاوازبوونی دەسەڵاتی پەرلەمانی کوردستانی بەدوای خۆیدا هێناوە، کە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی هاوڵاتیان بێئومێد بن لەپەرلەمانی کوردستان کە وەک نوێنەری ڕاستەقینە پارێزگاری لەمافەکانیان بکات و داواکارییەکانیان بەدیبهێنێت.

## باسی سێیەم: ئەنجام و دەرئەنجام، پێشنیازو ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە:

لەئەنجامی جێبەجێکردنی سەرجەم هەنگاوە زانستییەکانی توێژینەوەکەدا، لەکۆتاییدا توێژینەوەکە گەیشت بەم ئەنجام و دەرئەنجام، پێشنیازو ڕاسپاردانەی خوارەوە، کە لەم باسەداو لەدووتوێی دوو تەوەردا خراونەتەڕوو، ئەوانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

### تەوەری یەکەم/ ئەنجام و دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

### یەکەم/ ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

**١.** لەئەنجامی توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە ڕێژەی(٦٨٪)ی ئەندامانی پەرلەمان لەڕەگەزی نێرینەن، هەروەها ڕێژەی(٣٢٪)ی پەرلەمانتاران لەڕەگەزی مێینەن، کەواتە بەرزترین ڕێژەی ئەندامان لەخولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لەڕەگەزی نێرینەیە بەبەراورد بەڕەگەزی مێینە، ئەم ڕێژەیە جۆرێک لە دادپەروەی نیشاندەدات کە لەناو پەرلەمانی کوردستاندا ڕێژەیەکی بەرز لەڕەگەزی مێینە لەپێکهاتەی پەرلەماندا بوونی هەیەو بەشدارن لەکاری پەرلەمانتاری، بەڵام لەهەمانکاتدا ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی لەگۆمەڵگەی کوردیدا ڕەگەزی نێرینە زیاتر پەیوەستە بەسیاسەت کردنەوەو بایەخی زۆرتری پێدەدات.

**٢.** ئاستی خوێندەواری هۆکارێکە بۆ هۆشیاربوون و تێگەیشتنی زیاتر لەو ئاستەنگانەی کە دێنە بەردەم ئەرکی پەرلەمان، لەبەرئەوەی ئاستێکی بەرزی خوێندەواری لەناو پەرلەماندا وادەکات زووتر هەست بەهەبوونی ئەو هۆکارانە بکرێت کە دەبنە ئاستەنگی بەردەم کارکردنی پەرلەمان. لەئەنجامی توێژینەوەکەماندا دەرکەوتووە زۆرترینی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بڕوانامەی (بەکالۆریۆس)یان هەیە کە ڕێژەی(٤٧٪)ی کۆی گشتی نمونەی توێژینەوەکەیان پێکهێناوە، لەبەرامبەردا سەرجەم بڕوانامەو ئاستە جیاوازەکانیتر هەر لە(سەرەتای)یەوە تادەگاتە بڕوانامەی (دکتۆرا) ڕێژەی(٥٣٪)ی پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستانیان پێکهێناوە، کە دەبوایە ڕێژەی زۆری پەرلەمانتاران خاوەنی بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا بوونایەو زۆرترین پسپۆڕییان لە بوارە جیاوازەکاندا هەبوایە.

**٣.** پەرلەمانی کوردستان نەیتوانیوە ببێتە نوێنەری ڕاستەقینەی هاوڵاتیان، لەبەرئەوەی کێشە سیاسییەکانی حیزبەکان و دەستێوەردانیان لەکاری پەرلەمانی کوردستان هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە تاوەکو ئێستاشی لەگەڵدابێت بوونی هەبووە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی نوێنەران بکەونە ژێر باڵادەستی حیزبەکانیانەوە، لەئەنجامی ئەوەدا نوێنەرایەتی حیزب لەلایەن پەرلەمانتارانەوە پێش نوێنەرایەتی هاوڵاتیان خراوە، هەربۆیە زیاتر وەک دامەزراوەیەکی حیزبی سەیری دەکرێت نەوەک وەک نوێنەری ڕاستەقینەی

هاوڵاتیان. هۆکارەکەشی لەهەبوونی ساختەکاری لەهەڵبژاردنەکاندا ڕەنگیداوەتەوە، چونکە کە ساختەکاری هەبوو بەهەند وەرگرتنی نوێنەرایەتی حیزب پێش نوێنەرایەتیکردنی هاوڵاتیان دەکەوێت، چونکە هەندێک لەپەرلەمانتاران بەشیاوی خۆیان ناگەنە ناو پەرلەمان لەبەرئەوە لەم کاتەدا هەمیشە بەرژەوەندی تایبەتی زاڵ دەبێت بەسەر بەرژەوەندی گشتییدا، ئەنجامی ئەم بارودۆخە بووەتە هۆکاری ئەوەی پەرلەمان نەتوانێت ببێتە نوێنەری ڕاستەقینەی هاوڵاتیان.

**٤.** باڵادەستی و بەهێزی حکومەتی هەرێم لەبەرامبەر ئەرک و دەسەڵاتەکانی پەرلەمانی کوردستان، بارودۆخێکی هێناوەتە ئاراوە کە پەرلەمان بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی هەیەتی و ئەو بەرپرسیاریتییەش کە لەئەستۆیەتی وەکو پێویست توانای جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خۆی نییە، چونکە پەرلەمان نەیتوانیوە ببێتە دامەزراوەیەکی یاسایی و تەنانەت ناتوانێت زۆربەی دەسەڵاتەکانی جێبەجێبکات، چونکە توانای چاودێری و فشار خستنەسەر حکومەتی هەرێمی بەشێوەیەکی باش نەبووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە پەرلەمانی کوردستان سەربەخۆ نییە لەجێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا.

**٥.** سەرەڕای نەبوونی کۆدەنگییەکی تەواو لەنێوان پارت و نەتەوە جیاوازەکانی پەرلەمانی کوردستان لەنوسینەوەی دەستووردا، بەڵام لەگەڵ هەموو جیاوازییەکاندا دەستوور بوونی هەبێت زۆر باشترو پێویستترە لەنەبوونی، چونکە لەئەنجامی نەبوونی دەستوورو بۆشایی دەستووریدا ئاستەنگییەکی زۆر لەبەردەم ئەرکەکانی پەرلەماندا دروستبووە، لەبەرئەوەی نەبوونی دەستوور پێشێلکردنی سەروەری یاساو تێکەڵکردن و باڵادەستی دەسەڵاتێک بەسەر دەسەڵاتەکانیتر بەدوای خۆیدا هێناوە، لەئەنجامدا بەردەوام پێشێلکردنی سەروەری یاسایی لێکەوتوتەوە هەم لەلایەن پەرلەمان خۆی و هەم دامەزراوەکانیترش.

**٦.** پەرلەمانی کوردستان ئەرکی یاسادانانی بەپێی پێویست بۆ جێبەجێ ناکرێت، لەبەرئەوەی لەجێبەجێکردنیدا لاوازەو کەمترین یاسای دەرکردووە، کەواتە توانای جێبەجێکردنی ئەرکی یاسادانانی نییە، لەلایەکیترەوە ئامانج لەدانانی یاساکان لەلایەن پەرلەمانەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هاوڵاتیانە کە لەکۆمەڵگەدا دروستدەبن و بوونیان هەیە، بەڵام لەخولی پێنجەمدا کەمترین یاسای لەپێناو بارودۆخی نەخوازراوی هاوڵاتیاندا دەرکردووە، کەچی سەرباری ئەوەش زۆربەی پڕۆژەیاساکان کە لەو پێناوەدا لەلایەن پەرلەمانتارانەوە پێشنیار کراون نەبوون بە یاسا، لەبەرامبەردا سەرجەم یان زۆرترینی ئەو پڕۆژەیاسایانەی حکومەت پێشکەشی کردوون بوون بە یاسا، هەروەها زۆربەی کات کاتێک پەرلەمان یاسا دەردەکات لەبەرامبەردا حکومەت بۆ جێبەجێنەبوونی یاساکان بەردەوام ئاستەنگ دروستدەکات بەتایبەت ئەگەر یاسا پەسەندکراوەکان و دەرکراوەکانی پەرلەمان ڕەهەندی دارایی و ئابوورییان هەبێت.

**٧.** بەردەوام دەسەڵاتەکانی پەرلەمان لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە پشتگوێدەخرێت، هەر ئەوەش یەکێک لە ئاستەنگەکانی بەردەمیەتی کە ناتوانێت بەپێی پێویست هەڵبستێت بەئەنجامدانی ئەرکەکانی، چونکە لەزۆربەی پرسە نیشتمانییەکاندا بێ ڕۆڵکراوە، جا بەدەستتێوەردان بێت لەکاروباری پەرلەمان یان بەناردنی کەسانی ناشایستەو نەشیاو بێت بۆ ناو پەرلەمان بۆ کاری پەرلەمانتاری.

**٨.** کاریگەری و باڵادەستی کەسە یەکەمین و بەرپرسەکانی حیزبەکان بەرامبەر بەئەندامەکانی خۆیان لەکاری پەرلەمانتارییاندا بووەتە ئاستەنگ بۆ ئەرکەکانی پەرلەمانی کوردستان، چونکە هێزی یاسایی ئەم کەسانە بەسەر پەرلەمانتارانی پارتەکەی خۆیان زۆر زیاترە لەبەرامبەر هێزی یاسایی هەر پڕۆژەیاسایەک کە پەرلەمان دەریدەکات، چونکە هەر پڕۆژەیاسایەکی پەرلەمان ئەگەر لەبەرژەوەندی پارتە باڵادەستەکان نەبووبێت ئەوە ئەم کەسانە ڕێگەیان نەداوە ئەندام پەرلەمانەکانی حیزبەکەیان دەنگی لەسەر بدەن کە پەرلەمان دەیەوێت بیانکاتە یاساو پەسەندیان بکات، ئەمە لەلایەک. لەلایەکیترەوە ئەم باڵادەستییەی سەر پەرلەمانتاران لەئەرکە چاودێرییەکانیان ڕەنگیداوەتەوە بەسەر دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا، ئەمەش لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانیاندا، چونکە بوونی سزا لەلایەن حیزبەوە پەرلەمانتاری خستۆتە بەردەم ئەوەی ئاڕاستەی چاوپۆشیکردن لەئەرک و کاری پەرلەمانتارییاندا بگرنەبەر، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە زۆربەی پەرلەمانتاران بەرژەوەندی پارتەکانیان خستۆتە پێش بەرژەوەندی هاوڵاتیان.

**٩.** هۆکاری جێبەجێنەکردنی یاساکانی پەرلەمانیش لەلایەن حکومەتەوە بۆ لاوازی دەسەڵاتی دادوەری و بێ ڕۆڵکردنی دادگاکان دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی کاتێک پەرلەمان یاسایەک پەسەند دەکات، ئەوە لەلایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە هێزی یاسایی وەردەگرێت و دەسەڵاتی دادوەریش دەبێت سزای جێبەجێنەکردنی ئەم یاسایە بەسەر هەرکەسێکدا بسەپێنێت ئەگەر پێوەی پابەند نەبوو، بەڵام دادگاکان تاڕادەیەکی زۆر لەبەرامبەر جێبەجێنەکردنی یاساکان لەلایەن حکومەتەوە بێدەسەڵاتن لەسەپاندنی سزاکاندا.

**١٠.** پەرلەمانی کوردستان دەسەڵاتی فشارخستنەسەر حکومەتی نەبووە، تا پابەندی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی و ئامادەکردنی بودجەی بکات، هۆکارەکەی بۆ لاوازی سەرۆکایەتی پەرلەمان و بەهێزی و باڵادەستی حکومەت دەگەڕێتەوە، کە ئەمەش ئەوەی بۆ حکومەت ڕەخساندووە بەشێوەیەکی شەفاف کارنەکات بەتایبەتی لە ئامادەکردنی بودجەو نەناردنی بۆ پەرلەمان. لەئەنجامی ئەوەدا دەرکەوتووە سەرەڕای ئەوەی پەرلەمان نەیتوانیوە فشار بخاتەسەر حکومەت کەچی لەبەرامبەریشدا پەرلەمان توانای پرساندن و لێسەندنەوەی متمانەشی نەبووە، چونکە بەدرێژایی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان تەنها وەزیرێک لەڕێگەی پرساندنەوە دەستی پێ لەکار نەکێشراوەتەوە جا نەوەکو حکومەت بەگشتی.

**١١.** پەرلەمان ئەرکی چاودێریکردنی بەهۆی هەبوونی چەندین هۆکارەوە نەیتوانیوە بەپێی پێویست بەسەر حکومەتەوە جێبەجێی بکات، لەپێشترین هۆکاریش بۆ زۆرینەیی پەرلەمانی دەگەڕێتەوە، چونکە پەرلەمان لەلایەن پارتە دەسەڵاتدارەکانەوە بەڕێوەدەبرێت و لەهەمانکاتدا حکومەتی هەرێمیش هەر ئەم زۆرینەییە پێکیهێناوەو لەلایەن ئەوانیشەوە حوکمڕانییەکەی دەکرێت، ئیتر چاودێریکردن چۆن و بەچی دەسەڵاتێک جێبەجێ دەبێت، چونکە سەرەڕای کەموکورییەکان و کەمتەرخەمییەکانی حکومەتی هەرێم بەڵام تائێستا پەرلەمانی کوردستان لەسایەی جێبەجێکردنی ئەم ئەرکەیەوە نەیتوانیوە متمانە لەهیچ کاربەدەست و وەزیرێک بستێنێتەوە، کەواتە لەئەنجامی بێدەسەڵاتییەتی بەرامبەر حکومەت کە نەیتوانیوە بەپێی پێویست ئەم ئەرکە جێبەجێ بکات.

**١٢.** داماڵینی پەرلەمان لەئەرکی بودجە لەلایەن حکومەتی هەرێم لەسەر نەگەڕاندنەوەی بودجە بۆ پەرلەمانی کوردستان بۆ هەموارکردن و پەسەندکردنی ساڵانە ئاستەنگی بنەڕەتی جێبەجێنەبوونی ئەم ئەرکەیە، بەڵام ژینگەی سیاسی و بارودۆخی دارایی و کۆمەڵایەتی هەرێم و کێشەکانی لەگەڵ ناوەند لەڕووی دارایی و بڕینی بەشە بودجەی هەرێم لەلایەن حکومەتی عێراقەوەو نەناردنی بەشە بودجەی تەرخانکراو لەکاتی خۆیدا هۆکارن، هەروەها کۆنترۆڵ نەکردنی سەرچاوەکانی داهاتی هەرێم و دەستبەسەرداگرتنی بەشێکی زۆری داهات لەلایەن پارتەکانی دەسەڵاتدارەوەو نەگەڕاندنەوەی داهات لەسەرجەم خاڵەکان بۆ یەک ئاڕاستەو خەزێنەی حکومەت بەشەفافی، هەموو ئەمانە ئاستەنگ و دەرئەنجامی جێبەجێنەبوونی ئەم ئەرکەن لەلایەن پەرلەمانی کوردستان.

**١٣.** جێبەجێکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان وەکو خۆی پاشان پابەندبوون بەماددەو بڕگەکانی و پێشێلنەکردنی لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمان و پەرلەمانتارانەوە هۆکارێکە بۆ ئاسانی کارکردنی پەرلەمان و پەرلەمانتاران، بەڵام زۆری دەسەڵاتەکانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەبەرامبەر پەرلەمانتارەکان وایکردووە کە هەندێ کات سەرۆکایەتی پەرلەمان بەهۆی بارودۆخی ناو کۆبوونەوەکان پەیڕەوی ناوخۆ وەک خۆی جێبەجێ نەکات و پێشێلی پەیڕەو بکات، هەروەها گەڕاندنەوەی هەموو کاری لیژنەکان بۆ بەردەم سەرۆکی پەرلەمان تاوەکو ڕەزامەندی لەسەر بدات، ئینجا لیژنەکان دەتوانن دەستبەکاربن سستی خستۆتە کارەکانەوەو بووەتە ئاستەنگ بۆ کاری لیژنەکان، ئەمەش ئەوە دەردەخات پەیڕەو مەرکەزیەتێکی زۆری پێوەدیارە لەبەرامبەر کاری لیژنەکان و پەرلەمانتاراندا، کەواتە پێویستە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان هەموار بکرێتەوە، بەجۆرێک ئەگەر کاتێک دەستەی سەرۆکایەتی بەپێی پەیڕەو نەجوڵایەوە، ئەوە لەبەرامبەردا پەرلەمانتاران بتوانن لەدانیشتنی پەرلەماندا لێپرسینەوە لە دەستەی سەرۆکایەتی بکەن، ئەمەش لەپێناوی ئەوەی ڕێگری بکرێت لەو هەڵسوکەوتە مەزاجی و شەخسی و حیزبیانەی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجامیدەدات، بەپێچەوانەشەوە بۆ پەرلەمانتارانیش هەمان دەسەڵات

لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە هەبێت ئەگەر پەرلەمانتار پابەندی بنەماکانی ماددەو بڕگەکانی پەیڕەوی ناوخۆ نەبوو، سزایی یاساییان بدات.

**١٤.** پەرلەمانتار چ سەر بەپارتە دەسەڵاتدارەکان بێت و چ سەر بەپارتی ئۆپۆزسیۆن بێت سەربەخۆ نین لەکاری پەرلەمانتارییاندا، بەتایبەتی پەرلەمانتارانی پارتە دەسەڵاتدارەکان، چونکە ناتوانن بەپێچەوانەی بەرژەوەندی پارتەکەیان بڕیار یان دەنگ لەسەر پرۆژەیاساکان بدەن، هۆکاری ئەمەش بۆ باڵادەستی حیزب بەسەر ئەندامەکانیدا دەگەڕێتەوە، چونکە دەرکەوتووە پەرلەمانتاران زۆربەی بڕیارو دەنگدانیان لەسەر ئەو پرۆژەیاسایانە بووە کە لەلایەن پارتەکانیانەوە پێشنیارکراون، بڕیارەکانیشیان تەنها هاوڕابوون بووە. کەواتە پەرلەمانتار لەهەرێمی کوردستان تاڕادەیەکی زۆر تەنها لەبەرژەوەندی پارتەکانیان کاریان کردووەو بەرژەوەندییەکانی پارتەکانیان پێش بەرژەوەندییە گشتییەکانی هاوڵاتیان خستووە.

**١٥.** هەڵبژاردن و دواخستنی هەڵبژاردن لەهەرێمی کوردستاندا بارودۆخێکی هێناوەتە ئاراوە کە بووەتەمایەی دروستبوونی ئاستەنگ بۆ ئەرکەکانی پەرلەمانی کوردستان، چونکە کاتێک پەرلەمان (٤)ساڵی تەمەنی یاسایی خۆی تەواو دەکات، کەچی بەهێنانەوەی بیانوو هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا ئەنجام نادرێت، لەم حاڵەتەدا پەرلەمان تەمەنی یاسایی خۆی درێژدەکاتەوە، کە ئەمەش لەبەرژەوەندی پارتە دەسەڵاتدارەکان دەشکێتەوە، بۆیە پێویستە هەرکاتێک لەئەگەری ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن لەوادەی خۆیداو بەهەر بیانوویەک بێت، پەرلەمان هەوڵی درێژکردنەوەی تەمەنی خۆی نەدات، بەڵکو بەپێی یاسایەک خۆی هەڵبوەشێنێتەوە تا بەناچاری لەماوەی دوو مانگدا بەپێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم هەڵبژاردن بکرێت.

**١٦.** گۆڕانکارینەکردن لەسیستمی هەڵبژاردن لە یەک بازنەییەوە بۆ فرەبازنەیی، هۆکارەکەی بۆ لایەنە دەستڕۆیشتووەکانی هەرێم دەگەڕێتەوە، ئەمەش بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان و پاراستنی کورسییەکانی پەرلەمان بۆ مانەوەیان بۆ ماوەیەکی درێژتر لەدەسەڵاتدا، بۆیە پێویستە یاسایەکی نوێ بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان پەسەند بکرێت، کە لەگەڵ فرە بازنەیی بگونجێندرێت، ئەمەش لەپێناوی گەیاندنی کاندیدی بەهێزو پسپۆڕو تایبەتمەند بۆ ناو پەرلەمانی کوردستان.

**١٧.** پابەندی بنەماڵەیی کاریگەرییەکی بەهێزی هەیە لەسەر ئەدای کاری پەرلەمانتاری لەهەرێمی کوردستان، چونکە ئەم پابەندییە وای لەئەندام پەرلەمان کردووە کە بەرژەوەندی بنەماڵەیی و حیزبی پێش بەرژەوەندییە گشتییەکانی هاوڵاتیان بخات، لەلایەکیترەوە ئەم پابەندییە هۆکارە بۆ ئەوەی کەسی هەڵبژێردراو نەتوانێت ئەرکی پەرلەمانتاری وەک پێویست جێبەجێبکات، ئەنجامی ئەوە لاوازی پێکهاتەی پەرلەمان بەدوای خۆیدا هێناوە.

## دووەم/ دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

دوای شیکردنەوەی ئەنجامە مەیدانییەکان کە بەهۆی کۆکردنەوەی زانیارییەکان و کەرەستە ئامارییە بەکارهاتووەکان دەستکەوتوون، بەپێی ئامانجەکان و ئەنجامەکانی توێژینەوەکە گەیشتووین بەچەند دەرئەنجامێک، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

**١.** ئاستەنگ چەمکێکە لەئەنجامی هەستان بەئەرکێک لەلایەن دامەزراوەیەکەوە دێتە پێشەوەو وا لەو دامەزراوە دەکات کە وەکو پێویست نەتوانێت هەڵبستێت بەجێبەجێکردنی ئەو ئەرک و بەرپرسیارێتییەی کە لەئەستۆیەتی، لەم توێژینەوەیەدا دەرکەوتووە کە پەرلەمانی کوردستان چەندین ئاستەنگی جۆراوجۆر لەبەردەم جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا بوونی هەیە کە وایان لێکردووە نەتوانێت ئەرکەکانی لەبواری یاسادانان و چاودێریکردن و بودجە بەپێی پێویست جێبەجێ بکات، دەرئەنجامی جێبەجێ نەبوونی ئەم ئەرکانە نوێنەر نەبوونێکی ڕاستەقینەی لێکەوتۆتەوە، ئەمەش بووەتە مایەی بێ ئومێدی هاوڵاتیان، چونکە نەیتوانیوە بەپێی پێویست بەدەم داواکاری و پێداویستییەکانی هاوڵاتیانەوە بچێت و پارێزەری مافەکانیان بێت و لەو پێناوەشدا ئەکەکانی ڕاپەڕێنێت.

**٢.** ناهاوسەنگی لەگەڵ دەسەڵاتی جێبەجێکردندا وایلێکردووە کە حکومەت باڵادەست بێت بەسەر کارەکانی پەرلەماندا و نەتوانێت ڕۆڵی پێویستی خۆی ببینێت لەبواری یاساییدا، چونکە ڕۆڵپێدانێکی گەورە بەحکومەتی هەرێم دراوە لەبەشداریکردنی یاسادانان و پێشکەشکردنی پرۆژەیاسا بۆ بەردەم پەرلەمان و باڵادەستی ئاشکرای بەرامبەر پەرلەمان، دەرئەنجامی ئەوەش ڕۆڵی پەرلەمانی بێدەسەڵات و لاوازکردووە بەرامبەر بەحکومەت، چونکە زۆربەی زۆری پرۆژەیاساکان کە لەلایەن حکومەتەوە پێشکەشدەکرێن لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەنددەکرێن و دەبن بەیاسا، کەواتە حکومەت سەرچاوەی بنەڕەتییە بۆ یاساکانی پەرلەمان، ئەمە لەکاتێکدایە کە پەرلەمان سەرچاوەی یاسادانانە، ئەم ڕۆڵە بەهێزەی حکومەتیش نیشانەیەکی ئاشکرایە لە پاشەکشەکردنی ڕۆڵی یاسایی پەرلەمانی کوردستان بەسودی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، دەرئەنجامی ئەوەش نەمانی متمانەی هاوڵاتیانی لێکەوتۆتەوە بەوەی کە پەرلەمان دەزگایەک بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان و بەدیهێنانی پێداویستییەکانیان.

**٣.** لەڕووی ئامڕازەکانی چاودێریکردنەوە دەرکەوتووە پەرلەمان چالاک و خاوەن دەسەڵات نییە، هەروەها لەخستنەڕووی داتاو زانیارییەکانی چاودێریکردنیەوە شەفاف نییە، چونکە ژمارەی داواکاری ئامڕازەکانی پرسیارکردن و لێپرسینەوە کە ئاڕاستەی حکومەت کراوە بەردەست نییە، واتا ژمارەی پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان کە ئاڕاستەی حکومەت و وەزیرەکانیان کردووە بەدروستی لەبەردەستدا نییە چەند پرسیارن وە چەندیشیان وەڵامدراونەتەوە، هەروەها هیچ پرساندنێکیش ئەنجام نەدراوە لەسەر سەرۆکی حکومەت یان

وەزیرەکانی، چونکە هیچ داوایەکی لێسەندنەوەی متمانە بۆ ئەو مەبەستە ئەنجامنەدراوەو نەبووەو هیچ لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەش بۆ ئەو مەبەستە پێک نەهێنراوە، واتە لە خولی پێنجەمدا هیچ دەنگدانێک بەمەبەستی وەرگرتنەوەی متمانە لە حکومەت بەگشتی و سەرۆکی حکومەت و وەزیرەکانی بەتایبەتی ئەنجام نەدراوە.

**٤.** پرۆژەیاسای بودجە وەک هەر یاسایەکی تر دێتە ناو پرۆسەی یاسادانان لە ناو پەرلەمان، بەڵام ئەوەی جیایدەکاتەوە لە یاسایەکیتر، ئەوەیە بودجە کاریگەری لەسەر هەموو کۆمەڵگە هەیەو زامنی کارو گەشەکردن دەکات لەهەموو سێکتەرەکاندا، بۆیە بودجە لەدوای پەسەندکردنی دەبێتە گرنگترین پرس بۆ چاودێری پەرلەمان، بەڵام لەئەنجامی توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە لەتەواوی تەمەنی خولی پێنجەمدا پرۆژە یاسای بودجە نەنێردراوەتە پەرلەمانی کوردستان، هاوکات لەگەڵیشیدا ژمێرەی کۆتاییش نەنێردراوە ئەمەش بۆ زانینی چۆنێتی سەرفکردنی بودجەو بوارەکانی سەرفکردن.

**٥.** سەرەڕای نەبوونی کۆدەنگییەکی تەواو لەنێوان پارت و نەتەوە جیاوازەکانی پەرلەمانی کوردستان لەنوسینەوەی دەستووردا، بەڵام لەگەڵ هەموو جیاوازییەکاندا دەستوور بوونی هەبێت زۆر باشترو پێویستترە لەنەبوونی، چونکە دەرئەنجامی نەبوونی دەستوور بووەتەهۆی ئەوەی کە هەرێمی کوردستان لە بۆشاییەکی دەستووریدا بێت، دەرئەنجام ئاستەنگییەکی زۆر لەبەردەم ئەرکەکانی پەرلەماندا دروستبووە، لەبەرئەوەی نەبوونی دەستوور پێشێلکردنی سەروەری یاساو تێکەڵکردن و باڵادەستی دەسەڵاتێک بەسەر دەسەڵاتەکانیتر بەدوای خۆیدا هێناوە، لەئەنجامدا بەردەوام پێشێلکردنی سەروەری یاسایی لێکەوتوتەوە.

**٦.** کاریگەری ناکۆکییە سیاسییەکان و ململانێی نێوان پارتەکان ئاستەنگییەکی زۆری بۆ کاری ئاسایی پەرلەمانی کوردستان دروستکردووە، بۆیە هەبوونی ناکۆکییەکان لەنێوان حیزبەکان و پارتە سیاسییەکان بەڵام پێویستە کێشەو ململانێکانی نێوانیان نەگوازرێتەوە بۆ ناو پەرلەمانی کوردستان، چونکە لەدروستبوونی بارودۆخێکی ئاوادا ئاستەنگییەکی زۆر بۆ ئەرک و کارەکانی پەرلەمانی دروستدەکات.

**٧.** لەئەنجامەکانی توێژینەوەکەوە دەرکەوتووە ئاستەنگاکانی بەردەم ئەرکی پەرلەمانی کوردستان، زیاتر دەگەڕێنەوە بۆ ئاستەنگە سیاسی و یاساییەکان، لەوانە: ناجۆری سیستمی سیاسی و نەبوونی دەستوورێکی هەمیشەیی، هەروەها کەموکوڕی لەدەرکردنی یاساکان و جێبەجێنەکردنیان لەلایەن حکومەتەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی ژینگەی سیاسی هەرێم لەبارودۆخێکی تەواو ئاڵۆزو ناهاوسەنگدایە، لەلایەک ناکۆکییە ناوخۆییەکانی هەرێم هۆکارن، لەلایەکیترەوە ناکۆکییەکانی هەرێم لەگەڵ ناوەند هۆکارێکیترن. لەلایەکیتریشەوە ناکۆکییە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان هۆکارن.

## تەوەری دووەم/ پێشنیازو ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە:

### یەکەم/ پێشنیازەکانی توێژینەوەکە:

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجام و دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە، چەند ڕاسپاردەیەک لەبارەی ئاستەنگ لەبەردەم ئەرکی پەرلەماندا دەخەینەڕوو، گرنگترین ڕاسپاردەکان کە پێویستە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان لەسەر ئاستی هەریەک لە:

**١.** لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان توێژینەوەی بەرفراوانتر لەڕووی نموونەی توێژینەوەوە ئەنجامبدرێت، تاوەکو لایەنی شاراوەی زیاتری ئاستەنگەکان لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا بخرێنەڕوو، ئەمەش لەپێناو ئەوەی ئەم توێژینەوانە ببنە هۆکارێک بۆ گەڕاندنەوەی شکۆی پەرلەمان کە وەک مەرجەعی یەکەمی دەسەڵات بەواقیعی و بەکردارو بە یاسا لەسیستمی سیاسی هەرێمی کوردستاندا بوونی هەبێت.

**٢.** پەرلەمانی کوردستان وەک ناوەندێکی باڵای سیاسی و یاسایی کە حیزبە سیاسییەکان ڕۆڵی تێدا دەگێڕن، لەناوەندێکی پاشکۆوە بگۆڕدرێت بۆ ناوەندێکی یاسایی و سیاسی بڕیاردەر، بۆیە پێویستە پەرلەمانی کوردستان وەک یەکێک لەبەرزترین دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان سەربەخۆیەتی خۆی بپارێزێت، ئەمەش لەپێناوی ئەوەی شکۆی خۆی لەدەست نەدات.

**٣.** پێویستە لەخولەکانی داهاتووی پەرلەمانی کوردستاندا بەپێی ئاستی خوێندن و پسپۆڕی و توانا و لێهاتوویی ڕێگە بەکاندیدەکانی پارتەکان بدرێت خۆیان بپاڵێوین بۆ کاری ئەندام پەرلەمانی، چونکە گومانی تێدا نییە کە ئەو کاندیدانە ئەندامی حیزبێکن، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت بەبۆنەی ئەندامێتی حیزبەوە چاوپۆشی لە توانا و پسپۆڕی و لێهاتووییەکەی بکرێت لەلایەن حیزبەکەیەوە، تا لەپێناوی ئەوەی تەنها ببێتە نوێنەری حیزب و لەبەرژەوەندی پارتەکەی کار بکات، بەڵکو دەبێت لەلایەن حیزبەکەیەوە سەربەخۆی پێبدرێت، تاوەکو بەپێی توانا و لێهاتوویی و بوێری خۆی کاری پەرلەمانتاری لەپێناو گەیاندنی داواکاری و پێداویستییەکانی هاوڵاتیان ئەنجام بدات و سەربەخۆ بێت لەڕاپەڕاندنی بەرپرسیارێتیەکەیدا.

**٤.** بۆشایی یاسایی لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا بوونی هەیە، بۆیە پێویستە لەخولی داهاتووی پەرلەمان هەموار بکرێتەوە، چونکە بەردەوام پێشێلی پەیڕەو دەکرێت، دەبێت بەجۆرێکیش هەموار بکرێتەوە ئەگەر کاتێک دەستەی سەرۆکایەتی و پەرلەمانتارانی پەرلەمانی کوردستان بەپێی پەیڕەو نەجوڵانەوە، بتوانرێت لەدانیشتنی پەرلەماندا لێپرسینەوە لەدەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامانی پەرلەمان بکرێت، بەئامانجی ئەوەی تاوەکو ڕێگری بکرێت لەو هەڵسوکەوتە شەخسی و حیزبیانەی دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامانی پەرلەمان ئەنجامیدەدەن، هەروەها پێداچوونەوە بە ماف و ئەرکەکانی

ئۆپۆزسیۆندا بکرێتەوەو ئەرکەکانیان دیاری بکرێت، نەک وەک ئەو ڕەوشەی لە ئێستادا بەڕێوەدەچێت کە هەموو داواو پێشنیارێکی ئۆپۆزسیۆن یاسایی بێت یا نایاسایی دەخرێتە دواوەو کاری لەسەر ناکرێت.

**٥.** پەرلەمانی کوردستان پێویستە یاسای هەڵبژاردن هەمواربکاتەوەو سیستمی هەڵبژاردنیش لەسیستمی یەک بازنەییەوە بگۆڕدرێت بۆ سیستمی فرە بازنەیی، ئەمەش لەپێناوی گەیاندنی نوێنەری ڕاستەقینە بۆ هاوڵاتیان بۆ ناو پەرلەمانی کوردستان نەوەکو تەنها ئەندام پەرلەمان نوێنەرایەتی پارتەکەی بکات.

**٦.** پێویستە بەڕاستی و بەهەستێکی بەرپرسیارانەوە هەوڵبدرێت بۆ نەهێشتنی هەژمونی حیزب لەسەر دامەزراوەی پەرلەمانی کوردستان، چونکە ئەم باڵادەستیەی حیزب بووەتە هۆی نەمانی دەسەڵات و هەیبەتی پەرلەمان کە لەڕووداني زۆر بارودۆخدا پەرلەمانی کوردستان بێدەسەڵاتەو دەستەوەستانە، حیزبەکانیش بۆ پرس و ڕا ناگەڕێنەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان، ئەمەش بووەتە مایەی بێ ئومێدبوونی هاوڵاتیان بەرامبەر ئەم دامەزراوەیە.

## دووەم/ ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە:

بابەتی ئەم توێژینەوەیە بابەتێکی هەستیارو فرەڕەهەندو ئاڵۆزو پێکداچووە، هەر لەبەر ئەو گرنگییەیەتی لەڕوانگەی ئەنجام و دەرئەنجامەکانەوە ئەم پێشنیارانە بۆ توێژینەوەکانی توێژەران کە لەداهاتوودا ئەنجامدەدرێن خراوەتەڕوو، تاوەکو لەڕێگەی توێژینەوەی ترەوە لایەنە جیاوازو شاراوەکانی تری ئەم بابەتە بخرێنەڕوو، ئەوانیش:

**١.** پەرلەمان خۆی سەنتەری توێژینەوەی هەیە، بۆیە پێویستە ئەم سەنتەری توێژینەوەیە بێلایەنانە توێژینەوەیەکی بەرفراوانتر لەسەر هەبوونی ئاستەنگ لەبەردەم ئەرکی کارکردنی پەرلەماندا ئەنجامبدات و هۆکاری ئاستەنگەکان بۆ ڕای گشتیش بخاتەڕوو.

**٢.** توێژینەوەی بەراوردکاری بۆ سەرجەم خولەکانی ڕابردوو ئەنجامبدرێت تاوەکو بەشێوەیەکی وردتر درک بەهەموو لایەنە شاراوەکانی ئاستەنگەکان بکرێت و بەدیاریکراوی هۆکاری هەبوونی ئاستەنگەکان بخرێتەڕوو، ئەمەش لەپێناوی ئەوەی خولەکانی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان کەمترین ئاستەنگی بۆ دروست ببێت لەکاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیدا.

**٣.** پەرلەمانی کوردستان بەدرێژایی ئەزموو کارکردنی ئاستەنگ و کێشەو گیروگرفتی لەناوخۆو دەرەوە بۆ هاتوتە پێشەوە، هەموو ئەمانەش لەسایەی دانەنانی کەسی شیاو بووە لەشوێنی شیاو، بۆیە هەرکەس لەتواناکانی خۆی ڕانابینێت ببێتە نوێنەرێکی ڕاستەقینە بۆ هاوڵاتیان ماف بەخۆی نەدات بۆ ئەرک و لێپرسراوێتی پەرلەمانتاری خۆی

بپاڵێوێت یان بیگرێتە ئەستۆی، داواکارین خولی شەشەم، پەرلەمانی کوردستان بخاتە سەر ڕاستە ڕێی کارکردن و ئاستەنگەکان لەبەردەم ئەرکەکانیدا نەمێنن و پەرلەمان ببێتە خاوەن دەسەڵاتی ڕاستەقینە لەهەرێمی کوردستاندا.

**٤.** پەرلەمانی کوردستان لە یەک ئەنجومەن پێکهاتووە، ئەم شێوازە بەیەکێک لەئاستەنگەکان دادەنرێت بۆ جێبەجێکردنی ئەرک و دەسەڵاتەکانی پەرلەمان، بۆیە پێویستە بکرێتە سیستمی دوو ئەنجومەنی، چونکە هەبوونی ئەنجومەنی دووەم وەکو چاودێرێک هەژمار دەکرێت لەسەر ئەنجومەنی یەکەم، ئەمەش هاوسەنگی لەناو دەسەڵاتی یاسادانانا دەهێنێتە ئاراوەو زامنێکیشە بۆ دەرچوونی یاسایەکان کە کەموکوڕییان تێدا نەبێت، ئەم کارەش سەقامگیری سیاسی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، چونکە لەم حاڵەتەدا ئەنجومەنی یەکەم زیاتر پێشنیاری پرۆژەیاسای نوێ دەکات و چاودێرێکی کارای سەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەبێت، بەڵام ئەنجومەنی دووەم زیاتر ئەرکی ئەوە جێبەجێ دەکات کە پرۆژەیاساکان پێچەوانەی مافەکانی مرۆڤ و دەستوور نین و تا چەند یاساکان لەپێناو بارودۆخی هاوڵاتیاندان و تا چ ئاستێکیش کە یاساکان دەردەچن دەتوانرێت لە کۆمەڵگەدا بەسەر هاوڵاتیان جێبەجێبکرێت و حکومەتیش پابەندی جێبەجێکردنیان دەبێت.

**٥.** بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ پەرلەمانی کوردستان لە ساڵێکدا دوو پشووی فەرمی هەیە، بۆیە پێویستە لەخولی داهاتوودا یەکێک لە پشووەکانی کەم بکاتەوە، بەهۆکاری ئەوەی ئەو کاتەی پەرلەمان لەپشوودایە هیچ پرۆژەیاساو بڕیار دەرناکات، واتە هیچ مەرسومێکی یاسایی لەو ماوەی پشووەدا دەرناچێت، بۆیە پێویستە پەرلەمان بۆ هەر ساڵێکی تەمەنی تەنها یەکجار پشووی هەبێت، واتا پشووی زستانە نەمێنێت و تەنیا پشووی هاوین بمێنێت، ئەویش بەهۆکاری ئەوەی هاوین وەرزێکی گەرمی تاقەت پڕوکێنە لەهەرێمی کوردستاندا، بەڵام زستان وەرزی چڕی کارکردنە.

**٦.** سەرەڕای هەموو ئاستەنگ و کەموکوڕییەکان پێویستە هەڵبژاردن بۆ خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان لەکاتی خۆیدا ئەنجامبدرێت و شێوازی هەڵبژاردنیش بگۆڕدرێت بۆ شێوازی فرە بازنەیی هەڵبژاردن، چونکە ئەم شێوازە سەردەمیانەترەو لایەنی باشی زیاترە وەک لەو شێوازەیترو وادەکات تاکی دەنگدەرو نوێنەرەکەی نزیکبن لەیەکەوەو ڕاو بۆچوون و دیدوتێڕوانینی دەنگدەران بەهەند وەربگیردرێت.

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان

## یەکەم/ دەستووررو یاساکان و پەیڕەو:


١. بەزاز، عەونی (٢٠١٣)، یاسای پەسەندکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان-عێراق، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
٢. بەزاز، عەونی (٢٠١٦)، یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان- عێراق، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان، هەولێر.
٣. بەزاز، عەونی (٢٠١٣)، پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان- عێراق و هەموارکردنەکانی، چاپی دووەم، چاپخانەی شەهاب، لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمان، هەولێر.
٤. پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق(٢٠٢٠)، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی کاروباری پەرلەمان، هەولێر.
٥. پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان-عێراق (٢٠٠٩)، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، هەولێر.
٦. پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان ـ عێراق (٢٠٠٦).
٧. پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان (٢٠٠٧)، ئامادەکردنی پرۆژەی تیشک، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی نووسەر، کوردستان.
٨. پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان-عێراق(٢٠٠٩)،پەرلەمانی کوردستان-عێراق.
٩. دەستووری کۆماری عێراق (٢٠٠٥)، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، فەرمانگەی ڕاگەیاندن، عێراق.
١٠. لیژنەی کاروباری یاسایی لەپەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩)، یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، چاپی یەکەم، لەچاپکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان.
١١. یاسای ژمارە(٢)ی ساڵی(٢٠١٧)، یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم، هەولێر.


## دووەم/ فەرهەنگ و ئینسایکلۆپیدیاکان:

### - کوردییەکان:


١٢. پازارگارد، داریوس ئاشوری و دکتۆر بەهائەدین (٢٠٠٣)، فەرهەنگی نوێ، وە:بورهان قانع، چاپی دووەم، چاپخانەی قانع، سلێمانی.
١٣. حسێن، هاوکار (٢٠٠٩)، فەرهەنگی پۆلەتیکس، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
١٤. خۆشناو، ابوبکر (٢٠٠٣)، میتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.
١٥. زادە، محمد حاجی (٢٠١٨)، فەرهەنگی ڕاڤەیی ئیزمەکان، وە:سیروان موسا پوور، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، هەڵەبجە.
١٦. ساڵح، عبدولقادر (٢٠٠٧)، فەرهەنگی سیاسی سەبا، چاپی دووەم، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٧. سەمیرە (٢٠٠٩)، فەرهەنگی زاراوەی کۆمەڵناسی، وە:خەسرەو میراودەلی، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
١٨. سلێمان، جەلیل حەمە زیاد، و سەرکەوت (٢٠٠٢)، فەرهەنگ و پێناسەی زاراوەکانی شەریعەت و یاسا، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.
١٩. عبدالخالق، مەسعود (٢٠٠٨)، موسوعەی جودی، چاپی یەکەم، نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن، هەولێر.
٢٠. فاتیح، محەمەد (٢٠٠٤)، فەرهەنگی کادیر، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری ی.ن.ک، سلێمانی.
٢١. هەمەوەند، حەیدەر (٢٠١٩)، فەرهەنگی کۆمەڵناسی، چاپی یەکەم، ناوەندی سارا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.


## - عەرەبییەکان:


٢٢. بشار، الدكتور عبدالحكيم (٢٠١٢)، مفاهيم سياسيه، الطبعه الأولى، مطبعه جامعه دهوك، دهوك.
٢٣. الحسن، الأستاذ الدكتور احسان محمد (١٩٩٩)، موسوعه علم الإجتماع، الطبعه الأولى، الدار العربيه للموسوعات، بيروت- لوبنان.
٢٤. السيد، الدكتوره سميره أحمد (١٩٩٧)، مصطلحات علم الإجتماع، الطبعه الأولى، النشر مكتبة الشقرى، المملكة العربية السعودية.
٢٥. عمر، الأستاذ الدكتور معن خليل (٢٠٠٦)، معجم علم الإجتماع المعاصر، الطبعه الثانية، دار الشروق للنشروالتوزيع، الأردن.
٢٦. الكيالى، الدكتور عبدالوهاب (١٩٩٠)، موسوعة السياسية، الجزء الأول، الطبعة الثالثة، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت.
٢٧. مرحبا، محمد عبدالرحمن (٢٠٠٧)، الموسوعه الفلسفية الشاملة من الفلسفة اليونانية الى الفلسفة الإسلامية، الطبعة الأولى، عويدات للنشر الطباعة، لبنان.
٢٨. ميشل، دينكن (١٩٨٠)، معجم علم الاجتماع، ترجمة: احسان محمد الحسن، مطبعة دار الحرية، بغداد.


## سێیەم/ کتێبەکان:

## - کتێبە کوردییەکان:


٢٩. بایز، د.ئەرسەلان (٢٠١٣)، لەبارەی پرۆژەی دەستوورو گەڕانەوەی بۆ پەرلەمان، چاپی یەکەم، هەولێر.
٣٠. بەرواری، عبدالسلام (٢٠١٤)، ڕۆڵی فراکسیۆنی زۆرینە لە پەرلەماندا، چاپی یەکەم، سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
٣١. تالب، جەزا تۆفیق (٢٠٠٠)، بایەخی جیۆپۆلەتیکی هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی دووەم، لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی.
٣٢. پەیمانگای کوردی بۆهەڵبژاردن (٢٠١٠)، ڕێبەری هاوڵاتیان بۆ پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەندامانی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی.
٣٣. پەیمانگەی ڕائۆول وێلنبێرگ بۆ مافەکانی مرۆڤ و یاسایی مرۆیی،و پەیمانگەی لاهای بۆ بەنێودەوڵەتی کردنی یاسا(٢٠١٤)، سەروەری یاسا، وە:نەوڕەس ڕەشید عەبدولرەحمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٣٤. پیرداود، تاریق جامباز و نیعمەت عەبدوڵڵا (٢٠٠٨)، پەرلەمانتارانی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان- عێراق، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
٣٥. پیرداود، د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی و کاردۆ محمد (٢٠١٢)، چاکسازی لەسیستەمی یاسایی و چەسپاندنی سەروەری یاسا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
٣٦. جەمال، ئارام (٢٠٢١)، ئەوەی پێویستە لەبارەی سیستەمەکانی هەڵبژاردنەوە بیزانین، چاپی یەکەم، ناوەندی سارا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، لەبڵاوکراوەکانی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن، سلێمانی.
٣٧. حەمە دۆستان(٢٠٢٠)، کۆمەڵ و سیستمی دیموکراسی، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری ی.ن.ک، سلێمانی.
٣٨. حامد، هیوا (٢٠٢١)، ڕێکخستنی دەستپێشخەری یاسادانان لەهەرێمی کوردستان، چاپی یەکەم، سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان، هەولێر.
٣٩. حەسەن، سلێمان مستەفا (٢٠١٣)، هەڵبژاردن و تاوانەکانی هەڵبژاردن، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوک.
٤٠. حەمەئەمین، حەمەساڵح (٢٠٠٩)، مافی مرۆڤ، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئارێز، هەولێر.
٤١. حسن، چواس (٢٠٠٩)، بنەماکانی هەڵبژاردنێکی ئازادو بێگەردو پەرلەمانێکی ئەکتیڤ، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٤٢. حسین، سەرکەوت حمە (٢٠٠٨)، هاوڵاتیان و هەڵبژاردن، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن، سلێمانی.
٤٣. حوسێن، د.خامۆش عومەر عەبدوڵڵا،و دانا دارا (٢٠١٩)، ڕێبەری پەرلەمانتار بۆ بەڕێوەبردنی پرۆسەکانی یاسادانان و چاودێری، چاپی یەکەم، سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان، هەولێر.
٤٤. حیجاب، د.محمد مونیر (٢٠١١)، بەڕێوەبردنی هەڵمەتی هەڵبژاردن، وە:ئاوات ئەحمەد سوڵتان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.
٤٥. خالد، الدکتور حمید حنون (٢٠١٩)، سیستمە سیاسییەکان، وە: ڕێبوار محمد، چاپی یەکەم، چاپخانەی یادگار، سلێمانی.
٤٦. خورماڵی، د.ئیسماعیل حەمە علی (٢٠٢٠)، پارتە سیاسییەکانی باشوری کوردستان لەنێوان هەڵکشان و داکشاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی سارا، سلێمانی.
٤٧. ڕەبانی، دکتۆر ڕەسوڵ (٢٠١٣)، کۆمەڵناسی شار، وە:چەکۆ ئەحمەدی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
٤٨. زادە، ئەحمەد نەقیب (٢٠٠٧)، سیاسەت و حکومەت لەئەوروپا، وە:مێهرپەروەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.
٤٩. زێباری، تاهیر حەسۆ (٢٠١٦)، ڕێبازەکانی توێژینەوەی زانستی لەکۆمەڵناسیدا، وە:شەهلا وەلی جەبار، چاپی یەکەم، چاپخانەی تەفسیر، هەولێر.
٥٠. سادق، فوئاد تاهیر (٢٠١٠)، هۆشیاری یاسایی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
٥١. سالم، جەوهەر نامیق (٢٠١١)، کورد لەگەمەی دەقە یاساییەکاندا بەوردبوونەوە لەدەستووری هەمیشەیی عێراق، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
٥٢. سالم، جەوهەر نامیق (٢٠١١)، ئەزموونی کوردی لەبزاڤە پەندۆلییەکەیدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
٥٣. سەحافیان، عەباس عەلی (٢٠٠٥)، ئاشنابوون بە دیموکراسی، وە: کارزان محەمەد، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

٥٤. سەلاح، لاوک (٢٠٢٠)، لامەرکەزیەت نەخشە ڕێگایەکی نیشتمانی بۆ هەرێمی کوردستان-عێراق، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.
٥٥. سعید، هەژار غفور (٢٠١٢)، پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لەڕوانگەی پرەنسیپە گشتییەکانی دانانی دەستوور، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.
٥٦. سلێمان، فوئاد ئەحمەد (٢٠١٩)، مێژووی یاسادانان لەپەرلەمانی کوردستان، چاپی یەکەم، سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان، هەولێر.
٥٧. سۆفی، د.فرسەت (٢٠١٤)، ئەرک و دەسەڵاتەکانی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتییەکەی، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی نوسینگەی ڕاوێژکاری دەستووری و یاسایی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، هەولێر.
٥٨. شادی، محمد نعمان جلال،و خالده (١٩٩٩)، سێ ئەزموونی  سۆشیال دیموکرات، وە:ڕەفیق نجم الدين و ڕەوەز، چاپی دووەم، چاپخانەی ئۆفسێتی ژیار، سلێمانی.
٥٩. شاسواری، عادل (٢٠١٣)، بەکۆمەڵایەتیبوون لەنێو ئەرکەکانی ڕاگەیاندنی تایبەتمەندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
٦٠. شەریف، د.ئەمین فەرەج (٢٠١٩)، حوکمڕانێتی باش لەهەرێمی کوردستان، وە:لوقمان حاجی قادر، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
٦١. شوانی، محمد (٢٠١٥)، سەرەتایەک بۆ نوسینی توێژینەوە لەکۆمەڵناسیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
٦٢. چاربوتی، ئەسکەندەر (٢٠١٥)، پەرلەمان و کێشە کۆمەڵایەتییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
٦٣. گیدنز، ئانتۆنی (٢٠٠٩)، سۆسیۆلۆژیا، وە:عومەر ڕەسوڵ خدر، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئۆفسێتی قانع، سلێمانی.
٦٤. عبدالله، د.خامۆش عمر (٢٠١٦)، چوارچێوەی دەستووری و یاسای هەڵبژاردن، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
٦٥. عەبدول، عەبدولقادر سالح (٢٠٢٠)، کلیلی یاساو بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی یادگار، سلێمانی.
٦٦. عەزیز، د.حەمید (٢٠٠٩)، بنەڕەتەکانی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، هەولێر.
٦٧. عەزیز، د.سەردار (٢٠٢٠)،  پرسە پەرلەمانییەکان (پەرلەمان چییە؟ بودجە- دیپلۆماسییەتی پەرلەمانی)، چاپی یەکەم، سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
٦٨. عەلی، عادل (٢٠١٠)، پەرلەمان مێژووی سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.
٦٩. عوسمان، ساڵح (٢٠٢١)، گۆڕانی دیموکراسی و سەقامگیری سیاسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
٧٠. غەفور، دکتۆر عەبدوڵڵا (٢٠٠٦)، سنوری کوردستان، چاپی سێیەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
٧١. فاتمی، پ.ی.دکتۆر عادل (٢٠٢٠)، شیکردنەوەی ئاماری بەیارمەتی spss ، وە: بەختیار عوبێد شەریف و ئەوانیتر، چاپی یەکەم، لەلایەن سەرۆکایەتی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی چاپکراوە، سلێمانی.

٧٢. فەرەج، پ.د.هۆگر مەحموود (٢٠٢١)، ڕەچاوکردنی زمان ئەرکی لەپێشینەیی پەرلەمانی هەر گەلێکی زیندووە، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت و ڕێکخراوی خانی بۆ لێکۆڵینەوەی هزریی.
٧٣. فتح الله، د.سفین جلال (٢٠١٧)، جوگرافیای هەڵبژاردن، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.
٧٤. کاوانک، د.حوجەتوڵڵا ئەیوبی،و ئەحمەد نەقیب زادە،و دەنیس (٢٠٠٣)، هەڵبژاردن شێوەو تایبەتمەندییەکانی، وە:ئەبوبکر خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕووناکبیری، هەولێر.
٧٥. محەمەد، د.ئەمیر خوداکەرەم (٢٠٢١)، سۆسیۆلۆژیای سیاسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سارا، سلێمانی.
٧٦. محەمەد، مراد حەکیم (٢٠٠٤)، ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد، چاپی یەکەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی.
٧٧. محەمەد، ئەمیر خوداکەرەم (٢٠٠٥)، ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و ئێتنیکییەکانی فیدراڵیزمی هەرێمی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی.
٧٨. مستەفا، حەسەن (٢٠١٧)، پرەنسیپە گشتییەکانی سیستمە سیاسییەکان، چاپی دووەم، چاپخانەی کۆمەڵگای فەرهەنگی ئەحمەدی خانی، سۆران.
٧٩. موحەممەد، بەهادین ئەحمەد (٢٠٠٧)، پرەنسیپە گشتییەکانی یاسای دەستووری، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی.
٨٠. موفتی، پ.ی.د.حەسەن خالید موستەفا (٢٠١٧)، ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان و مافەکانی نەتەوەی کورد لەدیدی شەریعەتی ئیسلامەوە، وە:م.بەختیار عەبدولقادر نێرگسەجاڕی، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٨١. موهەندیس، نەوزادی (٢٠٢١)، شەمەندۆفێرەکەی دەوڵەتی کوردی ڕاوەستاوە یان لەپێشڕەویدایە، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانا، سلێمانی.
٨٢. میرحیدری، د.دورە (٢٠١٠)، بنەماکانی جوگرافیای سیاسی، وە:هاوڕێ یاسین محمد ئەمین، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.
٨٣. نەقشبەندی، پ.د.ئازاد محمد ئەمین (١٩٩٨)، جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێم، کوردستانی عێراق، هەولێر.
٨٤. نورالدین، دکتۆرە سعاد یوسف (٢٠٠٩)، ئافرەتی عەرەبی لەپەرلەماندا، وە:کەژاڵ مەجید قادر، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان، هەولێر.
٨٥. النداوی، د.هاشم حافظ،و د.ادم وهیب (٢٠١١)، مێژووی یاسا، وە:جەمیل محەمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.
٨٦. هاوەرد، ڕوس (٢٠٠٩)، لەپەیمانگەی ڕاگەیاندن و سیاسەت و کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕێبەری ڕووماڵکردنی هەڵبژاردن، وە:هەڵکەوت عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
٨٧. واڵتەرستین، ئیمانوێل (٢٠١٤)، زانستی کۆمەڵناسی ڕۆژئاوا لێپێچینەوەو دادگاییکردن، وە:کۆسار بەرزنجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
٨٨. وەرتی، د.ئەحمەد (٢٠١٤)، پرۆسەی یاساکاریی لەپەرلەمانی کوردستان-عێراقدا، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
٨٩. وەیسی، د.عوسمان عەلی (٢٠١٩)، دەروازەیەک بۆ کاری پەرلەمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

٩٠. ئەبراش، ئیبراهیم (٢٠١٣)، میتۆدەکانی توێژینەوە لەکۆمەڵناسیدا، وە:دیدار ئەبوزێد، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر.
٩١. ئەحمەد، بژار شەهابەدین (٢٠٠٩)، کاریگەری توندوتیژی بێژەیی لەسەر ژنان، چاپی یەکەم، چاپخانەی تەوار، سلێمانی.
٩٢. ئەحمەد، فازیل کەریم (٢٠٠٩)، ئیدارەی کوردی ئاستەنگ و ئاسۆی گەشەکردن، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٩٣. ئەدهەم، سمکۆ ئەسعەد (٢٠٠٧)، نەخێر بۆ پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، بێ ئۆرەی چاپ و چاپخانەو شوێنی چاپ.
٩٤. ئەسحەدی، تارا تەحسین (٢٠١٠) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، ئەندامانی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
٩٥. ئیروانی، ئیحسان وەڵزی و موسلێح(٢٠٢٠)، سیاسەت و کۆمەڵگە لە باشووری کوردستان، چاپی یەکەم، ئینستیتیوتی سیاسەتی گشتی، هەولێر.
٩٦. یەکێتی پەرلەمانتاری نێودەوڵاتی (٢٠١١)، پەرلەمان و دیموکراسی لەسەدەی بیستویەکەمدا، وە:هەڵکەوت عەبدوڵلا، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٩٧. ئەمین، سەید تایەر حەمە (٢٠٠٣)، دەوڵەتی یاسا لێکۆڵینەوەیەکی یاساییە، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری ی.ن.ک، سلێمانی.
٩٨. ئەمین، لەتیف مستەفا (٢٠٠٨)، جیاکردنەوەو یەکپارچەیی دەسەڵات، چاپی یەکەم، سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی.

## - کتێبە عەرەبییەکان:

٩٩. الأسود، د.صادق (١٩٩٠)، علم الإجتماع السياسى- أسسه و أبعاده، وزارة التعليم العالى و البعث العلمى، جامعة بغداد، كلية العلوم السياسية، بغداد.
١٠٠. بزاز، عونى (٢٠٠١)، مجموعة القوانين والقرارات الصادرة عن المجلس الوطنى الكوردستاني للإقليم كوردستان- العراق، الطبعة الأولى، أربيل.
١٠١. حاجى، الدكتور جعفر ابراهيم (٢٠١٤)، تأثير النظم الإنتخابية فى الإستقرار السياسى، الطبعة الأولى، مطبعة زيان، أربيل.
١٠٢. الحسن، احسان محمد (١٩٨٢)، الاسس العلمية لمناهج البحث الاجتماعى، دار الطلعة للطباعة والنشر، بيروت- لوبنان.
١٠٣. حسن، عبدالباسط محمد (١٩٧٠)، أصول البحث الإجتماعى، طبعة الثالثة، مكتب الأنجلو، قاهرة.
١٠٤. الحسنى، أحسان محمد الحسن و عبدالمنعم (١٩٨٢)، طرق البحث الإجتماعى، دارالكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، عيراق.
١٠٥. حياوى، نبيل عبدالرحمن (٢٠٠٤)، السلطة التشريعية فى الدول الإجتماعية الفدرالية، الطبعة الأولى، النشر والتوزيع المكتبة القانونية، بغداد.
١٠٦. سعوص، محمد عبداللطيف،و الخضيرى محسن احمد (١٩٩٢)، الاسس العلمية لكتابة رسائل الماجسترو الدكتورا، مكتبه الانجلو المصرية، القاهرة.
١٠٧. دوفرجيه، موريس (١٩٩٢)، المؤسسات السياسيةو القانون الدستورى، ترجمه: جورج سعيد، الطبعة الأولى، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت.

١٠٨. رشوان، حسين عبدالحميد (١٩٨٧)، العلم والبعث العلمى، دراسة فى المنهج العلوم، الطبعة الثالثة، المكتب الجامعى الحديث، مصر.
١٠٩. الزيبارى، طاهر حسو (٢٠٠٦)، دور المرأة الكردية فى المشاركة السياسية، الطبعة الأولى، دارالرأس للطباعة والنشر، أربيل.
١١٠. الزينى، احسان محمد الحسن و عبدالحسين (١٩٨١)، الأحصاء الإجتماعى، الطبعة الأولى، مطبعة جامعة الموصل، العراق.
١١١. سعد، جورج (٢٠٠٠)، تطور الفكر السياسى فى العصور القديمة والوسطى، منشورات العلبى الحقوقية، بيروت، لبنان.
١١٢. السيد، الحسينى(١٩٨٣)، النظرية الإجتماعية و دراسة التنظيم، الطبعة الرابعة، دارالمعارف، مصر.
١١٣. شهاب، بهيجة أحمد (١٩٨٢)، المدخل الى الخدمة الإجتماعية، بغداد.
١١٤. العانى، الدكتور محمد جاسم محمد على شعبان (٢٠٠٦)، الإقليم و التخطيط الإقليمى، الطبعة الأولى، دارصفاء للنشرو التوزيع، عمان.
١١٥. عبدالله، مهدى احمد(٢٠٠٤)، علم النفس الاجتماعى بين النظرية والتطبيق، الطبعة الاولى، دار المعرفة الجامعية الأسكندرية، مصر.
١١٦. عباس، فاضل (١٩٩٦)، الاختيارات النفسية تقنياتها واجرائتها، دارالفكر العربى، بيروت.
١١٧. عبدالرحمن، د.سرور (٢٠١٨)، تقرير الرقابة على انتخابات الدورة الخامسة لبرلمان كوردستان، تقرير الثانى، التصويت العام، معهد بهى للتربية و التنمية، سليماني.
١١٨. عبدالمؤمن، على معمر (٢٠٠٨)، مناهج البحث فى العلوم الإجتماعية، الاساسيات والتقنيات و الاساليب، منشورات جامعه ٧ اكتوبر، ليبيا.
١١٩. عبيدات، زوفان واخرون(١٩٨٧)، البحث العلمى(مفهومة، ادواته، و اساليبه)، دارالنشر والتوزيع، عمان.
١٢٠. العزاوى، رحيم يونس العزاوى (٢٠٠٨)، مقدمة فى المنهج البحث العلمى، دار دجلة، عمان.
١٢١. عمر، د.معن خليل (١٩٨٢)، نقد الفكر الإجتماعى المعاصر، الطبعة الأولى، منشورات دارالأفاق الجديد، بيروت.
١٢٢. عمر، معن خليل (١٩٨٢)، الموضوعية والتحليل فى البحث الإجتماعى، الطبعة الأولى، دار الأفاق الجديد، بيروت.
١٢٣. كامل، مصطفى (١٩٤٧)، شرع القانون الدستورى والقانون الأساسى العراقى، الطبعة خامسة، مطبعة سلام، بغداد.
١٢٤. ليلة، د.محمد كامل (١٩٦٩)، النظم السياسية- الدولة و الحكومة، دارالنهضة العربية للطباعة و النشر، بيروت.
١٢٥. ليلة، محمد كامل (١٩٥٩)، المبادئ الدستوورية العامة والنظم السياسية، الطبعة الأولى، دارالفكر العربى، القاهره.
١٢٦. المتيت، أبوا اليزيد على (١٩٨٢)، النظم السياسية الحريات العامة، الطبعة الثالثة، مؤسسة شباب جامعة الأسكندرية، مصر.
١٢٧. مصطفى، الأستاذ الدكتور فائق (٢٠١٠)، الوظيفة الخلقية، الطبعة الأولى، دار سردم للطباعة والنشر، السليمانية.

## چوارەم/ تێزی دکتۆرا و ماستەرنامەکان:

### - کوردییەکان:


١٢٨. إبراهیم، محمد إبراهیم(٢٠١٧)، ئاستەنگە کۆمەڵایەتییەکانی گەشەپێدانی هۆشیاری ژینگەیی لەهەرێمی کوردستان، نامەی ماستەرە لەزانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب،بەشی کۆمەڵناسی، هەولێر.

١٢٩. سلێمان، ئەسکەندەر غەریب (٢٠١٥)، ڕۆڵی پەرلەمان لەچارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگەی کوردی، نامەی ماستەرە لەزانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب، بەشی کۆمەڵناسی، هەولێر.

١٣٠. کەریم، ئەحمەد ڕەفیق(٢٠١٩)، جوگرافیای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، تێزی دکتۆرایە لەزانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی جوگرافیا، سلێمانی.


### - عەرەبییەکان:


١٣١. صالح، ایوب محمد طیب محمد (٢٠١٩)، تقویم أداء برلمان کوردستان- العراق، أطروحة دکتورا، قسم علوم السیاسة، کلیة علوم السیاسة، جامعة السلیمانیة، العراق.

١٣٢. شەریف، أمین فرج(٢٠١٣)، (الحکم الصالح في إقلیم کوردستان العراق- دراسة في المقومات والمعوقات، أطروحة الدکتورا، قدمت إلی العلوم والسیاسة، جامعة السلیمانیة، السلیمانیة.

١٣٣. عبدالرزاق، د.کریم السید أحمد (٢٠٢٠)، دور البرلمانات فی دعم التطور الدیمقراطیات الناشئة، رسالة منشورة قدمت الی قسم العلوم والسیاسة، جامعة الاسکندریة للحصول علی درجة علمیة، مصر.


## پێنجەم/ توێژینەوەی ئەکادیمی و ڕاپۆرتە زانستییەکان:


١٣٤. پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن (٢٠١١)، حەوت یاسا لەبەردەم ماف و ئازادییەکاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی.

١٣٥. سۆفی، د.دانا سەعید(٢٠١٤)، بەرەو پەیرەوێکی ناوخۆی نوێ بۆ پەرلەمانی کوردستان، توێژینەوەیەک سەبارەت بەگرفتە پراکتیکییەکانی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان بەهاوکاری دەزگای وێستمنستەر بۆ دیموکراتی-بەریتانی، هەولێر.

١٣٦. حەسەن، سلێمان مستەفا (٢٠١٤)، سیستمەکانی هەڵژاردن و یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەتوێژینەوەیەکی بەراوردکاریدا، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی.

١٣٧. عبدالله، پێشەوا حمید (٢٠٠٩)، پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن لەدەوڵەتی فیدراڵیدا، توێژینەوەیەکی یاسایی بەراوردکارییانەیە، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.

١٣٨. لیژنەی ڕاوێژکاری یاسایی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن (٢٠١٥)، ناجۆری سیستمی حوکمڕانی لەهەرێمی کوردستاندا، پەیپەری سیاسەتە گشتییەکان، سلێمانی.

١٣٩. نەجیب، دەروون (٢٠١٧)، پەیپەری بەپرۆژەکردنی لامەرکەزیەت لەهەرێمی کوردستاندا، پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن، سلێمانی.

١٤٠. ئەدیب، موحسین (٢٠١٥)، پەیپەری چارەسەری یاسایی بۆ قەیرانی سیستمی کارگێڕی لەهەرێمی کوردستان، سلێمانی، کانونی یەکەمی ٢٠١٥.
١٤١. ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان(٢٠١٩)، پرۆژەی چاودێری و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی یەکەم لەخولی پێنجەم، خولی گرێدانی یەکەم لەساڵی یەکەم، لەخولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە(٦ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨ تا ٣١ی ئابی ٢٠١٩، لەبڵاوکراوەکانی ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان، سلێمانی.
